# شەڕی زمان

## "لە پێناو تەئویلکردنی دەق"

لێکۆڵینەوە

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

هەولێر 2008

ناوی کتێب: شەڕی زمان، لە پێناو تەئویلکردنی دەق

نووسەر: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

بابەت: لێکۆڵینەوە

پیتچنین: نووسەر

تابلۆی بەرگ: ئەدۆنیس

دیزایین:

تیراژ:

چاپی یەکەم:

چاپخانە:

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

## ناوەڕۆك:

### بەشی یەکەم:

پێشەکی:

1- باسی کۆتاییەکان، لەنێوان زەمەنی تەقلیدی و فەزای سبریانی..."8"
2- خەیاڵی/عەقلانی، سروش و پۆست مۆدێرنیتە......."14"
3- ئیبن عەرەبی بەرهەمهێنەری زمانێکی نوێ.."26"
4- باشلار لەنێوان ئاسۆی خەون و مۆنۆگرافیای ئاگرد......."36"

### بەشی دووەم:

1- بە رەسەنکردنی دەق.."47"
2- کردەی نووسین/ئامادەگی ژیاری.."56"
3- دەسەڵاتی خوێنەر، ئاستەکانی خوێندنەوە .......... "64"
4- ئامادەی/نائامادە، ئەنتۆلۆژیای تاراوگەو چەمکی نامۆبوون..."71"

### بەشی سێیەم:

1-راڤەکردن و تێگەیشتن لەنێوان هیرمینۆتیکاو فەلسەفەدا..."102"
2-تێگەیشتنی دەق / دەسەڵاتی خوێنەر....."110"
3 -دەقگەرایی / خوێنەرگەرایی.......... "117"
4-داهێنان... بوونی رەسەن/بوونی نارەسەن..."125"
5-دەرنەکەوتنی "بوون"ی رەسەن، دەرکەوتنی خوێنەری "نموونەیی" ....."134"

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

6-دەرکەوتنی "عەدەم"ی وێناکراو، دەرنەکەوتنی خوێنەری "عەدەمی"..."142"
7- ئیستێتیکای وەرگر لە پێناو تەئویلکردنێکی نوێی دەقی ئەدەبی........"148"
8- زمانی شیعریی، زمانی سینەمایی ......................."156"

**بەشی چوارەم:**

1- ترادیسیۆن، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە..."184"
2-شێوازگەری، شێوازی دەقی ئەدەبی. .."192"
3- بۆشایی دەق،سەفەرەکانی مانا...."198"
4- دەرکەوتنی جوانی دیالۆگی پرسیار و وەڵام...."205"
5-"ئاشنا بوون" لەنێوان منی شاعیر و منی شیعردا..."213"

**بەشی پێنجەم:**

1-بوونی بێدەنگ مینتالیەتی هەڵوەشانەوەگەری رادیکاڵ..."226"
2-ئەسڵی کاری هونەری زانستی (بوون) لای هایدگەر...."241"
3- لۆژیکی تەواوکردن و توانای جیهانبینی، پۆل سیزان وەك نموونە. ......"248"
4-رەنگی رەق بێدەنگی زەوی/ریتمی هونەری..."258"
5-سەردار سنجاوی: لێخوردبوونەوە لە مینماڵ و کونستیوەڵ نزیکتری کردمەوە."263"

**پێشەکی:**

بەگشتی ئەو کتێبەی بەر دەستتان وەك مەرجێك لەبەرانبەر دەقێکی دیکەدا بە واتای دەقگەرایی، هەوڵی خۆنماینکردن دەدات. یان بونیادێکە لە بونیادی مانا فرەچەشنەکانی دەقێك، بەڵام لەوێوە کە دەق هەر تەنها جەستەیەك و کۆمەڵێك کار نییە، بەڵکو فۆرمێکی ئاڵۆزی کردەیە و لەگەڵ خوێنەر دەردەکەوێت و لە نەبوونی خوێنەر ونسدەبێت، بوونی خۆی لە خوێنەری جیاوازدا هەڵدەگرێتەوە.

لەلایەکی دیکە ئەوەی لە کۆی ئەو دەقگەراییە بەشێوەیەکی بەرفرەوان دەردەکەوێت پرۆسیسەکردنی "لەنێوان"ە، بەڵام بێ ئەوەی هەڵگری هیچ ناسنامەیەکی دیاریکراو بێت. دەمەوێت بڵێم چەمکی "لەنێوان" لەو کتێبەدا جۆرێك لە هەڵوەشانەوەیە، یان دەکەوێتە میانی خوێندنەوەیەکی هەڵوەشانەوەگەر، کە بەردەوام بەدوای شوێنی جیاواز و مانای فرە چەشندا دەگەڕێت. بەو وەسفەی کە شوێنێکە بۆ تێگەیشتن و بەو مانایەی کە ڕەهەندێکی فرەچەشنە بەهەڵمبوونی مانای لێدەکەوێتەوە.

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

**هەولێر 2009/9/5**

مەرگ بەسەرمدا چەماوەتەوە
کێشەی شەترەنج
چارەسەری خۆی هەیە.
**(تۆماس ترانسترۆمر)**

# بەشی یەکەم

**- باسی کۆتاییەکان، لەنێوان زەمەنی تەقلیدی و فەزای سبریانی...**
**- خەیاڵی/عەقلانی، سروش و پۆست مۆدێرنیتە.......**
**- ئیبن عەرەبی بەرهەمهێنەری زمانێکی نوێ.**

**- باشلار لەنێوان ئاسۆی خەون و مۆنۆگرافیای ئاگردا.......**

## باسی کۆتاییەکان
## لەنێوان زەمەنی تەقلیدی و فەزای سبریانی

یەکێك لەو توێژەرو نووسەرانەی کە بەردەوام دەمەتەقێ و گفتوگۆی رۆشنبیریی و فیکریی سەردەم دەوروژێنێ (عەلی حەرب)ە، و خاوەنی چەندان تێزو کتێبی بە پێزی وەك (هیرمینۆتیکاو حەقیقەت،1995)، (رەخنەی حەقیقەت، 1992)، (پرسیارەکانی حەقیقەت و بارمتەکانی فیکر، 1994)، گوتاری ناسنامە، سیرەی فیکری، 1996)، (وەهمەکانی دەستەبژێر، یان رەخنە لە رۆشنبیر،1997)، (بیرکردنەوەو رووداو،1997)و (باسی کۆتاییەکان، کردنەوەکانی بە جیهانبوون و تەلەزگەکانی شوناسنامە،2000) کۆمەڵێکی دیکە.

(عەلی حەرب) لە کتێبی باسی کۆتاییەکان کە (سەلاح حەسەن پاڵەوان) کردوویە بە کوردی، مرۆڤی سەردەم لەوەدا دەبینێتەوە کە بە شێوەیەکی گەردوونی بیر دەکاتەوەو بەردەوام لەرێگەی تۆڕە ئاڵۆزو مەزنەکانی پەیوەندییەوە مامەڵە دەکات، بەردەوام بەسەرکەوتنە لە رادەبەردەرەکانی ئاسۆیەکی بەرفرەوان بۆ ژیان و بوون دەکاتەوە، لەوێشەوە لەرێگەی پرسیارەکانییەوە، لەرێگەی هەڵدانی رووە جۆراوجۆرەکانی راستی و

جوانییەوە رووبەرووبوونەوەیەکی مەزنی فیکری و تەکنیکی و ئـابووری و سیاسـی بـەرێوە دەبات. بەو مانایەش مرۆڤی سەردەم ئەو مرۆڤەیە کە زەمەنی تەقلیدی بە زەمەنی فیعلـی دەگۆڕێت، لەوێوە نایەت کە کلتور سیستەمێکی داخراوە، بەڵکو لەوێوە دێت کـە کلتـور دەزگایەکە بۆ بونیادنانی مانا، هەوڵدەدات لەڕێگەی دووبارە دارشتنەوەی چـەمکەکانەوە، لەڕێگەی ئەزموون و لە بەر رۆشنایی دەستکەوتە هەنووکەییەکانەوە بە شـێوەیەکی نـوێ مرۆڤی بە میرات بۆماوە بگۆڕێت، مرۆڤی سەردەم هـەرگیز خـۆی بـە پاسـەوانی کلتـورو بیروباوەڕ لە قەڵەم نادات، بەڵکو باوەش بۆ هەموو کلتورەکان دەکاتەوە، واتە ئەو مرۆڤەیە کە لە جێگەی یاسای بە کافربوون، هەوڵدەدا ئازادی بە هـەر کەسـێك بـدات بـۆ ئـەوەی پرۆسیسەی بیروباوەڕی خۆی بکات، مادامەکی دەکەوێتە ژێر رکێفـی گفتوگـۆی گشـتی و زیان بە باری گشتی ناگەیەنێت و سیستەمی کۆمەڵایـەتی خـراپ ناکـات. ئـیتر مرۆڤـی سەردەم ئەو مرۆڤەیە کە بەردەوام لەڕێگەی ئیبداعەوە پرسیاری سەرسـوڕهێنەر بـە رووی دنیاو بوون بەرز دەکاتەوە.

هەروەها لەو کتێبەدا ئەوەی لای (عەلی حەرب) جێگەی بەدواداچوون و لێوردبوونـەوەی قووڵە ئەو جۆرە رۆشنبیرە بێ کردانە نین، کە بەردەوام ملکەچی واقیعێکی نەزۆکن و هـیچ جولەیەکیان لێ بەدی ناکرێت، خۆیان لە هەموو جۆرە لێپرسـراوێتیەك دەکێشـنەوە، وەك چۆن ئـەو رۆشـنبیرانەش نـین کـە بـەردەوام خۆیـان بـە هـەموو جۆرێـك بـە دەسـەڵاتەوە هەڵواسیوە، بە مانایەکی دیکە ئەوەی (عەلی حەرب) باسی دەکات ئەو جۆرە رۆشنبیرانەن کـە هـەڵگری بـەها بـەرزەکانی مرۆڤایـەتی و فیکـری راسـتەقینەن و بـەردەوام روو ناشیرنەکانی دەسەڵات دەخەنە روو، نەك هەر هێندە بەڵکو دەیخەنە بەر دیدی رەخنەگرانـەو بەدواچوونی بەردەوامەوە، وەك (ئەدۆنیس) دەڵێت: فیکـری راسـتەقینە دەسـەڵاتی خـۆش ناوێت، نابێتە بابـەتی ململانـێ، بـەڵکو دەبێتـە بابـەتی گفتوگـۆ و دانوسـتاندن، هـەر

لەڕێگەی ئەو دانوسان و ململانێییەوە دەشێ بەشداری لە پەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی مەعریفەو فیکری سەردەم بکات.

لێرەوەیە (عەلی حەرب) دەیەوێت پێناسەیەکی دیکە بۆ رۆشنبیر بخاتەوە کە زۆر جیایە لە پێناسە (گرامشی)یەکەوە ئیتر رۆشنبیر لای ئەو کرێکاری کایە مەعریفیەکانە، هەر لێرەشەوە دەشێ چاو بە چەمکی ئازادی بگێڕینەوە، چونکە دوای ئەوەی پرۆژەکانی ئازادی دووچاری بەزینو وێرانبوون هات، لەم حاڵەدا پێویستە کە واز لەگوتەزا باوەکانی وەك (دەستەبژێرو جەماوەر)، (بانگەشە خوازو قوربانی) بهێنین، بۆ نموونە دەستەبژێر بەناوی رۆشنگەری و ئازادی، زۆرداری بەرهەم هێنا، عەقلیەتی قوربانیخوازیش مرۆڤی پەرپووتی بەرهەم هێناوە، یان دووبارە قەیرانەکانی بەرهەم هێناوە، باشتر وایە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئازادی لەڕێگەی تۆڕی نوێی چەمکەکانی بەرهەمهێنان و داهێنان و چالاکی و لێپرسراوییەتو بەشداربوونەوە بێت، کاتێك لەبری قسەو باس لەبارەی دەستەبژێرو جەماوەرو قسەمان لەکەرتی بەرهەمهێنان یان بکەری کۆمەڵایەتی یان خودی ئەو مرۆڤە کرد کە توانای داهێنان و خەلقکردنی هەیە، لەم حاڵەتەدا رۆشنبیرو ئەوانیدیکە لە کرێکارانی تەواوی کەرتەکان لەیەك ئاستدا دەپێورێن، بەشێوەیەك کە ئاڵوگۆڕی و کارلێکردن، لە پرۆسەی بونیادنانەوەو گۆڕانکاری و گەشەپێدان لەنێوان دووکارکەرو دوو بەرهەمهێنەر وەك یەك بەڕێوە دەچێو هیچ جیاوازیشی لەگەڵ لێپرسراوان و هاوبەشەکاندا نییە.

ئیتر لێرەوە رۆڵی پیرۆزی رۆشنبیران پێویستی بە چاوپێخشانەوەو لێوردبوونەوەو خوێندنەوەی جیاواز هەیە، ئیتر زەمەنی (زولا)و (سارتەر) بەسەرچوو، ئیتر پێگەکانی رۆشنبیر گومان دەیبات، هەرگیز ناشێ بەهەمان شێوەی پێشوو بیریان لێبکەینەوە، دەبێ بۆ ماناو پێوانەیەك بگەڕێین کە قابیلی سەردەمی ئینتەرنێت و فەزای سبریانی و شۆڕشی تەکنۆلۆژی و ژمارەکانە، مانایەك کە هاوشانی مرۆڤی سەردەمە، لێرەوە رۆشنبیر پیاوێك

نییە لەسەر شانۆ قسەمان بۆ بکات و هەڵوێست بنوێنێ، پیاوێك نییە چەپڵەی بۆ لێبدرێو ستایش بکرێ، پیاوێك نییە کەلەسەرووی ئاستی هۆشیاری لەسەرووی مەعریفەو هەستی کۆمەڵگەوە بێ، یان وەك پیاوێکی هاوپەیوەست کۆمەڵێك چەمك بەرزبکاتەوەو کۆمەڵێکی دی بشارێتەوە، پیاوێك نییە دەستمان بگرێ و هەڵمانخزێنێو خیانەت لە بیروڕاکانمان بکاتو لافیش بە خیانەت و وزەی هەڵخزێنی ناوەوەی خۆی بکات، ئیتر پیاوێکە رووت، پیاوێکە ئەمڕۆ ناتوانێ کەس هەڵخەڵەتێنێ، پیاوێکە دەشێ لە باشترین حاڵەتدا فۆڕمێك بێ لەو فۆڕمانەی کە بە هۆی فیکرو کردەی داهێنەرانەی خۆیەوە وزە کەبتکراوەکانی ناوەوەی مرۆڤ بەرز بکاتەوە، پیاوێکە لە باشترین حاڵەتدا دەشێ بەشداری لەوەجوڵەخستنی هێزەکانی ناوەوەی مرۆڤ بکات.

کەواتە دیاردەی بە جیهانیبوون سەرەڕای ئیشکالییەتەکانی، دیاردەی داهێنان و پرۆسیسەکردنی فیکرو مەعریفەو سەرمایە لەخۆ دەگرێت، بە جیهانیبوون رستێك پرۆسەی یەکانگیرو تێکچرژاوە، خۆی لە بزاڤ و بیرو سەرمایەو زانیارییەکان بەرجەستە دەکاتو هەر لەوێشەوە دەلالەت لە ئابووری ئەلکترۆنی و راگەیاندن و بوارەکانی تەلەفزیۆنو ئەو واقیعە دەکات کە لە دەرئەنجامی شۆڕشی زانیارییەکان سەرچاوە دەگرێ.

هەر بەو مانایەش داهێنان دەبێتە چەمکی مرۆڤی سەردەم، چەمکێکە مرۆڤ وەك سێنتەری گەردوون و سەروەری سروشت دەخاتە روو، رێگا خۆشکەرە بۆ پرۆسیسەکردنی وزە کەبتکراوەکان، رێگا خۆشکەرە بۆ بەشداری کردنی جیدیانەی ژیان، رێگا خۆشکەرە بۆ پراکتیزەکردنی خەون و هیوا دواخراوەکانی خودو سەدەکانی پێشووی مرۆڤایەتی، هەر لەوێشەوە دەشێ هەڵوێستی مرۆڤ، هەڵوێستی هێزو چالاکی و کردەو بزاڤەکانی ناوەوەی مرۆڤ بێ، نەك بەمانا تەقلیدییەکەی، بەڵکو بەو مانایەی کە مرۆڤ هەمیشە قابیلی بەرەوپێشچوون و گۆڕانە، بەو مانایەی کە مرۆڤ خۆی کردەیەکی ئیبداعییەو هەمیشە

دەکەوێتە دەرەوەی زەمەن و دەرەوەی شوێنەوە، دەکەوێتە سەروری پێوانەکان و فۆرمەکانیانەوە.

لەسەردەمی بە جیهانیبووندا ملیۆنان دەبینین لەنێوان جەختکردنی ناسنامەو ونبوونی ناسنامەدا دەژین، لەنێوان ئوسولییەت و هەلوەشاندنەوەی ئیختیارەکان، تەواوخۆیان ونکردوە، بەلام دەبێ بزانین کە بە جیهانیبوون وەك گۆڕانکارییەکی مێژوویی، یان بەخشیش تەکنەلۆژیا، مەترسی بایەخەکەی لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردن وەستاوە، کەواتە پێویستە دەرگا لە ناسنامەکان بکەینەوە پێویستە جیاوازییەکان وەك جیاوازی تەماشا بکەین، دەرگا لە رەگەزەکانی پێناسە بکەینەوە، دەبێ بزانین کە ویژدانی زیندوو لە فرەڕەنگی دایە، یان بەرجەستەکردنی رەنگێك بەسەر تەواوی رەنگەکانی دیکە، یان بەرجەستەکردنی تەنیا رەگەزێك لە رەگەزەکانی ناسنامە، چونکە رەتکردنەوەی ئەویدی دنیاییەك وێنە دەکات کە ستەم تیایدا بالا دەستە، دنیایەکی تۆتالیتێر، دنیایەك کە پێویستی بە بەرەیەك لە ستەمکارو خوێنرێژ هەیە، ئەمڕۆ ئەو بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەیەکی میتۆلۆژیانەیە، بیرکردنەوەیەکە پشتبەست بە حیکایەتە گەورەکان، ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە راستەوخۆ دەلالەت لە فەرامۆشکردنی جیاوازییەکان دەکات، ئیرادەو هێزی مرۆڤ دەخاتە پەراوێزەوە، راستەوخۆ فەرامۆشکردنی ئیرادەو ئیبداعە.

(ئەمین مەعلوف) دەڵێت: کاتێك تاوانێك بەناوی بیروڕا دەکرێت، خودی بیروڕاکە تاوانبار نییە، چونکە (دەق) کار لە حەقیقەتی دنیا ناکات، تەنها لە دووتوێی بۆچوونی ئێمەوە نەبێت، لەهەر سەردەمێکدا چەند رستەیەك دەڕوا، چەند رستەیەك کە نابینین، ئەو لایەنەی کە دەمانەوێت بەرجەستەی بکەین، ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە زمانی چەمك و رۆشنبیرییەوە هەبێت، بەشێکی راستەوخۆ پەیوەندی بە یادەوەرییەوە هەیە، بەلام چۆن دەتوانین لەدەرەوەی یادەوەرییەوەیە لەرێگەی دووبارە فۆرمەلەکردنی پێکهاتەکانی فیکرەوە خوێندنەوەی جۆراوجۆر ئەنجام بدەین، دەشێ ئەو پرسیارە دەرهاویشتەی ئەو

بۆچوونەی (ئەمین مەعلوف) بێ کە دەڵێ: چۆن دەتوانین بڵێین (پۆل پۆت) پەیوەندی بە مارکسییەوە نییە، رژێمی (بینۆشیە) پەیوەندی بەمەسیحییەتەوە نییە، پاشان دەپرسێ ئایا بە راستی لە مەسیحییەت لێکبووردن هەبووە، مەسیحییەت رێزی ئازادی گرتووە، دیموکراسی بووە، با بۆ ئەمە کتێبە مێژووییەکان هەڵدەینەوە.

کەواتە چەمکی (لێبوردن) پەیوەندی نێوان لێبوردەو لێبوراو دەسەپێنێ، ئەوەی ئەو پەیوەندییەش رێکدەخاتەوە جگەلە (هاوسەنگی) هێز شتێکی دیکە نییە، واتە چەمکی لێبوردن هیچ کاتێك رێزگرتنی ئەو بیرڕایانە ناگرێتەوە کە ناکۆکن لەگەڵیاندا، بەڵکو ئێمە لە یەکێك دەبوورین کە ناتوانین رێگەی لێبگرین، ئەوەی کە دەشبورێ لاوازە، دەشێ کاتێك بەهێز بێت بە پێچەوانەوە نەبووری

لێرەوە دەبێ بڕوامان وابێ کە دنیا بەبێ فیکرو کردە ئیبداعییەکان ناتوانێ خۆی لە جیاوازی و ناکۆکی و هاوگونجان و گۆڕان نزیك بکاتەوە، ناتوانێ رەنگەکان بۆخۆی دابڕێژێ‌و گۆڕان پراکتیزە بکات، بەو مانایەی کە گۆڕان رێکخستنی پەیوەندی رەگەزەکانی هێزەو پشت بە وزەکانی ناخی مرۆڤی داهێنەرەوە دەبەستێ، هەروەها هەرگیز فیکرو داهێنانیش بێ ئازادی بوونی نییە، ئازادیش پابەندی ئیرادەی خودو وزە لەبننەهاتووەکانی ناخی مرۆڤی داهێنەرە، بەڵام داهێنان و وزە خەفەکراوەکانی ناخی مرۆڤ هەرتەنها پابەندی شوێن و زەمەنێکی دیاریکراو نییە، ئەمڕۆ پەیوەندییەکانی شوێن کات، پەیوەندییەك نییە لە دووتوێی سنوورو زەمەنی دیاریکراو بێتە بەرهەم، بەڵکو پەیوەندییەکە راستەوخۆ لە فیکرو داهێنانەوە هەڵدەقوڵێ‌و لەرێگەی بوارەکانی راگەیاندنەوە دەکەوێتەوە سەر شاشە، ئەمڕۆ راگەیاندن تەواوی ماوەکان و سنورەکان لەیەکدا دەتوێنێتەوەو ژیان لە چەمك و دەلالەتی نوێدا بونیاد دەنێتەوە، ئەمڕۆ ئازادی و بیرکردنەوەی ئازادیش لەوەدایە کە بتوانی لە دووتوێی رەگەزە تەباو ناکۆکەکانەوە،

هاوگونجانێ لەگەڵ بەرانبەر بسازێنی، هاوگونجانێ کە ڕەنگەکان فەرامۆش نـەکات، واتـە خودی ئازادی پابەندی خودی جیاوازییەکانیشە.

## خەیاڵی/عەقڵانی

## سروش و پۆست مۆدێرنیته

"کاتێ دیکارت سەری هەڵدا فەلسەفە سەربەخۆیی بەدەست هێنا، یان لە ژێـر چـنگی عەقڵی تیۆلۆژی رزگاری بوو، کەچی سەروەری عەقڵ زۆر بەتوندی بنجـی بەسـت، پێشـتر

عەقڵی تیۆلۆژی-لاهوتی دانی بە زەلیلی عەقڵ، یان خاکەڕایی عەقڵ لە بەرانبەر پێدراوی سروش و لەراستیدا عەقڵ لەبەردەم سروشتدا دەچەمییەوە، بەڵام عەقڵی دیکارتی کە زۆر شانازی پێوە دەکەین سەروەری خود جێگیر دەکات"[1]

نموونەی ئەو پەرەگرافە لە کتێبی (عەلمانیەت و ئایین)ی (ئەرگۆن) وەرگیراوە، کە (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) کردوویە بە کوردی، ئەگەرچی نموونەیەکی بێ هاوتا و دەگمەن نییە، یان بیر کردنەوەیەك نییە جگە لە (ئەرگۆن) کەسی دیکە قسەی لە بارەوە نەکردبێ، بەڵام بە تەئکید لە کۆی ماناکانی ئەو پەرەگرافە، یان لە پشت ماناکانی چەمکی (سروش)(عەقڵ)(خود)(سەروەری) دوا جار ئاگا بوونی ئەرکۆن لە فیکرو فەلسەفەی سەردەم و هەروەها بەدوا داچوونەکانی ئەو بەرجەستە دەبێ.

ئەگەرچی مەسەلەکە هەرتەنها بەدوا داچوونی پێدراوی سروشتی و سەروەری خودی لە خۆدا هەڵنەگرتووە، بەڵام وەك دیارە لەو کتێبەدا (ئەرگۆن) دەیەوێ لەمیانی مێژووی گەشەی فیکری قسە لە هەژمونی (سروش) وهەژمونی (عەقڵی) بکات، هەرلەوێشەوە لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی دادەبەزێ، وەك چۆن هەوڵدەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان پەردە لەسەر ئەو رەخنانە هەڵبداتەوە کە مێژووی گەشەی فیکری پلە بە پلە بڕیویەتی تا دەگاتە ئەوەی ئەرزشی خەیاڵ و خەیاڵدان لەنێوان (سروش/ئاسمان) و (عەقڵ/زانست) دیاری بکات، هەر لەوێشەوە رەخنە لە عەقڵی زانستی دەگرێ، دەست بەسەر داگرتنی حەقیقەت لەلایەن ئەو عەقڵەوە دەداتە بەر توێژینەوە و بە دواداچوون، بەم جۆرە ئەو دێ لەبەرانبەر عەقڵی زانستی بەرگری لە حەقیقەتگەلێکی جیاواز دەکات، لەوێشەوە دووبارە شوێنی خەیاڵمان لەمیانی فیکرو مەعریفە و ئیبداعدا بیر دەخاتەوە.

---

[1] - بڕوانە (عەلمانیەت و ئایین) د.موحەمەد ئەرکۆن لەوەرگێڕانی (نەوزادئەحمەد ئەسوەد) زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ئێمە لەو وتارەدا هەوڵدەدەین بە دوای بەشێکی دیاریکراوی ئەو دەرئەنجامانەدا بڕۆین و لەوێوە کەمەکێك قسە لە بەنێویەکدا چوونی بەردوامی خەیاڵی و عەقلانی دەکەین، هەروەك هەوڵدەدەین (جێکەوت)ـەی هەردوو چەمکی (بەردەوامییەت) و (داپچڕان) بە مانا (دریدا) ییەکەی بخەینە ڕوو.[‡]

لە پاش "گۆڕگیاسی"[§] گومانکار، فەیلەسوفی فەرەنسی "دیکارت"[**] بە دوای هەمان لێوردبوونەوەی گۆڕگیاس کەوت، گۆڕگیاسی سۆفستایی، گومانەکانی خۆی لە سێ مەسەلەدا کورت دەکاتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کەلێرەدا هیچ شتێ بوونی نییە، دووەم ئەگەر شتێ بوونی هەبێ، ئەوە ئێمە ناتوانین بیناسێنین، سێیەم ئەگەر گریمان شتێ بوونی هەیە و دەتوانین بیناسێنین، بەلاّم ناتوانین ئەو شتە بۆ ئەویدیکە بگوازینەوە.

لێرەدا گۆڕگیاس هەموو شتەکان وەك دەسخەڕۆکردن و سەراب دەبینێ، بەومانایەش بەهیچ شێوەیەك ناتوانین قسە لە ئەسڵ وساختە، ڕاست وچەوت بکەین، وەك دیارە لە پشت ئەو گومانانەی کە لە عەقڵ و هەست دەکرێ پرسیاری یەقین بەرجەستە دەبێ، (دیکارت) دێ ئەو شتەی کە بە یەقین ناوزەدمان کرد لە (خود)دا هەڵیدەگێڕتەوە، هەر لەو بارەیەشەوە (دیکارت) دەڵێ لەکاتی دەسخەڕۆکردنیشا هەر دەبێ (من) بوونی هەبێ، بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە، هەروەها ئەو پێیوایە کە گومان و هەڵخەڵەتاندنیش بۆ خۆیان بیرکردنەوەن، بۆیە هەر دەبێ مرۆڤ بوونی هەبێ، لەوێشەوە لەمیانی گوتەزاکەی (من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم) هەوڵدەدا لەڕێگەی بەرجەستە کردن و جێگیرکردنی ئەو (من)ـەوە وجودی شتەکان بسەلمێنێ، یان بەمانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین لە سەدەی (حەڤدەم)دا (دیکارت) پێویستی بەزەمانەتی خوایی دەبێ، تاکو دڵنیا بێ لەو ڕاستیەی کە دەیبینێ، بەو مانایەش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی عەقڵ وەك لە پەرەگرافەکەی

---

[‡]- الكتابة والاختلاف، جاك دريدا – ترجمة كاظم جيهاد – تقديم، محمد علال.
[§]- مدخل الفيكر الفلسفي، جوزيف بوخنيسكى – ترجمة: د.محمود حمدي زقزوق.
[**]- هـ.س.پ.

سەرەوە هاتووە لە کوجیتۆی دیکارتدا هەرگیز تەعبیر لە رزگاربوون ناکات، بەقەد ئەوەی تەعبیر لە داهێنانی کۆت و بەندێکی دیکەی جیاواز دەکا، یان ئەگەر بەمانایەك لە ماناکان رزگار بوون بێ، ئەوا بەشێوەیەکی دیکەی جێگیرو دووبارە نەخشە بۆکێشانی بەندیخانەیەکی دیکەیە، هەرلەوێشەوە پرسیاری (دیکارت) دەبێتە پرسیاری ئەوەی کە دەیبینم خودی ئەو شتەیە کە دەیبینم، نەك دەستخەڕۆکردن وسەراب، دەشێ ئەوپەڕی بایەخ پێدانی خواوەند بێ، بەلاّم خواوەند نەك بەمانا تیۆلۆژییەکەی بەڵکو بەمانا سێنترالّیەکەیەوە.

لەلایەکی دیکەش (دیکارت) دووشت تێکەڵ دەکات بیرو خودی بیرکەرەوە، وەك دیارە کاتێك کە بیرێك بوونی هەبێ، دەبێ لە پشت ئەو بیرە بیرکەرەوەیەك بوونی هەبێ، بەلاّم کە گومان هەموو شتەکان دەخوات، ئەو راستیە بۆ خۆی دەبێتە شتێکی گومان لێکراو.

لە دیدی دیکارتدا بە هیچ جۆرێك مافی ئەوەمان نییە وەك پێویست بلّێین بۆ ئەوەی فیکرێك بە دەست بهێنین دەبێ بیرکەرەوەیەك بوونی هەبێ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش کۆجیتۆکەی تەنها شتێك کە دەیسەلمێنێ ئەوەیە کە فیکر وجودی هەیە، وشەی (هەیە) زۆر بە ساکاری دەلالەت لەوە دەکات ئەو ناوەرۆکە، یان ناوەڕۆکەکانی دیکە لە بازنەی وێناکردندا هەمیشە کورتی دێنن.

لە کۆجیتۆی دیکارتدا ئەوەی کە بیرکەرەوە بە دەستی دەهێنێ هیچ پاساوێکی نییە، کەواتە لەبەرانبەر ئەوەدا دەشێ وەك (کیرکیجاد) بگوترێ (من بیر دەکەمەوە کەواتە من نیم) یان وەك (هۆسرەل) لە بری (خود)ی دیکارتی کۆمەڵێك (خود)ی دیکە بهێنینە ناوەوە، وەك دیارە "هۆسرەل"[1] لەڕێگەی فینۆمینۆلۆژیاکەیەوە دەیەوێ لە بارمتەی خواوەند، یان بەمانایەکی دیکە لە بارمتەی سێنترالیەت رزگارمان بکات، لەوێشەوە کۆمەڵێك ئەزموونی خودی هێنا ئاراوە و ماهیەتی کۆتایی خستە نێو

---

[1] - گۆڤاری، الفكر العربي المعاصر، جورج زيناتي.

دووکەوانــەوە، واتــە تەئکیــدی لــە پێکــەوە ژیــان کــرد، بەومانایــەش فینۆمینۆلۆژیــای (هۆسرەل) دەڵێ من بیر دەکەمەوە، تۆ بیر دەکەیتەوە، ئێمە گشتمان بیر دەکەینەوە، لێــرەدا ئەوەی گــرنگ دەکەوێتــەوە بــۆ ئەزموونــەکانمان ژیانکارییــە لــە ئاگــایی خــودا، کەواتــە فەلسەفەی (هۆسرەل) پرۆژەیەکی رەخنە ئامێزو هەڵوەشانەوە گەرایە، بەردەوام رەخنــە لــە سیستەمی ئاگایی و فەلسەفەی ئامادەگی دەگرێ.

بەڵام ئەوەی (گۆرگیاس) دەڵێ ئەوەیە کە هیچ شتێ بوونی نییــە و ئێمــە نــاتوانین هیچ بناسین، بەو مانایەش هەموو شتێ جگە لە وەهم و دەســخەرۆکردن شــتێکی دیکــە نییە، یان وەك (دیستۆفسکی) دەڵێ چیرۆکەکە شێتێك دەیگێڕێتەوە.

دواجــار دەردەکــەوێ کــە فیکــرو فەلســەفە هەمیشــە لەســەر تــەجاوزکردن و بەرەوپێشچوون کار دەکەن، بەو مانایەش ئەمڕۆ قسە لە وازهێنان لە فەلســەفەی (خــود) دەکرێ لەوێشەوە هەوڵ بۆ فەلسەفەیەك دەدرێ کە بکەر (فاعل) رۆڵی سەرەکی تیــا وازی نەکات، دەشێ ئەو فەلسەفەیەی کەواز لە خود دەهێنێ لە چەمکی ئەپســتمی (فۆکــۆ) و فەلسەفەی بێ سێنتەری (دریدا) هەڵگرینەوە، یان بەمانایــەکی بــەرفراوانتر لــە فیکــری پۆست مۆدێرنەدا زۆر بەروونی رەنگدانەوەی هەیە.

کەواتە ئەمڕۆ دنیای فیکر بەردەوام لەبەرەوپێشەوە چوون خۆی دەنــوێنێ، بــەردەوام لەمیانی بەدواداچوون و رەخنە و تیۆریزەکردنەوە هەڵوێستی سەردەمانەی خــۆی بەرانبــەر بە واقیع و ترادیسیۆنەکان دەخاتە روو، یــان بــە مانایــەکی دیکــە وەك (ئــەرگۆن) دەڵــێ فیکر دەکەوێتە ژێر کاریگەری بارودۆخ و فاکتەرە مادییەکانەوە، چونکە شــتێك نیــە لــە دەرەوەی هــەموو مەرجەکانــدا بــێ و لەهــەوادا مەلــە بکــات، وەك ئایدیالیســتەکان و تەقلیدییەکان بیری لێ دەکەنــەوە، بــەڵکو مەحکومــە بەکۆمــەڵێك شــت کــە بەســەریدا دەسەپێنێ هەر لەوێشەوە بەرەو دەرئــەنجامی عــەقڵی دەمانگوازێتــەوە، [] کەواتــە لێــرەدا

[] - عەلمانیەت و ئایین. هـ. س. پ.

قسەکردن لە پێدراوی سروشتی و سەروەری خود دەبێتە قسە کردن لەو عەقڵەی کە جێگای سروش دەگرێتەوە و نکۆڵی لەسەرچاوە ترانسندنتالەکان دەکات، بەومانایەش مرۆڤ لە چوار چێوەی ئاکار دێتە دەرەوەو دەبێتە بونیاتنەری گشت بەهایەك و دروستکەری هەموو ئامانجێکی بالاّ.

وەك دەردەکەوێ (ئارکۆن) لەو کتێبەدا هەوڵدەدا پلە بە پلە بەدوای گەشەی فیکردا بچێ، لەوێشەوە بە نێو یەکدا چوونی خەیاڵی و عەقلاّنی لە کۆنتێکستی فیکری سەردەمدا دەخاتەروو، هەروەك هەژموونی عەقلاّنیەتی زانستی لەسەردەمی عەلمانییەتدا روون دەکاتەوە و لەوێشەوە ئەو رزگارکردنە گەورەیەی عەقلّ بەرجەستە دەکات، یان بە مانایەکی دیکە بەگشتی قسە لە عەقڵی (دیکارت) دەکات کە بە تێپەڕبوونی زەمەن بوو بە عەقڵێکی وشك و رەق و دۆگما، کاتێك (دیکارت) عەقڵی بەتاڵکردەوە لەهەر خەیاڵێك و پێیوابوو خەیاڵ شتێکە لە دەرەوەی عەقڵدایە، بەمە شارستانیەتی زانستی و پیشەسازی نوێ دامەزرا، بەلاّم هاوکات کاریگەری خەیاڵ و تەڕایی خەیاڵی لەنێو برد و رۆڵی خەیاڵی لە بنیاتنانی شارستانیەت و کارکردندا پووچ کردەوە، کە دواجار ئەو عەقڵە دیکارتیە لە چەرخی ئەمریکی و تەکنۆلۆژی و ئیستیهلاکی گۆڕاو بوو بە عەقڵێکی ئامێری و تەکنیکی بەرتەسك و ژمێریاریەکی سارد.[§§§§]

(ئەرکۆن) هەوڵدەدا لە کۆنتێکستی گەشەی مێژووی فیکر دووبارە رۆڵی خەیاڵ و ئەندێشە بەرجەستە بکات، سەرەڕای ئەو رەخنەیەی کە دەیگرێتە خولیای مرۆڤی خۆرئاوایی و دەست بەسەراگرتنی (حەقیقەت) لەلایەن خودی ئەو مرۆڤەوە.

بەرجەستەکردنی رۆڵی خەیاڵ ئەگەر بە دیویك لە دیوەکان بەبیرهێنانەوەی ئەو هەموو رەخنەیە بێ کە بەرانبەر سێنترالیزم و عەقڵی سێنترالی و حەقیقەتخوازی تاکانە کراوەتەوە، یان بەمانایەکی دیکە قسەکردن بێ لە مرۆی فیکرو گوتاری پۆست مۆدێرنیتە، ئەوە بە

---

[§§§§] - هـ. س. پ.

دیوەکەی دیکە ئاماژەکردنە بە بنبەستبوونی فیکری ئایینی، ئەو بنبەستبونەش دەتوانین لە بەدواداچوونی بە پیرۆز راگرتنی ئەو فیکرەوە هەڵگرینەوە، یان لە بەمولککردنی حەقیقەت تەماشای بکەین، بەلاّم هەرگیز ئەو جۆرە بە فیکری ئایینی (ئیسلامەوە) بەند ناکات، چونکە وەك دەزانین ئایین رۆڵی بنچینەیی لە لە دایکبوونی مێژووی کۆمەڵگەدا بینیوە، بەلاّم وەك (ئەرگۆن) دەڵێ ئیتر دەبێ لە جیاتی ئەوەی خۆمان بە شانازیکردن و تەمجیدکردنی ئەو کەلەپورە خەریك بکەین با لە کۆنتێکستی فیکری هاوچەرخەوە لێکۆڵینەوە لەبارەی کەلەپورو کەلەپوری ئایینیەوە بکەین.

وەك لە پێشتر گوتمان ئەو بەدوادا چوونە زۆر بە روونی لە ئەپستمی فۆکۆیی بەرچاو دەکەوێ وەك چۆن لای دریدا لە لەقبوونی پیرۆزی ئاخافتندا بەرجەستە دەبێ، هەروەها کاتێك (ئەرگۆن) قسە لە علمانییەت و ئایین دەکات لە پشت ئەو مەسەلەیەوە دەیەوێ بەدوای چەمکی زانستی و چەمکی خەیاڵدا بچێ، یان بەمانایەکی دیکە پەردە لەسەر ئەو دوو چەمکە هەڵداتەوە و خوێندنەوە و راڤە کردنە جیاوازەکانی بخاتە روو.

بەومانایەش دەتوانین بڵێین لەنێوان ئەو دوو چەمکەوە بیرکردنەوەی لێکجیا خۆی دەنوێنێ، بیرکردنەوەیەك کە خەیاڵئامێزە و لەوێشەوە بەردەوام سروشمان بیر دەخاتەوە و دواجار تەواوی بەرهەمهێنانەکانی خۆی لە کۆنتێکستی ئاییندا دەبینێتەوە، لە بەرانبەر عەلمانییەتێك کە لە هەژموونی چەمکی زانستەوە خۆی نمایان دەکات و دواجار لە شۆڕشی پیشەسازی نوێ خۆی هەڵدەگرێتەوە، ئەو دوو بیرکردنەوەیە ئەگەرچی دوو دەرئەنجامی جیاوازی بەرهەم هێناوە، بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەشێ لە چەندان خاڵ لە یەك نزیك بکەونەوە، چونکە هەتا ئەمڕۆش لە پاڵ چەمکی زانستی و عەقلانیەتی زانستی دا، لەپاڵ بیولۆژیای گەشە کردوو فیزیای چەندایەتی ونسبیەتدا شوێنێك بۆ خەیاڵ لە ئارادایە، شوێنێك بۆ ئەفسوون و ئەستێرەگرتنەوە، لێرەوە بۆ زێتر روونکردنەوە و

بەدواداچوونی فیکری (ئەرگۆن) دەتوانین رەخنەکانی "فێرباند"*** بۆ چەمکی زانستی بخەینەروو، رەخنەی "فێرباند" بۆ چەمکی زانستی بەرەتکردنەوەی ئەو بنەڕەتانەوە بەندە کە خودی چەمکی عەقڵ و چەمکی زانستی لەسەردامەزراوە، ئەو وایدەبینێ کە عەقڵ هەر بەتەنها فاکتەرێك نییە، کە رووبەرووی تەقالیدەکانی دیکە دەبێتەوە بەڵکو لە خودی خۆیدا وەك هەر تەقالیدێکی دیکە وایە، کەوەك پێویست نە باشەو نەخراپ، هەر لەسەر ئەو بنەڕەتەش پیرۆزی سینترالیەتی عەقڵ کە کەلەپوری رۆشنگەری مۆدێرنە چەسپاندویەتی رەتدەکاتەوە، ئەو پێیوایە لەنێوان عەقڵی و زانست دەبێ پارێزگاری لە یەکێکیان بکەین، ناشێ پارێزگاری لە هەردووکیان بکەین، چونکە رابوونەوەی زانست بۆ خۆی لە دژی عەقلانیەت لە بیانووگەلێکی بەربلاوە وە هاتووە کە پێشتر بڕوای پێیان هەبوو، وەك چۆن هەر لەمیانی ئەو بیانووە بەربلاوانەوە هاتۆتە ئاراوە کە بەدژی هەست و بەدژی دەرککردنی هاوبەش کەوتوونەتەوە، بۆیە دەبینین چەمکی زانست بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەکەوێتە ژێر نسیبیەتی مێژووییەوە – ئەوەش ئەو نسبیەتەیە کە (فێرباد) بەرگری لێ دەکات.

ئەو نسبییەتە بەشێکە لە خودی زانست، تیۆری فیزیای نوێی (زانستی)یش نکۆڵی لێ ناکات، بەڵکو دەیسەلمێنێ، کەواتە زانست سیستمێکی تایبەتی ناگرێتەوە بەڵکو بەشێك لە بنەڕەتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە پێکدەهێنێ، لە بەرانبەر ئەوەشدا مەحاڵە بتوانین خەیاڵ بخەینە دەرەوەی عەقڵ و بیرکردنەوە، بەومانایەش عەقڵ هەمیشە لە پەیوەندی بە خەیاڵ و خەیاڵکراو رۆڵی خۆی پرۆسیسە دەکات. گەڕانەوەش بۆ خەیاڵ و خەیاڵکراو هەرگیز گەڕانەوە نییە بۆ سنتراڵیەت، بە قەد ئەوەی بەرگری کردنە لە حەقیقەت گەلێکی جۆراو جۆر، فرە حەقیقەتیش خۆی لە خۆیدا ئەقڵێکی جەوهەری هەموو ئەو مەعریفانەیە بانگەشەی بابەتخوازی دەکەن، چونکە فرەیی رێگا بەوە دەدا بەتوندی رەخنە

---

***-www.alimparatur.com) نووسینی: جەودەت زیادە.

لە فیکرە مەقبولەکانیش بگیرێ، هەر لەمیانی ئەوەشەوە دەشێ هەموو کۆمەڵگەیەك بەرگری لە پێکهاتەی عەقڵی کلتوری خۆی بکات، وەك چۆن بەرگری لە خەیاڵکراوەکانیش بکات، بەڵام نەك بە شێوەیەکی دۆگمی خوازانە – بەڵکو لەڕێگەی بە دواداچوون و ڕەخنە و بیرکردنەوەی سەردەمەوە، بەومانایەش ئەوەی کە دەشێ بەرگری لێ بکەین هەموو ئەو ئیبداعانە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ لەمیانەی فیکری سەردەمدا وەك چرا ڕێگای فیکر ڕۆشن دەکاتەوە و دەشێ لە بەرەو پێشچوونی فیکرو مەعریفەدا ڕەنگدانەوەی ببینین، هەروەك چۆن دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی عەقڵی مۆدێرن و دواجار وەك کۆشش و دەستکەوتەکانی ڕۆحی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێ، کەواتە هەرگیز ناتوانین رابردوو بە هەموو ماناکانییەوە ڕەت بکەینەوە وەك چۆن ناشێ تەواوی ئێستاو داهاتوومان قبوڵ بێ، لەلایەکی دیکەش ڕاستە گۆڕانکاریەکانی دنیا بە هەمان ئەندازە کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەی گەشە کردوو کۆمەڵگەی دواکەوتوو نییە، وڵاتە پێشکەوتووەکان دەتوانن دەست بەسەر ئەو گۆڕانکاریە خێرایانە بگرن و کۆنترۆڵی بکەن و هەرسی بکەن و وەری بگرن، هەروەك دەشتوانن بۆ باشکردنی ئاستی ژیانی خۆیان بەکاری بهێنن، بەڵام وڵاتە دواکەوتووەکان ڕەنگە نەتوانن بەهەمان شێوە دەستیبەسەردابگرن و سوودی لێ وەرگرن، بەڵام هەرگیز ئەوە بەو مانایە نییە کە بەشێك لەو گۆڕانکارییانە دەستی وڵاتە دواکەوتووەکانیشی تیا نەبێ، هەڵەی گەورە لێرە سەر هەڵدەدا کە پەراوێزوکەنار بە گێڕو ئیفلیج تەماشا بکەین، خودی ئەو تەماشاکردنە تەواوی کۆشش و دەستکەوتە فیکری و مەعریفییەکانی سەردەم کاڵ دەکاتەوە و دووبارە بەرەو سێنترالیستمان دەکاتەوە کە فیکری سەردەم تەواوی وزە و تواناکانی خۆی بۆ هەڵوەشانەوەی خەرج کردووە، ئەمڕۆ فیکری پۆست مۆدێرنە و تێڕوانینی بۆ دەستکەوتە مرۆڤایەتیەکان هەرگیز پەیوەندی بە سێنترالیزمەوە نییە، بەڵکو بەردەوام قسە لە شارستانی گەردوونی دەکات، کەواتە بۆچی خۆمان لەو خەونە مرۆڤایەتیە بێ بەش بکەین.

لێرەوە دەتوانین دووبارە بۆ پەرەگرافەکەی (ئەرگۆن) بگەڕێینەوە و جێکەوتی ئەو عەقڵە خاکەڕاییە دیاری بکەین کە لەدوا هەڵبەزین و دابەزیندا دووبارە سێنتراڵیەت لە دەست دەداو لەوێشەوە فرەیی دێتە ئاراوە، بەومانایەش دەشێ جێکەوتەی ئەو عەقڵە فرە رەهەندەی کە ئەمڕۆ لەمیانەی فیکری پۆست مۆدێرنەوە خۆی دەخەملێنێ بە جۆرێك لە جۆرەکان بە خاکەڕایی عەقڵ لە بەردەم پێدراوی سروش تەماشا بکەین، بەڵام هەرگیز ئەو جێکەوتە لەڕێگەی کۆپی کردنەوە خۆی نانوێنی، بەڵکو لێرەدا جێکەوتەی عەقڵی بەو مانایە وەك چۆن جۆرێکە لە پەیوەستبوون بە پێشوو، بە هەمان شێوەش جۆرێکە لە ونبوون، یان بە مانایەکی دیکە مەبەست لە (ئەسڵێك) نییە کە بەرەو پێشوو دەگەڕێتەوە، بەقەد ئەوەی مەبەست لەبەردەوامیەت و بەرەوپێشچوون و گەشە کردنە، کەواتە ئەگەر خاکەڕایی ئەو عەقڵەی کە (لە بەردەم سروشت دەچەمێتەوە) تەعبیر لە ئەسڵ بکات، ئەوە جێکەوتەی عەقڵی ناوبراو بەرەو فیکری پۆست مۆدێرنە ئاراستەمان دەکات، ئەوەش ئەگەر لەلایەك (پچڕان) بێ و بەومانایەی کە (دواخستن) روونی دەکاتەوە، ئەوا بە دیوەکەی دیکە (بەردەوامیەت)ـە بەو مانایەی کە هەڵگری شوناسی سەردەمەکەی خۆیەتی، کەواتە جیاوازی ئەو عەقڵە خاکەڕایە و جیاوازی عەقڵی پۆست مۆدێرنە لە گەڕانەوە بە مانای بەردەوامیەت و دواخستن بەمانای پچڕان خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەدیوەکەی دیکەش ئەوەی ئەمڕۆ وەك جیاوازی قسەی لێ دەکرێ ئەساڵەتی خۆی لەڕێگەی کۆپی کردنەوە ناسەلمێنێ، یان لەڕێگەی ئامادەگیە سێنتراڵیەکەیەوە، بەڵکو بەردەوامیەتی خۆی لەمیانی جیاوازییەوە هەڵدەگرێتەوە، کەواتە ئەگەر خاکەڕایی عەقڵی لە پێشوودا پەیوەندی بە دەسەڵاتی سروشەوە هەبێ، ئەوە خاکەڕایی لە عەقڵی پۆست مۆدێرنەدا راستەوخۆ پەیوەندی بە فرە حەقیقەتەوە دەکات، لێرەدا بە جۆرێك لە جۆرەکان (پچڕان) وەك چەمکێك تەواوی کونتێکستەکانی پێشوو تێکدەشکێنێ و دووبارە لە کونتێکستی نوێ بە ئاماژەیەکی دیکە بەشداری دەکات، بەوەش ئامادەگی (سەرچاوە)

مەحاڵ دەكەوێتەوە، چونكە تەنها لە كونتێكستی خۆیدا توانای بەشدار بوونی هەیە، ئیتر لەوێوە (ئەرگۆن) قسە لە پەرگیربوون دەكات، قسە لەپەرگیربوونێك دەكات كە زیاد لە پێویست كەوتۆتە نێو شەیدایيە یەقینیانە دۆگماییەكانی خۆیەوە و پێیانوایە هەمیشە دەتوانن لەرێگەی كەلەپوری خۆیانەوە تەواوی وەلامەكان بەدەست بهێنن، هەروەك دەیانەوێ لەرێگەی پەرگیر بوون و تەمجیدكردنی و بە پیرۆز راگرتنی كەلەپورەوە واقیعە تایبەتیەكەی خۆیان پەردە پۆش بكەن، نەك هەر هێندە بەڵكو هەرگیز هەوڵ نادەن بە شێوەیەكی زانستی لە پێكهاتەی عەقڵی كلتوری خۆیان تێبگەن، بە شێوەیەكی ئاركیۆلۆژیانە بە دوای پەنهان و قسە لێنەكراوەكانیدا بچن، ئیتر پێیانوایە حەقیقەت تەنها بەلای ئەوانەوەیە.

لەبەرانبەر ئەو فیكرە داخراوەدا دەبێ بڕوامان بە فیكرێك هەبێ كە بەردوام رەخنە و راڤەكاری و لێكدانەوەی نوێ دەخاتەوە، بەردوام لە گۆڕانكاری دایەو وێناكردنی نوێ دێنێتە ناوەوە، لەبەرانبەر فیكرێكی وادا ناشێ قسە لە داخران بكەین، یان بەمانایەكی دیكە هەموو فیكرێكی ئەكتیڤ بەرووی فیكرێكی دیكە دا كراوەیە، لێرەوە لەگەڵ (ئەرگۆن) دەتوانین بڵێین هەرگیز (ئیسلام) لە خۆیدا بەرووی عیلمانییەت داخراو نییە، واتە ئیسلام هەموو دەرگاكانی بە رووی عیلمانیەت دانەخستووە، جا بۆ ئەوەی موسڵمانان بگەنە عیلمانییەت، ئەوە دەبێ خۆیان لە بەزۆر سەپاندن و كۆت و پەیوەندە دەروونی و زمانەوانی و ئایدۆلۆژییەكان رزگار بكەن.□□□

كەواتە دەرگا كردنەوەی ئیسلام بە رووی عەلمانیەتدا جگە لەوەی تەعبیر لە بەردەوامیەتی بیركردنەوە دەكات، بە دیوەكەی دیكە ئەكتیڤ بوونی فیكرو ئیبداع و رابوونەوەو بوژانەوە دەگەیەنێت.

---

□□□ - عەلمانیەت و ئایین. هـ. س. پ.

خۆرئاوا لە دوای شۆڕشی فەرەنسی رۆڵی خەیاڵ و خەیاڵکراوی لە فیکری پۆست مۆدێرنە بەرجەستە کردو لەوێوە فرە حەقیقەت و فرە رەهەندی کرانەوەو رەخنە و بەدوادا چوونی نەگوتراوەکانی هەڵگرتوە، بە دیوەکەی دیکەش بە هەڵوەشانەوەی لۆگۆس و سینترالیەت، ئەرزش و نرخی بۆ رووە جیاوازەکان و پەراویزەکان گەڕاندەوە، کەواتە لە پاش شۆڕشی فەرەنسا گەڕانەوە بۆ خەیاڵ و خەیاڵکراو هەرگیز لە پەنا بردن بۆ (سروش) خۆی نادۆزێتەوە، چونکە ئەگەر گەڕانەوە بۆ خەیاڵ لە پێش شۆڕشی فەرەنسا و لەمیانی رەهەندە ئایینیەکەیەوە، پەنا بردن بێ بۆ سروش تاکو لەرێگەی سروشەوە شوێنێکی بۆ چارەسەر کردنەکان چەنگ کەوێت، یان بە مانایەکی دیکە ئەگەر ئەو کات مرۆڤ لە بەرانبەر دیاردە سروشتیەکان لە هەموو چەکێ داماڵدرابێ، ئەوە ئەمرۆ ئەو گەڕانەوەیە بۆ خەیاڵ بایەخدانێکی مەعریفی نوێیە، ئەو گەڕانەوەیە، گەڕانەوە نییە بۆ رابردوو شێوازەکانی رابردوو، بەڵکو تیشك خستنە سەر ئەو مەسەلەیە لە دووتوێی رەخنەو لێکۆڵینەوە و پشکنین و بە دواداچوونەوە، ئەوەش چەمکی (سروش) لە مانا تەقلیدییەکە رزگار دەکات، ئەو مانا و دەلالەتانە تەجاوز دەکات کەپێشتر باوەڕییان پێ هەبوو، بەم جۆرەش خەیاڵ دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی عەقڵی سەردەم، وەك چۆن بە دیوەکەی دیکەش راستەوخۆ تەعبیر لە گەڕانەوەی ئەرزش دەکات بۆ ئایین و بەرز نرخاندنی پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی فیکری ئایینی دەگەیەنێ، بەلاّم نەك بەو مانایەی کە ئایین تەواوی بەشەکانی دیکەی عەقڵ و بیرکردنەوەو مەعریفە بخاتە ژێر رکێفی خۆی، بەڵکو بەو مانایەی کە ئایین دەشێ وەك بە شێك لە پێکهاتەی عەقڵ و بیرکردنەوەی ئەمرۆ رۆڵی خۆی بگێڕێ، هەر لەوێشەوە ئایین دەتوانێ بەشداری لە عەقڵی سەردەمدا بکات و دەرگا بەرووی فیکرو مەعریفەی سەردەمدا بکاتەوە، وەك چۆن هەر لێرەشەوە دەشێ بەشێك لە گۆڕانکاریەکانی سەردەم لە بەردەوامیەتی فیکرو مەعریفەدا هەڵگرینەوە، کەواتە مێژووی گەشەی فیکری لە مێژووی تەواوی فیکرە جیاوازەکان

پێکهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ فیکر ئەوە نییە کە تەواوی یەکە ئامادەکراوەکان لە خۆ بگرێ، بەڵکو ئەمڕۆی فیکرو مەعریفە شێوازی بەرهەمهێنانی ئەو یەکە فیکرییانە دەگەیەنێ، هەرلێرەشەوە ئارکۆن پێیوایە عەلمانیەت کە بەرهەمی فیکری پۆست مۆدێرنەیە، بەر لە هەرچی یەکێکە لە کۆشش و دەستکەوتەکانی رۆحی بەشەریەت.

## ئیبن عەرەبی
## بەرهەمهێنەری زمانێکی نوێ[□□□]

دووره پەرێزی سروشتی سۆفییانەیە، کۆچکردنێکی ویژدانی تایبەتە لەنێو ناخی تاکایەتی سۆفیدا. ئەو دووره پەرێزییە لای سۆفی شێوەیەکی رەمەکیی هەیە و لە دوو دەرئەنجامدا دەردەکەوێت: یەکەم، کەشفیکردنی سۆفییە کە بۆ ژیان و ئەزموونی تایبەتی خۆی دەگەڕێتەوە، هەر لەوێشەوە کەشفیکردنەکە دەبێتە کەشفیکردنێکی تایبەت بە خۆی. دووەم تاك بوونی سۆفییە لە بەکارهێنانی زمانی تایبەتی کە زمانێکە لە ئەزموونی تایبەتییەوە دێتە بەرهەم، بۆیە زۆر بە کەمی دەبینرێت کە سۆفییەك زمانی یەکێکی دیکەی بۆ بهێنێتەوە، بەڵکو هەر سۆفییەك تەعبیر لە حاڵەتی تایبەتی و ئەزموونی تایبەتی خۆی دەکات. هەر سۆفییەك بەپێی ویژدانی خۆی قسە لە چەمکەکان دەکات، چونکە کوڕی زەمەنی خۆیەتی... تەنها دوو لەوانە نەبێت کە (ئیبن عەرەبی)[□□□] و (غەزالی)ین، یەکەمیان زمانی کەشفیکردنی بۆ جێهێشتووین[****]، دووەمیان زمانی

---

[□□□] الحكيم، سعاد-ابن عربی، مولد لغه جديده، الوسسه الجلمعيه للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت.

[§§§] ناوی مەحمەد کوڕی عەلی کوڕی مەحمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی عەبدوڵڵا حاتەمی تائییە، لە 26ی تەمموزی 1165 لە شاری (مەرسییە) رۆژهەڵاتی ئەندەلوس لەدایکبووە.

[****] ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشوو بە یەك چاو سەیری ئیبن عەرەبی دەکەن و یەك وێنەی پێدەبەخشن ئەوەیە کە ئیبن عەرەبی نایەوێت لە ئاییینزایە تایبەتییەکەی خۆی جیا بێتەوە، بەردەوام دنیابینییەکەی خۆی دەشارێتەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا شەرعییەکان هێرشی بکەنە سەر، تەنها بە رەمز نەبێت، یان بە پێکچوواندن و وێنەگرتن نەبێت کاری نەکردووە، هەروەها پێیانوایە بۆیە لە رێگەی رەمز و ئاماژەوە کاری

مامەڵەکردن، یان کردەی دڵ لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەحبوب، بەجۆرە غەزالی تەواوکەری زانستی مامەڵەکردنە و ئیبن عەرەبی تەواوکەری زمانی کەشفیکردنە.

ئەزموونی سۆفیگەری لە جەوهەردا هەوڵێکە بۆ تەجاوزکردنی سنورە ئاساییەکانی ئایین، ئەو سنورانەی کە بە رواڵەتە ئاسایی و باوەکانی ئیمان رازییە، لە داوا شەرعییەکان و قەدەغەکراوەکانی ئایین کورت دەکرێتەوە، یان ئەوەی کە پێیدەڵێن

---

کردووە تاکو بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ تێڕوانینیی قورئان رێکی بخات، چونکە وا سەیری دەقی قورئانی دەکات کە وشەکانی وەك دیار پێویستی بە وەستانێکی هیرمینۆتیکی هەیە، ئینجا بە پێی تێروانینی خۆی هەموو دەقێك وەك دیار نادیار دادەپۆشێت، ئەو نادیارەش هەر تەنها بە تەئویل دەردەکەوێت، بە گشتی ئەوە لای هەموو لێکۆڵەرەکانی پێشوو بە زمانی ئیبن عەرەبی دادەنرێت، بۆ نموونە: 1-سەعید حسێن نەسیر دەڵێت زمانی ئیبن عەرەبی لە بنەڕەتدا زمانێکی رەمزییەو هەموو شێوەکانی رەمز هەر لە رەمزی شاعیری، ئەندازەیی، بیرکاری، بەکار هێناوە، رەمزییەت بە نیسبەت ئەو گرنگییەکی زیندووی هەیە، چونکە گەردوون بە زمانی رەمز دەماندوێنێت. هەر لەوێشەوە میتۆدی راڤەکردنی رەمزی لەسەر قورئان بە ئاشکرا پراکتیزە دەکات. 2-زەکی نەجیب مەحموود، پێیوایە بەکارهێنانی رەمزی لای ئیبن عەرەبی بۆ ئەوەیە درك بە نادیار بکرێت لە رێگەی دیارەوە، بە مانایەکی دیکە پێیوایە میتۆدی رەمز لای ئەو پشت بە پەیوەندی ئاماژەیی نێوان رەمز و بە رەمزکراو دەبەستێت. 3- ئەبو عەللا عەفیفی دەڵێت: ئیبن عەرەبی زاراوەی فەلسەفی و فیۆلۆژی زۆر بەکار دەهێنێت لە رێگەی هاوواتای یان مەجاز لەگەڵ ئەو بێژەیەی لە قورئاندا هاتووە، هەر وەك چۆن پەنا بۆ شێوازی شیعری دەبات، هەروەها بەکارهێنانی رەمز لای ئەو بۆ ئاڵۆزکردنی شتەکان نییە بەڵکو بۆ بابەت دەگەڕێتەوە بۆ نموونە (موسا) وەك رەمز رۆحی خوا دەگەیەنێت، هەروەها هەندێك لە ئایەتە قورئانییەکان تێکەڵ بە یەکتر دەکات کە هیچ پەیوەندییان لە نێواندا نییە.
4- نەسر حامد ئەبوزێد، پێوایە زمان لای ئیبن عەرەبی پەیوەندی بە وجودەوە هەیە، لەوێوە هاوسەنگییەك لە نێوان پیت و لە نێوان هەبووەکان دروست دەکات، پیت لەگەڵ تەواو بوون دێتەوە، بوون لە بنەڕەتدا لەگەڵ قورئان هاوسەنگە بەجۆرە: بوون...قورئان..زمان...ئەو هاوسەنگییە لەسەر ئەو بنەڕەتە دروست بووە کە بوون بە ئاست و پایە و جیاوازەکانی لە رێگەی زمانەوە لە قورئان دەردەکەوێت. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: الحكيم، سعاد-ابن عربی، مولد لغه جديده، ه.س.پ.

ئەمەكداری بۆ داوا شەرعییەكان و وەستان لە سنوری فەرمانەكاندا، لێرەدا سۆفی ئاواتی تەجاوزكردنی ئەو سنورانەی ئیمانە، تاكو لەو ڕێگەیەوە بە سنوری هەستەكان بگات، بێگومان ئەوەش بۆ خۆی لە هەردوو ئاستی (تێگەیشتن) و (راڤەكردن) دژبوونەوەیەك لەنێوان ئەزموونی ئایینی و ئەزموونی سۆفیگەری درووست دەكات، دەشێ هەردوو چەمكی تێگەیشتن و راڤەكردن بە زاراوەی (ئاماژە)و (دەستەواژە) پەیوەست بكەین، یەكەمیان هەر تەنها ئیحایە، واتە دیاری ناكرێت، هەمیشە مانا بە كراوەیی دەهێلێتەوە، بەلاّم دەستەواژە مانا دیاری دەكات و دواجار هەر لەڕێگەی دیاری كردنەوە دایدەخات، وەك دیارە ئەو جیاكارییەی نێوان زاراوەی ئاماژەو دەستەواژە لەسەر بنەمای ئەو جیاكارییەیە كە سۆفی لەنێوان مانای (دیار)و (نادیار)ی دەقی قورئانی جەختی لێدەكاتەوە.[††††]

هەڵبەتە پەیوەندی نێوان تەسەوف و فەلسەفە، یان عەشق و عەقڵ هەر وەكو پەیوەندی نێوان عەقڵ و سروشت پەیوەندییەكی ئارام نەبووەو ئارامیش نابێت. بە دیوەكەی دیكە ئەگەرچی پەیوەندی نێوان من و بوون، خود و بابەت، پەیوەندییەكی مەعریفییە، بەلاّم بوون لە دیدی سۆفیدا بابەتێكی دەرەكی نییە كە لەڕێگەی عەقڵ یان لۆژیكەوە لێی نزیك بكەوینەوە، هەر چەندە عەقڵ سەرچاوەی مەعریفەیە، بەلاّم خامۆشكەری مەعریفەشە، كەواتە هەرچەندە رووبەری نێوان مرۆڤ و جیهان بەر تەسك بێتەوە رووبەری مەعریفە بەرفرەوانتر دەبێت، بەو مانایە دوا پلەی كەمالی مەعریفە لە یەكبوونی تەواوی نێوان خودی عارف و ئەو شتەی كە پێویستە بناسرێت خۆی هەڵدەگرێتەوە. لە بەر هەندێ سۆفی پێیوایە دنیا روویەكی دیار و روویەكی نادیاری هەیە، دەبێت كەسی عارف

---

[††††] ابوزيد، نصر، اللغة/الوجود/القرآن: دراسة في الفيكر الصوفي، مجلة الكرمل، عدد، 62،

هەوڵی دۆزینەوەی و بەرفرەوانکردنی رووە نادیارەکە بدات، بۆ ئەوەش دەبێت لەخودی خۆی تێپەڕێنێت.

هەموو سەردەمێك گرفتی تایبەت بەخۆی هەیە ، گفتوگۆی نێوان بیریاران لە کـۆی ئـەو گرفتانە درووست دەبێت، بەڵام زەمەنی سۆفی لـە زەمـەنی فەلسـەفی جیایـە ، وەك چـۆن کۆمەڵگەی سۆفی لە گۆمەڵگەی کۆمەڵایەتی جیا دەکەوێتەوە. سۆفی لە بەرانبەر گرفت و زەمـەنێك دەوەسـتێت کـە هـەر لـە ئادەمـەوە تـا رۆژی دوایـی درێـژ دەبێتـەوە ، لـە کۆمەڵگەیەکدا دەژی کە زیندووەکانی تێکەڵ مردووەکانی دەکات، هەر لەوێشـەوە عـارف ئەو کەسەیە کە شتە سەرسوڕهێنەرەکانی نادیاری بۆ رووناك دەبێتەوە.

وەك گوتمان ئیبن عـەرەبی زمـانی کەشـفیکردنی بـۆ بەجێهێشـتووین، بـەڵام وەك هـەر سۆفییەك وای لەو بۆماوەیە کردووە کە هەڵگری تایبەتمەندی خـۆی بێـت، ئـەوەش تـەواو لەگەڵ کۆکەرەوەکان پێچەوانە دەکەوێتەوە چونکە کۆکەرەوەکان راستەوخۆ بە کۆکردنەوەی دەق و راڤەکردن خۆیان خەریك دەکەن، نەك بە کەشفیکردن. بەڵام ئیبن عەرەبی کە دەست بۆ دەستەواژەیەکی کۆن دەبات وەك چۆن هەیە وەرناگرێت، بەڵکو بەدوای بنەچـەو پایـەو جیاوازییەکانیـدا دەگـەڕێت و گفتوگـۆی لـە بـارەوە دادەمـەزرێنێت هـەروەها لەرێگـەی مەعریفەو جیهانبینی سۆفیانەی خۆیەوە دووبارە ناونراوەکان ناو دەنێتەوە، بەجۆرە تـەواوی بۆماوە دەخاتـە ژێـر سـێبەری خـۆی و لەرێگـەی مامەڵـەکردن و هونـەرکاری نوێیـاو و بەرفرەوانکردن و بەرزکردنەوەی ئاستەکانەوە، زمانێکی نوێ بۆ رێبازی سۆفیگەری دێنێتە ئاراوە.

مێژووی فیکری مرۆڤایەتی مێژووی گواستنەوەکانە ، کە بیریـاران بەرهـەمیان هێنـاوە ، هەموو گواستنەوەیەکیش ئاسۆیەکی دیکەی نوێ دەخاتەوە ، هەروەها مێـژووی فەلسـەفەو زانستیش لە مێژووی ئـەو گواسـتنەوانە بـەدەر نییـە ، بـۆ نموونـە (سـوکرات) تـازەترین گواستنەوەیە لە فیکری یۆنانی کە لە گەردوونەوە بەرەو مرۆڤ گواستوویەتەوە. (دیکارت)

و (کانت) نوێترین گواستنەوەن کە بوونەتە لانەی فەلسەفەی نوێ، (نیوتن) لە فیزیا...بەمجۆرە هەر کەسێ بتوانێت فیکر لە پانتاییەکەوە بۆ پانتاییەکی دیکە بگوازێتەوە، ئەو کەسە رێچکەی مێژووی فیکر بەرجەستە دەکات، دیارە ئیبن عەرەبی یەکێك بووە لەو کەسانە کە فیکری سۆفی لە مامەڵەکردنەوە بۆ کەشفیکردن گواستۆتەوە، زمانی سۆفی لە زمانی ناخ و زمانی مامەڵەکردنەوە بەرەو زمانی ئاسۆکان و بینینەکان بردووە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە توێژەران پێیانوابێت ئیبن عەرەبی دابڕانی لە ئەزموونی سۆفیگەری پێشوو درووست کردووەو چونکە ئەزموونێکی تایبەت بەخۆی بە ناوی سۆفیگەری هێناوەتە ئاراوە، هەر لەوێشەوە نەیدەگوت با سەیری ئاسۆ بکەین، یان دەبێت ئەزموونی سۆفی لە رەفتارگەرییەوە بەرەو کەشفیکردن بکەینەوە، ئەوەش لەوێوە دێت کە (دیار) زمان نابەخشێت، بەڵکو ئەوە زەوییە کە زمانی بە هەموو دەستەواژەو زاراوەکانەوە لەسەر شین دەبێت، بەڵام دەشێ بپرسین کە ئەو دیارە بینراوە کامەیە؟ چۆن لەسەر ئەو بینراوە دەستەواژەکان هاتنە کایەوە؟

ئەگەر پرسی یەکەم، ناسنامەی بینراو بخاتە روو، ئەوە پرسی دووەم بە دوای چۆنێتی بوونی دەستەواژەی بینراودا دەگەڕێت.

ئیبن عەرەبی پیاوی بینراوەکانەو بەردەوام شت دەبینێت، بینراوەکان لێی جیا نابنەوە، هەر لەوێشەوە کۆی بیروڕاکانی لە بینین هەڵناوە، چونکە مرۆڤی سۆفی دەبێت خودی خۆی تێپەڕێنێت لە پێناو ناسینی جیهان و ناسینی خودی خۆیشی، ئەوەش لە گەیشتن بە دۆخی فەنا بوون بەرجەستە دەبێت و پێویستی بە سێ قۆناغی سەرەکی هەیە: ئاشکرابوون، دەرکەوتن، بینین. لە دۆخی یەکەمدا بوونی رەها کە بوونێکە بە هۆی جیهانی شتەکانەوە پەردەپۆشکراوە، ئاشکرا دەبێت، مرۆڤ لەو قۆناغەدا جوانی و شکۆی یەزدان کە جوانی و شکۆیەکی رەهایە ئاشکرا دەکات. لە دۆخی دووەمدا نووری یەزدان دەردەکەوێت لەگەڵ تەجەللای ئەو نوورە تاڵە تیشکەکان دەردەکەون کە هەر تاڵێك

دەچێتەوە سەر شتێك و سەر بوونەوەرێك بۆ نموونە نووری ڕۆحەكان دەردەكەون كە بە پەردەی جەستەكان داپۆشراون. لە قۆناغی سێیەمدا تەجەللای نوور دەبینرێت و لە دڵی عارف دەبریسكێتەوە تا ئەو ئەندازەیەی هەست بە بوونی خۆی ناكات و بە تەواوی بووندا پەرش و بڵاو دەبێتەوەو هەموو پەیوەندییەكی هوشیارانە بە جیهانەوە لە دەست دەدات، ئەو دۆخە لای هەندێك عارف كاتییەو لای هەندێكی دیكە هەمیشەییە[□□□□]... بەو مانایەش مەعریفەی سۆفی مەعریفەیەكە لەسەر بنەمای ناسینی ڕاستەوخۆی بوون دامەزراوە، كە پێكهاتەكانی بوون لە یەكەیەكی یەكتەواوكەردا دەبینێت و لە یەكیان جیا ناكاتەوە. هەر بەمجۆرە دنیای ئیبن عەرەبی لە حەقیقەتی تاكەكان پێكدێت، دنیایەكی سیفەتئامێزە، سیفەت تێیدا وازی لە وەسفیكراو هێناوەو بۆتە ئیزافەی وەسفیكراو، بەو مانایەش وەسفیكراو لە سیفەتەكەی ئازاد نییە، چونكە ئەگەر واز لە سیفەتەكەی خۆی بهێنێت لە بەندایەتی خودی خۆی دەردەچێت، بۆ نموونە هەموو سیفەتێكی مرۆڤ حەقیقەتگەلێكی تاكە لەڕێگەی خوازەوە بۆی زیاد كراوە لە بەر هەندێ بە خەڵقكردنی نوێ ناوی دەبردرێت. كەواتە دنیای بوونەوەران دنیایەكی سیفەتگەرایە، بۆ نموونە مرۆڤ هەتا بوونیشی سیفەتێكە بۆ مرۆڤبوونی زیاد دەكرێت، وەك چۆن زەمەن و ژیانەكەی بۆ زیاد دەكرێت، هەر ئەو درووست بووە نوێیەش دەیپارێزێت، بەڵام كاتێك خوا ویستی لەناودەچێت.[§§§§] بەمجۆرە دەگەینە ئەوەی كە ناخود خاوەنی بوونی خودەو دواتر هیچ شتێك لە گەردووندا خودی نییە، كەواتە گەردوون لە تاكە حەقیقەتێك پێكهاتووەو بەردەوام هەیە، ئەو حەقیقەتە تاكانەش هەندێكیان سادەن و هەندێكیان ئاوێتەن بە شێوە پاكەكەی لە دنیای هەستپێكراودا نین، بەڵكو یەك بەسەر ئەویدیكەدا هەیە. بەو مانایە بوونی دیاریكراو لە حەقیقەتە تاكە ئیزافەكراوەكان پێكهاتووە، لە گەردوونی دیاردا

---

[□□□□] – سەعید، شاهۆ، لە چاوی دڵەوە بۆ نائاگایی، گۆڤاری (سەردەم) ژمارە (45).

[§§§§] الحكيم، سعاد-ابن عربي، مولد لغة جديدة، هـ.س.پ.

مرۆڤی پەتی کە تەنها حەقیقەتی مرۆڤایەتی هەبێت بوونی نییە، بەڵکو لەڕێگەی کۆمەڵێك سیفەتەوە وەسف دەکرێت، لێرەدا ئەو سیفەتەی کە بوونی پێ وەسف دەکرێت خودی بوون نییە، لەگەڵ حەقیقەتی مرۆڤایەتیش یەك ناگرێتەوە بەڵکو ئیزافەیەکە و خراوەتە سەر مرۆڤایەتی و هەموو ساتێك قابیلی لەنێوچوونە، بەو مانایەش تاکە وەسفی هەموو حەقیقەتی هەبوون، نەبوونییە، بۆیە کاتێك لە ئیبن عەرەبی دەپرسن تۆ کێی؟ دەڵێت: عەدەمی دیار!!*****

کەواتە هەموو بوونەوەران حەقیقەتیان لە وەسفەکانیانەوە، لە وەسفە ئیزافە بۆکراوەکانیانەوەیە، لە رەچەلەکەکانیانەوە. بە دیوەکەی دیکە وەك چۆن لە بینراوی گشتیدا ئیزافەو رەچەلەك هەیە، بە هەمان شێوە لە زمانی نوێ ئیزافەو رەچەلەك هەیە، وەك گوتمان بینین بەسەرەتای لەدایکبوونی زمانی ئیبن عەرەبی دەژمێردرێت، بەڵام کاتێك دیمەنێك دەگێڕێتەوە پشت بە فۆرمەلەکردنی رستەی ناوی دەبەستێت، هەر لەوێشەوە گێڕانەوەی دیتراوەکانی لەو زاراوانە بەدەر نییە کە بەرهەمیان دێنێت، ئەو هەر تەنها دیتراوەکان ناگێڕێتەوە بەڵکو ناو لە هەموو حاڵەتێك و هەموو سیفەتێك و رێژەیەك دەنێت، ناونان لای ئیبن عەرەبی گرنگترین بەشێکە لە تەعبیرکردنی دیتراوەکاندا، چونکە ناونان خاڵە وەك ختم و چاپ. ناونان وەك ناو لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی دیتراوەکان لەنێو دەچن، ناو وەك نیشانە بۆ ناونراوە دەمێنێتەوە، ئەوەی دەگێڕدرێنەوە نامێنن، بەڵام ناو دەمێنێتەوە.

نووسەری خاوەن دید، بیریاری خاوەن فەلسەفە، دەستەواژەو زاراوەکانی دەمێنێتەوە، جا چ لە مەعریفە وەدەستی هێنابێت، یان لەڕێگەی عەقڵ و بیر و دیتنەوە کەشفی کردبێت. ئیبن عەرەبی بە زاراوە دیتراوەکانی خۆی لە ئەفسانەو خودێتییەوە بۆ گەیشتن بە بابەتگەرایی هەنگاوی ناوە، لە هەموو گەیشتن و گوازتنەوەیەکیش هەر دەبێت ناو

***** هـ.س.پ.

هەبێت، بۆیە دەڵێین زمان ناوە، لەسەرەتاشەوە هەر ناو بووە، سەرەتا ناو پێکهاتەی بوونی زمان بووە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئیبن عەرەبی لەڕێگەی ناونانەوە مۆرکێکی بابەتی بە دەقەکانی خۆی دەبەخشێت، لەویشەوە دەق لە ئاستی نادیاری خەیاڵی بەرەو ئاستی ئامادەگی مەعریفی دەگوازێتەوە، چونکە ناو گەواهی لەسەر بوونی ناونراو دەدا، عەقڵمان درکی دەکات، لەڕێگەی دەست بۆ بردنی مانای ناونراوەوە بە وجودی ناونراو دەگەین. هەڵبەتە ئیبن عەرەبی لەڕێگەی هەڵبژاردنی زاراوەکانەوە دەستەواژەکانی خۆی هەڵنەکۆڵیوە، بەڵکو لەڕێگەی ئیلهامەوە وەدەستی هێناون. سوعاد ئەلحەکیم لەو کتێبەیدا دەڵێت: ئیبن عەرەبی هەر تەنها بابەتی بە ئیلهام بۆ نەهاتۆتە خوارێ، بەڵکو وشەشی لەڕێگەی ئیلهامەوە بۆ هاتووە، وەك چۆن بەردەوام لەگەڵ دیتراو و رووداو و گوتراوەکاندا ژیاوەو هەر لەو دیتراوانەشەوە دەستەواژەو زاراوەی هێناوەتە بەرهەم، بەلاَم چ لەڕێگەی ئیلهامەوە بەرهەمی هێنا بێت و چ لە بەردی زمان هەڵیکۆڵیبێت هەر دەبێت توێژەران لەسەر ئەو بەرهەمهێنانە بوەستن چونکە هەر ئەوە دواتر بۆتە زمانی سۆفیگەرێتی.

زمانی ئیبن عەرەبی دوو رێگەی بۆ نوێکردنەوە بەکار هێناوە: یەکەم، زاراوەی کۆنی وەرگرتووەو مانای نوێی پێبەخشیوون، وشەی گشتی وەرگرتووەو مانای تایبەتی پێداوە. دووەم، بەرهەمێنانی وشەی نوێ لەڕێگەی دەستەواژە زاراوەی داهێنراو، کە پێشتر لە ئارادا نەبووە، واتە ناونانی نوێ و دەستەواژەی نوێ بۆ ناونراوی نوێ.

بەجۆرە زمانی سۆفیگەری لەو زاراوانە بونیادنراوە کە لەسەر یەك بێژە کار دەکەن و گۆڕدراون بۆ زاراوەیەك کە لە شێوەی دەستەواژەدان، ئەو دەستەواژانەش لە سێ شێوەدا خۆیان دەنوێنن:

-هـ.س.پ.

1-خستنه سەر: دەستەواژەیەکە لە دوو بێژە درووست دەبێت یەکێکیان دەخرێتە سەر ئەویدیکەیان، بۆ نموونە ناوێك دەخرێتە سەر ناوێکی دیکە وەك: رووباری قورئان، دەریای رۆحەکان...

2-رێژەگەری:دەستەواژەیەکە لە دوو بێژە پێکهاتووە یەکێکیان دەدرێتە پاڵ ئەویدیکە وەك: دەرکەوتنی خود...

3-وەسف: دەستەواژەیەکە لە دوو بێژە پێکهاتووە، یەکێکیان وەسفی ئەویدکە دەکات، لێرەدا وەسف دەستەواژەیەکی زاراوەییە، ناو لە دەلالەتکردنی ناونراوەوە بۆ دەلالەتکردنی ناونراوێکی دیکە دەگوازێتەوە، بۆ نموونە: دەستەواژەی زەوی بەرفرەوان، لێرە وشەی بەرفرەوان وەسفی زەوی ناکات، بەڵکو کاتێك وەك وەسف دەیخەیتە سەر زەوی لەو حاڵەتە ناوی زەوی لە دەلالەتی زەوی دەکاتەوەو دەیگۆڕێت بۆ زەوییەکی تایبەت...

ئیبن عەرەبی پێیوایە هەموو تاکە بێژەیەك دەلالەت لە خود دەکات و لە بنەڕەتدا ناوی ئەو خودەیە، بەلاّم ئەو دەیگۆڕێت بۆ سیفەتەکەی یان حاڵەتەکەی یان پایەکەی...بۆ نموونە: شەو، دەستەواژەیەکە دەلالەت لە ناوی خودی شەو دەکات، واتە ئەو ماوەیەی کە لە ونبوونی خۆر تا دەرکەوتنی درێژە دەکێشێت، بەلاّم ئیبن عەرەبی ئەو ناوە لە خودی شەو دەکاتەوە، یان بەتاڵیدەکاتەوەو دەیکاتە ناو، بۆ سیفەتی شەو، بەمجۆرە ناوی خود بۆ ناوی سیفەتی تایبەتی ئەو خودە دەگۆڕێت، کەواتە ئەگەرچی شەو دەلالەت لە کاتێکی دیاریکراو دەکات، بەلاّم لە هەمان کاتدا دەبێتە سیفەتێك بۆ نادیاری و نهێنی... ئەو گۆڕانکارییە لە ناو لە دەلالەتی خودەوە بۆ دەلالەتی حەقیقەتگەلێك کە ناونراو پێی هەڵدەسێت ناچێتە نێو دنیای رەمزو ئاماژەوە وەك لای هەندێك لە توێژەران قسەی لێکراوە، چونکە ئیبن عەرەبی دنیای رەمز نابینێت، بەڵکو دنیای وەسف دەبینێت، واتە ناو دەلالەت لە ناونراو ناکات، بەڵکو دەلالەت لەو سیفەتە تایبەتییە دەکات کە ناونراو لەخۆیدا هەڵیگرتووە، ئەو گۆڕانکارییە ئاسۆیەك لە بەرانبەر زمان دەکاتەوە، چونکە لە

بری ئەوەی تاك بە تەنها بمێنێتەوەو دەلالەت لە تاكە خودێك بكات بەپێی ژمارەی حەقیقەتەكانی یان سیفەتەكانی بەرفرەوان و لەنێو كۆمەڵێك خودی جۆراوجۆر راست دەبێتەوە، بەجۆرە لای ئیبن عەرەبی دنیای هەبووەكان دنیایەكی ئاوێتەییەو تاكە دەستەواژە وجودی نییە، هەر لەویشەوە زاراوەو دەستەواژەكان لە دەلالەتكردنی خود وەك خود، بۆ دەلالەتكردن لە خود وەك سیفەت، یان حاڵەت، یان پایەی دیاریكراو دەگۆڕێت، ئەو گۆڕانكارییەش لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان دەكەوێتەوە.

كەواتە ئیبن عەرەبی لەڕێگەی دیتنەوە ئاوێتەكانی سروشتی لێكجیا دەكاتەوەو ئاوێتەكانی بۆ سادەترین دەستەواژە شیدەكاتەوە، وەك چۆن سادەیی پێكهاتەكان دەبینێت و بە زمانی خۆی وێنەی ئەو شیكردنەوەیەو پێكهاتەیە دەكێشێت...لێرەوە دەگەینە ئەوەی كە هەموو مەوجودێك وشەیەو لە پیت پێكهاتووە، پیتەكانیش حەقیقەتگەلی تاكین...مەوجود وجودی نییە، لە هەست درووست دەبێت، بەلاّم تەنها بە تەواوی لە پێكهاتەی حەقیقەتە تاكەكان نەبێت درووست نابێت، وەك چۆن وشە تەنها لە پیت نەبێت درووست نابێت. بەجۆرە لەسەر فۆرمەلەكردنی ئەو ئاوێتەیە بە هۆی خستنەسەر و ڕیژەگەرایی و وەسفەوە زمانێكی نوێ درووست دەكات. بەكورتی دەتوانین لەڕێگەی ئەو كتێبەوە بڵێین ئیبن عەرەبی:

1-ئامادەگی سۆفی لە ئامادەگی ناخەوە بۆ ئامادەگی ئاسۆ گواستۆتەوە.

2-زمانی سۆفی لە زمانی ویژدانەوە بەرەو زمانی وجودی بردووە.

3-گواستنەوەی بیژەی تاك لە دەلالەتی خود بۆ دەلالەتی ئەو مانایەی كە لە خودەوە دێتە بەرهەم، بەو مانایەش توانیوویەتی زمان و ئاسۆی زمان بە شێوەیەكی بەرفرەوان بكاتەوە.

## باشلار

## لەنێوان ئاسۆی خەون و مۆنۆگرافیای[□□□□□] ئاگردا

ئەو مۆمەی کە دەکوژێتەوە هەر ئەو مۆمەیە کە دەمرێت، مۆم زۆر لەسەرەخۆ دەمرێت لەسەرەخۆتر لە هەموو ئەو ئەستێرانەی بە ئاسمانەوەن. ئەو کاتەی کە پڵیتەکەی رەش دادەگەڕێت و ئاگرەکەی بەرە بەرە کز دەبێت، تاریکی هێرشی خۆی دەست پێدەکات، ئەو کاتە گڕی داگیرساو بە چێژەوە سەر دەنێتەوە، وەك چۆن هەندێجار لە پڕێکەوە دەکوژێتەوە.

---

[□□□□□] مۆنۆلۆگرافیا ئەو کتێبەیە کە بە دەوری تاکە بابەتێکدا دەخولێتەوەو لە هەموو لایەنەکانی ورد دەبێتەوە. بڕوانە: باشلار، لهب شمعه، ترجمه: د. می عبدالکریم محمود، عمان، اردن.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

ئەو کەسەی شەو لە بەرانبەر مۆمە داگیرساوەکەی دادەنیشێت، ناخوێنێتەوە، بەڵکو لەگەڵ گڕی چرا بە شێوەیەکی ستوونی بەژیاندا دەڕوا، ناخوێنێتەوە بەڵکو بیر لە شتانێك دەکاتەوە کە زۆر دوورترن لە یەکەی یادەوەرییەکان، دوورتر لە هەموو ئەو شتانەی یادەوەرییە نەگبەتەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، بیر لە مەرگ دەکاتەوە. گڕی ئاگر کاتی و بەسەرچووە، ئەو تیشکە وەك چۆن یەك فوو بۆ کوژانەوەی بەسە، هەر یەك چەخماخەش بۆ داگیرسانی بەسە. ئاگر بە ئاسانی لەدایك دەبێت، بە ئاسانی دەمرێت، بەڵام سێبەری شاعیر قەسیدەکە لە بەر رۆشنایی چاوی پشیلە دەنووسێت، شاعیر ژیانی تایبەتی خۆی کردۆتە رۆشنایی نووسین. سروشی شیعری دێر بە دێر رۆشنایی بڵاو دەکاتەوە، پشیلە چاوی لە خاوەنەکەی بڕیووە، بەڵام دەستی شاعیر بەسەر کاغەزدا دێت و دەچێت.

□□□□□دەشێ کاری (دەکوژێتەوە) توانای بەسەر مەرگی شتە لێکدوورەکانەوە هەبێت، مەرگی ژاوەژاو، مەرگی دڵ و دەروون، مەرگی خۆشەویستان، بەڵام ئەوەی پێویستی بە مانای یەکەمەوەیە با بیر لە گڕی چرا بکاتەوە، گڕی مۆم وا لە زانایان دەکات بیر بکەنەوە، بواری هەزاران خەونی بۆ جێهێشتوون، زانایان لە بەرانبەر مەرگی چرا، بێ ژمار وێنەیان بژاردووە. گڕی چرا تێڕامانی بەردەوام دەخولقێنێت، دەمانخاتە نێو خەیاڵکردن و بەو هەموو سادەو ساکارییەوە فیکرەکان لەگەڵ خۆی دێنێت.******

ئاگر لەنێوان تەواوی بوونەوەرە باڵاکان ئەو سۆزەیە کە مرۆڤ بۆ رابردوو دەگێڕێتەوە، رابردوویەك کە شوێنی مۆم و قەندیل و چرا و شیعری تێدا بەرجەستەیە. گڕی چرا ئەو وێنەیە بوو کە زانست و شیعر، دنیا و مرۆڤی ئاوێتەی یەکتر دەکرد. گڕی مۆم ئەو وێنەیە بوو کە جیاوازی نێوان زانست و شیعری نەدەناسی، لە گڕەوە بەرەو تێڕامان، بەرەو شیعر، لە خەیاڵەوە بەرەو عەقڵ، لە هەستەوە بەرەو نەست... گڕی مۆم ئەو ماددە بنەڕەتییە بوو

---

§§§§§ هـ.س.پ.

****** هـ.س.پ.

کە رۆڵی سەرەکی لە کردەی خەڵقکردنی ئەدەبی وازی دەکرد، وەك چۆن رۆڵی بنەڕەتی لە کەشفکردنی زانستیدا دەبینی، بەو مانایەش لەڕێگەی وێنەی بە خەیاڵکراوەوە بەرەو خەونی بێداری دەبینەوە.[1] کەواتە تێگەیشتن بۆ خەیاڵ دەکەوێتە نێوان درککردن و ئیبداعەوە، هەر لەوێشەوە دنیا لە پەیوەندیگەلێکی گەشەکردووی (کار)و (بابەت) خۆی هەڵدەگرێتەوە.

لە راستیدا (باشلار)[2] بە دوای دیاردەگەرایی خەیاڵدا ناگەڕێت بەڵکو بە دوای دامەزراندنی ئەنتۆلۆژیای خەیاڵەوەیە، دەیەوێت وێنەی خەیاڵ لە کاتی لەدایکبوون و لە ترۆپکی درەوشانەوەو لە ساتەوەختی کاری (خەیاڵ دەکات)، ئەو ساتەوەختەی کە خەیاڵ کارایەو کار لەسەر کراو نییە بە دەست بهێنێت، بەو مانایە خەیاڵ کۆی وەزیفە سایکۆلۆژیەکان پێکدەهێنێت و هەر لەوێشەوە دەبێتە شای کاری درککردن و جیهان، بەمجۆرە لەڕێگەی وێنەی شیعرییەوە خەیاڵێکی رەهاو لەوێشەوە دیاردەی بوون بەرهەم دێنێت. لێرەدا وێنە، نە گوتارێکە بۆ روونکردنەوە، نە چێژێکی پەتی، بەڵکو وێنە بەرهەمی خەیاڵی رەهایە بۆ رابردوو ناگەڕێتەوە، چونکە لێرە چەمکی خەیاڵ ناکەوێتە

---

[1] هـ.س.پ.

[2] غاستون باشلار (1884-1962) یەکێکە لە فەیلەسوفە بە ناوبانگەکانی فەرەنسا لە بواری مەعریفەی زانستی خاوەنی تیۆری دابڕانی مەعریفە، بە گشتی کارەکانی دەکرێتە دوو بەشی جیاواز، بەشێك پەیوەندی بە ئەبستمۆلۆژیاوە هەیە لەو بوارەدا ئەو کتێبانەی بەرهەمهێناوە: العقل العلمی الجدید/1943، تکوین العقل العلمی/1938، العقلانیە الگبیقیە/1948، المادیە العقلانیە/1953، بەشی دووەمی بۆ لێکدانەوەی ئەدەبی تەرخان کردووەو لە رێگەی میتافۆری ئەرستۆیی خەیاڵی مرۆیی بە (ئاگر و ئاو و خاك و هەوا) پەیوەست دەکات و لە رێگەی شیکردنەوەی سایکۆلۆژیای یۆنگ و فینۆمینۆلۆژیاوە کارە ئیبداعییەکان بەرجەستە دەکاتەوە. لەو بوارەدا ئەو کتێبانەی بەرهەمهێناوە: التحلیل النفسی للنار/1937، الماو و الاحلام/1914، الهواء و الرؤى/ 1948، جمالیات المکان/1957، لهب شمعە، او شاعریە أحلام الیقظة/1960.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

نێو شیکردنەوەی فرۆیدییەوە، بەو مانایەش وێنە ئەزموونکردنە بە شێوەیەکی هەستی. وێنەی شیعری لای باشلار دەبێتە سێنتەری کارە ئەدەبی و فەلسەفییەکان چونکە وەك چۆن بە زمان بیر دەکەینەوە، هەر بە زمانیش خەون دەبینین. وێنە وانەیەکی ئەخلاقییە، هەمیشە جەوهەرە، وێنە لەڕێگەی ئابووریکردن بە وشە بەسەر دنیادا دەکرێتەوە هەرگیز وەك شت یان نوێنەر سەیر ناکرێت، بەڵکو کوڕی ساتەوەختی خۆیەتی و هەمیشە لەڕێگەی خوێندنەوەی جۆراوجۆرەوە قابیلی خۆی بەرهەمهێنانەوەی هەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش وێنە مرۆڤ لە بێنرخکردن دەپارێزێت. دەشێ وێنە لەڕێگەی یادەوەرییەوە بەرفرەوانتر خۆی نیشان بدات چونکە لە نەستی کۆ§§§§§§ لەدایك دەبێت.

خەیاڵ جیهانێکە وەك خەون، فیکر تیایدا قسە دەکات. خەیاڵ دنیایەکی ئەنتۆلۆژی تایبەت بەخۆی هەیە، تازەکەرەوەیە و لە ناخی وێنەی شیعریی دایە بەو مانایەش فینۆمینۆلۆژیا و شاعیر تەنها لە پلەی داهێناندا نەبێت هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نییە چونکە بە هەمان کار هەڵدەسن.******* بەو مانایەش خەیاڵ لە دایکبوونێکی

---

§§§§§§ باشلار نەستی کۆ (یۆنگ) زۆر لە فیکرەی نەستی فرۆیدی بە باشتر دەزانێت، فیکرەی نەستی کۆی یۆنگ بە دەوری نموونەی میسالی واتە وێنەی ئەسلیدا خولدەخوات، بەو مانایەش دەلالەت لە کۆی ژیان دەکات. بڕوانە: ه.س.پ.

******* هایدگەر) دەگاتە ئەوەی میتۆدی دیاردەگەریی ((فینۆمینۆلۆژی)) لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات، کە شتەکان فەرامۆش بکرێن، تا خۆیان چۆنن ئاوەها دەرکەونو دیار بن، بێ ئەوەی گوتەکانمان بەسەریاندا بسەپێنین، ئەوە ئێمە نین، ئاماژە بۆ شتەکان دەکەینو دەرکیان پێدەکەین، بەڵکو خودی شتەکانن خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکەن، بنەچەی راستەقینەی تێگەیشتنی دروست ئەوەیە ئێمە تەسلیمی هێزی شتەکان بین، تا خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا بکەن. بڕوانە: نصر حامد ابو زید- شكالية القراءة و التأويل- المركز الثقافي العربي- ط4-1996/ الفصل الاول، ص32،31. هەر لێرەشەوە وێنە لای باشلار خۆی لە شیکردنەوەی دەروونی جیا دەکاتەوە چونکە شیکردنەوەی دەروونی رەهەندێکی دیکە بە وێنە دەبەخشێت.

سروشتیانەی وێنەیە و هەندێجار دەکەوێتە سەر ئامادەگی هەست وەك چۆن دەکەوێتە سەر یادەوەری.

(1)

لە رابردوو، لەو رابردووەی هەتا وێنەکانیشی لەبیر چۆتەوە، گڕی چرا مەعریفەی نێو کتێبەکانی رووناك دەکردەوە، گڕی مۆم ئەگەرچی بەسەرچوو بوو بەڵام پێداویستییەکی خۆشەویستیش بوو. لە گڕی مۆمەوە خەونە بێدارەکان درێژە بە خۆیان دەدەن، لەڕێگەی گڕەوە بە شێوەیەکی ئەخلاقی بە دنیا دەگەینەوەو لەگەڵیدا رێدەکەین. لە رابردووی کۆن، لە شەونخوونیەکی خاکیدا گڕی چرا جگە لە فیکرەیەکی نامۆ شتێکی دیکە نەبوو، جگە لە جارسکردنی بینایی فەیلەسوفی راماو شتێکی دیکە نەبوو، بە درێژایی شەوو بێدەنگی مرۆڤ لە بەرانبەر گڕی مۆم خەونی دەبینی، بیری دەکردەوە، بەو مانایە گڕی چرا پێوانەیەك بوو بۆ هەستی شاعیرانە و هێمنی رۆحە بێدارەکان، پێوانەی بێدەنگی و بیرکردنەوەی قووڵ، بێدەنگییەك کە بە ژیاندا دەڕوا، کەواتە ئەگەر دەتەوێت بێدەنگی بە دەست بهێنیت لە گڕی چرا رابمێنە.

---

******- بونیادگەری زمانەوانی لەلای هەر یەك لە (سوسێر، مارتینیە، هلمسلیف، ترۆبۆسکیە، هاریس، هوکیت، بلۆمفلی..) بونیادگەری سەردی لەگەڵ (رۆلان بارت، کلۆد بریمۆن، ژیرار ژنێت..) بونیادگەری شێوازگەری لەگەڵ هەر یەك لە (ریفاتێر، لیو سبیتزر، ماروز، پییر گیرۆ..) بونیادگەری شیعریی (جان کۆ هین، مۆلینۆ، ژۆلیا کریستیڤا، لۆتمان..) بونیادگەری دراماتۆلۆژی لەگەڵ (هیبلۆ..) بونیادگەری سینەمایی لەگەڵ (کریستیان میتز..) بونیادگەری سیمیۆلۆژی (گریماس، فیلیب هامون، جۆزیف کۆرتیس..) بونیادگەری سایکۆلۆژی (لاکان، شارل مۆرۆن...) بونیادگەری ئەنترۆپۆلۆژی (کلۆد لیڤی ستراوس، فلادیمێر پرۆپ..) بونیادگەری فەلسەفی (جان پیاجێ، فۆکۆ، دریدا لوی ئالتۆسێر..) پەرەیان پێدراوە. بڕوانە: شبکە النباو المعلوماتیە- الاربعاو 28 اڕار،2007، البنویە و النقد البنیوی.

لەنێو مەعریفە کۆنەکاندا توانایەك بۆ خەونی بێداری لە ئارادا بوو، خەونێك کە وەسفی ژیانی دەکرد لەنێو تاریکی کۆندا بە دوای بەڵگەنامەکانیشدا دەگەڕا، بە دوای وێنەکاندا، ئەو وێنانەی خەونەکان پارێزگارییان لێدەکرد.

ئەوەی بە مەعریفە نامۆکانی دەگەیاندین هەر تەنها خەونی بێداری بوو، وێنە غەریبەکان وەك چۆن هەڵگری فەنتازیا بوون، حەقیقەتیشیان پێدەبەخشین، لەو خەونەدا ڕۆحەکانمان بە هەموو سەفایەکەوە واقیعی خەونیان دەگۆڕی بە واقیعی مرۆیی.

بەو مانایە وردبوونەوە لە گڕی چرا خەونێك نەمر دەکات، خەونێك کە خەونی یەکەمە، خەونی یەکەم وەك چۆن لە دنیامان جویٚ دەکاتەوە بە هەمان شێوەش دنیای خەون وەك دنیای واقیع بەرفرەوان نیشان دەدات، لەنێوان خەونی شەو و خەونی بێداری کۆمەڵێك جیاوازی هەیە، دەشیٚ خەونی شەو جۆرێك لە ئەدەب دروست بکات، بەڵام ناکرێت شیعر بێت، خەونی شەو دۆستایەتی لەگەڵ فەنتازیادا هەیە، مرۆڤ لە ڕۆناکیەکی کپدا هەموو شتیٚ بە روونی دەبینێت، ئەدەبی فەنتازی لە خەونی شەودا لەڕێگەی هێلکارییەك دێتە دی کە (ئەنیمۆس)ی نووسەر کاری لەسەر دەکات، لە ئەنیۆسەوە شیکەرەوەی دەروونی دراسەی وێنەی خەون دەکات، وێنە لێرەدا دوانەییە بەردەوام مانای شتێکی دیکە دەگەیەنێت، بەو مانایەش دەکەوێتە نێو سایکۆلۆژیاوە.

بەڵام خەونی بێداری بەشی زۆری لە (ئەنیما) دایە، خەونی بێداری هەڵگری شتە غەریبەکانە، لە ئەزموونی کابووسەوە هەڵدەقوڵێت، لێرە نزیکایەتییەك لەنێوان چراو بێداری و ڕۆحی بیرکەرەوەدا هەیە، زەمەن لە هەر سێکیاندا بە هێمنی هەنگاو دەنێت، زەمەن قووڵ دەبێتەوەو یادەوەرییەکان بە وێنە دەگەیەنێت، بەو مانایە خەونی بێداری بە جیهانی شیعردا دەڕوات، خەونی بێداری خەونی شاعیرانەیە و تێکەڵە لە وێنەو فیکر، گڕی مۆمیش دووانەیە دەکەوێتە نێوان وێنەو فیکر، یەکێکیان بەرز دەبێتەوە، ئەویدیکە بە ماددە سووتاوەکەوە دەلکێت، یەکەمیان هەڵایساوە، شینە، بەرز هەڵدەکشێت،

ئەویدیکە سوورە، بە ژینکردنی سووتاوەوە بەستراوەتەوە، هەر لەو نێوانەشدا دیالێکتیکی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ، سووتاو و سووتێنراو، کار و کارا... دێتە نێوەوە، ئەو ماددەیەی باش دەسووتێت، ئەو ژیانەی باش ئەزموونکراوە هەر ئەویشە باش هەڵدەکشێت، هەڵکشانی ستوونی تەعبیر لە ئاگایی و ئیبداع و ئاگر دەکات، هەر یەکیش لەوانە شوێنی تایبەتیان لە ماڵەوە هەیە، ماڵی ئاگایی مەعریفەیە، ماڵی ئاگر کوانو، زمانیش ماڵی ئیبداعە.

(2)

گڕی مۆم دەماتخاتە نێو خەونەکانی یادەوەرییەوە، یادەوەرییە دوورەکان، دەماتخاتە نێو شەوو بێداری، لێرەدا (لشتنبێرگ) دەڵێت:مرۆڤ بۆ ئەوەی هەست بە تەنیایی نەکات بەردەوام پێویستی بە هاودەم هەیە. خەونبین لە بەرانبەر مۆمی داگیرساودا کەمتر هەست بە تەنیایی دەکات، زەمەنی چرا زەمەنی بە بیر هاتنەوەیە، بیر هێنانەوەی رابردووش زۆربەی کات خەمهێنەرە.

گوێ لە نێڵەی ئاگر بگرن، سەیری ئەو گڕە شینە بکەن کە بەردەوام لە هەڵکشاندایە، نێڵە و هەڵکشان پێماندەڵێن ئەوە ئاگرە بە تەنیا خەون دەبینێت، دەسووتێت بێ ئەوەی لە بەرانبەر  جوانی ئافرەت دەم بکاتەوە، دەسووتێت بێ ئەوەی لە بەرانبەر ئەو پیاوەی کە بە بێ دەنگی دانیشتووە، جگە لە تەنیایی هیچ بڵێت، ئەو کەسەی لەگەڵ کتێب و رۆناکی شەوخوونی دەکات دوورە پەرێزی و تەنیایی دەسەلمێنێت، ئەوە تەنیاییە خەونبین و چرا بە یەکەوە دەلکێنێت، ئەوە چرایە هەستی تەنیایی کەم دەکاتەوە، ئەوە گڕی خامۆشە وا دەکات تەنیایی خەونبین زێتر هەستی پێبکرێت، گڕی چرا خەونبین وەك تەنیایی دەرازێنێتەوە، تەوێلی بیریاریش رۆشن دەکاتەوە، بەجۆرە باشلار پێیوایە گڕی چرا بۆ زۆرێك لە خەونبینان وێنەی تەنیاییە.

(3)

هەموو ئەوانەی خەون بە ئاگرەوە دەبینین دەزانن ئاگر بوونەوەرێکی زیندووە، خەونی ئاگر بە شێوەیەکی ستوونی دادەبەزێت، وێنەی ستوونی پڕشنگی ئاگر تەعبیر لە بالآیی بوون و بالآیی بوون تەعبیر لە ئیبداع دەکات.

ئاگر لە ناوەوە هەڵگری شپرزەیی خۆیەتی، هەڵگری نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە، کۆی ئەو شپرزەیی و دڵەڕاوکێیە لە رووبەرووبوونەوەی تاریکیدا دەردەکەوێت، بەلآم ئەوەی خەون بە ئاگرەوە دەبینێت خەونەکانی بەرەو ترۆپك بالآ دەکات، بەرەو ئەو شوێنە بەرزەی کە ئاگر پڕشنگی خۆی بۆ دەنێرێت.

هێزی ئاگر لە رۆناکیدایە، ژیان ئاگرە، نابێت رۆناکی بە خەوتوویی جێبهێڵین، بەردەوام پێویستە ئاگر هوشیار بکەینەوە.

باشلار لەڕێگەی قسەکردن لە رابردووی مۆمەکان دەیەوێت چرا وەك کتێبی مەعریفە بخاتە روو، نەك مێژووی رۆناکیمان بۆ بگێڕێتەوە، چونکە مێژووی رۆناکی دەشێ بەپێی سەردەمەکان گێڕانەوەی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەجۆرە مێژووی سووتانەکان هەڵگری مێژووی تێڕوانینە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت.

(4)

ئەوانەی لە چاخی پێشوو ژیاون وشەی چرایان زۆر شەفافتر لەمڕۆ بەکار دەهێنا، ئەمڕۆ کارەبا بە هیچ شێوەیەك ناماناخاتە نێو ئەو خەونەی کە دوێنێ چرا دایدەگیرساند، ئەمڕۆ ئێمە هەر تەنها بکەرێکی ئامێریین و پلاکەکان دادەگرین، دوێنێ لە بەرانبەر ناڵەی ئاگر و ویزەی چرا بە خەونآندا دەچووین، چرا زیاد لە پێویست مرۆیانە بوو، چونکە لەگەڵ هەستەکانمان تێکەڵ دەبوو، گڕی مۆم ململانێکانی بەرجەستەتر نیشان دەدا، هێزێك لەگەڵ چرا کێشی دەکردین، هێزێك دژ بە تاریکی وزەی شیعرییەتی تێدا دەچاندین، لێرە وزەی شیعرییەت جگە لە خەون و خەیاڵ دەبێ چی بێت؟ چرا ئەوەندەی بە هێزی شیعرییەوە رۆناکی دەکردینەوە ئەوەندە گڕی نەدەبەخشی، بۆیە بەردەوام لە رابردوو

شاعیری لیزان خەونی بە ئاگرەوە دەبینی، هەموو ئەو خەونانەی لە بەرانبەر ئاگر دەبینرێت خەونی سەرسامکەرن، هەموو خەونێك لە بەرانبەر ئاگر خەونی بیدارییە، بەمجۆرە زەمەنی مۆم زەمەنی لێوردبوونەوەو رامان بوو، زەمەنی بیرکردنەوەو هەڵچوون و داچوون بوو.

کاتێك قسە لە رابردووی چرا دەکەین و وێنەکان بە یاد دەخەینەوە، کاتێك خوێندنەوەو تێرامانەکانی ژێر پرشنگی چرا بە بیر دەهێنینەوە، کاتێك ئارەزووی تابلۆی سەر دیوارێکی شپرزە دەکەین بە خەونی بێدارییەوە پەیوەستی دەکەین، تابلۆیەك کە بە یادەوەری هەڵچووی چرایەك خۆی نیشانمان دەدات، ئیتر لەوێوە سۆزێك لە ناوەوە هەستمان بۆ رابردوو دەجولێنێت، ئەو سۆزە جگە لە شیعر، جگە لە بیرکردنەوە، جگە لە تێرامان، بە تەنیاییمان دەسپێرێت. نووسین پێویستی بەو تەنیاییە هەیە، پێویستی بە جۆرێك لە خەون و خەیاڵ و سەفا، جۆرێك لە بێدەنگی، بێدەنگییەك کە دەکەوێتە ماڵی زمان.

(5)

(باشلار ) لە کۆی نووسینەکانی و بە تایبەتی لەو کتێبەی کە بە ناونیشانی (گڕی چرا)یە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی کراوەو بە عەقڵێکی کراوەو پێشکەوتوو پێناسەی رۆحی شیعری بکات، پێناسەیەك کە دوور بێت لە میکانیزمی فیکری سەرەتایی، وەك چۆن دوور بێت لە عەقلانیەتی (دیکارت)ییەوە، بەو مانایە باشلار وەك فەیلەسوف، فەیلەسووفێکی خەیاڵییەو لە تاقیگەی شیعرەوە کاری فیکری بە ئەنجام دەگەیەنێت، هەر لەوێشەوە میتافۆڕی زانستی و میتافۆڕی ئەدەبی لەنێوان خەیاڵی داهێنەرانەو کردەی فیکری داهێنەرانەدا، لەنێوان خەونی بێداری و دنیای عەقڵیدا کۆ دەکاتەوەو هاوسەنگییەك لەنێوان خەونی بێداری و بەهای فیکری دادەمەزرێنێت، بەو مانایەش باشلار بۆ لێکنزیککردنەوەی خەون و زانست هەوڵدەدات و دەیەوێت لەو نێوانەدا ساتەوەختێك لە تێرامانی پەتی و سەفا بەدەست بهێنێت، وەك چۆن هەوڵدەدا لەرێگەی

خەیاڵی شیعرییەوە بوونمان لە جیهان بدۆزێـتەوە. ئەو دنیابینی شـیعری مەبەسـت نییـە، بەڵکو لە شیعرەوە دنیا دەبینێ، لە شیعرەوە ئەو خاڵەی دەبینی کـە تـەجاوزی ئـەزموونی هەستکراو دەکات، بە مانایەکی دیکە هەوڵێدەدا لەڕێگەی مـاددە جۆراوجۆرەکانـەوە بـە کیمیـای خەونـەکان بگـات، وەك چـۆن لەڕێگـەی دابینکردنـی واقیعـەوە بـە عـەقڵ دەگەیشتەوە.

**ڕەشەبای زستان**

خۆر دەخاتەوە

دەریاوە.

"سۆشکی"

# بەشی دووەم

- بە رەسەنکردنی دەق.
- کردەی نووسین/ئامادەگی ژیاری.
- دەسەڵاتی خوێنەر، ئاستەکانی خوێندنەوە.
- ئامادەی/نائامادە، ئەنتۆلۆژیای تاراوگەو چەمکی نامۆبوون

**بە ڕەسەنکردنی دەق**

**میتۆدی بونیادگەری پێکهاتەیی لۆسیان گۆڵدمان**

(فرۆید) پێیوایە داهێنان کۆمەڵێك ئارەزووی چەپێنراوی نەستە (لەسەر ئاستی تاك) لەمیانەی ململانێی ئیگۆ و ئید هەناسە دەدات،بە مانایەکی دیکە داهێنان تێرکردنی ئارەزووە نەستیەکانە لەڕێگەی خەیاڵەوە پراکتیزە دەبێت و سێکس ڕۆڵی گرینگی تێدا

دەگێڕێت. بەلاّم (یۆنگ) تەئکید لەلایەنە کۆمەلاّیەتیەکان دەکاتەوە، بەو مانایەش داهێنان لای ئەو هەولّدانی منە بۆ گەیشتن و خۆ لکاندنی بە ئێمە، ئەوەش دروستکردنی رستێك پەیوەندییە لەنێوان داهێنەرو ئەو دەستەجەمعەی کە داهێنەر ئینتیمای بۆ هەیە. ئەگەرچی ئەو دوو نموونەیە راستەوخۆ پەیوەندی بە باسەکەوە هەیە، بەلاّم لێرەدا هەرگیز نامەوێت بکەومە بەراوردکرنەوە، بەو مانایەش دەشێ ئەو دوو نموونەیە لە لایەك جیاوازییەکان قولّ بکەنەوە، لە لایەکی دیکە دەشێ خوێنەر بخەنە سەر جۆرێك لە بەدواداچوون و بیرکردنەوە لەو دوو نموونەیەو هەروەها خوێندنەوەی سەرچاوەگەلی دیکەوە.

(1)

بونیادگەری لە رۆشنبیریی خۆرئاوادا سالّی (1916) لەگەلّ دەرکەوتنی کتێبە زمانەوانییەکەی (سوسێر) هاتە ئاراوە، هەلّبەتە (سوسێر) پێیوایە کە زمان سیستمێکە لە کۆمەلّێك رەگەز پێکهاتووە، ئەو رەگەزانە بە شێوەیەکی کارفرمایی و وەسفییەوە کارلێکدەکەن. کەواتە بونیادگەری رێبازێکی وەسفئامێزە لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا پشت بە دوو هەنگاوی بنەڕەتی دەبەستێت،کە هەلّوەشانەوەو پێکەوەنانەو چەندان جۆری هەیە وەك: بونیادگەری زمانەوانی، سەردی، شێوازگەرایی، شیعریی، دراماتۆری، سینەمایی، سیمیۆلۆژی، سایکۆلۆژی، ئەنترۆپۆلۆژی، فەلسەفی [1]، هەروەها

---

[1] بونیادگەری زمانەوانی لەلای هەر یەك لە (سوسێر، مارتینیە، هلمسلیف، ترۆبۆسکیە، هاریس، هوکیت، بلۆمفلی..) بونیادگەری سەردی لەگەلّ (رۆلان بارت، کلۆد بریمۆن، ژیرار ژنێت..) بونیادگەری شێوازگەری لەگەلّ هەر یەك لە (ریفاتێر، لیو سبیتزر، ماروز، پییر گیرۆ..) بونیادگەری شیعریی (جان کۆ هین، مۆلینۆ، ژۆلیا کریستیڤا، لۆتمان..) بونیادگەری دراماتۆلۆژی لەگەلّ (هیبلۆ..) بونیادگەری سینەمایی لەگەلّ (کریستیان میتز..) بونیادگەری سیمیۆلۆژی (گریماس، فیلیب هامون، جۆزیف کۆرتیس..) بونیادگەری سایکۆلۆژی (لاکان، شارل مۆرۆن...) بونیادگەری ئەنترۆپۆلۆژی (کلۆد لیڤی ستراوس، فلادیمێر پرۆپ..) بونیادگەری فەلسەفی (جان پیاجێ، فۆکۆ، دریدا لوی ئالتۆسێر..) پەرەیان پێدراوە. بڕوانە: شبکە النباو المعلوماتیە- الاربعاو 28 اژار،2007، البنویە و النقد البنیوی.

بونیادگەری لەگەڵ هەر یەك لە میتۆدە دەرەكییەكانی وەك میتۆدی سایكۆلۆژی، كۆمەڵایەتی، ئابووری، بونیادگەری پێكهاتەیی، دژ دەكەوێتەوە.

بونیادگەری پێكهاتەیی لای (لۆسیان (گۆڵدمان) وێناكردنێكی زانستییانەی ژیانی مرۆڤایەتییەو دەكەوێتە میانی سۆسیۆلۆژیای كۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە، وەك چۆن چەمكە ئەبستمیەكانی (هیگل) و (ماركس) و (جان بیاجێ) دەكاتە بنەما، بە هەمان شێوەش لەسەر ئاستی سایكۆلۆژییەوە سوود لە وێناكردنەكانی (فرۆید) وەردەگرێت،لە لایەكی دیكەش لەسەر ئاستی مێژوویی ئاوێزانی (گرامشی) و (لۆكاچ) و (ماركسییەتی لۆكاچی) دەبێت. هەڵبەتە لێرەدا ئامانجی كتێبی ((**بەرەسەنكردنی دەق، میتۆدی بونیادگەری پێكهاتەیی**)) قسەكردنە لەسەر ((جیهانبینی كاری ئەدەبی)) داهێنەرانەوە، كۆی ئەو قسەكردنەش لە دوای دیاریكردنی بونیادە دەلالییەكانی دەق، لە دوالیزمییەتی ((تێگەیشتن و راڤەكردنەوە)) هەڵدەگرێتەوە.

لۆسیان (گۆڵدمان) سەر بە قوتابخانەی ماركسییەو یەكێكە لە قوتابی و پەیڕەوانی (جۆرج لۆكاچ) كارەكانی دەكەوێتە نێوان سۆسیۆلۆژیای كۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژیای ئەدەبییەوە، لە ساڵی (1913) لە شاری (بوخارست) هاتۆتە دنیاوەو تەمەنی منداڵی لە شاری (بۆكۆزالن)ی (رۆمانیا) بەسەربردووە، دوای وەدەستهێنانی بڕوانامەی (بكالۆریا) لە (بوخارست) چۆتە (كۆلیژی ماف) هەر لەوێشەوە بۆ یەكەمینجار ئاشنای

---

مەبەستمان لە كتێبی (تاصیل النص-المنهج البنیوی لدی لوسیان غولدمان)ی نووسەر (د. محمد ندیم خشفە) بكات. ئەو كتێبە لە (مركز الانماو الحچاری- حلب) چاپ كراوە، ساڵی (1997) چاپی یەكەمی كەوتۆتە بازارەوە. ئەگەرچی لەو كتێبەدا هەر یەك لە چەمكی (جیهانبینی، تێگەیشتن و راڤەكردن) قسەی لێكراوە، بەڵام هەر یەك لە چەمكەكانی (ئاگایی جێگیر و ئاگایی شیاو، بونیادی دالی مەزن و دالی بچووك، پاڵەوانی ئیشكالی) كە گۆڵدمانی پێ دەناسرێتەوە، قسەی لێ نەكراوە، بۆ ئەو مەبەستەش، بڕوانە كتێبی (البنوية التكوينية و النقد الادبي، مؤسسة الابحاث العربية، ش،م،م. بيروت-لبنان، راجع الترجمة: محمد سبيلا، ط1، 1984.

کارەکانی (مارکس) بووە. لە ساڵی (1933) لە بواری ئابووری سیاسییەوە تێزی دکتۆرای ئامادە کردووە، هەر لە هەمان ساڵیش ئیجازەی لە زمانی (ئەڵمانی) وەرگرتووە. ساڵی (1940) لە ترسی ئەڵمانیای داگیرکەر بەرەو (فەرەنسا) رایکردووە، پاشان بە شێوەیەکی نافەرمی بەرەو (سویسرا) دەچێت و لەوێ لە یەکێك لەسەربازگە پەناهەندەییەکان تا ساڵی (1943) دەمێنێتەوە، ئینجا بە هۆی (جان پیاجێ)وە رێگەی خوێندنی بۆ خۆش دەکرێت لە زانکۆی (زوریخ) رێگەی پێدەدرێ خۆی بۆ تێزی دکتۆرا لە فەلسەفە ئامادە بکات و پاشان تێزی دکتۆرای لەسەر (کانت) پێشکەش دەکات و دواتر لە زانکۆی (جنیڤ) وەك یاریدەدەری (جان بیاجێ) دەست بەکار دەکات.

لە دوای ئازادبوونی فەرەنسا بۆ (پاریس) دەگەڕێتەوەو خۆی بۆ تێزی دکتۆرا لە ئەدەب ئامادە دەکات، ئەو تێزەی لە ژێر ناونیشانی (خواوەندی شاراوە، لێکۆڵینەوە لە مەرگەساتی باسکال و شانۆی راسین) پێشکەش دەکات، لەو تێزەو لەرێگەی بونیادی زەینی کۆمەڵایەتییەوە، قسە لە دنیابینی تراژیدیانە دەکات، جگە لەوەش چەندان پایە لەنێو زانکۆ بەدەست دەهێنێ و دواتر بە تەواوی خۆی بۆ قسەکردن لە بارەی گرفتەکانی کۆمەڵگەی خۆرئاوایی هاوچەرخ تەرخان دەکات، لە ساڵی (1970) کۆتایی بە ژیانی دێت.

(2)

بونیادگەری پێکهاتەیی وەك چۆن زانستێکە لە بارەی مرۆڤایەتییەوە، دەدوێت بە هەمان شێوەش هەوڵدەدات ئەرزش بۆ کاری ئەدەبی و فیکری دابنێت بێ ئەوەی لە مێژووی کۆمەڵگە جیای بکاتەوە، هەروەها ئەو دەمەتەقێیەش ناخاتە دواوە کە بە شێوەیەکی پەنهان دەکەوێتە پشت بەردەوامییەت و نوێکردنەوەوەی کۆمەڵگەوە. هەر لەسەر ئەو وێناکردنەش (گۆڵدمان) جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ هەر یەك لە (فرۆید) و (مارکس) دەخاتە روو. ئەگەر جیاوازی لەگەڵ (فرۆید) پەیوەندی بە نەستی تاك و نەستی

کۆوە هەبێت، ئەوە جیاوازی لەگەڵ (مارکس) دەکەوێتە نێوان بە زانستکردن و بە ئایدیۆلۆژیاکردنەوە، هەڵبەتە (گۆڵدمان) زۆر بەجوانی بەرگری لە یەکەمیان دەکات و پێیوایە ئەو تاکە کەسێکە لەنێو قوتابخانەی (مارکسی) کە بەتەواوی بەرگری لەو تێزە کردبێت.

کەواتە میتۆدی بونیادگەری پێکهاتەیی ئەدەبی هەوڵی بەدواگەڕانی پەیوەندی نێوان کاری ئەدەبی و سیاقە کۆمەلاّیەتی و ئابوورییەکان دەدات، و پێیوایە کۆی ئەو ناوکۆییانە دەکەونە پێش کاری ئەدەبی و هونەرییەوە، بەو مانایەش هەموو کارێکی ئیبداعی حەقیقەتی ژیان و رەفتاری لەخۆ گرتووە. لێرەدا (گۆڵدمان) ئەگەرچی گرنگی نووسەر ناخاتە دواوە، بەلاّم پلەی یەکەمیشی پیّ نابەخشێت، بەڵکو کاریگەری بونیادی زەینی دەستەجەمعی و تاقمی کۆمەلاّیەتی بە هەند هەڵدەگرێت کە نووسەر ئینتیمای بۆیان هەیە.

لە لایەکی دیکە (گۆڵدمان) لەمیانی گوتەزای "بەرهەمی ئەدەبی رەنگدانەوەی ئاگایی کۆمەلاّیەتییە" دێت وشەی "رەنگدانەوە" رەت دەکاتەوەو لە بری ئەو، وشەی "پەیوەستبوون" بەکار دەهێنێت.[□□□□□□□] پێیوایە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە نە هەمیشە پەیوەندییەکی هۆکارئامێزەو نە رەنگدانەوەخواز، بەڵکو بە پێچەوانەوە پەیوەندییەکی ئاڵۆگۆڕخوازانەیە. بە دەستەواژەیەکی دیکە پێیوایە فۆرمە ئەدەبییەکان-نەك ناوەڕۆك- دەبێ بەپێی بونیادی کۆمەلاّیەتی و ئابووری و مێژوویی چاوی لێبکرێت. واتە هەر رەنگدانەوەیەك لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگە وا دەکات ئەدەب بێتە لاسایی کردنەوەو بەرهەمێکی وشکی واقیعییانە ئەوەش بە لای ئەو رۆحی داهێنان و خەیاڵی داهێنەرانەو ئیستێتیکای هونەری لەناو دەبات.

---

[§§§§§§§] تاصيل النص-المنهج البنيوي لدى لوسيان غولدمان. هـ.س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

(گۆڵدمان) لە رەخنەی نوێدا بە دوای دەلالەتی گشتگیری دەقی ئەدەبیدا دەچێت، بەلاَم (بارت) ئەو یەککگرتنە لە بونیادی ناوەوەی دەق و سیستەمی فۆرمئامیزی بابەتە دەلالییەکانی زمانەوە دەدۆزێتەوە، (گۆڵدمان) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کاری ئەدەبی و هونەری کارێکی گشتگیرە، واتە لەڕێگەی دالی گشتگیرو پەیامی گشتگیرەوە دەبێ دراسە بکرێت (بونیادی دەلالی گشتگیر دەستەواژەیەکە راستەوخۆ پەیوەندی نووسەر و دەستەجەمعی دەخاتە روو) بەمجۆرەش تێڕوانی گشتگیر بەرجەستە دەبێت، هەر لەو خالّەشەوە لەگەڵ بونیادی سیمیۆلۆژیانەی بونیادگەری و (بارت) جیاواز دەکەوێتەوە، چونکە یەکەی گشتگیری (گۆڵدمان) لە تێڕوانینی کۆوە هەڵدەقولێت، بەلاَم یەکەی دووەم راستەوخۆ پەیوەندی بە بونیادی زمانی دەقەوە هەیە، هەر لەویشەوە وەك جیهانێکی ئاوەلاَو جیاواز سەیری خوێندنەوەی دەق دەکات. بەلاَم (گۆڵدمان) وەك جیهانی دەستەجەمعی گشتگیرو داخراو دەیخاتە روو، و تەواوی ماناو دەلالەت و دنیابینی جیاوازی.... لە تاکە ماناو دنیابینیەکی گشتگیر و رەسەندا سەر دەبڕێت، هەروەها تەواوی تەئویل و پێشبینییە جیاوازەکانیش بە بنبەستبوون دەگەیەنێت.

ئەگەر (گۆڵدمان) لەسەر بونیادی ناوەوەی دەق لەگەڵ (بارت) هاوڕا بێتەوە، ئەوە لەگەڵ (فرۆید) لەوێوە هاوڕا دێتەوە کە دەروونشیکاری پێمان دەڵێت "تۆ تاکێکم بدەیتێ، من کۆمەڵگەیەکت دەدەمەوە"******** ئەوەش راستەوخۆ توانای راڤەکردنی دەروونشیکاری لەخۆ گرتووە. بەلاَم رەخنەی (گۆڵدمان) لە (فرۆید) ئەوەیە کە (فرۆید) تاك لە ژینگە دادەبڕێت، هەر لەوێشەوە هەموو پەیوەندییە جەدەلییەکانی نێوان خود و بابەت، تاك و دنیا، رەشدەکاتەوەو بەمجۆرەش تاك بە بێ دوارۆژ دەمێنێتەوە.□□□□□□□□

******** هـ. س.پ.

□□□□□□□□ هـ. س.پ.

هەڵبەتە چەمکی دوو لایەنەی (داهێنەر و دەستەجەمعی) لای (گۆڵدمان) لەوێوە دێت کە خۆشەویستی بە دوو لایەنە نەبێت ئەنجام نادرێت، بـە دیوەکـەی دیکـەش ئەگـەر لـە (گۆڵدمـان) بپرسین کێ بیر دەکاتەوە دەڵێـت "فیکـر بۆخـۆی هەیـە" وەك چـۆن پێیوایـە "منی دیکارتی یان کانتی یان فیختەیی..." بـە بـێ بابـەتی کۆمەڵایـەتی کـە ئێمـەین وجودی نییـە. هـەروەها ڕەخنـەی دیکـەی لـە (فرۆیـد) لـەوێوە دێـت کـە بـە شێوەیەکی ڕەها مامەڵە لەگەڵ خود (لەسەر ئاستی تاك) دەکـات، چـونکە (گۆڵـدمان) پێیوایە ڕاستە ئێمە لەڕێگەی هەمـەجۆری تاکـەوە نـەبێت وجودمـان نییـە، بـەڵام ئـەو جۆراوجۆرییەی تاك بە دەستەجەمعی و کۆمەڵەوە بەندە، هیچ تاکێکی سەربەخۆ بەبێ کـۆ وجودی نییە، ئێمە لەڕێگەی هاوژیانییەوە بەرەو وجودی مرۆیی دەبینەوە. هـەر لەوێشـەوە پێیوایە ڕەخنەی ئەدەبی بەشێکە لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفی چونکە سنوری نێوان خـود و بابەت، فیکر و دنیا، دەستە کۆمەڵایەنیەکان دیاری دەکات و بە ناوکۆیی بەرفرەوانتر (کـە چیینە) ئاوێتەیان دەکات. بەو مانایەش بونیادگەری پێکهاتەیی لەو گریمانەوە هاتووە کـە دەڵێت کۆی ڕەفتـاری مـرۆڤ هەوڵدانـە بـۆ وەڵامێکـی دەلالی هەلۆێسـتێکی دیـاریکراو، ئامـانجیش دروسـتکردنی هاوسـەنگییە لـەنێوان خـودی کـارا و بابـەتی کـار، ئـەو هاوسەنگییەش وەك گوتمان بەپێی بارودۆخی ژینگە گۆڕانی بەسەر دادێـت، هـەر لەسـەر ئەو تێڕوانینەش (گۆڵـدمان) دەڵێـت مـۆدیلی (ڕۆمـانی نـوێی فەرەنسـی) دەرئـەنجامی گۆڕانی کۆمەڵگەیـە نـەك گۆڕانکـاری ئـەدەبی. کەواتـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە ئیبـداع هەلۆەشانەوەی بونیادی کۆن و بونیادنانی کۆمەڵێك حەقیقەتی نوێیە کە لەگەڵ ژینگـە و دەستەجەمعی دەگونجێ، یان هاوسەنگ دێتەوە. بەو مانایەش ئەگەرچی ئیبداعی ئـەدەبی

ه.س.پ.

بەشێکی جیاوازە بەلاّم لە هەمان سروشتی پارچەکانی رەفتاری مرۆیی پێکهاتووە هەر لەوێشەوە ملکەچی یاسا خودییەکان دەبێت.□□□□□□□□

( 3)

وەك دیارە (گۆڵدمان) لەسەر دوو میتۆد کار دەکات، میتۆدی شیکردنەوەی دەروونی وەك لای (جان بیاجێ) و لێکۆڵینەوە ئاماژەییەکانی (سوسێر) هاتووە، لەگەڵ میتۆدی (مارکسی) وەك چۆن لای (لۆکاچ) پەرەی پێدراوەو بەرفرەوان بووە. هەڵبەتە یەکێك لەو پێوانانەی کە (گۆڵدمان)ی پێ دەناسرێتەوە چەمکی دنیابینی یان جیهانبینییە، ئەو چەمکە تەعبیر لە کۆی ئەو فیکر و بیروڕاو ئاگایی و هەستانە دەکات، کە هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی دەستە و کۆمەڵ و چین بە یەکەوە دەبەستێتەوەو هەر لەوێشەوە لەگەڵ دەستەو تاقم و کۆمەڵ و چینێکی دیکە ناکۆك دێتەوە، بەو مانایە جیهانبینی: کۆی ئەو خەون و سەرنج و ئاگایی شیاوی ئایندەیی و فیکرە میسالیانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵێك یان دەستەیەك یان چینێکی دیاریکراو خەون بە جێ بە جێکردنییەوە دەبینێت.*********

(گۆڵدمان) لە دراسە ئەدەبییەکەی لەسەر (باسکال و چوار شانۆگەری راسین) پێیوایە بۆچوونە جیاوازەکانی نێوان (باسکال) و (راسین) بە هیچ شێوەیەك نابنە رێگر لە پێش تاك جیهانبینی ئەوانەوە، هەروەها دنیابینی ئەوانیش راستەوخۆ بە بزاڤی ئایینی هاوچەرخەوە بەند دەکات، بەو مانایە دەیەوێت لە گشتەوە دراسە بۆ بەش بە ئەنجام بگەیەنێت، لە کۆمەڵ و دەستەوە تاك بخوێنێتەوە.□□□□□□□□□□ لێرەدا جیهانبینی هەڵگری حەقیقەتێکی میتافیزیکیانە نییە، وەك چۆن تەعبیر لە لێوردبوونەوەیەکی پەتی ناکات،

---

§§§§§§§§ ه. س.پ.

********* ه. س.پ.

□□□□□□□□□□ ه. س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بەڵكو بە پێچەوانەوە خستنە رووی واقیعێكی سەرەكی و دیارە ئەو واقیعەی كە زانایانی كۆمەڵایەتی بە هەستی دەستەجەمعی وەسفی دەكەن، ئەو پیناسەیەش راستەوخۆ بە چەمكی پەیوەستبوونمان گرێ دەداتەوە.

كەواتە هەستی دەستەجەمعی تەنها لەنێو هەستی تاكەوە نەبێت بوونی نییە، بەلآم دەرئەنجامی هەستی تاكەكان نییە، بەڵكو پەیوەندی بەو مەسەلەیەدایە كە دەكەوێتە نێو تاك و كۆ، بۆ نموونە:

هەستی شۆڕش بە نیسبەت هەستی چینایەتی، یان جەنگ بە نیسبەت هەستی نەتەوایەتییەوە,,,

(4)

ئەگەر (تێگەیشتن) لای (گۆڵدمان) جەختكردن بێت لەسەر دەق، بێ ئەوەی بتوانین لە خۆمانەوە شتێكی دیكەی بخەینە سەر، یان دیدو قسەی خۆمانی بخەینە سەر، ئەوە (راڤەكردن-ئەنالیزەكردن) ئەوەیە كە رێگەی تێگەیشتنی بونیادی دەقمان بۆ دەكاتەوە، بە شێوەیەك كە لەگەڵ كۆی دەقە دراسەكراوەكان بگونجێ، هەڵبەتە لە ئەنالیزەكردندا پێویستمان بە هێنانەوەی كۆمەڵێك هۆكاری دەرەوە دەبێ، تاكو لەڕێگەیانەوە بتوانین بونیادی دالی دەق ئاشكرا بكەین (بونیادی دال گوتەزایەكی زەینی یان وێناكردنێكی فەلسەفییە، كۆی كاری ئەەبی لە ژێر دەسەلآتی ئەو دایە و لەڕێگەی گرژبوونی دەلالی و دووبارەكردنەوەی بونیادێكی جوانی شانەكانی دەقی ئیبداعییەوە دەست نیشان دەكرێت) بەو مانایە (تێگەیشتن) لە كۆی چەمكە هاوگونجاوەكانی ناوەوەی دەق دێتە بەرهەم، بەلآم ناشێ هیچ بەرهەمێك لە دەرەوەی ناوكۆییە كۆمەلآیەتیەكانە تێبگەین. كەواتە بۆ ئەوەی لە دەق بگەین دەبێ بە دوای هۆكارەكانی دەرەوەدا بچین و كاریگەری ئەو هۆكارانە لەسەر پێكهاتەی دەق شیبكەینەوە، بەوەش بە تێگەیشتنێكی گشتگیر و تەواو و راست دەگەین،

---

هـ.س.پ.

هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانین هەنگاوە سەرەکییەکانی ڕاڤەکردنی دەق لە کاریگەرییە مێژوویی و سیاسی و دەروونییەکاندا هەڵگرینەوە.

(5)

دواجار (شیکردنەوەی فسیۆلۆژی مێشك) لەنێوان ئەو دوو نموونەی دەسپێکەوە بە شێوەیەکی زانستی جەخت لەوە دەکات کە بۆخۆی بێ ئەوەی بە هۆی کۆمەڵێك چالاکی و قوتابخانە بەش بەش بکرێ، وەك یەکەیەکی تەواو بە کارەکانی خۆی هەڵدەسێت، و لە دەرئەنجامی چالاکییەکانی خۆیەوە بەرەو: پرۆسەی درککردن و خوازتن و کۆپی کردن و هێزی خەیاڵکردن و لایەنە بیرکاری و یادەوەریەکان دەبێتەوە. هەر بەهۆی ئەو چالاکیانەشەوە یادەوەری فریای زیرەکی تاك دەکەوێت، وەك چۆن لایەنە دەروونیەکانیش کاریگەری تایبەتی خۆیان بەسەر فاکتەری نابراودا هەیە کە لە هەندێ کەسدا بۆ ئاستی داهێنان گەشە دەکات.

## کردەی نووسین/ئامادەگی ژیاری

خوێندنەوەو نووسین دوو رووی یەك کردەن، چونکە خوێندنەوە هەڵناوەشێتەوەو بە دەوری نووسیندا دەخولێتەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو خودی نووسینە بەڵام بە رێگەیەکی دیکە. هەروەك نووسین هەڵناوەشێتەوە بەدەوری خوێندنەوەدا دەخولێتەوەو بۆ خۆی خوێندنەوەیە بەڵام بە رێگەیەکی دیکە.

لە بە یەکەوە لکاندنی ئەو دوو کردەیە چێژ لەدایك دەبێت، بەو مانایە دووانەی (خوێندنەوە/نووسین)و (نووسین/خوێندنەوە) لە یەکتر جیا نابنەوە. هیچ شتێك لە نووسیندا نییە خوێندنەوە نەبێت، وەك چۆن هیچ شتێك لە خوێندنەوەدا نییە نووسین نەبێت. واتە هەموو نووسراوێك بە هۆی پێشبینیکردن لە خوێندنەوەدا دەبێتە نووسینی دووەم، هەر وەك هەموو خوێندنەوەیەکیش بە هۆی پێشبینیکردنی کردەی نوووسین خوێندنەوەی دووەم دەگەیەنێت.

لێرەدا دووالیزمییەتی (نووسەر/خوێنەر) لەگەڵ دوالیزمییەتی (سوسێر)ی یەك ناگرێتەوە، چونکە سەر بە دوو فەلسەفەی جیاوازن. سوسێر روانینێکی لاهووتیانەی لە بارەی قسەکەرەوە هەیەو پێیوایە قسەکەر بوونەوەرێکی باڵایە، تاکێکە لەگەڵ خودی خۆی

و سیستەم یەکی گرتووە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ خودی ئامرازەکان، واتە دال دروست دەکات و مەدلول پڕ دەکاتەوە، بەجۆرەش ئامادەگی خۆی لە گوتن تەواو دەکات. بەڵام دووالیزمییەتی (خوێندنەوە/نووسین)(نووسین/خوێندنەوە) ڕووانینێکی دیکەی لە پشتە کە بە فیکری پۆست مۆدێرنەوە دەلکێ، چونکە وەك بوونەوەرەکەی (سوسێر) پرۆسیسەی گوتن ناکات، یان کردەی یەکەم، ئەسڵی یەکەم بە ئەنجام ناگەیەنێت، بەڵکو خوێندنەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت، خوێندنەوەش کۆپی، یان پرۆسیسەی کردەی دووەم دەکات، کە خودی نووسینە.

هەر لە ئەفلاتوونەوە گوتن (دەنگ) وەك وێنەیەکی بنەڕەتی و بەرایی تەماشا دەکرێ، چونکە ڕاستەوخۆ مەبەست و بیرکردنەوەی قسەکەر بە شێوەیەکی ئامادە لە کاتی قسەکردندا دەگەیەنێت، کەواتە ئەو وێنەیە ڕاستەوخۆ تەعبیر لە عەقڵی قسەکەر دەکات، بەڵام خودی ئەو وێنەیە لە نووسین دوورە، یان بە مانایەکی دیکە لە نووسیندا قابیلی بەدحاڵی بوونەو لە دانەر، یان قسەکەر ونە.

لای (دریدا) نووسین بە هیچ شێوەیەك ملکەچی گوتن نییە، یان پاشەبەندی گوتن نییە، (وەك ڕۆسۆ بۆی دەچێت) بە هیچ شێوەیەك دووالیزم و بەدوایەکداهاتووی گوتن نییە، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە پێچەوانەکردنەوەی بۆچوونەکانی (سوسێر) نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ کار کردنە لەو دووالیزمانەی کە (سوسێر) دەیخاتەوە، بەڵام ئەوەی کە هەر دوو بۆچوون لەیەك نزیك دەکاتەوە ئەوەیە کە (سوسێر) لە بنەڕەتدا زمان وەکو سیستەمی جیاوازییەکان دەبینێت و پێیوایە تەواوی زمان لەسەر هاوپەیوەندی وەستاوە، بە دیویێکی دیکەش زمان لە هەردوو ئاستی دال و مەدلولدا لە تۆڕێکی پڕ جیاوازی پێکهاتووە، بەڵام خودی ئەو جیاوازییە لە ئاستی ڕێزمان و گرایمەریش ڕۆڵی هەیە، (سوسێر) ئەوە بە (تەزامنی) (تەعاقبی) وەسف دەکات، ئەو دوو تەوەرە جیاوازی لە بەرهەمهێنانی مانادا دەسازێنن، ڕاستە (دریدا) کاری لەسەر ئەو زاراوەیە کردووە، بەڵام ئەو پێیوایە نەك هەر

لە زمان بەڵکو لە ناخی هەموو شتێکی بەروالەت سەربەخۆو ئامادە ئەو جیاوازییە وجودی هەیە.

(دریدا) نووسین بە کردارێك دادەنی کە دژی دەربڕن دەکەوێتەوە، نائامادەیی دەنگ دەنوێنێت، ئەو جیاوازییەی کە دریدا تەئکیدی لێدەکاتەوە بریتییە لە جیاوازی نێوان (ئامادە)و (ونبوو) هەروەها جیاوازییەکی دیکەی نێوان (سوسێر)و (دریدا) ئەوەیە کە سوسێر تەنها پرۆسەی جیاوازیبوون بەرجەستە دەکات، بەلام لای دریدا دوو پرۆسەی (جیاوازی) و (دواخستن) لە ئارادایە، دەشێ بۆ چەمکی (دواخستن) (رۆلان بارت) بە بیر خۆمان بهێنینەوە، بەو مانایەش هیچ دەقێك هەڵگری یەك مانای نەگۆڕ نییە، بەڵکو هەڵگری مانای گۆڕاوە ئەوەش راستەوخۆ بە خوێنەرو ساتی خوێندنەوەو ئاستی خوێندنەوەو خوێنەر دەلکێت، کەواتە دەق لە کاتی خوێندنەوە کۆمەڵێك مانا بەرجەستە دەکات و کۆمەڵێکیش بەدوا دەخات.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە لە پشت کردەی خوێندنەوە بیری پۆست مۆدێرنە ئامادەیی دەنوێنێت، بەو مانایە کردەی خوێندنەوە هەڵگری پرۆسەیەکی ژیارییە، واتە ئەگەر پێکهاتە ژیارییەکان نەبنە هۆی دروستبوونی پێکهاتە هونەرییە بەکار هاتووەکان، ئەوە ئەو پرۆژەی خوێندنەوە هەرگیز تەواو نابێت. کەواتە کردەی خوێندنەوە ئەو پەیوەندییەیە کە کۆمەڵگەو فیکرەکان و وێناکردنەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر لە نووسینەوە سەیری کۆمەڵگەکان بکەین، درك بەو بەهایە دەکەین کە لە خۆیدا هەڵیگرتووە، وەك چۆن ئەگەر سەیری بەهای کۆمەڵگە بکەین، دەتوانین شوناسی ئەو کۆمەڵگەیە بناسین کە ئەو بەهایانە نوێنەراتییان دەکات.

کەواتە ژیاری بوونێکە بەردەوام ئامادەگی دەنوێنێ و تەواوی پێشکەوتنە کۆمەلایەتییەکانیش لەمیانی پێکهاتەکانی ژیارییدا گەشە دەکەن، جا لە بەر ئەوەی ئەدەب پرۆژەیەکی ژیارییە، بۆیە شان بە شانی بزاڤەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەرێوە دەچێت، هەندێجار دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکان و هەندێجار کاریگەری بەسەریانەوە

دەبێت. بەو مانایەش ئەگەر خوێندنەوە ناوەند بێت بۆ داهێنان تا بە مرۆڤ بگات، ئەوە ناوەندیشە بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی بە داهێنان بگات. هەر لێرەشەوە کردەی خوێندنەوە سێ فەرمان دەبینێ کە لە پێشبینیکردن و زەمان و مەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

هەڵبەتە پێشبینیکردن کردەیەکی ناسروشتییەو لەسەر دەق وەستاوەو داهێنەر بەرجەستەی دەکات. بەڵام ئەگەر خوێندنەوە پێشبینیکردن بێت ئەوە دەبێت پەیوەندی بە زەمانەوە هەبێت، نەك بە هاوکاتبوون، نەك هەر هێندە بەڵکو دەبێ پەیوەندی بە زەمانێکەوە هەبێت کە کۆتایی نییە، بەو مانایە لەگەڵ زەمەنی فیزیایی نێودژ دەکەوێتەوە، وەك چۆن لەگەڵ زەمەنی بەیەککگەیاندنیش جیاوازە، ئەوەش لەوێوە دێت کە هاوکاتبوون ئەو دوو زەمەنە دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە، بەڵام خوێندنەوە لەگەڵ زەمەنێکی باڵاتر دەڕوا، کە زەمەنی هەموو زەمەنەکانە. ئەگەر خوێندنەوە پێشبینیکردن بێت و لە زەمان خۆی تەواو بکات،ئەوە دەبێت بزانین کە زەمانیش لە مەکان تەواو دەبێت. مەکان دەقێکی کۆچەرە، ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی پێدا گوزەر دەکات، مەکان تەواو نابێت، مەکانی خوێندنەوەش مەکانی گشت مەکانەکان لەخۆ دەگرێت.

خوێندنەوە پێشبینیکردنێکە هەڵناوەشێتەوەو بەردەوام بە دەوری خۆیدا خولدەخوات، بە دیوەکەی دیکەش بە گوێرەی مێژووی ڕۆژانە بەڕێوە ناچێت، بەڵکو بەردەوام ڕەشیاندەکاتەوە، هەر لەوێشەوە دەشێ بڵێین بانگهێشتنی ڕابردووە تا لە ئێستای یادەوەریدا بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەو مانایەش دەق بکەرە، زیندووەو ناتوانرێت بە تەواوی دیاری بکرێت، بە دیوەکەی دیکە **خوێنەر چالاکییەکی نێرانە ئەنجام دەدا، دەست بەسەر نووسراودا دەگرێت و پەردەکانی شەرمی هەڵدەداتەوە.**

لای (بارت) خوێندنەوە کردەیەکی زمانەوانییە، دیتنی مانایە، دیتنی مانا ناوەکەیەتی و لەو ناونانەوە بەرەو ناونانی دیکە دەبێتەوە، هەر لەوێشەوە دەق ون دەبێت و دەبێتە ناونانێکی بەردەوام. کەواتە کاتێك دەق دەبێتە کردەیەکی گفتیاری و کردەیەکی

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

زمانەوانی، ئیتر لەوێوە دەکەوێتە نێو کێشەی بەردەوامی مەدلولەکانەوەو بە هۆی بوونی بە مەدلول بە ویستەوە بەند دەبێت، لە دەرەوەی زمان و لە دەرەوەی ویستی خودی، بەردەوام تێکدەشکێت. لە یەکەمیاندا لەگەڵ سروشتی گوتاری سوودگەرا دێتەوە، کە زمان تێیدا ئامرازێکە بۆ گەیاندن، بەڵام لە دووەمیان لەگەڵ زمانی گوتاری ئەدەبی یەکدەگرێتەوە کە زمان تێیدا بەرهەمهێنی کارەکانە.

## نووسین لەنێوان ئامادەگی و بەخشش

لە بەر ئەوەی نووسین گوتارێکی ئامادەیە، دەقێکی بەرجەستەیە، کەواتە بەسەر بووندا دەکرێتەوە، بەمجۆرە نووسین دەبێتە ئامادەگی هوشیاری نەك غیابی هوشیاری، دەرکەوتنی خود نەك ئامراز، دەرکەوتنی زمانەکان، نەك زمان. بە مانایەکی دیکە نووسین لەڕێگەی ئامادەگی گوتارەکەیەوە بەرجەستە دەبێت، وەك خودێکی کارا ئامادەگییەکی هەنووکەیی زمانی جۆراو جۆر دەنوێنێت، هەر لەوێشەوە بەسەر دانەرەکەی یاخی دەبێت و کێشە لەگەڵ دەسەڵاتەکان دەنێتەوە. بەمجۆرە مەرجی بوونی خۆی دەسەپێنێت و دەبێتە بەرهەمێکی بێ کۆتایی، هەر لەوێوە نووسین دەبێتە بوونەوەرێك کە بە شتبوون تێیدا بە هەموو شێوەکان نادروست دەکەوێتەوە، چونکە لە لەدایکبوونی بەردەوامدایە، نابێتە بت، چونکە لە ساتەوەختێکی دیاریکراو گیر ناخوات، بەڵکو هەموو ساتێك ساتی ئەوە، بەسەرچوو و رابردوو نییە چونکە خەڵقکردنێکی هەمیشەییە، تاکایەتی حوکمی بەسەردا ناکات، بەڵکو تاکەکان تاکی جۆراوجۆرن و قابیلی تەواوی وێناکردنەکانیان لەخۆدا هەڵگرتووە.

کەواتە نووسین شتێك نییە جگە لە خودی خۆی نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خودی خۆیشی لەڕێگەی داهێنانی بەردەوامەوە تەجاوز دەکات، بەمجۆرە دەبێتە نووسینێکی بێ سەرەتا، سەرەتایەکی بێ کۆتایی. نووسین ئەو دالەیە کە توانای گوتراوو ئامرازی گوتن کۆ دەکاتەوەو زەمەنی خۆی دەدوێنێت و تێیدا دێتە گۆ.

لێرەوە دەبینین زەمەنی نووسین مێژوو کەشفی ناکات، بەڵکو زەمەنی نووسین ئەو زەمەنەیە کە نووسین دەیکاتە نوێنەری خۆی بۆ ئەوەی لەوێوە بێتە نووسینی دووەم. بەو مانایەش زەمەنی نووسین، زەمەنی دووەمە، ئەو زەمەنەیە کە دژەکانی خۆی خەڵق دەکات. هەروەها ئەو مێژووەی کە نووسین دایدەهێنێ مێژوویەکی جیاوازە، لێرەوە قسەکردن لەسەر مێژووی نووسین قسەکردنە لەسەر دیتراوەکان، نەك قسەکردن لەسەر دروستکەر، بەڵام دیتراو تاك نییە، بەڵکو جۆراوجۆرەو لە هاوڕەنگیدا خۆی هەڵدەگرێتەوە.

نووسین مێژوویەك دروست دەکات، مێژوویەك کە بێ کۆتاییە، ئێستای نووسین رابردوو هاوەڵی دەکات، بەجۆرە تۆماری رابردووی ئێستا دەکات و لە ئێستاشدا داهاتوو هاوەڵی دەکات، وەك چۆن لە ساتەوەختی پڕکردنەوەدا هاوەڵیکردنی ئایندەی ئێستاش تۆمار دەکات. ئەوەش تەعبیر لەوە دەکات کە کۆی نووسین بەسەر خۆیدا کۆ دەبێتەوە بۆ ئەوەی وەك سەرەتایەکەی بەردەوام سەرەتا بنوێنێ، کەواتە نووسین وەك ئاماژەمان بۆ کرد کۆی زەمەنەکان دەنوێنێت.

بەڵام کاتێك دەڵێین نووسین ژیارییە مەبەست ئەوەیە کە بەدوو رێڕەودا دەڕوات، رێڕەوەی یەکەم ئاسۆییە، ئاراستەکردنی دیدو روانین تێیدا بەرەو بەرهەمهێنانی گوتار دەچێت. دووەم ستوونییە دیدو روانین تێیدا بەرەو بالآیی مەعریفی دەبێتەوە لەوێشەوە چارەسەری پەرچووی مەتەڵی گوتار دەکات. یەکەمیان وانەیەکی بێ کۆتایی گوتار لەرێگەی کۆتایی هێنانی رێسا، بونیاد، ناوکۆیی و ئەو ناوکۆییانەی کە دێنە بەرهەم، رادەگەیەنێت و هەر لەوێوە گوتار لەسەر گوتار دروست دەبێت. دووەمیان پاشکۆی ساتەوەختی دابەزینە، زەمەن لەگەڵیدایە، زەمەنیش زەمەنی گوتارە نەك زەمەنی واقیعی، هەر لێرەشەوە دەبینین زەمەنی گوتار لەگەڵ زەمەنی واقیعی لێکدادەبڕێن. واتە لە بری ئەوەی بکەوێتە نێوییەوە، دەکەوێتە تەجاوزکردن و هەوڵدەدات کاریگەری بەسەر روودانیدا هەبێت، هەر لەوێشەوە دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت و کۆتایی ناناسێت.

## وشەو شتەکان

نووسین تەعبیرکردنە لەڕێگەی پەیوەندییەوە نەك لەڕێگەی وشەو شتەکانەوە، بەمجۆرە ئەگەر نووسین نەکەوێتە سەر وشەکان، ئەوە ناشکەوێتە سەر گەیاندنی هەواڵی شتەکانەوە، هەروەها نووسین دروستکەری یاساکانی خۆیەتی، داهێنەری ڕێساکانی خۆیەتی و دەکەوێتە سەرووی ناوکۆییەکانەوە چۆنی بوێت وا دەسکاری وشەکان دەکات.

مێژوو بە پێچەوانەوە لەنێو وشەکان ڕۆدەچێت و تەنها لە شتەکاندا دەردەکەوێت، بەمجۆرە مێژوو دەبێتە دەنگی مردووەکان، لە مێژوودا مردووەکان دەسەڵات بەسەر زیندووەکاندا دەگرن و لەوێشەوە پرۆسیسەی هەژموونی خۆیان دەکەن. بەڵام نووسین تەواوی یاساو ڕێساکان دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوەو بەردەوام وشەکان داگیر دەکات و پەرەیان پێدەدات و دەیانگۆڕێت و کۆمەڵێك مانایان پێ دەبەخشێت کە ئەسڵەن لەفەرهەنگدا وجودییان نییە، هەر لەڕێگەی ئەو داهێنانەشەوە بەردەوام تەجاوزی شتە باوەکان دەکات، واتە وشەکان لە نووسیندا هەرگیز نابنە بتی فەرهەنگەکان. کەواتە ئەوە مێژووە بەردەوام پێویستی بە نووسینە، بۆ ئەوەی یادەوەری خۆی پێ بونیاد بنێت و جێگیری بکات، هەر لێرەشەوە نووسین دەبێتە ئامادەگی لەبیرکردن.

زمان لە نووسیندا شتەکان ناڵێت، بەڵکو بۆچوونی شتەکان دەڵێت. بەو مانایە نووسین ڕەنگدانەوەی زمان نییە، وەك چۆن زمان ئاوێنەی نووسین نییە. زمان لەگەڵ واقیعدا لە دەمەتەقێدا دەژی یەکتر بەرەو خۆیان کێش دەکەن، زمان تێگەیشتنی واقیعەو تەعبیر لە واقیع دەکات، یان بە ساختەکردنی واقیع و وەرگێڕانی واقیع هەڵدەسێت، وەك چۆن دەچێتە نێویەوەو دەستی بەسەردا دەگرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دیکە فۆرمەلەی بکاتەوە. لێرە واقیع بوونەوەرێکە لە بوونەوەرەکانی زمان، یان وشەی هەتا هەتایەی ئەوە،نە لە داهێنانی ماناکانی کورتی دێنێت، نە لە بونیادنانی دەلالەتەکانی زماندا.

زمان کەشفیکردنی دنیایە، هەروەها زانیارییەکانمان لە بارەی دنیـا لەڕێگـەی زمانـەوە فۆرمەلە دەکەینەوە، وەك چۆن گواستنەوەی کردەو پەرچەکرداری مرۆڤ لەڕێگـەی زمانـەوە ئەو کردەو پەرچە کردەیە خۆی نمایش دەکات، هەر لەوێشەوە بۆ پێکهاتەیـەکی مـەعریفی دەگوازرێتەوە. کەواتە زمان هێزێکی خەڵقندەیە، کە قسـە لـە بـارەی شـتەکانەوە دەکـات وایان لێدەکات لە سیستەمی خۆیان بەرەو سیستەمێکی دیکە بچن و دەیانکات بە گـوتن و خـۆی بەسـەر شـتەکاندا دەسـەپێنێت، وجـودێکی دیکـەو هـەبونێکی دیکـەیان پـێ دەبەخشێت.

زمان وەك (بنڤینست) دەڵێت هەر تەنها ئامرازی تەعبیرکردنی مرۆڤ نییە، بەڵکو تێڕوانینی مرۆڤە بۆ شتەکان و گەردوون و دەوروبەر، واتە لە یەك کاتدا مەعریفەیە بە دنیاو وەك چۆن ئامرازی گوتنی مەعریفەشە. هەر لەو ڕێگەیەشەوە ناو لە شتەکان دەنێت و بەو ناوە بانگیان دەکات، وەك چۆن لەوێوە لێیان نزیك دەبێـتەوە. وەك (هایدگەر) دەڵێت شتەکان لەخۆ دەگرێت، پاشان وەسفییان دەکات و مانایان لێ وەبەر دینێت. کەواتە زمان لەڕێگەی ناونانەوە دەست بەسەر واقیعدا دەگرێت و بۆ مانا دەیگۆڕێت، هەر لێرەشەوە زمان بۆ بوونی واقیع هەم بارمتەیە، هەم تەجاوزیشی دەکات. دواجار ئەوەی بە درككردنی شتەکان وەسفی دەکەین وەك چۆن لە واقیعدا درككردنی مانای شتەکانە، بە هەمان شێوەش لە زماندایە، هەر لێرەشەوە دەستەواژەی (زمان ئاگاییە بە دنیا) جوانتر خۆی دەخاتە ڕوو.

**دەسەڵاتی خوێنەر**

**ئاستەکانی خوێندنەوە**

**(بۆ ئەوەی لە چۆلەکە بگەین... دەبێ بەرد بخوێنینەوە)**

**"ئەدۆنیس"**

دەسەڵاتی خوێنەر لەگەڵ میتۆدی دوای بونیادگەری و رەخنەگرانی ئەڵمانی و تیۆری (وەرگرتن) و (رەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر)ی ئەمریکی بووە جێگەی قسەلێکردنی

جیدی□□□□□□□□□□ ... لەوبارەوە "ڕۆلان بارت" لەدایکبوونی خوێنەر لەسەر حیسابی مەرگی نووسەر بەرز دەکاتەوە. دەتوانین بڵێین کۆی ئەو قسەلێکردنانە لەوێوە بوو کە داهێنانی ئەدەبی ڕزگار بکرێت لەو زیندانەی بونیادگەراکان ئاماژەیان پێدەدا. ڕەخنەگرانی بونیادگەری جەخت لەوە دەکەنەوە، کە داهێنان (زیندانیی زمانە) لەبەر ئەوەی داهێنان دەکەوێــتە نێو زمان و زمانیش بۆخۆی کۆمەڵێك یاسایی ناوەکی بەڕێوەی دەبات، ئەو یاسا و ڕێسایانەش دەکەونە دەرەوەی ویستی داهێنەرەوە، بۆیە داهێنان لەنێو زیندانی ناوبراو دیل دەبێت.

"فۆکۆ" پێیوایە دەق نادیارەو دەبێ کەشف بکرێت، بەڵام لای "ئیدوار سەعید" دەق هەمیشە شتێك کە تایبەتە بەخۆی یان تایبەت نییە،هەر چۆنێ بێ دەشێ بڵێین دەق لە سنوری خۆی نیشتەجێیە. وەك دەزانین سنوری دەق زمانە. بەو مانایەش دەق لەنێو زماندا نیشتەجێیە. لەبەر ئەوەی زمان یادەوەری و خەیاڵە، بۆیە دەشێ بڵێین دەق یان بە مانایەکی دیکە دانەر هەڵگری دوو ئاگاییە: ئاگایی ڕابردوو لەڕێگەی یادەوەری و زمانی هاوبەش و بۆماوەو کۆکراوەی ئەزموونەکانی دەرەوە. ئاگایی ئایندەیی لەڕێگەی خەیاڵ، بەو مانایەی کە بەرهەمی بەکارهێنانی شێوە تایبەتیەکەی زمانە و تەعبیر لە ئەزموونی خودی یان

---

§§§§§§§§§- وەرگر چوار ناو لە لێنراوە، هەر چواریان یەك مانا دەبەخشن: یەکەم/ تیۆری وەرگرتن. دووەم/ تیۆری پێشوازی. سێیەم/ تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر. چوارەم/ خوێندنەوە. ئەو تیۆرە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری یەکەم: فۆرمالیستەکانی ڕووس. دووەم: بونیادگەری پراخ. سێیەم: دیاردەگەرایی ئەنگاردن. چوارەم: هیرمینۆتیکای گادامێر. پێنجەم: سۆسیۆلۆژیای ئەدەبی.

□□□□□□□□□□- لای "ستانلی فیش" سەرچاوەی نووسین نە دانەرە نە خوێنەر، بەڵکو کۆمەڵگەی تەئویلکارە، ئەوە کۆمەڵگەی تەئویلکارە خوێندنەوەی دەقەکان دادەمەزرێنێ، لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە دەق دادەمەزرێنێ بۆیە دەق خودی نییە، چونکە لە تاکێکەوە هەڵنەقولاوە. بەڵکو دەق جەماوەرییە.

ناوەکی داهێنەر یان دەق دەکات، ئەزموونێك کە لەئاستی خوێندنەوەی واقیع ناوەستێ، بەڵکو لە هەوڵی تەجاوزکردنیدایە و بەردەوام نکۆڵی لێدەکات.**********

زمان یادەوەرییە، واتە بابەتێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە، مانا و چەمك و زاراوەکانی بەپێی زەمەن کۆبۆتەوە. بەڵام خەیاڵ بەکارهێنانێکی تایبەتیانەی زمانەو تەجاوزی واقیع دەکات و بەرەو داهاتوو دەبێتەوە. وشە لە دەقی ئەدەبیدا هەم یادەوەری دەوروژێنێ و بوار بۆ گەڕانەوەی ئازاد خۆش دەکات، هەم تەجاوزی واقیع دەکات و بەرەو داهاتوو دەچێ. بەجۆرە دەقی ئیبداعی بەرهەمی هەردووکیانە، ئەوەی کە رابردوومان بیر دەخاتەوەو ئەوەی کە بەرەو داهاتوومان دەکاتەوە.

ئەو قسەکردنە لەبارەی دەقەوە بەرەو "بارت" مان دەباتەوە کە لە کتێبی "نووسین لە پلەی سفر"دا وەك پەرچەکردارێك لەبەرانبەر ئەو پێناسەکردنەی "سارتەر" کە دەڵێت: شیعر لێوردبوونەوەیەکی خودییە و پرۆسیسەکردنێکی زارەکییە، لە بنەڕەتدا ئامانجی خۆی هەیە. بەڵام پەخشان هاوکاریکردنی نووسەر و خوێنەر نیشان دەدات. لە پەخشاندا بەیەکگەیشتن پردێکە دەکەوێتە نێوان دوو ئازادی و زێتریش. لەو قسەلێکردنەدا سارتەر فەزای ئەدەبی دیاری دەکات... بەڵام پەرچەکردارەکەی بارت ئەوەیە کە نووسین شوێنێك لەنێوان شێواز و زمان بەدەست دەهێنێ. نووسین لە پلەی سفر خاڵی یەکتر برینی تەوەرەی "X" و "Y"ە، لە رووداوەکانی "دیکارت"دا. زمان تەوەرەی "X" ە و ئاسۆیی و نمایشکارانە دەکەوێتەوە. بەڵام شێواز "Y"یە و تەعبیرکردنی ستوونییە. شێوەو بەهای نووسینیش لە یەکتربڕینی

---

********** لای "ستانلی فیش" سەرچاوەی نووسین نە دانەرە نە خوێنەر، بەڵکو کۆمەڵگەی تەئویلکارە، ئەوە کۆمەڵگەی تەئویلکارە خوێندنەوەی دەقەکان دادەمەزرێنێ، لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە دەق دادەمەزرێنێ بۆیە دەق خودی نییە، چونکە لە تاکێکەوە هەڵنەقولاوە. بەڵکو دەق جەماوەرییە.

ئەو دوو تەوەرەیە دەردەکەوێت. بەو مانایە لای بارت نووسین بێدەنگ و بێلایەن و دالە.

ئەگەر بەو مانایەش قسە لەسەر خوێندنەوە بکەین، خوێندنەوە تێکەڵکردنی ئاگاییە بەرێرەوەکانی دەق. خوێندنەوە کارلێکردنی کردەو بونیادە. خوێندنەوە پرۆسەیەکی ئاوێتەیەو لە هیرمینۆتیکا مانا و لە سیمیۆلۆژیا دەلالەتی لێدەکەوێتەوە. دەمەوێت بلێم بەگشتی خوێندنەوە بەئاراستەی مەعریفەدا دەڕواو بەدوای ئاماژەو چێژو ئیستێتیکاو ماناوەیە. هەڵبەتە لە خوێندنەوەی هیرمینۆتیکیدا مانا ئیحتمالییە نەك زەروری. کەواتە دەقی ئەدەبی لەنێوان دیارو نادیار، ڕاگەیەنراو و شاراوە، ئەوەی دەیڵێ و ئەوەی وسبەی لێدەکات، لەنێوان ئەوەی دانەر نیازییەتی و ئەوەی خوێنەر بانگەشەی دەکات...... وەستاوە. بەو مانایەش هیچ خوێنەرێك لە خوێندنەوەدا بەدواین مەبەست ناگات. ئەوەش بۆ خۆی جیاوازی دەق و شیمانەیی خوێندنەوە، شیمانەیی دەق و جیاوازییەکانی خوێندنەوە دیاری دەکات.

خوێندنەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئاڵۆزە. خوێندنەوە بەرفرەوانکردنی ئاسۆی مرۆڤ و بەنێوداچوونی مەعریفە و زانست و فیکرە... دوای ئەوەی خوێنەر بە ئەزموون و شارەزاییەکانی خۆی پەیوەستیان دەکات. بەو مانایەش خوێندنەوە یەکێکە لەو بابەتە بنەڕەتیانەی کە پەروەردە بەدوایدا دەگەڕێت، وەك چۆن زانستی دیکەش بەدوای ئەو

---

- ج. هيو سلفرمان، نصيات بين الهرمينوتيكا و التفكيكية، ترجمة: حسن ناظم و علي حاكم صالح، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، ط1، 2002، ص112.

- گادامێر لە کتێبی ((الحقيقة و المنهج) ئاماژە بە جیاوازی نێوان ئەزموون و شارەزایی دەدا و دەڵێت: شارەزایی (Erlebnis) شتێکە دەبینە خاوەنی و بە خودەوە پەیوەست دەبێت.... بەڵام ئەزموون (Erfahrung) شتێکە دەکەوینە ژێر بارییەوە، بۆیە تەجاوزی خودگەرایی دەکات و بەرەو ڕووداو و مانا دەبێتەوە. بڕوانە: الحقيقة و المنهج، الخطوط الاساسية لتأويلية فلسفية، ترجمة حسن ناظم و علي حاكم صالح، دار أويا، 2007، ص23.

دیاردە ئاڵۆزەدا دەگەڕێت، لەسەرووی هەمووشیانەوە زانستی دەروونی لەوانەش زانستی سایکۆلۆژی زمانەوانی و زانستی سایکۆلۆژی خوێندنەوەگەرایی..

لەزانستی سایکۆلۆژیدا کۆمەڵێك پاڵنەر بۆ خوێندنەوە دەستنیشان کراوە لەوانەش پاڵنەری جوانی، مەعریفی، هەڵچوون، خۆشی و چێژ، دەرککردنی شارەزایی.. بەڵام مەیلی تاك یان میزاژ لە خوێندنەوەو هەڵبژاردن رۆڵی بنەڕەتی وازی دەکات، چونکە بە وەڵامدانەوەی دیاریکراو هەڵدەستێ، بەو مانایەش دابەشکردنی میزاژ بۆ ئەو تایبەتمەندییە دینامیکیە دەگەڕێتەوە کە خەسڵەتەکانی دەروونی تاکی لەرێگەوە پێدەستنیشان دەکرێت. یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندییانەی کە تاکی لەرێگەوە پێجیا دەکرێتەوە سروشتە، سروشتی تاك جێپەنجەی خۆی لەسەر شتەکانی دەرەوە جێدیلێ... بەڵام قسەکردن لەسەر توانا قسەکردنە لەسەر کۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە جێبەجێکردنی کاردا دەردەکەوێت. توانای خوێندنەوە پەیوەندی بە پرۆسە دەروونیەکانی وەك خەیاڵکردن و بیرکردنەوەو یادەوەری و هەڵچوونەوە هەیە و دەکەوێتە سەر هەڵبژاردن و دەرککردن و هەڵسەنگاندنەوە... "جۆناسان کولەر" پێیوایە توانای ئەدەبی ئامانجی دەرختنی سیستەمی ناوەکییە کەوا دەکات کاریگەری ئەدەبی شیاو بکەوێتەوە.§§§§§§§§§§

خوێنەران لەمیانی کاریگەری دەقی خوێنراوە دیاری دەکرێن، بەو مانایەی کە دەق خاوەنی کۆمەڵێك ستراتیژە لەرێگەی ئەو ستراتیژانەوە وەك بونیاد کاریگەری خۆی لەگەڵ رەگەزە دەقگەراییەکانی دیکەدا دادەمەزرێنێ، یان لەگەڵ بونیادی دیکەی دەرەوەی دەقگەرایی، بەو مانایەی کە دەق کۆمەڵێك پەیوەندی زمانەوانییە و لە چاوەڕوانی خوێنەردایە... بەجۆرە دەق ئەو بونیادە کراوەیە کە پێشوازی لە وەرگرتن و تەئویلکردن دەکات، هەر لەوێشەوە بە ئاستی دووبارەکردنەوەی دەق دەگەین. واتە دوای ئەوەی خوێنەر بونیادەکانی دەق دەدۆزێتەوە، دواتر ئاماژەو نیشانەکان و فۆڕمەکانی بەپێی ئەزموون و شارەزاییەکانی خۆی

§§§§§§§§§§- ج. هیو سلفرمان، نصیات. ص122.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

دەخوێنێتەوە، ئیتر لەوێوە دەق دەبێتە وێنەیەك لە وێنەی دووبارەكراوە و لەسەر ئاوێنەی بەرانبەر هاوتا دەكەوێتەوەو بەدەوری خودی نووسیندا دەخولێتەوە، یان دەبێتە نووسین لەبارەی نووسینەوە.

كەواتە كردەی خوێندنەوە/تێگەیشتن كردەیەكی عەقڵییە، مانای كردنەوەی كۆدەكانی لەخۆدا هەڵگرتووە. یان وەك دەڵێن خوێندنەوە پەیامێكی بە خەیاڵكراوی نێوان خوێنەر و نووسەرە وەك چۆن لەئاستی نووسیندا پێویستی بە ڕەمزكردنە، لەئاستی تێگەیشتن و تەئویلكردنیشدا پێویستی بە هەڵوەشانەوەیە. ئەو كاریگەرییەش لەسەر دوو بنەما وەستاوە: بنەڕەتی بابەتی كە نوێنەرایەتی دەق دەكات، لەو نیشانە و دالانە پێكهاتوون كە خوێنراونەتەوە. بنەڕەتی خودی كە نوێنەرایەتی خودی خوێنەر دەكەن، لە تێگەیشتن و دەرككردنی نیشانە و دالە ناوبراوەكان پێكدێت. بێگومان ئەوەی كە ئەو خوێندنەوەیەش دەوروژێنێ پەیوەندی بەو پەرچەكردارە ئیستێتیكیانەوە هەیە كە پاشخانی ڕۆشنبیریی خوێنەرانی پێكهێناوە.***********

لەبەر ئەوەی خوێنەر هەڵوەشانەوەو بونیادنانەوەی دەقی دەكەوێتە ئەستۆ، كەواتە خوێندنەوە پرۆژەیە، نە بەرخۆری مانایە و نە بەدوای نیازی دانەرەوەیە. لێرەوە دەكرێ لەسەر ئاستی خوێندنەوەدا ناسنامەی خوێنەران لەیەكتر جیا بكەینەوە. ئەگەر دەق چوارچێوەیەك یان شانۆیەكی كراوە بێت بۆ ئاوێتەبوون و تانوپۆی نێوان دوو ستراتیژ و دوو دەق، یەكەم: ستراتیژی دانەر و دووەم: ستراتیژی خوێنەر. ستراتیژی دانەر خۆی لە جولەی تەمومژاوی و بۆشایی و سپێتی و دابڕانەكان هەڵدەگرێتەوە. بەڵام ستراتیژی خوێنەر لە تەئویلكردن و كردنەوەی كۆدەكان و پڕكردنەوەی بۆشاییەكان و گەیشتن، یان بەكورتی لە هەڵوەشاندنەوەو بونیادنانەوەدایە. بێگومان بەشێكی دیكەی ستراتیژییەتی دانەر لە فەزای بونیادنانی

***********- محمد عزام، التلقي و التأويل، بيان سلطة القاريْ في الادب، دار الينابيع- ديمشق، ط1، ص52ْ

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

خوێنەری نموونەییدا دەردەکەوێت. ئەوەی کە خوێنەری نموونەیی و دانەری نموونەیی بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەزموون و شارەزاییە. کەواتە دەقی ئیبداعی ئەو دەقەیە کە دەکەوێتە نێوان ستراتیژی دانەر و خوێنەرەوە.

(وولفگانگ ئایزەر) خاوەنی کتێبی "کردەی خوێندنەوە" و تیۆری وەڵامدانەوەی جوانی، پێیوایە بابەتی ئەدەبی ئاوێتەبوونی دەق و خوێنەرە، ئەو ئاوێتەبوون و کارلێککردنەش لەمیانی چەمکەکانی خوێنەری ناوەکی و زەخیرەی ئەدەبی و ستراتیژییەتی ئەدەبی دەردەکەوێت. خوێنەری ناوەکی خوێنەرێکی حەقیقی و کارایە لەلایەك بونیادی دەق بەرهەمدەهێنێتەوە، لەلایەکی دیکە پێوەرەکانی دەق دووبارە رێکدەخاتەوە، لەهەمان کاتیش شێوە یان فۆرم لەرێگەی خوێنەرانەوە جوانیەکانی رێکدەخرێت. بەڵام (ی.د.هیرش) کاری خۆی لەتیۆری مانا دیاری کردووە و هەڵگری مەیلێکی مێژووگەرایی رادیکاڵانەیە لەسەر سێ قەناعەت درێژە بەکارەکانی خۆی دەدات: قەناعەتی یەکەم لەوێوە دێت کە "گادامێر" پێیوایە مانا وەك مێژوو دیاریکراوە. دووەم پەیوەندی بە مەیلی سایکۆلۆژی مێژووگەراییەوە هەیە، لەسەر ئەو بیروڕایەی کە وەك دیاردەگەراکان دەڵێن مانا سەیرورەیەکی فیکرییە، نەك پرۆسەیەکی عەقڵی. دواجار مەیلی سەربەخۆیانە کە لەسەر ئەو رایە دەوەستێ کە مانا دەکەوێتە دەرەوەی ویستی دانەرەوە.

وەك دەزانین کردەی خوێندنەوە لەسەر پرنسیبی جێبەجێکردن دەوەستێ، ئەو چەمکە (رۆمان ئەنگاردن) وەك بنەڕەتێك بۆ ئاوێتەبوونی خوێندنەوە دەیخاتە روو... پرنسیبی جێبەجێکردن بە ماناوە دەلکێ، چونکە مانا لە دەقدا لە حاڵەتی کپبووندایە و چاوەڕێی جێبەجێکردن لە خوێنەر دەکات ئەو کپییە بەدەنگ بهێنێ. رۆمان ئەنگاردن کەوتۆتە ژێر کاریگەری (هۆسرەل)ی مامۆستایی و زێتر گرنگی بە گرفتە فەلسەفییەکان دەدات نەك ئەدەبییەکان... پێیوایە بابەتە حەقیقییەکان هەموویان تاکین، لە هەموو لایەنەکانەوە دیاری دەکرێن. کاری ئەدەبی لای ئەو لەرێگەی خوێنەرەوە بەرجەستە دەبێت و لە

بەرهەمێکی مرۆییەوە بەرەو بەرهەمێکی ئیستێتیکی دەبێتەوە. بەلاّم قوتابخانەی (جنێف) لە ئەنگاردن جیا دەبێتەوە، چونکە ئەوان وەك ئەنگاردن بایەخ بە وەسفی فەلسەفەی جوانی نادەن، بەڵکو گرنگی بە ئاگایی دانەر دەدەن.[1] بەو مانایە دەق تۆمارێکە و هەموو شتەکانی پێشوو: دابونەریت، بەها، بارودۆخە مێژوویی و کۆمەلاّیەتی و رۆشنبیرییەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە.

لێرەدا جۆرێك لە خوێنەر هەیە کە کار لەسەر کردنەوەی ئەو تۆمارە، یان کردنەوەی کۆد و ئاماژەکانی دەق دەکات ئەویش خوێنەری ناوەکییە. خوێنەری ناوەکی لەلایەن تیۆریستان (واین بۆشا) دەستنیشان کراوە... (ریفاتێر) بە خوێنەری (سەرکەوتوو) ناوی دەنێت، بەلاّم لای (ستانلی فیش) بە خوێنەری (راگەیەنەر) یان خوێنەری میسالی هەروەها لای (جوناسان کولەر)یش. خوێنەری ناوەکی ئایزەر ئەو خوێنەرەیە کە بەدەقدا دەڕواو ئامادەیی رۆشنبیریی و حەز و پەیپێبردنی هەیە. بەلاّم (ئیکۆ) بە خوێنەری نموونەیی ناوی دەبات. بەکورتی وێڕای خوێنەران و ناونانیان لەسەر ئاستی مەعریفە و ئەزموون و شارەزایی، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە دەقی داهێنانەرانە بێ خوێنەری جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز وجودی نییە، دەق هەمیشە چاوەڕێی خوێنەر دەکات دووبارە خەڵقی بکاتەوەو لە تاك مانایی رزگاری بکات و وزەو ژیانی تێدا ببوژێنێتەوە... داهێنان بە خوێنەری جیاواز پێوانە دەکرێت، بەلاّم وەك گوتمان خوێنەرێك کە بتوانێ لە ئاستی داهێناندا بێت.

---

[1] - ئەندامانی قوتابخانەی جنێف ( مارسیل ریمۆند، ئەلبرت بیگۆن، جۆرج پۆلییە، جۆن بییر ریتشارد، جان رۆسۆ، جان ستارۆبنسکی...).

## ئامادەی/نائامادە
## ئەنتۆلۆژیای تاراوگەو چەمکی نامۆبوون
## خوێندنەوەیەك بۆ قەسیدەی (لە تەوتەمی مامزەكانی قەندیلەوە)ی هەندرێن

### تاراوگەو ئەدەبی تاراوگە

ئەدەبی تاراوگە وەك ژانرێك لە ژانرەكانی ئەدەب سەیر ناكرێت، بەڵكو لە پێناسە گشتییەكەیدا دەشێ بەو ئەدەبە بگوترێت كە هەستی ئاوارەبوون لە نیشتمانی لەخۆدا هەڵگرتووە. تاراوگەبوون ئەزموونێكە شان بە شانی هەستێكی گەورەی بەرپرسیارێتی لە دایك دەبێت، باجێكە مرۆڤ ئامادەیە وەك دەرئەنجامی بەكارخستنی ئیرادەی ئازادی بۆ خۆی و نیشتمانەكەی بیدات. بەو مانایە ئەدەبی تاراوگە لەگەڵ ئەدەبی بەرگری دێتەوە بەوەی پشت بە دۆزێك دەبەستێت، و كار لەسەر زمانێك دەكات كە خەونی ئازادبوونی نیشتمان و گەڕانەوە بەرەو زێدوماڵی پێیە.

ئەدەبی تاراوگە دوو باسی گرنگی لەخۆدا هەڵگرتووە یەكەمیان بەرجەستەكردنی نەتەوەیە (وەك دۆز) لەڕێگەی ئەو بەرجەستەكردنەش سۆزی گەڕانەوە بۆ نیشتمان یەكێكە لە بنەڕەتە سەرەكییەكانی ئەو ئەدەبە. دووەم هەستكردن بە نامۆبوون، ئەو هەستەش بە مانا وجودییەكەی توانای لەدەستدانی بەرجەستەكردنی خود دەگەیەنێت، دەشێ ئەو هەستە لە كەسی تاراوگەنشیندا كاتی بێت. بەڵام ئەگەر بەرجەستەكردنی نەتەوە بە شێوەیەكی گشتی خۆی لە پارێزگاریكردنی زمان و تەقلیدە ئەدەبی و كەلەپورە نەتەوەیی و رۆشنبیرییەكاندا هەڵگرێتەوە، ئەوە هەستی نامۆیی كەسی تاراوگەنشین

---

مەنفای كوردی لە نێوان سێ نەوەو سێ ئەزموون، مەریوان وریا قانیع، گۆڤاری رەهەند، ژ:13/12.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

ڕاستەخۆ پەیوەندی بە دوور کەوتنەوەو پەراوێزکردنەوە دەبێت، بەو مانایەش تێکچوونی پەیوەندی بە شوێن و پەیوەندیکردن بە زمانی دووەم دەبێتە هۆی کشانەوە لە دنیاو چوونەوەی کەسی تاراوگەنشین بۆ ناوەوەی خۆی، هەموو ئەوانەش شێوەیەکی نێرگزیانەی کەسی ئاوارەمان نیشان دەدات.

لە لایەکی دیکە ئەدەبی تاراوگە بەپێی سیاقی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی دەشێ بە چەشن و جۆری دیکە ڕەنگ بکرێت و سێبەری دیکەی بخرێتە سەر، یەکێك لەو ڕەنگانە پێماندەڵێت: ئەدەبی تاراوگە جگە لە پێ فرۆشتنەوەی کاڵاکانی نیشتمان بە خۆمان شتێکی دیکە نییە، هەڵبەتە ئەو کاڵایانەش بە گشتی خۆرهەڵاتین و شتێکی نوێیان تێدا نییە، کەواتە لە بەر ئەوەی ئەدەبی تاراوگە ناتوانێت بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەدەب و زمانەکانی دیکە کارلێك درووست بکات، لە بەر ئەوەی تواناى ئەوەی نییە خۆی لەگەڵ ژینگەی نوێ بگونجێنێت، ئیتر هەر لە پێ فرۆشتنەوەدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئایا ئەو ناونانە ئەدەبییە هەر تەنها بە خۆرهەڵاتەوە بەندە، ئایا ئەو ئەدەبەی کە بەو شوێنەوە سەرسامە کە دەکەوێتە دەرەوەی نیشتمان پێی دەگوترێت ئەدەبی تاراوگە... بۆ سوود وەرگرتنی ڕامبۆ، گۆتە، لامارتین... لە خۆرهەڵات وەك شوێن و کاڵاکانی بە ئەدەبی تاراوگە ناونابرێت؟؟

بە کورتی ئەوەی لەو باسەدا دەمەوێت زێتر قسەی لێبکەم ئەوەیە کە ئەدەبی تاراوگە لە بنەڕەتدا تەعبیر لە نۆستالۆژیا و هەستی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکات، کۆی ئەو هەستەش نامۆیی لە کەسی تاراوگەنشین درووست دەکات. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەو زاراوەیە وەك دیاردەیەکی ئەدەبی بێ هاوتا تەماشا دەکرا، چونکە کەسی مەنفی چ وەك سیاسی و نیشتمانپەروەر، چ وەك ئەدیب و نووسەر.... لەو کەسانە بوون کە هیوای گەورەیان لە ناو گەل و نیشتماندا سەوز دەکرد، لەو کەسانە بوون کە فیکری ئازادی و تەعبیرە گەورەکانی سەرفرازییان لەخۆدا هەڵگرتبوو لە ژێر فشارێکی دیاریکراو و

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

سزادانێکی سیاسی و کۆمەلآیەتی و کولتوری سەپێنراوەوە لە زێد و نیشتمان نەفی کرابوون، بەلاّم لە دوای شۆڕشی کۆمۆنیکەیشن (اتصالات) و زانیارییەکان، لە ناو ئەو بەیەکداچوونەی شوناس و کەلتوورە جیاوازەکاندا ئیتر هەر مالّێك هەر زێدو نیشتمانێك لەنێو خۆیدا دابەشی چەندان مالّی جیاوازو ناکۆك و تەنانەت دژ بەیەك بوونە، دەشێ هەر بەشێك لەو مالّە بۆ خۆی ماناو ئەخلاق و مۆرالّی کۆمەلآیەتی جیاواز بە خۆی لە شوێنی دیکە و سیستمی دیکەوە بخوازێ، ئێمە ئێستا لە کۆتایی مالّی داخراودا دەژین، ئیتر لەوێوە ئەدەبی تاراوگە ماناکانی پێشووی خۆی لەدەست دا، ئیتر ئەوە بیری مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەیە وای لە شاعیرێکی وەك (مەحموود دەروێش) کرد بلّێت: نیشتمان هەمیشە ئەوە نییە کە تۆ تێیدا دەژیت، تاراوگەش ئەوە نییە کە تۆ لە نیشتمان ئاوارەیت.[§§§§§§§§§§§]

هەلّبەتە ئەو رستەیەی دەروێش لە یەکێك لە تەعبیرە گەورەکانی هەلّگری میتافۆری جیهانبینییەکە کە پایەکانی دەکەونە نێو جولّەو گەڕان و گۆڕانی بەردەوامەوە، بەمجۆرە ئەو دیاردە ئەدەبییەی تاراوگە دوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم زۆر لە ماناکانی کالّ بۆوە، ئێستا بەزاندنی سنورەکان و رەوکردن و کۆچکردن چ وەك نەفیکردن بێت چ وەك پەنابەری، ئەو تێگەیشتنەی دوێنێی لەدەست داوە، ئەمڕۆ تاراوگەنشینی وەك خەسلّەتێك لە خەسلّەتەکانی سەردەم سەیر دەکرێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش نیشتمان بەردەوام دەبێتە پرۆژەیەك بۆ درووستکردن و بونیادنانەوە.

بەمجۆرە ئەمڕۆ ئەدەبی تاراوگە زێتر لەمیانی مێژوو قسەی لێدەکرێت، نەك وەك دیاردەیەکی بێ هاوتا، ئەمڕۆ ئەدەبی تاراوگە چەمکێکە لەنێو هوشیاری ئەدەبییەوە خۆی دەدۆزێتەوە، بەو مانایەش تاراوگە ئەو شوێنە نییە کە مرۆڤ تێیدا بیر لەوە بکاتەوە بۆ

---

[§§§§§§§§§§§] ادب المنفى او الحضور الغياب، د. عصام عبدالله، 9 فبراير 2008، في الساعة 10:38. بروانة: سايتى كوكول، سايتى دروب.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

ولاتەکەی بگەڕێتەوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا مرۆڤی سەردەم بەردەوام لە هەوڵی دەرچوون لە شوێندایە، لێرەوە "دەربازبوون لە نیشتمان گرنگترە لە چییەتی مەنفا"************

ئەگەر هەتا دوێنێ تاراوگە وەك زاراوەیەکی ئاڵۆزی (رەتکردنەوە)و (ئارەزووکردن) قسەی لێکرابێت بەو خەسڵەتەی کە حاڵەتێکە لە (نەفیکردن) و (پەنابەری) لەو دوو خەسڵەتەش فیکرەی جیابوونەوەو دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمان، یان ئەسڵی رۆشنبیریی و رەچەڵەك... لەدایك بێت، پاشان لەوێوە لەنێوان (مەنفی) و (پەنابەر) ئاماژە بە جیاکارییەك کرابێت بەوەی کە یەکەمیان لەسەر دوورخراوە فەرزکرا بێت، بە دیوەکەی دیکەش کەسی نەفیکراویش قبولی دەسەلات و سیستمێکی دیاریکراوی نەبێت و رەتیکردبێتەوە، ئەوە دووەمیان ئارەزووی هەڵبژاندنی تێدا رەنگدەداتەوە جا هۆکەی هەر چییەك بێت. یەکەمیان سەپێنراوەو تووندوتیژی لە پشتەوەیە، تەعبیر لە هەڵنەکردن و نەگونجان دەکات و پەیوەندی بە هۆشمەندییەکی بریندارەوە هەیە. دووەمیان دەشێ پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانەوە هەبێت، یەکەمیان هەڵگری تراژیدیایە، بەڵام دووەمیان گەڕانەوەیە بە دوای جۆرێك لە ئاسوودەیی.

واتە ئەگەر دوێنێ لە پشت کەسی نەفیکراو و پەنابەر کۆمەڵێك بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی ئامادەیی هەبێت، ئەوە ئەمڕۆ دەرچوون لە نیشتمان هەر ئەوە نییە، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان دەرچوونە لە هەموو ئەو جەبرە ئەخلاقیانەی کۆمەڵگە بەسەر نەوەکانیدا دەسەپێنێت، دەرچوونە لەو سانسۆرە تووندوتیژەی کە هیچ دەرفەتێك بۆ هەناسەدانی نەوەکان ناهێڵێتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە کۆچ وەك خەسڵەتێك لە خەسڵەتەکانی نەوەی نوێ دەشێ بریتی بێت لەو گۆڕانکارییەی کە مرۆڤی کۆچکەر دەیخاتە ژیانی خۆیەوە، وەك چۆن خودی ئەو گۆڕانە گۆڕانی دیدی مرۆڤە بەرانبەر بە شوێن

************ کۆمەڵگاو منداڵە نامۆکانی، بەشی یەکەم، بەختیار عەلی، گۆڤاری رەهەند، هـ.س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

و کات، وەك چۆن لە تێکشکان و پچڕانی پەیوەندییەکان بە شوێنەوە هەڵقولاوە، بە هەمان شێوە پەیوەندیکردنە بە زمان و کەلتووری جیاوازەوە.

بەمجۆرە دواى فیکرەی مۆدێرنەو پۆست مۆدێنە ئیتر شوێن پەرستی هەڵچنینی دیوارێکی سایکۆلۆژیە لەنێوان فەردو دەرەوە.□□□□□□□□□□□□ لە لایەکی دیکە تاراوگە چیتر ئەو شوێنە دوورە نییە کە مرۆڤ بەردەوام بیر لە گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمان بکاتەوە، ئەو شوێنە دوورەدەستە نییە کە مرۆڤ تێیدا بێزارو وەڕس بێت، ئەمڕۆ شۆڕشی کۆمۆنیکەیشن تەواوی سنورەکانی هەڵوەشاندنەوە چەمکی تاراوگەی بە جۆرێك لە جۆرەکان کاڵ کردەوە، ئەمڕۆ ئەدیب و سیاسی دوورە وڵات چیتر ئەو کەسانە نین دوور لە رووداوە هەنووکەییەکانی وڵات بژین، بەڵکو کەسانێکن دەتوانن بەشدارییان هەبێت و کاریگەری قووڵ بنوێنن، وەك چۆن دەتوانن لەو شوێنەی تێیدا دەژین دۆزە رەواکەیان بە دنیا بناسێنن، لێرەدا دەشێ قسە لە چەمکێك بکەین، یان چەمکێك بە ناوی (نائامادەی/ئامادە) بیر بخەینەوە، بەمجۆرە چەمکی (نائامادەی/ئامادە)ی مرۆڤی سەردەم لە زادگەو نیشتمان، وەك چۆن لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و رەخنەییەوەو هەر یەك لە (هایدگەر) و (لڤیناس)و (دریدا) سوودیان لێوەرگرتووەو بەکاریان هێناوە، بە هەمان شێوە لە بوارە زیندووەکانی دیکەی ژیانیش دەرکەوتنی بەربڵاوی هەیە. کەواتە لەڕێگەی ئەو چەمکە مرۆڤ و شتەکان و وشەکان ئەو کاتەی نائامادەن ئامادەییان هەیە.

بە کورتی ئەمڕۆ لە سیاقەکانی جیهانگیریدا لەبری ئەدەبی تاراوگە قسە لە ناسنامە کراوەکان دەکرێت، وەك چۆن قسە لە هاونیشتمانی جیهانی دەکرێت، ئەمڕۆ من و ئەویدیکە بەردەوام لە جێگۆڕکێیەکی سەیردا دەژین هەر لەوێشەوە خەمەکانی زادگەو نیشتمان دەبنە خەمی هەموو مرۆڤدۆستێك و تەرجەمەی زمانە جیاوازەکانی دنیا دەکرێن.

---

□□□□□□□□□□□□□ هـ.س.پ.

ئەگەرچی لەنێوان مەنفی و پەنابەر زێتر قسە لە دوو چەمکی سیاسی و ئابووری دەکرێت، قسە لە تراژیدیا و ئاسوودەیی دەکرێت.... بەلاّم بەدەر لەوە، لێرە رەنگە پرسیار ئەوە بێت ئایا مرۆڤی ئاوارە تاراوگەنشین مرۆڤێکی نامۆیە؟

زۆرجار مرۆڤی ئاوارە کاتێك دەگەڕێتەوە زێدی خۆی دووچاری شۆك دەبێت، چونکە هەست ناکات ئەو پەیوەستبوونەی هەیبووە پەیوەندی بەو شوێنەوە هەبێت، بەڵکو هەستدەکات تەنها پەیوەندی بە سێبەرەکانی خۆیدایە، یان ئەو بیرۆکەیەی کە لەنێو خۆیەتی..

رەنگە ئەو پەرەگرافە تەواو لە پێناسەی فیکرەی نامۆبوون نزیکمان بکاتەوە، ئەگەرچی مەرج نییە هەمیشە تاراوگەنشین هەستی نامۆیی بەدواوە بێت، بەلاّم بۆ نموونە لای (ئیدوارد سەعید) لەباسی ئەنتۆلۆژیای تاراوگەدا حاڵەتێکی بەردەوامی نامۆیی و پەراوێزبوون دەبینرێت، بەجۆرە هەستکردن بە نامۆیی دەبێتە شێوەیەك لە شێوەکانی بوون، چونکە هەستکردنێکی بەردەوامە بە جیابوونەوە لە ناوکۆیی (ئێستا-تاراوگە)و گەڕانەوەی بەردەوام بۆ رابردوو، نیشتمان، زێد، کەلەپوور...کە لە مەنفا وجودییان نییە.

لەسەر بنەمای ئەو قسەیەی (ئیدوارد سەعید) دەبێت تاراوگە بەردەوام پێناسە بکرێتەوە، دەبێ چەمکی ئێرەو ئەوێ، ئێستا و ئەوسا، من و ئەوانیدکە بەردەوام کەشف بکرێنەوە.

## نامۆبوون و داهێنان

(نامۆبوون) دیاردەیەکی مرۆییە بەنێو تەواوی شێوەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی، ئابووری، سیاسیدا درێژ دەبێتەوەو تەواوی کلتورەکان لەخۆ دەگرێت، و بابەتی نامۆبوون بە

---

ادوارد سعيد، صورة الثقف، محاضرات ريت سنة 1992، ترجمة: غسان عص/دار النهار للنشر-بيروت.

شێوەیەکی جۆراوجۆر خراوەتە بەر دراسەکردن و کۆمەڵێك دەرئەنجامی جیاوازی لێکەوتۆتەوە.

فیکرەی (نامۆبوون) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکەمجار لە فیکری مەسیحیدا دەردەکەوێت بە تایبەتی لە (لاهوت) و (پرۆتستانتی) تا دەگاتە (لۆسەر) و (کالفن)... ئەو جۆرە لە نامۆبوون لە دەرئەنجامی جیاوازییەکان و ڕێبازە جیاوازەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕاستە خودی ئەو فیکرەیە (ڕۆسۆ) بەر لە (هیگل) لە کتێبی (پەیمانی کۆمەلآیەتی) قسەی لێکردووە، بەلآم وەك دەزانین بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لە لایەن (هیگل)ەوە لە فەلسەفەی ئەلمانیدا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو دواتر لە سەدەی (18) و سەرەتای سەدەی (19) لە لایەن (مارکس) لە بەشەکانی (سەرمایە)دا لەمیانی پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان و سیاقی سەرمایەداریدا کاری لەسەر کراوە.

وشەی (نامۆبوون) لە وشەی لاتینی (Alienation) بە مانای گواستنەوەی بە خاوەنبوون لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دێت، گواستنەوەی بە خاوەنبوون یان وازهێنان لە مافە سروشتیەکانی خۆ چەندان پێناسەی جیا جیای لە بوارە جیاوازەکانەوە بۆ کراوە، من لێرەدا تەنها قسە لە ڕووە پۆزەتیف و نێگەتیفەکانی دەکەم، بەلآم مانای (نامۆبوون) وەك دیاردەیەکی دەروونی تەعبیر لە موعاناتی مرۆڤ دەکات لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگەکەیدا، وەك چۆن لە مانا کۆمەلآیەتییەکەیدا تەعبیر لە ئیحساسی داماڵین لە خود و ئەوانیدیکە دەکات.[§§§§§§§§§§§]

لای هەر یەك لە (هۆبز) و (لوك) نامۆبوون لە ڕووە پۆزەتیفەکەیدا کردەیەکی ویستخوازانە و ئازادانەیە، بە مانایەکی دیکە قوربانیدانی تاکە لە پێناو بەرژەوەندی و سوودە گشتییەکانی کۆمەڵگە، هەروەها لای (ڕۆسۆ)ش ئەو وازهێنانە دواجار لە پێناو

---

[§§§§§§§§§§§] الاغتراب السياسي لدى الاجئين الفلسطينين في مخيم العروب و علاقته ببعض المتغيرات، اعداد و تنفيذ: أ. بسام بنات و أ. بلال سلامة، اشراف الدكتور: محمود ميعاري، 2003، الفصل الاول.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

ئاسایشی کۆمەڵایەتیدایە، بەڵام ئامانجی نێگەتیفانەی نامۆبوون لای (ڕۆسۆ) لەوەوە دێت کە کۆمەڵگەو شارستانییەت مرۆڤ وەك بەندەی دامەزراوەکانی خۆی دەبینێت و بەردەوام لەسەر ڕەتاندنەوەو راوەدوونانی مرۆڤ کار دەکات، یان بە مانایەکی دیکە مرۆڤ وەك پاشکۆی دامەزراوەکانی تەماشا دەکات، لەو حاڵەتەدا مرۆڤ هاوگونجانە ئۆرگانییەکانی خۆی ون دەکات، هەروەك چۆن (شیلەر)یش پێیوایە ئەو حاڵەتە ڕۆتینانەی دەزگاکان بەسەر مرۆڤدا دەیسەپێنێت جگە لە مرۆڤێکی شێواو شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە، بەمجۆرەش مرۆڤ لە هەموو ڕەفتارە جوانەکان دەبێتەوە.*************

ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی نامۆبوون و داهێنان بە یەکەوە دەبەستێتەوە ئەو دڵەڕاوکێ قوڵەیە کە کەسی (نامۆ/داهێنەر) لەگەڵیدا دەژیت، دەرئەنجامی ئەو دڵەڕاوکێ قوڵەش دواجار لە خەیاڵدا خۆی دەدۆزێتەوە، بۆ ئەو تێڕوانینەش ئەگەر داهێنانە ئەوە بێت کە لە عادەتی ژیانی ڕۆژانەمان دادەبڕێت، ئەوە نموونەی مرۆڤی (کۆچەر، ڕۆشنبیر، نامۆ) لای (ئیدوارد سەعید) ئەو مێوانە کاتییە کە هەمیشە شتەکان بە ناسروشتی دەبینێت، ئەو جۆرەش لە سەیرکردن لە ناپەیوەستبوونەوە لەدایك دەبێت، ڕۆشنبیری ناپەیوەست یان پەراوێز بەردەوام پاسەوانی ئەو بەها ئەخلاقیانە دەکات کە ناهیلێت دنیا لە ناوەوە بۆگەن بکات، کەسێکە قبولی نییە بە ناوی ماڵ، زادگە، نیشتمان... بێحورمەتی و بەدرەوشتی بەرانبەر مرۆڤ و کۆمەڵگە بکرێت، کەسێکە بەردەوام لە جوڵە دایە لە دنیایەکدا کە گۆڕان بەڕێوەی دەبات. □□□□□□□□□□□□□□ سەعید لەو وتارەی لە بارەی وێنەکانی ڕۆشنبیر، نووسیوویەتی: مرۆڤی تاراوگەنشین و ئاوارە سنورەکان دەبڕێت و تەگەرەکانی نێو فیکر و ئەزموون لە خۆی دەکاتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەو گوتەیەی (فرانز فانون) یەکدەگرێتەوە کە لە بارەی مرۆڤی ئاوارەوە دەڵێت: مرۆڤی ئاوارە ئەو کەسەیە کە بە شێوەیەکی

---

************* هـ.س.پ.

□□□□□□□□□□□□□□ هـ.س.پ

نێرگزییانە لە دنیا دەكشێتەوەو دەچێتەوە نێو خودی خۆیەوە، لەو حاڵەتە دەشێ بڵێین داهێنان لە بەیەكداچوونی ڕۆشنبیرییەكانەوە لە دایك دەبێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایە داهێنەر دەبێت لە هەستێكی بێ لایەن و ڕووت و بێ خۆدانەپاڵ لایەنێك سەیری دەورووبەر بكات، لە بەرانبەر ئەوەشدا وەك دەزانین كەسی نامۆ نە دۆستە نە دوژمن، بەڵكو كەسێكە شوناسی خۆی لە داهێناندا هەڵدەگرێتەوە. هەڵبەتە ئەو جۆرەش لە نامۆبوون بە پۆزەتیف وەسف دەكرێت.

بەجۆرە نامۆبوونی پۆزەتیف داهێنانی لێدەكەوێتەوە، چونكە لەو حاڵەتەدا وەك (شیلەر) دەڵێت خود لە دنیای دەرەوە جیا دەبێتەوەو وەك بابەتێك بۆ جوانی تەماشای دەكرێت، بەو مانایە خود ئازاد دەبێت. ئەو ڕستەیەی (شیلەر) ڕاستەوخۆ (هیگل)مان بیر دەخاتەوە، هەڵبەتە وەك دەزانین مێژووی بەشەری لای (هیگل) مێژووی ململانێیە لە پێناو دڵنیایی ئازادی خودو سەربەخۆیی ئەوانیدیكە، ئەو ململانێیە لەسەر ئاستی كەسێتی درووست دەبێت، ململانێیەكە لە پێناو سەپاندنی خودو دواتر وەدەستهێنانی داننانی ئەوانیدیكە بەو خودە بێ ئەوەی نكۆڵیكردن لە ئارادا بێت. كەواتە ئەگەر جەختكردن لەسەر ئازادی ئەوە بێت كە مرۆڤ بۆخۆی خاوەنی خۆی بێت، ئەوە مەبەستی نامۆبوون لای (هیگل) ئەوەیە كە مرۆڤ لە پێناو ئازادی مرۆڤە لە خۆی ئەوانیدیكە جیا دەبێتەوە.

بەجۆرە هیگل پێیوایە ئەنتۆلۆژیای داهێنان لای كەسی نامۆ بریتییە: لە حاڵەتی جیابوونەوەی هوشیاری لە خود-و بوونی بە شتێك، هەڵبەتە ڕۆح لەو كاتەدا هەڵگری بوونێكی سەربەخۆیە، ڕۆح لەو بارەدا دەبێت بە سروشت، لەسەر ئەو بنەمایە (هیگل) فیكرەی ڕۆح بە خاڵی سەرەتای ڕاستەقینە دادەنێت، ڕۆح لای ئەو بكەرە، بەو مانایەش

---

الاغتراب السياسي لدى الاجئين الفلسطينين..ه.س.ث.

جەوهەری رۆح کارەو ماهیەتەکەشی ئازادییە.[§§§§§§§§§§§§] لێرەدا سروشت لای هیگل بە مانای رۆحێکی نامۆ دێت، ئەوەش پرۆسیسێکی کاتییەو جارێکی دیکە رۆح دەگەڕێتەوە بۆ ناو خودو لەو بارە ئاساییە رزگار دەبێت، واتە سەرجەم گیانی خودو گیانی بابەت دەبنە یەك و گیانی بێ پایان پێك دێت، هەر کە رۆح نامۆ بوو ئیتر سروشت پەیدا دەبێت و سروشتیش هەموو مەیدانەکانی ژیان لەخۆ دەگرێت وەك هونەر ئایین ....[**************]

## خۆدۆزینەوەو نامۆبوون

(هەندرێن) لە کتێبی (نیگای دەست) دەڵێت: دەخەوم تا خەون ببینم، دەپرسم تاکو خۆم و ئەوانیتر بناسم، سەفەر بۆ دۆزینەوەی خۆم و زانیارییەکان دەکەم.[□□□□□□□□□□□□□□□□]

ئەگەر سەیری ئەو رستەیە بکەین دەبینین سێ چەمکی سەرەکی بونیادی رستەکە پێکدەهێنن: من، ئەوانیدیکە، سەفەرکردن، لەڕێگەی ئەو پێکهاتەیەشەوە دەیەوێت بڵێت ئەوە منم لەڕێگەی سەفەرکردن لێرەو لەوێ هەوڵی ناسینی ئەوانیدیکە دەدەم و زانیاری بەدەست دەهێنم، واتە وەدەستهێنانی زانیارییەکان لەڕێگەی تەماشاکردن و ناسینی ئێرەو ئەوێ مەیسەر دەبێت، هەر لەڕێگەی ئەو تەماشاکردن و ناسینەشەوە دۆزینەوەی (من، مەبەست خودە) دەکەینە خاڵی سەرەکی بەدواداچوونی ئەو قەسیدەیە، بەپێی ئەو بۆچوونە ئەگەر بمانەوێت قسە لە (هەندرێن-خود)و تاراوگە (هەندرێن-خود)و قەسیدەی (لە تەوتەمی کارمامزەکانی قەندیلەوە) بکەین، دەشێ (ئێرە/خود/ئەوێ) وەك پنتێك

---

[§§§§§§§§§§§§] هیکل، مختارات،2، ترجمة: الیاس مرقص، دار الطلیعة-بیروت.

[**************] بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: نامۆبوون، ئاشتی حەمە، گۆڤاری کاروان، ژمارە 79.

[□□□□□□□□□□□□□□□□] نیگای دەست، کۆمەڵە شیعر، شاعیران: هەندرین، ئیلیۆنۆرا برۆ، شێروان خدر، عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، چاپخانەی دیلان–سلیمانی، شەقامی مەولەوی، چ1.

بۆ خوێندنەوە دەستنیشان بکەین و دواتر لە یەك توانەوەیان بەپێی تێڕوانینمان بۆ چەمکی (نامۆبوون) و (تاراوگەنشین) لێکبدەینەوە.

قسەکردنی من لە چەمکی (ئێرە/خود/ئەویٚ) هەر تەنها بەر جوڵەی ناجێگیری (شوێن/کات) ناکەوێت، بەڵکو بەو (خود)ە گۆشەگیرو نیگەرانەشەوە پەیوەستە کە هەوڵدەدەم لەڕێگەی داهێنانی (وێنەی شیعری)یەوە لە چەمکی (نامۆبوون) و لەڕێگەی (یادەوەری)یەوە لە چەمکی (تاراوگەنشین) نزیکی بکەمەوە.

بەجۆرە خاڵی ئاوێتە بوون و لێکتووانەوەی (ئێرە/خود/ئەویٚ) لەو قەسیدەیەدا لە وێنەی شیعری وەك گوتراوی بینراو و ئیقاع وەك نەبینراو بیستراو دەردەکەوێت، لەوێشەوە هەستکردن بە چوونە نێو ژیان بە مانا (برگسۆن)ەکەی تەعبیر لە مەکان و زەمان دەکات، بەو مانایەش گەڕانەوەی شاعیر بۆ زێد و نیشتمان لەو وێنە شیعریانەدا دەلالەتی ئەنتۆلۆژی گەورەی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەلاّم کاتێك لە خوێندنەوەی قەسیدەی (لە تەوتەمی کارمامزەکانی قەندیلەوە) ڕێگە بۆ بەدواداچوونی (یادەوەری) و (وێنەی شیعری) خۆش دەکەین دەبینین پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی هۆکارئامێز نییە، چونکە کۆی ئەو گەڕانەوەیەی لەو قەسیدەیەدا هاتووە ناشیٚ وەك کردەیەکی شیعری بە دەنگدانەوەی دوێنیٚ ژماری بکەین، ئەوەش لەوێوە دێت کە وێنەی شیعری فەزای ساتەوەختی نووسینی شیعر درووستی دەکات، نەك دەنگدانەوەی دوێنیٚ، دواجار لەبیرمان نەچێت شیعرییەت بوونێکی راستەقینەی نییە، بەڵکو بەردەوام لەڕێگەی تەماشاکردن و خوێندنەوەی جیاوازەوە خەڵق دەکرێت و دەکەوێتە دەرەوەی بابەتخوازی و نێرگزییەتەوە، لەوێشەوە نە بڕوای منی گێڕەوە بۆ خۆی رادەکێشێت، نە منی

---

لای (برجسون) جەوهەری ژیان هەستکردن نییە بە وجود، بەڵکو هەستکردنە بە چوونە نێو ژیان، چوونە نێو ژیانیش تەعبیرکردنە لە زەمان و مەکان. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:جاستۆن باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، كتاب مجلة الاقلام، بغداد،

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

لبیدۆی بێگەرد و نە بە یادهێنانەوە، نە هەڵگری منێکی ئیرۆتیکی نەخۆشە، کردەی نووسینی شیعری ساتەوەختێکی لە پڕو درەوشاوەیە، کردەیەکە بە جۆرێك لە جۆرەکان وجودی شاعیر لە چوونە نێو پرۆسەی نووسینی شیعرییەوە، یان حاڵەتی شیعر نووسینەوە بەرجەستە دەبێت، وەك دەزانین بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتە لە (وجود) راستەوخۆ دەکەوێتە نێو خەیاڵەوە، خەیاڵیش تەواوی دەسەڵاتەکان لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە دەکاتەوە.

کەواتە ئەوە دەنگدانەوەی دوێنێ نییە کە راستەوخۆ شاعیر دووبارەی دەکاتەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا شیعر دەبێتە نووسینەوەی مێژوو و شاعیریش دەبێتە مێژوونووس، بەڵکو ئەوە شاعیرە (وەك تاراوگەنشین)ێك وجودی لە بەرهەمهێنانی پرۆسەی نووسینی شیعرییدا، یان بە مانایەکی دیکە لە خەیاڵی شیعرییدا دەردەکەوێت، نەك مێژوو. بەو مانایە گەڕانەوەی شاعیر لەو قەسیدەیەدا بۆ زێد و نیشتمان... گەڕانەوەیەکی خەیاڵییانەیە بۆ ئەو ساتەوەختەی کە وجودی خۆی تێدا کۆ دەکاتەوە، ئەو ساتەوەختەش جگە لەشیعر و وێنەی شیعری شتێکی دیکە نییە، ئەو ساتەوەختە ئازاد بوونە لە واقیعی تاراوگە، ئەو ساتەوەختەیە کە پەرتبوونی خۆی لە تاراوگە کۆ دەکاتەوەو لەوێشەوە بەرەو گۆشەگیری و هەستی نامۆیی دەچێت. ئەگەر کۆی ئەو قسەکردنە قسەکردن بێت لە خودی شاعیر، ئەوە زاراوەی (ئێرە/ئەوێ) لەو قەسیدەیەدا جگە لە پەیوەندییەکی (مەکانی/زەمانی) بەرەو دوو جۆر لە بیرکردنەوەمان دەبات: یەکەمیان بیرکردنەوەی خوێنەرە، یان بە مانایەکی دیکە خوێنەر چۆن بیر لەو وێنانە دەکاتەوە؟ بێگومان بە نسبەت خوێنەر ئەگەر بەشێکی ئەو بیرکردنەوەیە بە ئامادەیی دەروونی و رۆشنبیریی و فەزاکانی خوێندنەوەوە بەند بێت، بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە ئاستی داهێنانی وێنەکانەوە هەیە. دواتر لەرێگەی ئەو دوو هۆکارەوە دەشێ خوێنەر بتوانێت بە تواناو خەیاڵی خۆی بەشداری لە بەرفرەوانکردنی رەهەندەکانی داهێنان و خودی داهێنانەوە

بكات. دووەم ئەو ساتەوەختەیە كە شاعیر لەڕێگەی نووسینی شیعرییەوە یان داهێنانی شیعرییەوە پێی دەگات، وەك دەزانین ئەوە دڵەڕاوكێیە دەریچەكانی ساتەوەختی داهێنان واز دەكات و ئازادی فەزاكانی دەنووسێتەوە، ئەو ساتەوەختەی كە ئازادی فەزاكانی رەنگرێژ دەكات، ساتەوەختێكی لەپڕو درەوشاوەو نادیارە هەر لەوێشەوە بە خەیاڵەوە دەلكێت، بەڵام ئەگەر خەیاڵی شاعیر بە (ئامادەی⁄نائامادە) ناوزەد بكەین، ئەوە خەیاڵی خوێنەر بە (نائامادەی⁄ئامادە) ناو دەبەین، یەكەمیان لەڕێگەی نامۆبوونی (خودی- شاعیر) لە تاراوگە وەك كردەیەكی وجودی لە خەیاڵ دەردەكەوێت، یان بە مانایەكی دیكە وجودی شاعیر لەو حاڵەتەدا لە بوونی خەیاڵدایە، بەڵام دووەمیان لەڕێگەی گەیشتنی خوێنەر بە (وێنەی شیعری-بابەت) بەرەو خەیاڵ دەبێتەوە، واتە ئەوە وێنەی شیعری، یان فەزای شیعرییە خوێنەر بە شیعر دەگەیەنێت، هەر لەوێشەوە دەشێ بەرەو خەیاڵی بەرێت، دەمەوێت بڵێم ئەوەی بە (ئامادەی⁄نائامادە)ی خەیاڵ ناومان برد لەوتێكەیشتنەوە دێت كە شاعیر لەبابەت دەكشێتەوەو دەچێتە گۆشەگیری خودی لەوێشەوە وەك نامۆیەك سەیری دەوروبەری دەكات، ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆكارێكی راستەوخۆو سەرەكی ئامادەیی خەیاڵ، لەو جۆرە ئامادەییەی خەیاڵ پرۆسەی نووسینی شیعر دێتە بەرهەم، داهێنانی شیعریش لەو قەسیدەیە تەعبیر لە چوونە نێو ژیان دەكات، بەڵام چوونە نێو ژیانێكی زیندوو نا، بەڵكو چوونە نێو ژیانێك كە لەسەر یادەوەری وەستاوە، دەمەوێت بڵێم ئەوەی بە حەقیقی لە تاراوگە ئامادەیی هەیە خەیاڵی كەسێكی نامۆیە بە دەوروبەر نەك خودی شاعیر، بەڵام ئەوەی بە حەقیقی لە یادەوەرییەكاندا ئامادەیی هەیە چوونە نێو ژیانی ئەو خەیاڵەیە نەك كەسی تاراوگەنشین، بەو مانایە ئەوەی نائامادەیی خەیاڵ دەنوێنێ یادەوەرییە، نەك نامۆیی كەسی تاراوگەنشین.

كەواتە لەو خوێندنەوەیەدا زاراوەی (ئامادە) دەلالەت لە ئامادەیی نامۆییانەی كەسی تاراوگەنشین دەكات، واتە ئەوە ئامادەیی نامۆییانەی خودی تاراوگەنشینە لە تاراوگە

لەڕێگەی خەیاڵەوە وجودی خۆی دەنوێنێ، بەڵام زاراوەی نائامادەیی لە کردەی نووسینی ئەو قەسیدەیەدا ناچێتە نێو حاڵەتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو لە نائامادەیی هەمەرەنگی یادگارەکاندا وەك داهێنان دەدرەوشێتەوەو لەپڕ لە وێنەی جیاواز دەردەکەوێت. کەچی پێچەوانەکردنەوەی ئەو دوو زاراوەیە لای خوێنەر بە شێوەی (نائامادەی/ئامادە)ی خەیاڵ لەوێوە دێت کە خەیاڵکردنی خوێنەر بەر لە گەیشتن بە وێنەی شیعری (بابەت) لە بنەڕەتدا نائامادەیەو لە گەیشتنی بە بابەتەوە ئامادەیی خۆی دەنوێنێت، وەك گوتمان هەر لەوێشەوە دەشێ ئامادەیی لە بونیادنان و پرۆسەی داهێنان بکات، واتە دەشێ ئەو ئامادەییەی خوێنەر لەڕێگەی بابەتەوە راڤەکردن و لێکدانەوەی جیاوازو هەمەرەنگی لێبکەوێتەوە کە بەشێکە لە داهێنانی پرۆسەی خوێندنەوە، لە یەکەمیان ئەوە توانای خەیاڵە شیعر بەرهەم دێنێت، لە دووەمیان ئەوە ئامادەگی جیدییانەی خوێنەرە لەڕێگەی وێنەی داهێنراوی شیعری (بابەت) خوێنەر بەرەو خەیاڵ دەکاتەوە.

لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ لە بارەی خەیاڵی شاعیرەوە لەو رستەیە نزیك بکەوینەوە کە دەڵێت: وێنەی شیعری ناسنامەیەکی دینامیکی تایبەت بەخۆی هەیەو راستەوخۆ بە ئەنتۆلۆژیای حاڵەتی نووسینەوە بەندە، بەڵام ئەگەر خودی ئەو رستەیە بۆ خەیاڵی خوێنەر تەرجەمە بکەین دەبێ لەڕێگەی (برگسۆن)ەوە بە چەمکی (دەرککردن) و (تەعبیرکردن)ەوە پەیوەستی بکەین.□□□□□□□□□□□□□□ واتە خوێنەر چۆن وێنەکان دەرك دەکات، یان چۆن لەڕێگەی هەستەکانەوە تەعبیریان لێدەکات، دواتر ئایا ئامادەیی خوێنەر لە پرۆسەی دەرککردن و تەعبیرکردن چەند دەتوانێت وەك داهێنەر لەڕێگەی

---

§§§§§§§§§§§§§ برجسون بڕوای بە دوو جۆر لە وێنەی شیعری هەیە، یەکەمیان ئەو وێنەیەیە کە بە دەرەککردنەوە بەندە، دووەمیان ئەوەیە کە لە رێگەی هەستەکانەوە تەعبیری لێدەکرێت. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: جاکوب كورك، اللغة في الادب الحديث، ترجمة: ليون يوسف و عزيز عمانويل، دار المأمون، بغداد.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

خەیاڵەوە بەشداری لە داهێنان و چەندان دەرککردن و تەعبیرکردنی دیکەی جیاواز بکات؟

## وێنەی شیعری

## لەنێوان تەعبیرکردن و دەرککردندا

وەك گوتمان ئەنتۆلۆژیای داهێنان بە نیسبەت کەسی نامۆ لای (هیگل) بریتییە لە جیابوونەوەی هوشیاری لە خود-و بوونی بە شتێك، هەڵبەتە ئەو شتە دواجار لە رۆحدا بەرجەستە دەبێت و ماهیەتی رۆحیش لای ئەو ئازادییە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەگەر لەو قەسیدەیەدا قسە لە وێنەی شیعری بکەین دەبێ بە رۆحەوە پەیوەستی بکەین، بەلاَم نەك بەو مانایەی کە وێنەی شیعری وەك شتێك یان ئەلتەرناتیفی شتێك سەیر بکەین، بەڵکو دەبێ بۆ بەدواداگەڕانی حەقیقەتی وێنەی شیعری هەوڵبدەین تایبەتمەندییەکانی وێنە دراسە بکەین. دەمەوێت بڵێم کاتێك خوێنەر بە وێنەی شیعری دەگات دەبێ هەوڵبدات ئاوێتەی خودی وێنەکان و تایبەتمەندییەکانی بێت، نەك پێیوابێت دۆزینەوەی (خود) و (بابەت) بەرەو تایبەتمەندییەکانی وێنەی دەکاتەوە، چونکە وەك (باشلار) دەڵێت: دوالیزمییەتی خود و بابەت لەسەر ئاستی وێنەی شیعری یەك رەهەندی نییە، بەڵکو هەمەجۆر خۆی نیشان دەدات و بێ وەستانیش پڕشنگی لەپڕو چالاکانەیان لە گواستنەوەی وێنەکاندا دەدرەوشێتەوە. کەواتە ئەو وێنە شیعرییەی لەڕێگەی خودەوە دراسە دەکرێت ناشێ هەر تەنها لەو رێگەیەشەوە تێیبگەین، هەروەك چۆن ئاسان نییە کردەی گواستنەوە لە خەیاڵی شیعرییەوە بۆ وێنەی شیعری لەو وردەکارییە هەمەرەنگەی پڕشنگەکان بکەینەوە، کۆی ئەو قسەکردنەش لەوێوە دێت کە وێنەی شیعری لای (باشلار) پێش بیرکردنەوە دەکەوێت، هەر بەجۆرەش دەگەینەوە (هیگل) بەوەی کە شیعر

دیاردەگەرایی ڕۆحەو ئەوەی کە شیعر پێویستی پێیەتی درەوشانەوەی ڕۆحە.***************

ئەگەر بمانەوێت لەسەر ئەو بنەمایە قسە لە قەسیدەکەی (هەندرێن) بکەین، بۆ ئەو قسەکردنەش هەر دوو چەمکی (تەعبیرکردن) و (دەرککردن) وەرگرین، دەبینین چەمکی تەعبیرکردن زێتر خۆی لە تیشکۆی شوێن/یادەوەری هەڵدەگرێتەوە، وەك چۆن دەرککردن دەکەوێتە نێوان (من/تاراوگە)، بەڵام بەر لەوەی ئەو دوو جۆرە تێگەیشتنە زێتر روون بکەینەوە پێویستە لە خستنە رووی قەسیدەی (لە تەوتەمی کارمامزەکانی قەندیلەوە) ئاماژە بەو ئەستێرانە بدەین کە شاعیر قەسیدەکەی لە (11) پارچەدا پێ جیا کردۆتەوە، کۆی ئەو جیاکردنەوانەش دەکەونە نێوان هەر دوو زاراوەی (لەوێمە/لێرەم) سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی نێوانییان پەیوەندییەکی (مەکانی/زەمانی)یە، بەڵام بۆ پشت راستکردنەوەی زێتر بە شێوەیەکی گشتی بەر لەوەی قسە لەو قەسیدەی (هەندرێن) بکەین، دەبێ بە خوێنەری رابگەیەنین کە قەسیدەی ناوبراو لە کۆتایی (2007) لە شاری ستۆکهۆڵم/سوید نووسراوە، ئەو زانیارییە ئەگەرچی لە کۆتایی قەسیدەدا هەیە، بەڵام درکاندنی پێشوەختانە لە لایەك زاراوەی (لەوێمە) و (لێرەم) وەك شوێن زێتر ئاشکرا دەکات، لە لایەکی دیکە بۆ ئەوەیە پەیوەندی (من) و (شوێن) لە رووی زەمەنییەوە وەك هۆکارێکی سەرەکی خۆدۆزینەوەو نامۆیی بەرجەستە بکەین، وەك قەسیدەکە ئاشکرای دەکات کۆی ئەو پەیوەندییەش لەڕێگەی (من)ەوە بەرێوە دەچێت.

(1)

بە شێوەیەکی گشتی ئێرەو ئەوێ لەو قەسیدەیەدا چ وەك شوێن، چ وەك زەمەن وەك گوتمان لەڕێگەی (من)ەوە دیاری دەکرێت، واتە لەو پەیوەندییە جەدەلییەی نێوان من و زەمەن، من و شوێن، شاعیر وەك مرۆڤێك (لەوێ-بە نسبەت ئێرەی خوێنەر) لەڕێگەی

---

*************** باشلار، جماليات المكان، هـ.س.پ

(خەیاڵی شیعریی)ەوە دەجولێت، خودی ئەو (وجودە جولاوە)ش بە یادەوەرییەوە بەند دەکات:

**لەوێمە،**

**تەوتەمی یادەوەرییم،**

**ماتەمینی دەنوێنیێ.**

**پەنجەرەی نامۆیی لە گیانم دەبنەوە.**

**چاوێکم بە دوای شوێن راماوەو**

**پەرتبوونێك كۆ دەكەمەوە:**

**كانیلەی یادەوەریی چیایەكانت لێهەڵدەقوولێ.**

بێگومان ئاوێتە بوونی هەر دوو زاراوەی (یادەوەری) و (نامۆیی) وەك تەعبیركردن دەكەوێتە چوارچێوەی شوێنەوە، وەك چۆن دەشێ لە دەرككردنی رستەی سێیەمەوە بە جۆرێك لە جۆرەكان چەمكی نامۆیی بە زەمەنیشەوە بەند بكەین، بەڵام وەك گوتمان چونكە (ئێرە)ی شاعیر وەك شوێن دەلالەت لە شوێنی نووسینی قەسیدەكە دەكات، ئەوە (ئەوێ) كە پەرەگرافی یەكەمی پێدەكاتەوە وەك شوێن بە نیشتمانەوە بەندە. لە لایەكی دیكە دەشێ ئەو (ئێرە)یەی نووسینی قەسیدەكە راستەوخۆ لەرێگەی پەیامە تایبەتیەكەی شاعیرەوە وەدەست بهێنین، بۆ ئەو مەبەستەش ئەگەر دوای زاراوەی (پەرتبوون) بكەوین، دەبینین زێتر ونبوونێكی مەكانییە، بەڵام زاراوەی نامۆیی زێتر دەلالییە.

شاعیر لەو پەرتبوونەوە پێمان دەڵێت رەچەلەكی من لە ماتەمینی چیاكانەوەیە، ئەو حاڵەتەش راستەوخۆ بە یادەوەرییەكانەوە پشت راست دەكاتەوە، وەك چۆن (پەرتبوون-ونبوون)ەكەش دواجار نامۆیی رابەرایەتی دەكات، یان دەشێ بە جۆرێكی دیكە بڵێین لە

بەدواداچوونی یادەوەرییەوە، نامۆیی بەرجەستە دەبێت. کەواتە ئەوە نامۆیی (ئێرە)ی نووسینە (ئەویٚ) دەخاتە خانەی یادەوەرییەکانەوە.

بەجۆرە شاعیر دەکەوێتە بەر تیشکۆی شوێن و ئەو هێز و وزەیەی کە لە تیشکۆی شوێنەوە بەری دەکەوێت وەك زەمەن لە ئێستای شوێنی نووسینی دادەبڕێت و لەڕێگەی یادەوەرییەوە بەرەو دوێنێی دەباتەوە، دەشیٚ دوا رستەی ئەو کۆپلەیە (کانیلەی یادەوەری چیاکانت لێهەڵدەقوڵیٚ) وەك دەرککردنی سۆزی گەڕانەوە بۆ نیشتمان، وەستانێکمان لا درووست بکات، لەو وەستانەدا بردنەوەی رەچەلەکی دوێنیٚ بۆ ماتەمینی وەك شوێن بە (چیا)کانەوە پەیوەست دەبێت و بردنەوەی پەرتبوون بۆ تاراوگە وەك شوێن/کات بە نامۆییەوە دەلکێت.

(2)

لێرەم و زەناکانی ئەویش بەناو پەراسووەکانم وەربووە.
نە مانگی سەرگەردان لە "**دۆڵی شەهیدان**"،
نە نیگای کازیوەی بێدەنگیم،
دیرۆکی دەستنووسی سەر کەزی **کیژانی گەریلا** دەهۆننەوەو
نە هەتاوی ئەو هەرێمە درەنگەش،
تەمی زمانی کوڕانی گەریلا دەڕەوێننەوە.
کتێبی یادەوەریی منە:
چاوی ئەو چیایە لە تراویلکانە.

لە پەرەگرافی دووەم هەر لە رستەی یەکەمەوە دەشیٚ وەك زەمەن قسە لە یەکنزیکردنەوەی (ئێرە)و (ئەویٚ) بکەین، ئەو لێکنزیکبوونەوەیەش لە بەدوادایەکداهاتنی مانگ و کازیوە هەڵگرینەوە، فاسیلەی نێوان (مانگ) و (کازیوە) لەو کۆپلەیەدا پرسێکە دەکەوێتە نێوان (سەرگەردان)ی نیشتیمان و

(بێدەنگی)تاراوگەوە، ئەگەر مانگی سەرگەردان بە (دۆڵی شەهیدان) و دۆڵی شەهیدان لەرێگەی وشەی دۆڵەوە بە (کیژانی گەریلاوە) بەند بکەین، ئەوە رستەی (نیگای کازیوەی بێدەنگیم) دەشێ دەلالەتی پرسی شاعیری لەخۆدا هەڵگرتبێت، پرسێك کە یادەوەری دەیهێنێ و دەکەوێتە نێوان (سەرگەردانی) و (دۆڵی شەهیدان)، ئەو پرسە دەشێ پرسێك بێت بکەوێتە نێوان کیژانی گەریلاو ترادیسیۆنی کۆمەڵگەوە...بەڵام دواجار بێدەنگی شاعیر (وەك پرس) هەر لەنێوان مانگ و کازیوەدا قەتیس نابێت، بەڵکو کازیوە تێدەپەڕێنێ و بەرەو هەتاو دەڕوا، بەڵام بەر لەوەی قسە لەو بەدوایەکداچوونە بکەین دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە پرسی شاعیر وەك شوێن لە ناوهێنانی (دۆڵی شەهیدان) تەعبیر لە پرسەکانی نیشتمان و ترادیسیۆنی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، بەڵام کازیوەی بێدەنگی و هەتاوی درەنگ وەخت لە رەواندنەوەی تەمی زمانی کوڕانی گەریلا هەڵگری جۆرێکە لە دەرککردن لە بڕوا نەبوونی سێنتەر (هەرێمی شاعیر) بە پەراوێز (نیشتمانی شاعیر) لە دایك دەبێت، بەڵام لەو نێوانەدا بەردەوام سێنتەر لە بەرانبەر زمانی گەریلا شکست دێنێت؟!

کەواتە لەنێوان (دۆڵی شەهیدان) و (هەتاوی هەرێمی درەنگ وەختەدا) پرسی شاعیر وەك زەمەن پرسێکە دەکەوێتە نێوان ئەمڕۆ و دوێنێ، یادەوەری و تاراوگە.. دواجار کۆی ئەو پرسەش لە چاوی چیادا دەرك دەکرێ.

(3)

لێرەمە،

لە چرپەی گوڵێکی کاکتۆسەوە،

بیابانێك لەو ماڵە دەڕسکێ.

پیتەکان کە نابن بە پەیڤ

تنۆك تنۆك تنۆك

بەسەر گەرمایی دەفتەرەکەمدا وشکدەبنەوە.
مالێك لە ئاوێنەی کاتەکان،
شوێنەکەت بە ئاوێنە دەکاتەوە.
هانایەك لە هەنار،
هێورانە پاییزی "**نازەنین**" بە یادتا دێنێتەوە.
بە تامێك لە دووکەڵی چا و
بۆنێك لە هەنگوینی دارەکەی بەر "**بارەگای دەراو**"،
بە یادێك لە تاڵیی چایە داغەکانی "**مەتارە**"ی سەر پشکۆ،
شەکەتیت دەشکێنیی و
وەرزەکان کۆ دەکەیتەوە.
ئاورێك لە تابلۆی رەنگ پیریی سەر رەفە،
شنەیەك بەسەر شوێنپێیەکانی پێشمەرگایەتیت هەڵدەکا.
وەك ئەوەی **عەدەمێك** بانگت بکا،
هەنسکێك لە بەفرە پیرەکانی قەندیلەوە
زایەڵەی پرژاوی ئەم دڵەم دەژەنێ.

لە کۆپلەی سێیەم بە دەستەواژەی (لێرەمە) وەك شوێنی نووسینی قەسیدە مەنفا بە بیر خوێنەر دەهێنێتەوە، مەنفا دەبێتە ئاوێنەبەندی شاعیر و ئیتر کاتێك پیتەکان لەسەرماندا نابنە پەیڤ تنۆك تنۆك بەسەر گەرمای دەفتەری ئەو وشکدەبنەوە، بە مانایەکی دیکە لە گۆشەیەکی تاراوگەدا لەمیانی خەیاڵ بەسەر شیعردا وشکدەبنەوە.

لەو کۆپلەیە ئاماژەکانی خوێندنەوەم لەنێوان ساردو سڕی تاراوگە بە مانای (پەرتبوون) و گەرمای دەروونی شاعیر بە مانای (خەیاڵ) چڕ دەکەمەوە، بەڵام دواجار ئەوە ئاوێنەی ژوورەکانی مەنفا نییە، ئەوە بەفری سپی مەنفا نییە شاعیر بەرەو خۆی کێش دەکات

بەڵكو ئەوە گەرمای دەروونە لەڕێگەی تەعبیركردنی (هانایەك بۆ هەنار) پایزی (نازەنین) و (دوكەڵی چا) و (بارەگای دەوار)... شەكەتی شاعیری تاراوگەنشین دەشكێنیێ، واتە لە بری ئەوەی لە شوێنە بە ئاوێنەبووەكان و چرپەی گوڵی كاكتۆسەوە هەوڵی كۆكردنەوەی پەرتبوونەكانی خۆی بدات و رابردوو لەبیر خۆی بەرێــتەوە و تەمەنی خۆی بە جۆرێكی دیكە رەنگ بكات، لەڕێگەی خەیاڵ یادگارییەكانی تەمەنی كۆ دەكاتەوە.

پرسی منی خوێنەر لەو نێوانەدا بەر لەوەی وەك تەعبیركردن و دەرككردن خۆی لە دوێنیێ و ئەمڕۆ قەتیس بكات، هەوڵدەدات لە نامۆبوون و خۆدۆزینەوەدا بێتە ناوەوە، ئەگەر وەك گوتمان نامۆبوون لە هەستی تاراوگەبوونەوە بەرجەستە بێت (پیتەكان نەبن بە پەیڤ)، ئەوە خۆدۆزینەوە پەیوەندی بە سۆزی نیشتمانەوە هەیە (لەسەر رەفە ئەرشیفیكراوە).

دواجار هەر لەو كۆپلەیەو لەڕێگەی شنەبایەكەوە پێمان دەڵێت: تەمەنی من لەنێوان شوێن و بەرگریكردن لە شوێن، لەنێوان قەندیل و پێشمەرگایەتی عەدەمێكە، عەدەمێك ئێستا ئەو دڵەم دەژەنیێ.

(4)

لەوێوە،

رووبارە هەڵچووەكەی **"پشت ئاشان"**،

بەناو جەستەما رادەكا.

بۆن نانێكی برژاوی **"سوورە دێ"** و

كەوزەی بەر كانییەكەی **"بۆڵێ"**،

پەرتبوونێك لە بوونتدایە:

**ئاخاوتنت لە دووڕیانی تاراوگەیە.**

لە پەرەگرافی چوارەمدا بە دەستەواژەی (لەوێوە) وەك شوێن لەڕێگەی یادەوەرییەکانەوە دووبارە نیشتمان: پشت ئاشان، سوورە دێ، بۆڵێ... تەی دەکاتەوە، بەڵام کۆی ئەو یادەوەرییانەش بایی ئەوە ناکەن کە پەرتبوونی شاعیر بڕەوێنێتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ بڵێین ئامادەیی نیشتمانیش دواتر لەو عەددەمە بەدەر نییە کە لە کۆپلەی پێشوو قسەمان لێکرد، بە مانایەکی دیکە وەك لە دوا دێری ئەو کۆپلەیە دەردەکەوێت کۆی ئەو پەرتبوونانەی (هەندرێن) راستەوخۆ پەیوەندییان بە دووڕیانی تاراوگە دایە، دووڕیانی تاراوگە دەلالەتی ئێستا و دوێنێی هەڵگرتووە، گەڕانەوەو نەگەڕانەوە... تەعبیر لە حاڵەتی بەردەوامی نامۆیی و خۆدۆزینەوە دەکات، ئەو هەستە وەك شێوەیەك لە شێوەکانی (بوون) لەو دووڕیانە ئامادەیی هەیە، بەڵام بوونێك سەرێکی لە پەرتبوونی تاراوگە دەردەکەوێت و سەرێکی دیکەی لە یادگارەکانی تەمەن.

(5)

لەوێوە هەرێمێك بە ناوما رادەسێ،
هەورێك لە دەنگما تلدەبێتەوە.
بارانێك لە بوونتەوەیە دادەکا.
چرپەیەك لە رەوەزەکانی دڵت دەزرینگێتەوە
هەنجیرێك ڕاڕەوی بیرهاتنەکان ئاوەدان دەکاتەوە:
چیایەکان لە بن مانگدا دەدرەوشێنەوە.

کۆپلەی پێنجەم دەشێ وەك شوێن درێژکراوەی کۆپلەی چوارەم بێت، ئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان لەو جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە لەو کۆپلەیەدا وازهێنان لەخۆ وەك یەکێك لە خەسڵەتە هەر دیارەکانی نامۆبوون دەرك دەکرێت، ئەو ئیحساس داماڵینە لە خود و خۆدانە پاڵ چیاکان ئەگەرچی لە رووە پۆزەتیفەکەی کردەیەکی ویستخوازانە و قوربانیدانی تاکە لە پێناو بەرژەوەندیە گشتییەکانی کۆمەڵگە، بەڵام لە روو

نێگەتیفەکەی لە دەستدانی هاوگونجانی و بە پاشکۆکردنی خودی لێدەکەوێتەوە، هەمیشە لە کردەی بە پاشکۆکردنی خود جۆرێك لە پەرگیری ئامادەیە، پەڕگیریش لە توندوتیژی بەدەر نییە.

(6)

لێرەمە،

**شارێك** لەسەر سنگی شەو خەو دەبیاتەوە.

تۆش وەك ئەوەی خۆم بیت و

خەریکە سێبووری بێخەویی و

فوارەی لاسکی گوڵێکی ئاو نەدراو لە دڵما،

دەدەیتەوە.

**پچڕانێك**

لەنێوان ئەویّ و ئێرەدا دەملەڕێنێتەوە.

وەك سێبەر،

بە بەرۆکی چیاکانەوە شۆڕ دەبێتەوە.

مامزەکان بە پرمەکانییانەوە،

هەروەك یادەوەریی تاگرتووی من،

بە تتتەو...و تتەم..م..گڕ

ڕرکانییی گررریانی گگرتبیّ.یّ یّ

بەناو ڕاڕەوی سەفەرەکانی من دەرڕەونەوەە.

لەسەر ڕانی بناریّ،

ناڵەی شوانێك لە بارەی ڕانە مەڕێکدا

دەنگگدەددداتەوەە..

**گیاندانی "ئایشێ" لەسەر دووگوردێکی گیایی**

دووکەڵێك بە دوای قاچی بڕاوی بایێ.

وەك هەرەسی بەفرەکەی سەر شانی "ئاشقۆڵکە"،

لەو دیوی دڵم،

لەمدیوی دەنگم، لەو سەری بینیایی منا:

ئەم بوونە، دەلەڕێێێتەوەەە.

ئەو کۆپلەیە بە وشەی (لێرەمە) مەنفا دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەیەك، لێپرسینەوەیەك کە تەعبیر لە بێداری و بێ نەوایی کەسی مەنفیکراو دەکات، بەوەی کە شارێك لەسەر سینگی خەو دەیباتەوە، ئەویش بێدارە!!

بەڵام لێرەدا وەك دەرککردن بێخەوی شاعیر پەیوەندی بە شوێنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پرسێکی تراژیدییەوەیە، پرسێك کە شاعیر لەنێوان ئێرەو ئەوێ دەهێنێ و دەبات، دەشێ ئەو پرسە وەك چۆن پرسێکی مرۆییە، پرسێکی وجودیش بێت!

لە قەسیدەکەدا راناوی (ئەو) وەك راوەنراوو بە پەراوێزکراوو نامۆیەك خۆی لەو رستە شیعرییەدا هەڵدەگرێتەوە، کە دەڵێت: (تۆش وەك ئەوەی خۆت بیت و خەریکە سێبووری بێخەویی و فوارەی وەرینی لاسکی گوڵێکی ئاو نەدراو لە دڵما، دەدەیتەوە) لەو رستەیەدا ئەگەر (تۆ) ئەو بەشەی (هەندرێن) بێت کە دەکەوێتە نیشتمان، ئەوە (م)ی راناوی لکاوی وشەی (لە دڵما) دەبێتە بەشەکەی دیکەی نێو مەنفا، کەواتە ئەو رستەیە پرسێك ئاراستە دەکات کە هەستێکی تراژیدی دەخاتە نێوان ئێرەو ئەوێ.

بەمجۆرە بێداربوونی (من)ی تاراوگەنشین لە بەرانبەر تاراوگە هەر تەنها پەیوەندی بە تراژیدیای شوێن وەك جوگرافیا و زەمەن وەك مێژوو نییە، بەڵکو وەك ئەخلاق جۆرێکە لە پرسی منی تاراوگەنشین و منی نشتیماپەروەر. ئەو هەستەش لەڕێگەی ئاماژەکردنی بۆمبا بارانکردنی نیشتمان بە چەکی خۆرئاوا لە قەسیدەکەدا بەرجەستەتر خۆی دەنوێنێ،

دەشێ هەر لەو تەماشاکردنەی شاعیر بۆ خۆرئاوا ئاماژە بە جۆرێکی دیکەی نامۆبوون بکەین، چونکە هەر ئەو پرسەیە بۆ خۆی دەبێتە فەزایەك بۆ (خۆتاوانبار) کردن، فەزایەك کە لە دژبوونەوەی نێوان (سێنتەر) وەك عیلمانییەکی ستەمکار و نیشتمان وەك پەراوێزێکی ستەمدیدە بەرجەستە دەبێت، هەر ئەو هەستەشە بەردەوام بیری گەڕانەوەو چاوەڕانی گەڕانەوە لای (هەندرێن) سەوز دەکاتەوە، بەو مانایەش دەشێ پرسی (هەندرێن) راستەوخۆ پرسی مرۆڤێك بێت کە چەوسانەوە بە هەموو ماناکانییەوە رەتدەکاتەوە، بۆیە دواجار ئەو پرسە وەك لەو قەسیدەیە دەردەکەوێت رووبەرووی نیشتمانیش دەکرێتەوە!

بەمجۆرە دەگەینە ئەوەی کە پرسی (هەندرێن) هەر تەنها پرسی گەڕانەوەو نەگەڕانەوە نییە، بەڵکو پرسە لە بەرانبەر مرۆڤ و چەوسانەوە، مرۆڤ و شوێن، مرۆڤ و مێژوو:

**گیاندانی "ئایشێ" لەسەر دووگوردێکی گیایی**

**دووکەڵێك بە دوای قاچی براوی بابێ.**

(7)

لێرەم و لەوێش بووم،

بایەکیش دەمنادەم کە رێگا وێڵدەکا،

گەڵا بە گەڵای درەختە تەنیاکەی ئەو دیوی پەنجەرەو

تەمی رامانی سەر پێڵوەکانم،

بە چەپۆکەکانی دەفڕێنێ.

لەو کۆپلەیەدا بە (لێرەو لەوێش بووم) پرسی کۆپلەی پێشوو درێژ دەکاتەوەو بە پرسی دووڕیانی تاراوگەی دەلکێنێت، لە پرسی دووڕیانی تاراوگە لەو قەسیدەیەدا (هەندرێن) نیشانەکانی شیزۆفرینیای لێدەردەکەوێت، بە مانایەکی دیکە دەمەوێت بڵێم دواجار ئەو قەسیدەیە لە (نائامادەیی) منی تاراوگەنشین و (ئامادەیی) منی یادەوەرییەکان دێتە بەرهەم، بەڵام ئەگەر نائامادەیی منی تاراوگەنشین لەڕێگەی نامۆبوونەوە بەرەو خەیاڵمان

بەرێت، ئەوە ئامادەیی منی یادگارییەکان لە وێنەگرتنی نەزۆکانە و تەعبیرکردنێك کە ئەگەر مەسەلە تراژیدییەکانی لێدەربکەیت زۆر سادە و فۆتۆگرافیانە دەکەونەوە لەوە زێتر شتێکی دیکەمان بۆ دووبارە ناکاتەوە، دەمەوێت بڵێم بەرهەمهێنانی ئەو قەسیدەیە هێندەی پەیوەندی بە خەیاڵی جێگیرنەبووی تاراوگەوە هەیە، هێندە رۆڵی دڵنیایی یادەوەرییەکانی تێدا ونە. هێندە دەرککردن رۆڵی تێدا دەبینێ، هێندە تەعبیرکردن سادە دەکەوێتەوە. بەو مانایەش ئەوەی (هەندرێن) لە نووسینەوەی ئەو قەسیدەیە پێی دەژی خەیاڵی داهێنەرانەیە، نەك ئەو یادەوەرییە نەزۆکانەی دەکەونە نێوان (هەندرێن) تاراوگە.

(8)

لەوێوە،

گوێزە برژاوەکانی بنارە سووتەمەڕۆکەی ئەوبەری بارەگاو

بەفرە باریوەکان بەسەر رامانی سپێدە زووەکانی زستانی "پشت ئاشان"

دەتکەنە شەبەنگی شوێنەکان.

تەوتەمی مامزەکان دەنووسێتەوە:

زیندەخەوێکی سەر هەیوانی ئەم تاراوگەیە.

ئەو کۆپلەیە بە وشەی (لەوێوە)، رۆحی (هەندرێن) وەك کەسێکی گەڕاوە بۆ نیشتمان بە خەیاڵی شیعرییەوە دەلکێنێ و لەوێشەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی یادەوەرییە تراژیدییەکانی پێشمەرگایەتی نوێ دەکاتەوە. لەو کۆپلەیەدا رۆحی هەندرێن شەبەنگی شوێنەکانەو بە ئازادی لەنێوان نووسینەوەی تەوتەمی مامزەکان و زیندە خەونی تاراوگە دێت و دەچێت، هەر لەوێشەوە نیشتمان وەك تراژیدیا، زیندەخەونی تاراوگە لەخۆ دەگرێت.

(9)

لەوێوە، چیایەك لە چاوی تاراوگەدا هەڵدەچێ.

لێرەوە،

ئەو دەمەی ئەستێرەی کاروانکوژە

بەناو بوولێڵی یادەوەریم وێڵدەبێ.

هەتاوێك بەسەر "**کونە کۆتر**"دا پەرکەم دەیگرێ،

چرینێك لە گەواڵە،

قەف قەفی لۆچەکانی سەر روومەتی ترۆپك و

چین چینی سێبەری سەر رەزی ترێی بن بەفری قەدپاڵێ،

وەك هەنگی پەیقە لێچرژاوەکانی دەنگی من،

بەرەو بوون

گێژژژ دەخۆن.

ئەوەتا ئەم دڵەم لە چیایە،

وەك چلوورە،

بە ئاسمانەوە

شۆڕ دەبێتەوەەە.

مانگێکی منداڵ لە قەدی کەزی کیژانا رازاوە.

رووبارێکی هۆڕەکردوو بەسەر برینی کەناریا:

**بێ ماڵیی دیرۆکیی ئێمە دەلاوێنێتەوە.**

لەو کۆپلەیە دووبارە بە وشەی (لەوێوە) دێتە ناوەوە، بەڵام ئەو جارەیان نیشتمان بەرانبەر تاراوگە و تاراوگە بەرانبەر نیشتمان دەکاتەوە. لەو تەعبیرکردنە دەمەوێت بڵێم هەندرێن لە گەڕانەوە بۆ نیشتمان هەوڵدەدات هەستی بەریەککەوتنی (جیهان وەك ماڵ) و (تاك ماڵی) دەرك بکات، دەیەوێت لە وشەی (لێرەوە) لەڕێگەی یادەوەرییەکانی وەك زەمەن بەرەو (بوون) بێتەوە، بەڵام شوێن لەو کۆپلەیەدا بە چەمکە سروشتییەکەیەوە بەندە، بەجۆرە بێ ماڵی دەبێتە مێژووی ئەو ماڵە، ئەگەر بەشێك لەو بێ ماڵییەی

(هەندرێن) بەشێك بێت لە نامۆیی ئەو بە شوێن، ئەوە بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە ئازادبوونی رۆحدا هەیە!

(10)

لەوێوە بۆ ئێرە،
وەك پەیڤینێك لەنێوان بنارو پێدەشتی تەنیاییەك،
بە ناوما گەشت دەکەن.
تاسەیەك دەمزررینگێنێتەوە.
مێژوویەك لە ماڵی ئەم چیایە مێوانە،
چیایەك لە ماڵێکی تالآنکراو،
لە بچمی سۆزانیی جیهانێك دەڕوانیّ.
"**فرۆکەوان**"ێك لە وڕێنەی گرمەکان،
"**عیلمانییەکی نەخۆش**" **لە** "**جەنەڕاڵ**"،
بەسەر **چیاکانەوە** دەرشێنننەوەەە.
ئەو دەمە
قەندیل بەرزتر، راساوتر:
چاوی جیهان دەتەنێتەوەەە.

ئەو پەرەگرافە بە دەستەواژەی (لەوێوە بۆ ئێرە) یان تێکەڵبوونی شوێنەکان دەست پێدەکات، هەر لەوێشەوە دەلالەتی بیّ شوێنی تۆختر دەکاتەوە، وەك چۆن شەبەنگبوونی هەندرێنیش لەو بیّ شوێنیە راساوتر چاوی جیهان دەتەنێتەوە.

دواجار لەو گەڕانەوەیەدا مێژووی ماڵێك دەبینیّ کە هەتا ئێستا غەرقی ستەم و بێحورمەتکردن و بێنرخکردنی مرۆڤە، بۆیە لە بری ئەوەی ماڵ بێتە میتافۆری دڵنیایی و پشوودان، دەبێتە شوێنی گومان و هەستکردن بە نامۆیی، بەو مانایەش هەندرێن وەك

شوێن بە مانا سروشتییەکەی بەردەوام نامۆ دەکەوێتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پرسی (هەندرێن) لە بەرانبەر عیلمانییە نەخۆشەکەی خۆرئاوا کە بەسەر چیاکانی نیشتمانەکەی دەڕشێتەوە هێندەی پرسی رۆحێکی ئازادە، ئەوەندە نەتەوەخوازانە نییە. وەك چۆن گەڕانەوەی بۆ زادگا ئەوەندەی گەڕانەوەیە بۆ سروشت ئەوەندە گەڕانەوە نییە بۆ نیشتمان، دواجار ئەو پرسە هەر تەنها ئاراستەی زادگا ناکرێت، بەڵکو بەرانبەر تاراوگەش دەکرێتەوە.

(11)

لێرەڕا لەوێڕا

تەوتەمی مامزەکانی ڕاڕەوەکانی ناو دەنگی من،

وەك زەنای تەمەنی پێشمەرگایەتیی و

چرپەی بیرهاتنەوەکانی من،

زەنگیانەی رەنگینی خەناوکەیەکی پچڕاوی پاییزان،

بە گەردەنی شاخەکانەوە ئالأوە.

لێرەوەەە لەوێوەەە

غەوارەیی بوونیی من:

ئاوەداااان دەکەنەوە.

دووبارە لەو کۆپلەیەشدا دەستەواژەی (لێرەرا-لەوێرا) یان تێکەڵبوونی شوێنەکان درێژ دەبێتەوە، ئیتر تەمەنی پێشمەرگایەتی کە بە گەردنی شاخەکانەوە نووساوە چیتر وەك شوێن (هەندرێن) لەخۆ ناگرن، بۆیە هەم (لێرە)و هەم (لەویٚ) تەنها دەتوانێت غەوارەبوونی خۆی ئاوەدان بکاتەوە، کەواتە غەوارەبوونی (هەندرێن) تووڕەبوونێکی فرە رەهەندەو هەموو شوێنەکان بە ناشوێنەوە پەیوەست دەکات، بە دیوەکەی دیکەش لەگەڵ خود و دنیا و دەورووبەر دەکەوێتە پەیوەندییەکی سادۆماسۆشییەوە، بۆیە کاتێك

تەسلیمی دۆخە سایکۆلۆژییەکەی دەبێت بۆ ئەوەی بڵێ (هەم) دەبێتە پاشکۆی یادەوەرییەکانی و سۆزی بۆ نیشتمانی دەجولێت، بەڵام کاتێك لە پرسی گەڕانەوەدا، ماڵ لە پرۆسەی کوشتنی دانەبڕاودا دەبینێت ئیتر ناتوانێت هەڵبکات ئاڵای عەدەمییەت بەرز دەکاتەوە، لەو عەدەمەوە هەوڵی درووستکردنی فەزایەکی شیعری و رۆحێکی ئازادی تێدا دەجولێت، فەزایەك کەتێکەڵە لە رەگەزەکانی پەرتبوون و کۆکردنەوە، نامۆیی و خۆدۆزینەوە.

بەجۆرە تاراوگە بوونی هەندرێن لە سزادانێکی سیاسییەوە بەرەو چەندان سزادانی دیکەی جیاوازی دەبێتەوە، وەك چۆن لە تێکچوونی پەیوەندی بە شوێنی یەکەمەوە دووچاری چەندان تێکچوونی دیکەی شوێن دەبێتەوە، لە کۆچی یەکەمەوە بەرەو چەندان کۆچی جیاواز....

دواجار لەمیانی ئەو قەسیدەیەوە وەك چۆن جێگیرنەبوونی (بوون)، لەرێگەی رۆحی ئازادو خەیاڵی شیعری بەرجەستەیە، بە هەمان شێوەش تێکەڵبوونی شوێنەکان لە میتافۆری تاك ماڵییەوە بەرەو جیهان وەك ماڵمان دەکاتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەتوانین بڵێین ئەو قەسیدەیە وەك جیهانبینینی لە جوڵەو گەڕان و گۆڕاندا خۆی دەدۆزێتەوە، وەك چۆن لەرێگەی خەیاڵ و یادەوەریدا (نەبوون)ی خۆی بە شیعرییەتەوە پەیوەست دەکات.

# بەشی سێیەم

- ڕاڤەکردن و تێگەیشتن لەنێوان هیرمینۆتیکاو فەلسەفەدا.

-تێگەیشتنی دەق/ دەسەڵاتی خوێنەر.

-دەقگەرایی/ خوێنەرگەرایی.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

- داهێنان... بوونی رەسەن/بوونی نارەسەن.
- دەرنەکەوتنی "بوون"ی رەسەن، دەرکەوتنی خوێنەری "نموونەیی".
- دەرکەوتنی "عەدەم"ی وێناکراو، دەرنەکەوتنی خوێنەری "عەدەمی"
- ئیستێتیکای وەرگر لە پێناو تەئویلکردنێکی نوێی دەقی ئەدەبی.
- زمانی شیعریی، زمانی سینەمایی.

## ڕاڤەکردن و تێگەیشتن
## لەنێوان هیرمینۆتیکاو فەلسەفەدا

"تێگەیشتن فۆرمێکە لە فۆرمەکانی بوون"

(هایدگەر)

**ئەگەر بەشێوە باوەکەی هەموو لێکچوونێکی مەعریفەو بابەت، حەقیقەت بنوێنێ. ئەوە چەمکی نوێ پێیوایە حەقیقەت: ڕاڤەو لێکدانەوەی ڕووداوەکانە و مەرج نییە تێگەیشتن و بابەت لەگەڵ یەکدا کۆك بێتەوە. واتە خود هەمان وێنەی ئەو شتە نییە کە دەیخاتە ڕوو... لە ڕوانینی هاوچەرخدا نە خود پێدراوێکی پێش بابەتە، نە بابەتیش پێدراوێکی پێش خودە. بەڵکو لەنێوان خود و بابەتی زانراو ئاڵوگۆڕی بەردەوام هەیە. کەواتە حەقیقەت بە موڵك ناکرێت، وەك چۆن بابەتێك نییە خود حوکمی بەسەردا بدات، بە هەمان شێوە وەرگیراویش نییە، حەقیقەت واقیع و ڕووداوە.**

بە نیسبەت (سپینۆزا) حەقیقەت کۆی ئەو مانایانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ نووسەر لەدایك دەبێت، نەك لەگەڵ ڕاڤەکار و بارودۆخی مێژوویی ڕاڤەکردن. واتە وەك بابەتێکی

حەقیقی بە خودی نووسەرەوە دەلکێت و دەکەوێتە دەرەوەی خودی راڤەکارەوە. بەلاّم حەقیقەت لای (هایدگەر) لەگەڵ نیازی نووسەر یەك نیە، وەك چۆن ناکەوێتە نێو دەق و پێشتر بەسەر دەقەوە فەرز نەکراوە، بەڵکو حەقیقەت بە مانا ئەنتۆلۆژییەکەی هەمە لایەنە، نە پێش راڤەکردن دەکەوێت و نە دەکەوێتە دوای راڤەکردنەوە، لەسەر ئەو بنەڕەتەش هایدگەر سێ رەگەز بۆ راڤەکردن دەست نیشان دەکات (دانەر-دەق-راڤەکار) هەر سێکیشیان دەکەونە نێو حەقیقەتەوە.

(گادامێر) پێیوایە حەقیقەت لە کاری هونەریدا لەمیانی ناوەندێکی سەربەخۆدا دەردەکەوێت، ئەو ناوەندەش فۆرمە کە هونەرمەند لەمیانییەوە دەتوانێت ئەزموونی وجودییانەی خۆی بەرەو پێدراوێکی جێگیر بەرێت. ئەو ناوەندە لەرێگەی دۆزینەوە و ئیبداعەوەیە، هەر لەو خاڵەشەوە حەقیقەت و میتۆد بەیەك دەگەیەنێت و بە دوو رووی یەك شتیان دەچوێنێت. لای گادامێر ئەوە کەشفیکردنە ماوەی نێوان حەقیقەت و میتۆد رەتدەکاتەوە. وەك چۆن پەیوەندی نێوان راڤەکردن و تێگەیشتنیش بە رەنگدانەوەی ئیشکالییەتی حەقیقەت و میتۆد دەداتە قەڵەم. بە دیوەکەی دیکەش کۆی ئەو پەیوەستبوون و توندییەی نێوانیان وێنەیەکی دیکەی حەقیقەت و میتۆد دەخاتە روو.

## پەیوەندی نێوان راڤەکردن و تێگەیشتن

لەرووی زمانەوانییەوە "تێگەیشتن" بە گەیشتنەوە بەندە، لەسەر بنەمای پێشوازیکردن دیاری دەکرێت. بەو مانایەش تێگەیشتن وەك هێزی فیکری دەردەکەوێت و هاوشانی دەرککردنە. بەلاّم "راڤەکردن" لە پلەی دووەم دێت و شتێکە دەخرێتە سەر تێگەیشتن. جیاوازی نێوان تێگەیشتن و راڤەکردن لای "کلادینیۆس 1710-1754" ئەوەیە کە کاتێك مرۆڤ ناتوانێت لە کارە مێژووییەکان بگات، ئەو کاتە بە راڤەکردنیان هەڵدەسێت،

لێرە تێگەیشتن بنەڕەتە و راڤەکردن چالاکییەکی لاوەکییە. جگە لە تێگەیشتن و راڤەکردن چەمکێکی دیکە خۆی دەنوێنێ ئەویش "لێکدانەوە"یە... لێکدانەوە بۆخۆی بە پەرەپێدانی ئەوەی تێگەیشتن دەیخاتە روو دیاری دەکرێت.

لەگەڵ "دێلتا 1833-1911" تێگەیشتن دیاری کرا، بەو مانایەی کە چالاکییەکی ناوەکییانەی مرۆییەو دەکەوێتە پشت مەیلەکانی ژیان و بەرەو میسالیەت دەچێت. دێلتای سەر بە قوتابخانەی مێژووگەرییەو سەد ساڵ بەر لە "فوکۆ" جیاوازی کردووە لەنێوان "زانستی سروشتی" کە چارەسەری فاکتە هەستییەکان دەکات و پشت بە راڤە کردن دەبەستێت و "زانستی مرۆیی" کە چارەسەری مانا ناوەکییەکان دەکات و بە تێگەیشتنەوە بەندە. بەو مانایە سروشت لێکدەدرێتەوە، بەڵام ژیانی رۆحی دەبێ تێبیگەین. ژیانی رۆحی ئاراستەکەی بەرەو بیرکردنەوەی خودگەراییە و لە دەرەوە بەرەو ناوەوەیە و بە هاوژیانی تەعبیری لێدەکرێت.

تێگەیشتن لە شارەزابوونی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام گەڕانەوە بۆ ژیان بە مانا سۆفییەکەی نا، بەڵکو گەڕانەوە بۆ شارەزابوون.. فەلسەفەی دێلتای پێیوایە مەعریفە لە ئەزموونی ژیان درووست دەبێت لەڕێگەی ئەو تیۆرە فەلسەفە لە گرفتەکانی رۆژانەوە

---

- بڕوانە: کتێبی "الفهم و النص، دراسة في المنهج التأويلي عند شليرماخر و ديلتاي، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الجزائر-الجزائر

زانستە سرووشتییەکان، لەسەرنجدانی شتەکان "بابەتەکان" دەلالەتی بونیادەکانی هەڵدەنێ، زانستە مرۆییەکان دەلالەتەکانیان لە تێگەیشتنی تەعبیرەکان، یان بەبابەتکراوە عەقڵیی رۆحییەکان دایە. یەکەمیان زانستێکی فیزیاییە، بەڵام دووەمیان کردەگەلێکی دیاریکراوە لە ژیانی عەقڵییەوە هەڵدەقوڵێ. لەرێگەی بەڵگەهێنانەوە نایناسین، بەڵکو دەبێ دەرکی پێبکەین.

سەرچاوە دەگرێت، ژیانیش نە لەسەر خودی باڵا و نە لە پێوانەی پێشوو دێتە بەرهەم، □□□□□□□□□□□□□□□□ بەڵکو لە خودی ژیانەوە بونیاد دەنرێت.

تێگەیشتن وەك تیۆر لەلایەن "شلیرماخر 1768-1834" دیاری کراوە و دەکەوێتە سەدەی هەڤدەمەوە. شلیرماخر هەڵوێستێکی کلاسیکیانەی بەرانبەر هیرمینۆتیکا هەیە، پێیوایە دەق لە ناوەندێکی زمانەوانی پێکهاتووەو فیکری دانەر بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. کەواتە لەرووی زمانەوانییەوە ئاماژە بە زمان... لەرووی دەروونیەوە ئاماژە بە خودی داهێنەر دەکات. لای شلیرماخر پەیوەندی ئەو دووانە پەیوەندییەکی جەدەلییە. هەروەها هەر چەندە دەق وەك زەمەن لێمان دوور کەوێتەوە تەمومژاوی خۆی نیشان دەدات و دووچاری بەدحاڵیبوونمان دەکات. بەدتێگەیشتن ئەو کاتە دروست دەبێت کە بەشێوەیەکی ریکوپێك لە دەق ناگەین، جا بۆیە هانا بۆ راڤەکردنی دەبەین، لێرەدا راڤەکردن هونەری دوورکەوتنەوەیە لە بەدتێگەیشتن. بەو مانایە شلیرماخر راڤەکردن پێش تێگەیشتن دەخات، هەر لەوێشەوە بڕوای خۆی بەرانبەر ئیبداعکاری راڤەکردن رادەگەیەنیت، ئەگەرچی کاری ئیبداعی راڤەکار لای شلیرماخر لە بابەتی دەقی زمانییەوە هەڵناقوڵێت وەك لای کلادینیوس دەبینرێت، بەڵکو رەهەندی دەروونی بۆ زیاد دەکات. راڤەکاریش دەبێ هەڵگری دوو بەهرە بێت، یەکەمیان بەهرەی زمانەوانی، دووەم توانای ئەوەی هەبێت بچێتە ناخی داهێنەرەوە. ئەوەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە هەموو دەقێك دوو لایەنی هەیە، لایەنی بابەتی کە ئاماژە بە زمان دەکات و وادەکات کردەی تێگەیشتن ئاسان بکەوێتەوە، لایەنی خودی کە ئاماژە بە دانەر دەکات و لە بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە دەردەکەوێت، هەردووکیشیان ئەزموونی دانەر لەخۆ دەگرن. ئەو دوو لایەنە بابەتی و خودییە یان زمانەوانی و دەروونییە، رێسای بنەڕەتی و شێوازی دیاریکراوی هونەری

---

§§§§§§§§§§§§§§ "الفهم و النص، دراسة في المنهج التأويلي عند شليرماخر و ديلتاي، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الجزائر-الجزائر.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

تەئویلکردن دەستنیشان دەکەن و بەبێ ئەو دووانەش ناتوانین لە بەدحاڵیبوون رزگارمان بێت.****************

شلیرماخر پێیوایە هەموو گیروگرفتەکانی راڤەکردن، تێگەیشتنیش دەگرێتەوە. گادامێر تانە لە چەمکی بەدحاڵیبوون دەدات و دەڵێت: بەدتێگەیشتن بۆخۆی جۆرێکە لە تێگەیشتن، کە لەگەڵ نیازی دانەر یەکناگرێتەوە.††††††††††††††††

تێگەیشتن لەرێگەی گوتراوەکان و ئاگایی مرۆییەوە لەدایك نابێت، بەڵکو لە هەڵقوڵینی شتەکانەوە دێتە بەرهەم، ئەو شتانەی کە بەرەو رووبان دەبینینەوە.. لەو حەقیقەتانەی کە دەرکییان دەکەین... بەلاّم ئایا دەرککردن لە بۆشاییەوەیە؟ وەك هایدگەر دەڵێت مرۆڤ لە وجودییەوە دەبینرێت، لە ماوەی ئەو بوونەدا تێگەیشتنێك بۆ ماهیەتی تەواوی وجودی ئەو مرۆڤە دیاری دەکرێت، بەلاّم ئەو تێگەیشتنە جێگیر نییە، کەواتە بوونی مرۆیی لەمیانی ئەو تێگەیشتنەدا (لە هەمان کاتتدا) کردەیەکی بەردەوامە لە تێگەیشتنی دیاردەکانی بوون، هیرمینۆتیکا لای هایدگەر پرۆسەیەکە لە –تێگەیشتن-ی بوون، تێگەیشتنیش توانای شیاوی دەرککردنی تاکە لە ناوکۆیی ژیانی وجودییانەی لە جیهاندا. بەو مانایەش تێگەیشتن شتێك نییە بە دەستی بهێنین و خاوەندارێتی بکەین، بەڵکو فۆرمێکە لە فۆرمەکانی بوون لە جیهاندا یان رەگەزێکە لە دامەزراندنی ئەو بوونە و لەسەر ئەو بنەمایە تێگەیشتن لەرووی وجودییەوە بنەڕەت و پێشینەیەکی وجودییانەیە. تێگەیشتن لە بۆشاییەوە نایەت، بەڵکو لە تێگەیشتنی بوونەوە دێت، لە مەعریفەی سەرەتایی لە بارەی دەق و جۆرەکەیەوەیە. هایدگەر لەرێگەی دامەزراندنی

---

**************** اشكالية القراءة و اليات التؤيل، نصر حام ابوزيد، المركز الثقافي العربي، ط7.

†††††††††††††††† كادامير، مفهوم الوعي الجمالي في الهيرمنيوتيكا الفلسفة، د. ماهر عبدالحسين حسن، دار التنوير 2009، ط1

وجودی مەعریفییەوە پێیوایە "تێگەیشتن" و "بوون" دوو شتی هاوپەیوەستن یان □□□□□□□□□□□□□□□□ یەکگرتوون.

گادامێر لە دەرەوەی میتۆدەوە هەوڵی تێگەیشتنی زانستی مرۆیی دەدات، چونکە کردەی تێگەیشتن (لە مرۆڤ و زانستی سروشتی) کردەیەکە تەجاوزی چواچێوەی میتۆد دەکات. میتۆد هیچ بەرهەم ناهێنێ ئەوە نەبێ کە بەدوایدا دەگەڕێت، هیچ وەڵام ناداتەوە تەنها ئەو پرسیارانە نەبێت کە خستوویەتە روو.

لای گادامێر هەموو هەوڵ و چالاکییەك بۆ تێگەیشتن ساتەوەختێکی ژیانی خودی کلتور دەگەیەنێت، بە مانایەکی دیکە هەموو کلتورێك تێگەیشتنێکی دیاریکراوی لەخۆدا هەڵگرتووە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن پەیوەندی بە کلتوری دیاریکراوەوە هەیە، کەواتە بەپێی دنیابینی خۆی دەیسازێنێ. بەلأم تێگەیشتن لای گادامێر لە وەرگرتنی نیازی نووسەرەوە هەڵناقوڵێت، نیازی دانەر ئاسۆی تێگەیشتن دیاری ناکات، بەڵکو ئەو ئاسۆیە راڤەکار پڕی دەکاتەوە، راستە راڤەکار شوێنی ناوەندی زمانەوانی پڕ ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ شێوەکانی زمانەوانی مامەڵە دەکات، ئەو فۆرمانەش بەرەو تێگەیشتنی تایبەتمان دەبەن، ئەو تێگەیشتنەش دەکەوێتە دەرەوەی زمانی دەقەوە. بەمجۆرە وەك دەردەکەوێت تێگەیشتن هەمیشە لای ئەو راڤەکردن بووە، راڤەکردنیش هەمیشە رەگەزێکی بونتاتنەری ناوەکییانەی تێگەیشتن بووە، بەیەکەوە لکاندنی ناوەکییانەی تێگەیشتن و راڤەکردن لە گرفتی هیرمینۆتیکیدا بەرەو رەگەزی سێیەمان دەبەن لای گادامێر ئەویش جێبەجێکردنە، جێبەجێکردن جەوهەری حەقیقی تێگەیشتنە. بەمجۆرە تێگەیشتن پرۆسەیەکی گفتوگۆئامێزی بونیادتنەرەو نە بەکۆتا دەگات و نە بابەتگەرانە دەکەوێتەوەو نە گرنگی بە میتۆد دەدات.

**ئاگایی جوانئامێز**

---

‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡ اشكالية القراءة و اليات التؤيل..

هەر لە ئەفلاتوون و سقراتەوە هەتا سەردەمی کلاسیکی، ڕۆڵی واقیعی دەرەوە لەسەر داهێنەر یان هونەرمەند بە هەند وەردەگیرا، ئەوەش بە لاساییکردنەوە ناونرابوو. لەو تیۆرەدا بۆ راڤەکردنی دەقی ئەدەبی لە دەرەوە بەدوای دەلالەتەکانیدا دەگەڕان، ئەو دەلالەتانە لای ئەفلاتوون لەگەڵ حەقیقەتی فەلسەفی یەکیاندەگرتەوە... بەلاّم ڕۆمانسییەکان ڕۆڵی داهێنەریان لەسەر حیسابی واقیع بە هەند هەڵدەگرت، کاری ئەدەبی و هونەرییان بە دنیای ناوەوەی داهێنەرەوە دەبەستایەوە، بەو مانایەش ئەرکی راڤەکار ئەوە بوو کە بتوانێت لە خودی داهێنەر بگات، نەك لە کارەکەی ئەویش لەڕێگەی زانیاری وەرگرتن لەسەر داهێنەر.. بەلاّم دواتر لەلایەن "ت.س. ئەلیوت" دەق سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و کەوتە دەرەوەی واقیع و داهێنەرەوە، ئەرکی رەخنەکار ئەوە بوو دەق لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا بەراورد بکات و بەدوای رەگەزە دەلالییەکانی زمان و جوانیدا بگەڕێت....

راستە جوانی بە ڕووخساری هەستپێکراوەوە بەندە، بەلاّم "سقرات" لەو ڕووخسارە دیارە جوانییەك نابینێت ئەگەر ئەو جوانیە لە ناوەوەشدا وجودی نەبێت. سقرات گرنگی بە جوانی ناوەوە دەدات، هەر لەوێشەوە پێیوایە دەبێ جوانی مل بۆ خێر کەچ بکات و لە پێناوی رەفتاری ئەخلاقیدا بێت و ئامانجی ئایینی هەبێت.§

بەجۆرە گرنگیدان بە جوانی سیمایەکی ڕۆحی لەخۆ دەگرێت و راستەوخۆ پەیوەندی بە خودەوە دەکات، بەلاّم دەبێ لە زانستی هیرمینۆتیکادا بجەملێنرێت، لەبەرانبەر ئەوەشدا پێویستە هیرمینۆتیکا دیاریکراو بێت بەو مانایەی کە گشتێکە و حوکمی بەسەر شارەزایی هونەرییەوە هەیە.. "شارەزایی هونەری" بۆخۆی جۆرێکە لە پرۆسیسەکردنی هیرمینۆتیکی، هەروەك "شارەزایی لە جوانی" شارەزاییە لە ڕووانین، شارەزایش لە ڕووانین خۆی لە چێژی لێوردبوونەوەی مەعریفەدا هەڵدەگرێتەوە. چونکە لە هەموو ئەوانەی

---

§§§§§§§§§§§§§§§§ کادامیر، مفهوم الوعي الجمالي في الهيرمنيوتيكا الفلسفة...

لەنێو مێژوو و سروشتدا پێیدەگەین، دەبینین کاری هونەری راستەوخۆ لەگەڵمان دێتە دوان. هەر لەوێشەوە گەیشتن بەکاری هونەری راستەوخۆ لە گەیشتن بە دەرکەوتنی حەقیقەتەوە دەلکێت.

بەلاّم هیرمینۆتیکا دەریخست کە کاری هونەر و ئەدەب تەعبیر لە حەقیقەتی ناوەوە ناکات، شیعر ناوەوەی شاعیر و هەستەکانی ناگوازێتەوە، بەڵکو راستتر وایە بڵێین ئەزموونێکی وجودییانەیە. بەمجۆرەش زمان (جیهان) بابەتگەرایی یان خودی نییە، هەروەها دەق ناشێ وەك تەعبیرێکی خودی (کە لای رۆمانسییەکان دەبینرا) یان لەسەر بنەڕەتی تەعبیرکردنی بابەتیانەوە سەیری بکەین (وەك لای ئەلیوت هەست پێدەکرا) ... بەڵکو دەق بەشداریکردنە لە ژیان (ئەزموونێکی وجودییە) تەجاوزی بابەتگەرایی و خودگەرایی دەکات. کەواتە تێگەیشتن لە دەق لە تێگەیشتن لە بوونەوە دێت.

ئەگەر جیهان لەرێگەی کاری هونەرییەوە خۆی والاّ بکات، کەواتە کرانەوەی وجودییانە لای "وەرگر" لەمیانی ئاگایی بە بوونی خۆیەوە- وادەکات کردەی تێگەیشتن شیاو بکەوێتەوە. بەمجۆرە کاری هونەری ساتەوەختێکی وجودییانەیە و جێگیرکردنی ئەو ئەزموونە وجودییەی هونەرمەند وا دەکات کاری هونەری وەك ناوەندێکی مەعریفی قووڵ شیاوی بەشداریکردن و دووبارە بەرهەمهێنانەوە بێت... بگۆڕێت و بگوازرێتەوە. کەواتە گەیشتن بەو کارە قووڵە هەر تەنها گەیشتن نییە بە چێژ و جوانییەکی پەتی کە فۆرم دەینوێنێ، بەڵکو کردەیەکە لە بەشداریکردنی وجودییانەو لەسەر گفتوگۆی نێوان کارو وەرگرەوە وەستاوە. گادامێر پێیوایە هەرگیز کاری هونەری وەك زەخرەفە بە شێوازی جوانی پەتی "کانت"ی رازی نییە، بەڵکو کاری هونەری بڕوای بە حەقیقەتی جوانی هەیە. لێرەدا گادامێر بڕوا بە هیگل دەکات کە پێیوایە جوانی سروشتی رەنگدانەوەی جوانی هونەرییە.

## تێگەیشتنی دەق/ دەسەڵاتی خوێنەر

"خةيالَ جيهانيَكة ضةشنى خةون، فيكر تيَيدا قسة دةكات"

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

ئەگەرچی دوێنێ "تێگەیشتن" بە زانستی مرۆیی و رۆحەوە پەیوەست بوو، بەلاّم ئەمڕۆ بە پارادیمە زمانەوانیەکانەوە دەلکێت. دوێنێ قەشە "ئۆگستین" لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەسەرەتاییەکی ئایینیەوە بەند دەکرد، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پێیوابوو زمان دەلالەت لە بوونی خودا دەکات، خودا لە ناوەوەی هەموو کەسێکدایەو لەڕێگەی زمانەوانەوە دەردەکەوێت. بەو مانایە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ئامانجی جیاکردنەوەی قسەی خودایە لە قسەی مرۆڤ. لەو گوتەیەی "ئۆگستین"دا مرۆڤ دەقێکە خودا لەڕێگەی زمانەوە بەرجەستەی کردووە، بەدیوەکەی دیکە زمان تاقە ئامرازێکە خودا بەو دەقەوە دەلکێنێت. بەلاّم ئەمڕۆ دەق ئەوەیە کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە. بۆیە "رۆلان بارت" پێیوایە دەق بەپێی ئارەزوو و شارەزاییەکانی خوێنەر دێتە گۆ. لە خوێندنەوەدا دەق قسە ناکات، بەڵکو خوێنەر دێتە قسەکردن.

لێرەدا ئەوەی "ئۆگستین" و "بارت" بەیەکەوە گرێ دەدات تێگەیشتنە لە خودی زمان، بەلاّم ئەوەی لەیەکتریان جیا دەکاتەوە خودی "تێگەیشتن" و "بابەتی تێگەیشتن"ە. تێگەیشتن و بابەتی تێگەیشتن "جێگیربوون" و "گۆڕان" لەیەکتریان جیا دەکاتەوە .. دەمەوێت بلّێم ئۆگستین قسە لە بابەتی تێگەیشتن دەکات، بەلاّم بارت بە خودی تێگەیشتنەوە دەلکێ. ئەگەر بابەتی تێگەیشتن "داهێنەر" بێت، ئەوە خودی تێگەیشتن "دەق"ە. بابەتی تێگەیشتن هەمیشە جێگیرە، کەچی مەرجەکانی تێگەیشتن کە "ویبرمان" بە سیفەتە دەرەکییەکان ناوی دەبات لە گۆڕانی بەردەوامدایە و ناکەوێتە سەر بابەتی تێگەیشتنەوە، بەڵکو دەچێتە سەر ئاسۆکانی راڤەکردنەوە. بەجۆرە دەق لەڕێگەی فرە خوێندنەوەو خوێندنەوەی جیاوازەوە بەرەو بوونێکی زێتر دەبێتەوە. هەموو خوێندنەوەیەکی جیاوازیش داهێنانی دەقێکی دیکەی جیاوازە، دەقێك کە فیکرەی یەکگرتووی کۆتائامێزی نێوان دەق و خوێنەر، بابەت و خود.. رەتدەکاتەوە، وەك چۆن بە توندی یەکگرتنی نێوان دەق و دانەر رەتدەکاتەوە.

بێگومان خودی تێگەیشتن پێویستە لەسەر بنەمایەکی بێلایەن سەیر بکرێت و پەیوەندی بە ئەزموونی خودییەوە بکات، واتە دووبارە دابەزینی دەق بێت، ئەوەش پێویستی بە لابردنی هەموو ئەو پەردانەوە هەیە، کە دەکەوێتە نێوان خود و خوێنەری دەقەوە. کەواتە تێگەیشتن پێویستی بە شارەزایی ناوەوە هەیە. "کانت" لە کتێبی "رەخنە لە عەقڵی پەتی" پێیوایە تێگەیشتن درووستکردنی دنیایەکی تایبەتە بە خود.

لای "دراوسن" کە سەر بە قوتابخانەی مێژووگەرایە، تێگەیشتن لە راڤەکردن باشترە، چونکی راڤەکردن چ هۆکارئامێز بێت، یان مەبەستخوازانە بکەوێتەوە بۆ ئەوەیە کە تێگەیشتنمان بۆ شتەکان زێتر بکات.*****************  لەسەر ئەو بنەمایە راڤەکردن هەر تەنها جێگیرکردنی ئەو بیرورا خێرایانەیە کە لە زماندا لەناودەچن. لێرەدا ئەگەر پەیوەندی نێوان دەق و ئەوەی دەق دەینوێنێ، پەیوەندی نێوان ماناو ئامرازی گەیاندنی مانا بێت. ئەوە لەو بیرکردنەوە "گادامێر"ییەدا بەرانبەر دوو مانا دەبینەوە، یەکەمیان ئەو مانایەیە، کە دانەر مەبەستییەتی و لە ناوەوەی دەق خۆی حەشار داوە. دووەم ئەو مانایەیە، کە کۆمەڵێك توانای کراوە لەخۆ دەگرێت بەو کەلەپورەوە بەندە، کە دانەر لەژێر سێبەرییەوە دەنووسێت. گادامێر مانای دووەم بە رۆحی سەردەم ناو دەبات، ئەو مانایە لە دەقدا تەعبیر لە ئاسۆی (رابردوو)ی دانەر دەکات، ئەو ئاسۆیەی کە لەگەڵ ئاسۆی (ئێستا)ی راڤەکار تێکەڵ دەبێت و کردەی تێگەیشتنی لەڕێگەوە جێبەجێ دەبێت.□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەق هەر تەنها لە رابردوو قەتیس نابێت، بەڵکو دەتوانێت تەعبیر لەو بۆشاییە زەمەنییە بکات کە پڕە لە مانا...

*****************بڕوانە: کتێبی "الفهم و النص، دراسه في المنهج التأويلي عند شليرماخر و ديلتای، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الجزائر–الجزائر.

□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانە: کادامیر، مفهوم الوعی الجمالی في الهيرمنيوتيکا الفلسفه، د. ماهر عبدالحسين حسن، دار التنوير.

ئەوەش لەگەڵ گوتەکەی "هیگل" دژ دەکەوێتەوە. هیگل دەڵێت هونەر شتێکە دەکەوێتە رابردووەوە. بەڵام دواجار دەق شتێك نییە لە رابردوو، بەڵکو شتێکە رابردووی هەیە. کەواتە یادەوەری و کاری هونەری "دەقە کۆنەکان" دەتوانن بەهای تایبەتی خۆیان لە ئاگاییەوە وەدەست بهێنن، هەر لەوێشەوە نوێنەرایەتی ساتەوەختێکی گرنك لە ژیاندا دەکەن. بەڵام جیاوازی نێوان کاری هونەری وەك دەق و یادەوەری ئەوەیە: یادەوەری بەرەو ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراومان دەبات و ئەو ساتەمان بیر دەخاتەوە. بەڵام (دەق) یان کاری هونەری هەر ئەوە نییە، کە ئاگاییمان بەو ساتەوەختە دیاریکراوە مێژووییەوە گرێ دەدات، بەڵکو هەمان ساتەوەخت بۆ زەمەنی ئێستا دەگوازێتەوە. لێرەدا ئاگایی بە چالاکی بیرهێنانەوە هەڵناسێت، بەڵکو بەشێوەیەکی تلقایی لەگەڵ ساتەوەختەکەدا دەژیت و تێکەڵ بەو زەمەنە دەبێت کە کارە هونەرییەکە نوێنەرایەتی دەکات، نەك ئەوەی زەمەنی واقیعی نوێنەرایەتی دەکات. ئەو بیرکردنەوەیەش لەوێوە لەگەڵ شەپۆلی مێژووگەرایی دژ دەکەوێتەوە کە ئەوان پێیانوایە هەموو دیاردەیەك (وەك بەش) پێویستە لە ناوکۆیی سەدەی خۆیدا سەیر بکرێت و فەهم بکرێت. هەر لەوێشەوە "دیلتا"ی پێیوایە هەموو شتێك لە مێژوودا بە عەقل کراوە، چونکە بۆتە دەق. بەڵام ئەگەر رابردوو (بابەت) بێت و مێژوو (دەق) بێت، ئەوە ئەو دەقە وەك "دەقێکی دیاریکراو" یان وەك "یادەوەری" خۆی دەنوێنێ!

مانا لای گادامێر بەیەکجار تەواو نابێت، وەك چۆن لەرێگەی "پێشبین"یەوە لە ساتەوەختێکدا ناتوانین تێیبگەین، چونکە مانا وەك گادامێر بۆی دەچێت رووداوە، رووداویش رەگەزی زەمەن بەشداری لە پێکهێنانیدا دەکات. کەواتە تێگەیشتن کردەیەکی گفتوگۆئامێزە نە تەواو دەبێت و نە کۆتایی دێت. ئەو بیروڕایەش راستەوخۆ بە حەقیقەتی "دریدا"ییمان پەیوەست دەکات. دریدا لەگەڵ گادامێر لەوە یەکدەگرێتەوە کە حەقیقەت وەك رووداوە دەمێنێتەوە.

لە كۆی ئەو قسەكردنەوە دەتوانین بڵێین هەموو دەقێك دوو لایەنی هەیە، لایەنی بابەتی كە ئاماژە بە زمان دەكات و دەبێتە بابەتی تێگەیشتن و تێگەیشتنی ئاسان دەكەوێتەوە. لایەنی خودی كە ئاماژە بە دانەر دەكات و لە بەكارهێنانی تایبەتی زمانی دانەرەوە دەردەكەوێت و بە خودی تێگەیشتنەوە بەندە و بەپێی تێگەیشتنەكانی خوێنەر جیاواز خۆی دەنوێنێ. لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێكی مێژووییە، كەواتە لەڕێگەی لێوردبوونەوە دەرك ناكرێت، بەڵكو لەڕێگەی ئەزموونی ژیانەوە دەرك دەكرێت. چونكە مرۆڤ پرۆژەیەكی ئامادەكراو نییە، بەڵكو پرۆژەیەكە بەردەوام لە حاڵەتی خەڵقكردندایە. مرۆڤ لەڕێگەی ناراستەوخۆوە لەخۆی دەگات، وەك چۆن بە جولەیەكی هیرمینۆتیكیدا دەڕوات و لەمیانی تەعبیرە جێگیرەكانی رابردوو خۆی دەناسێت. بەمجۆرە بوونەوەرێكی مێژووییە، بەڵام لە هەموو سەدەیەك تێگەیشتنی جیاواز لەخۆ دەگرێت، چونكە وەك دیلتای دەڵێت: بوونەوەرێكە بۆ خۆی درووستكەری رووداوە و لە هەمان كاتتدا توێژەری رووداوە.

ئەگەرچی تیۆری خوێندنەوە وەك پێویست دیاری نەكراوە، بەڵام دەشێ بڵێین خوێندنەوە پەیامێكی دیاریكراوی نێوان خوێنەرو نووسەرە، وەك چۆن لە ئاستی نووسیندا پێویستی بە رەمزكردنی تایبەت هەیە، لە ئاستی تێگەیشتن و تەئویلیش بە هەڵوەشانەوە بەندە. ئەو دوو ئاستەش بە دوو بنەڕەتەوە دەلكێت، بنەڕەتی بابەتگەری كە نوێنەرایەتی دەق دەكات و لە ئاماژەو دەلالەتەكانی خوێنراوە پێكدێت. بنەڕەتی خودگەرایی كە نوێنەرایەتی خودی خوێنەر دەكات لە تێگەیشتن و دەركردنی ئەو ئاماژەو دەلالەتانەوە دێتە بەرهەم. بێگومان سێ رێبازی رەخنەیی گرنكی بە خوێنەر و خوێندنەوە داوە،

---

لە كتێبی التلقی و التاویل، محمدعزام دا لە بارەی بابەتگەرایی دەق و خودگەرایی لە لاپەڕە 52 دەگوترێت: بابەتگەرایی دەق لەكۆی ئەو مانایانەوە دێتە بەرهەم كە دانەر دەیخاتەوەو خوێنەر دەستی بۆ درێژ دەكات و دەری دەهێنێتەوە. خودگەرایش پابەندە بە خوێنەر و پشت بەپاشخانی رۆشنبیریی خوێنەر دەبەستێت و لەسەر بنەمای هەڵكۆڵینی مانا لە دەق دێتە بەرهەم.

بونیادگەری فەرەنسی لەڕێگەی "ڕۆلان بارت" و تیۆری وەرگرتنی ڕەخنەگرانی ئەڵمانی زانکۆی "کۆنستانس" و هەڵوەشانەوەگەری.

گوتاری مەرگی نووسەری "بارت" ساڵی (1968) لەسەر گوتەکەی "مالارمێ" دێتەوە کە دەڵێت: زمان قسان دەکات نەك نووسەر، نووسین گەیشتنە بەو پنتەی کە زمان دێتەگۆ نەك من. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش نووسین لای بارت ئەو کاتە دێتە ئاراوە، کە نووسەر هەموو پەیوەندییەکانی بە دەقەوە دەپچڕێت. لێرەوە ئیتر زمان موڵکی نووسەر نییە، بەڵکو نووسین پێگەیشتنی ئەو خاڵەیە کە زمان تێیدا دەجولێتەوە نەك من. هەر لەوێشەوە گوتن بەش بەش دەبێت و دانەر وەك پەیکەرێکی بچووك دەمێنێتەوە، دەقیش لە غیابی دانەر دەخوێنرێتەوەو دووبارە بونیاد دەنرێتەوە.

دەق وەك فەزایەکی فرە ڕەهەند لەگەڵ نووسینگەلێکی جۆراوجۆر یەکدەگرێت و ناکۆکی خۆی نیشان دەدات، بێ ئەوەی هیچ یەکێك لەوانە بە ئەسڵی خۆی دابنێت. چونکە دەق شانەیەکە لە گوتن و بەرهەمی هەزاران تیشکۆی جیاوازە لە تیشکۆکانی ڕۆشنبیریی... خوێنەریش بۆیە چاوەڕێی دەق دەکات، تاکو لە ژیانێکی دیکەی جیاواز گەشەی پێبدات و بیبوژێنێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە بارت تیۆری دەقگەرایی لە بەرانبەر تیۆری لاسایکردنەوەی کلاسیکیانەو تیۆری تەعبیرکردنی ڕۆمانسیانەوە و تیۆری ئاراستەکردنی پەیوەستخوازانە پێشکەش کرد. کەواتە نووسەر دەمرێ تاکو لە خۆڵەمێشەکەی خوێنەر لە دایك ببێت. دەق بەبێ خوێنەر بوونی نییە، دەق هەمیشە چاوەڕێی خوێنەرێکە دووبارە خەلقی بکاتەوە و لە تاك مانایی ڕزگاری بکات و ژیانی تێدا ببوژێنێتەوە. ئیتر خوێندنەوە وەك کارێکی ئیبداعی دەکەوێتە بەرانبەری دەقی ئیبداعییەوە، هەر لەوێشەوە ڕەخنەگران خوێندنەوەکان لە یەکتر جیا دەکەنەوە، چونکە بۆ ئەوەی خوێندنەوە پرۆژەیەك بێت بۆ بەرهەمهێنانەوە، دەبێ خوێنەر ئەو توانایەی تێدا بێت، کە بتوانێت دووبارە دەق بەرهەم بهێنێتەوە، جا چ وەك ئەوەی خاوەنی ئاگاییەکی گەورەی ئەدەبی و زمانەوانی ئیستێتیکی

بێت، یان بەشێوەیەکی بەرفرەوان پەی بە ڕۆشنبیریی و زانستە مرۆییەکان بەرێت و سوودیان لێوەرگرێت، ئاگاداری ئەدەبی بیانی بێت، تاکو بزانێت ئاوێتەبوون و کارلێکەرییەکان دیاری بکات و بەراوردیان بکات، یان ئەوەتا بەشێوەیەکی بەرفرەوان ئاگاداری ئەدەبی نەتەوەکەی بێت، بەلاّم بە مەرجێك لە پەرگیرە ئایدیۆلۆژیانە دوور بێت...

لەبەر ئەوەی خوێندنەوە دیالۆگی نێوان دەق و خوێنەرە، ئیتر لەوێوە خوێنەر بۆشایی و دابڕانەکانی دەق پڕ دەکاتەوە، بە مانایەکی دیکە هەر چەندە ڕۆشنبیریی خوێنەر لەرووی هونەری بە گشتی بەهێز بێت ئەوەندە دەتوانێت چالاکانە بەشداری خۆی لەرووی تێگەیشتن و وەرگرتن بەهێزتر نیشان بدات. بێگومان خوێندنەوە کەش هەوای تایبەت بەخۆی هەیە و ماوەی دیاریکراو و لەرووی دەروونییەوە دەبێ خوێنەر ئامادەیی تەواوی هەبێت. پێویستە خوێنەر هۆکاری بوونی خۆی لە دەقدا بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەش دەبێ لە دەقدا بەدوای ڕەگەزە نائامادەکاندا بگەڕێت تا بەهایەك بۆ تێگەیشتن بەجێ بهێنێت. ئەوەی جیاوازی دەقی ئەدەبی بەرجەستە دەکات، جیاوازی زمانی دەقە لە زمانی ئاسایی، جیاوازی زیندەگییە لە مەرگ، جیاوازی خەونە لە واقیع... کۆی جیاوازییەکان وەك پانتاییەکی بۆش لەنێوان ڕەگەزە ئامادە و نائامادەکان دەق درێژ دەبنەوە، خوێنەر پێویستە پردێك لەو نێوانە دروست بکات و ئەو بۆشاییە ئاوەدان بکاتەوە، ئەوەش دەکەوێتە دووتوێی کرداری ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی ئەدەبییەوە کە ئامانجی هێنانەناوەوەی مانای ونبووە، ئەو مانایانەی بوونی خوێنەری لێدێتە بەرهەم، ئەو مانایانەی پاڵپشتی مانا ئامادەکان دەکەن و وایان لێدەکەن شیاو بکەونەوە.[§§§§§§§§§§§§§§§§§] کۆی ئەو

---

§§§§§§§§§§§§§§§§§ بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: محمد عزام، التلقي و التأويل.. بيان سلطة القاريء في الادب، دار الينابيع، ستوكهولم-سويد.

کرداره دەلالەت لە ئەزموونێکی مرۆییانە دەکات و لە گەیشتنی دەق بە خوێنەرەوە دێتە ئاراوە. کەواتە خوێندنەوە ئەزموونێکی کەسییە.

دواجار دەتوانین بڵێین تەنها خوێندنەوەی ئاگاییانە دەتوانێت شاراوەکانی دەق لەڕێگەی هەڵوەشانەوەی جەستەی دەق بدۆزێتەوەو دووبارە دەقێکی دیکەی نویٚ بەشێوەیەکی دیکە بونیاد بنێتەوە، هەڵبەتە ئەو جۆرە لە خوێندنەوە لەبۆچوونی سادەئامێز کە پشت بە بابەتگەرایی دەبەستێت رزگارمان دەکات.

## دەقگەرایی/ خوێنەرگەرایی
## لەنێوان هیرمینۆتیکا و سیمیۆلۆژیادا

**"ئێمە لەنێو زماندا دەژین، وەك چۆن ماسی لە ئاودا دەژی"**

بێگومان بەپێی هەر یەك لە میتۆدی هیرمینۆتیکی و سیمیۆلۆژی پێناسەی دەق دەگۆڕێت، یان ئەگەر روونتر قسە بکەین دەشێ بڵێین هەر بیریارێك لە بیریارانی ئەو دوو بوارە مەعریفی و رۆشنبیرییە تا رادەیەکی زۆر هەڵگری پێناسە و تێگەیشتنی تایبەتن، ئەوەش بۆ کۆی ئەو بیروباوەڕو باگکراوەندە مەعریفییە دەگەڕێتەوە کە هەر بیریارێك تێزەکەی خۆی لەسەر بونیاد ناوە.

بەگشتی دەق لای سیمیۆلۆژییەکان کۆمەڵێك داله و دەبێ تەئویل بکرێت، ئەو کاتەش دەق بوونی هەیە کە دەخوێنرێتەوە، هیچ دەقێك بێ بوونی خوێنەر بوونی نییە، بەو مانایەش سیمیۆلۆژیا لەسەر زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لە بەرهەمهێنانەوەی دال دەژیت. لەلایەکی دیکە دەگوترێت دەق ئەوە نییە کە تەئویل دەکرێت، بەڵکو ئەو فەزاو پانتایەیە کە تەئویلی تێدا روودەدات، فەزای هەر یەك لە خوێنەر و نووسەرە. لەو بارەیەوە "دریدا" لە وتاری "دەرمانخانەی ئەفلاتوون"دا دەڵێت: نووسین نە تریاکە نە ژەهر، بەڵکو ژەهر و تریاکە، بە مانایەکی دیکە فارماکۆنە. کۆی ئەو قسانە راستەوخۆ پەیوەندی بە جیاوازییەوە دەکات، واتە دەق جیاوازییە، جیاوازیش ئەوەیە کە سنوورە بەرانبەرەکان کۆ دەکاتەوە.

بەڵام ناوی دەق وەك کار، زێتر بۆ میتۆدی هیرمینۆتیکی دەگەڕێتەوە.. کار ئەو ناوەندە سەربەخۆیەیە کە (هونەرمەند/نووسەر) لەمیانییەوە دەتوانێ ئەزموونی بوونی خۆی بەرەو

خۆی وەك جیاوازی پێشان دەدات و جەختی لێدەكاتەوە.[§§§§§§§§§§§§§§§§§§] هەر لەوێوە دەق كۆمەڵێك ستراتیژی جیاواز لەخۆ دەگرێت و وەك بونیادێك لەناوەوەی خۆی كاریگەری لەگەڵ ڕەگەزەكانی دەقگەرایی دادەمەزرێنیێ، هەروەها لەگەڵ بونیادی دیكەش لە دەرەوەی دەقگەراییەوە، بەو مانایەی كە كۆمەڵێك پەیوەندی زمانەوانییەو لە چاوەڕوانی تەئویلكردن و هەڵوەشانەوەیە لەلایەن خوێنەرەوە.

هەڵبەتە وەرگرتن و تەئویلكردنی دەق بەئاستی خوێندنەوەوە بەندە، چونكە دەق لە زنجیرەیەك بۆشایی و دابڕان پێكهاتووە كە دەشێ خوێنەر لەكاتی گەیشتن بە دەق پڕی بكاتەوە. هەر لەوێشەوە دواتر بەئاستی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەق دەگەین، واتە دوای ئەوەی خوێنەر بونیادەكانی دەق دەدۆزێتەوە و ئاماژەكان و نیشانەكان شیدەكاتەوە و تەئویلیان دەكات و بەپێی باگكراوەندی مەعریفی و ڕۆشنبیریی خۆی بە زانیاری دیكەیان دەگەیەنێت.... بەمجۆرە نووسین دەبێتە نووسین لەبارەی نووسینەوە.[******************]

ئەوەش بەشەكەی دیكە واتە خوێنەرگەرایی لێدەبێتەوە. كەواتە كردەی خوێندنەوە واتە كردەی كردنەوەی كۆدەكان، بەلاّم وەك چۆن دەقگەرایی ئەوەیە كە یەكلا ناكرێتەوە، بەهەمان شێوەش خوێنەری پاكیزە بوونی نییە و خوێنەر جۆراو جۆرە.

كاتێك دەڵێین خوێنەری پاكیزە بوونی نییە، بەو مانایە دێت كە خوێنەر كەسێكە بەشێوەیەكی بەرفرەوان بەپێی ڕۆشنبیریی و زانستە مرۆیەكان بە دەق دەگات... خوێنەر پاكیزە نییە، چونكە هەڵگری باگكراوەندێكی كەلتوری و مەعریفی بەرفرەوانە... خوێنەر پاكیزە نییە، بەو مانایەی كە پڕە لە ئاگایی و ناوكۆیی جیاواز، پڕە لە دیدگای جیاواز و

---

[§§§§§§§§§§§§§§§§§§]- هـ.س.پ. ل 137، 128.

[******************]– بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: محمد عزام، التلقي و التأويل.. بيان سلطة القارىء في الادب، دار الينابيع، ستوكهولم-سويد، ط 1، ص 40.

دەرك بەرێباز و ڕێچکەکان دەکات و هەر لەوێشەوە بەپێی گۆشەنیگای جیاواز، لەرێگەی دیدی جیاوازی خۆی هەوڵدەدا دەق دووبارە بەرهەم بهێنێتەوە.

دەمەوێت بڵێم خوێندنەوە وەك کارێکی ئیبداعی دەکەوێتە بەرانبەر کارێکی ئیبداعییەوە، واتە وەك ئیبداع سەیر دەکرێت، بۆیە کردەی خوێندنەوە بە هەڵوەشانەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوە وەسف دەکرێت. کردەی خوێندنەوە کردەیەکە لە کردنەوەی کۆدەکاندا وازییەکانی خۆی درێژ دەکاتەوە، کەواتە خوێندنەوە دیالۆگی دەق و خوێنەرە و خوێنەر بۆشاییەکان و دابڕانەکانی دەق پڕ دەکاتەوە. کەواتە هەرچەندە رۆشنبیریی (وەرگر/خوێنەر) لەرووی هونەری و رۆشنبیریی بەگشتی بەهێز بێت، ئەوەندە توانانی بەشداریکردن و خەڵقکردنەوەی لەرووی تێگەیشتن و وەرگرتن بەهێز دەبێت.

دەق هەمیشە لە بەرانبەر خوێنەر لە ئامادەباشییەکی هەڵپەسێردراو دایە، وەك چۆن هەمیشە لە خوێنەر داوا دەکرێت کە رەگەزە ونبووەکانی دەق بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی دەق بوونێکی سروشتی یان بەهایەك بۆ تێگەیشتن بەجێ بهێنێت، خوێنەر دەبێ بەردەوام هۆکاری بوونی خۆی لە دەقدا لەدووتوێی رەگەزی ونبووەکان بدۆزێتەوە... بەجۆرە جیاوازی درووست دەبێ، جیاوازی وەك بەهایەکی ئەوەلی لەرێگەی جیاوازی زمانی دەق و زمانی ئاسایی دێتە ئاراوە، لەرێگەی جیاوازی ئامادە لە نائامادە، جیاوازی زیندەگی و مەرگ، خەون و واقیع.... جیاوازی لە دەقدا وەك پانتاییەك لە بۆشایی درێژ دەبێتەوە و لەنێوان رەگەزە ئامادە و نائامادەکاندا خوێنەر دەبێ بتوانێت پردێك درووست بکات و ئەو بۆشاییە ئاوەدان بکاتەوە. ئەو کردەیەش لە راڤەکردنەوەیە، کردەی خوێندنەوە ئامانجی دامەزراندنی مانای ونبووە، ئەو مانا ونبووانەی کە پاڵپشتی لە ماناکان دەکەن و وایان لێدەکەن شیاو بکەونەوە.

خوێندنەوە دەلالەت لە پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەق دەکات، ئەو پەیوەندییە ئەزموونێکی مرۆییە، بەجۆرە خوێندنەوە هەمیشە ئەزموونێکی کەسییە، نە دەکەوێتە سەر "خود" نە

بە "بابەت"ەوە دەلکیٚ، ناکەوێتە سەر خود چونکە خوێنەر تەعبیر لە کەلتورێکی بەرفرەوانی خوێندنەوە یەك لە دوا یەکەکان دەکات، وەك چۆن ناکەوێتە سەر بابەتگەرایی چونکە لە بابەتگەرایی دەق خوێنەر لە خوارەوە و لەرێگەی دانەرەوە بەسەرەوە دەگات.

کەواتە خوێنەر چۆن دەق دەخوێنێتەوە، یان چۆن دەقێك بۆ خوێندنەوە هەڵدەبژێرێت؟ هەڵبەتە گومانی تێدا نییە، کە خوێندنەوە جۆراو جۆرە، بەلاٚم لێرە ئاماژە بە دوو لایەن دەکەین، لایەنی ویژدانی و لایەنی ئیدراکی، بەو مانایەش خوێنەر دەقێك دەخوێنێتەوە ئەگەر بەشێوەیەکی ویژدانی بتوانیٚ تێکەڵی بێت، هەست بکات کە دەتوانیٚ بەشداری تێدا بکات، خودی ئەوەش دەشیٚ بۆخۆی دەرك کردن بێت. کەواتە خوێنەر بۆ ئەوە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، تاکو بتوانێت خۆی تێدا خەڵق بکاتەوە.

لەلایەکی دیکە خوێندنەوە دەشیٚ وەك جۆرە تەقلیدەکەی جەخت لەسەر دەق نەکات، بەڵکو بەسەریدا بڕوات و بەرەو دانەر یان کۆمەڵگە بچێت، یان وەك بەڵگەنامەیەك بۆ جێگیرکردنی مەسەلە کەسی و کۆمەلاٚیەتی و مێژووییەکان سەیری بکات! لەو شێوە خوێندنەوەیەدا خوێنەر بۆ چەسپاندنی "تاوان/رەخنە" رۆڵی داواکاری گشتی دەبینیٚ... لەبەرانبەر ئەوەشدا جۆرێکی دیکە لە خوێندنەوە هەیە کە بە دەقەوە پابەندە، بەلاٚم هەر تەنها مانا دیارەکانی دەق وەردەگریٚ، هەرگیز لە هەوڵی مانا ونبووەکان و وسبەلێکراوەکاندا نییە. جۆرێکی دیکە لە خوێندنەوە هەیە کە بە خوێندنەوەی شاعیرانە ناو دەبرێت، ئەو جۆرە لەرێگەی کردنەوەی کۆدەکانەوەیە و لەسەر پێدراوەکانی ناوکۆیی هونەری کار دەکات، بەو مانایەش دەق وەك خانەیەکی زیندوو دەبینیٚ، خانەیەك کە لە ناوەوە دەجولیٚ، ئەو خوێندنەوەیە هەوڵدەدات ناوەوەی دەق کەشف بکات.

لەبەر ئەوەی دەق فەزایەکی فرە رەهەندەو لەگەڵ نووسینگەلی جۆراوجۆر یەك دەگریٚ و ناکۆك دەکەوێتەوە بیٚ ئەوەی هیچ یەکێك لەوانە بە ئەسڵی خۆی بزانیٚ... لەبەر ئەوەی دەق شانەیەکە لە گوتن و بەرهەمی هەزاران تیشکۆیە لە تیشکۆکانی رۆشنبیریی... کەواتە

نووسین بەردەوام مانا دەخاتەوە، بەلاّم نەك بۆ جێگیر بوون، بەڵکو بۆ بەهەڵم بوون. لەسەر ئەو بنەمایە بارت دەڵێ مەرگی نووسەر بایی لەدایکبوونی خوێنەرە... بارت وتاری مەرگی نووسەری لەساڵی 1964 بلاّوکردەوە، لەدوایی ئەو وتارە ئیتر پەیوەندی نێوان نووسەر و نووسین بەتەواوی گۆڕانی بەسەر داهات، ئەو پەیوەندییە لە پەیوەندی باوك و منداڵەوە بەرەو پەیوەندی نێوان کۆپیکەر و کۆپیکراو هەنگاوی نا، لەوێوە نووسەر بۆ نووسینی کارەکەی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەدەستی خۆی کۆپیدەکاتەوە، ئەو ئەرکەش دەکەوێتە سەر زمان، چونکە زمان کۆگای ئیلهامەکانی نووسەرە، خوێنەریش بۆیە چاوەڕێی دەق دەکات تاکو ژیانێکی دیکەی تێدا درووست بکاتەوە.

نووسەر دەمرێ تاکو لە خۆڵەمێشەکەی خوێنەر لەدایك بێ، بەجۆرە دەقی ئیبداعی بەرەو دەقی تەئویلی دەبێتەوە و بەپێی خوێندنەوە جیاوازەکان دەگۆڕێ، دواتر دەسەلاّتی خوێنەر لەگەڵ پاش بونیادگەری و ڕەخنەگرانی ئەڵمانی و زانکۆی "کۆنستانس" دەستی پێکرد، لەژێر ناونیشانی (جوانکاری وەرگر) ئەو دەسەلاّتە درێژ کرایەوە، دواتر توێژەرانی ئەمریکی ئەو چەمکەیان بە (ڕەخنەی وەلاّدەرەوەی خوێنەر) ناوبرد.

تیۆری وەرگر لە زانکۆی کۆنستانس هەر یەك لە بیریاران (یاوس، ئایزەر) دەستپێشخەرییان تێدا بە ئەنجام گەیاند، تیۆری وەرگر بە کردەیەکی چالاکانە لە "تێگەیشتن" و "هەڵسەنگاندن" و "دووبارە بەرهەمهێنانەوە" خۆی وەسف دەکات. بەلاّم تیۆری وەلاّمدانەوەی خوێنەر لە ڕەخنەی ئەمریکی لەسەر دەستی (پرنس، فیش، هولاند، جمیریش، ستیرل) سەری هەڵدا. جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە لە وەلاّمدانەوەی خوێنەر جیاوازی لەنێوان خوێنەر و خوێنەرێکی دیکە بەپێی ڕۆشنبیریی دەکرێت، بەلاّم لە تیۆری وەرگر بەپێی تەمەن و زەمان و مەکان جیاوازی لە تاکە خوێنەرێکیشدا دەکرێت. بایەخی لاوێك وەك پیرێك نابینێ، خوێندنەوەی شیعری بەیانیان وەك خوێندنەوەی ئێواران بۆ شیعر سەیر ناکات.

یاوس مێژووی حەقیقی ئەدەبی بە مێژووی وەرگر دەزانێ، مێژووی وەرگریش بە کۆی پەرچەکردارو کاریگەری و کارتێکردنەکان وەسف دەکات، پێیوایە بەهای حەقیقی ئەدەب لەوێوە خۆی حەشار داوە. هەڵبەتە ئەو یەکێك بوو لە قوتابیانی "گادامێر" و چەمکی (ئاسۆی پێشبینیەکان)ی گادامێری بەکار هێناوە، لەوێشەوە ئاماژە بە ماوەیەك دەکات کە خوێنەر لە گۆشەی دیاریکراوی خۆی لەو ماوە ناوبراوە تواناکانی حەشار داوە، ئەوێ بە لۆژیکی پرسیار و وەڵام دەزانێ، دواتر لای یاوس ئاسۆی پێشبینی یان وەك خۆی ناوی دەنێ ئاسۆی چاوەڕوانی لەسێ فاکتەر هاتۆتە ئاراوە: یەکەم ئەزموونی پێشوو کە خوێنەر بەرانبەر ژانرێکی ئەدەبی هەیەتی. دووەم دەقئاوێزانی. سێیەم بەرانبەر یەك کردنی زمانی شیعری و زمانی زانستی، دنیای واقیعی و دنیای خەیاڵی. بەڵام ئایزەر لەسەر بنەمای دیاردەگەرایی (هۆسرەل) و (ئەنگاردن) کار دەکات. خوێنەر لای ئایزەر ئەو خوێنەرەیە کە هەنگاو دەنێ یان بە خوێندنەوەدا دەڕوات، چونکە پێیوایە خوێندنەوە ڕۆیشتنێکی بەردەوامە بەنێو دەقدا... کاتێ خوێنەر بە خوێندنەوەدا دەڕوا خۆی ئازاد دەکات، وەك چۆن لەبەرانبەر ئەوەشدا کارە ئەدەبییەکە لەو حاڵەتە فەرزکراوە ئازاد دەکات، کە دەکەوێتە نێوان دانەر و خوێنەر...

ئایزەر پێیوایە کاری ئەدەبی دوو تەوەرەی هەیە: تەوەرەی هونەری کە دەقی دانەرە، تەوەرەی جوانی کە ئەو بەخششە بەجێ هێنراوەیە کە خوێنەر پێی هەڵدەسێت. ئایزەر لە خوێندنەوەدا پۆل پۆلکردنی خود دەسەپێنی، بەو مانایەی کە کاتێ خوێنەر لەگەڵ دەق بێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە لە دەق شارەزا بێ ئەو شارەزاییەی پشت بە شارەزابوونی پێشووی ببەستێ، ئەوە لەگەڵ دەق گونجاو دێتەوە، بەڵام ئەگەر خوێنەر شارەزای پێشووی لەبارەی دەقەوە نەبوو، ئەوە بەشێك لە خودی خۆی لەنێو دەق وندەکات.

---

- ه.س.پ. ل100،99،98.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

هەڵبەتە وەك چۆن یاوس تیۆری وەرگرتن لەمیانی گەیشتنی ئەدەبی وەسف دەكات، ئایزەریش بەهەمان بیروڕا دەگات و سێ كلیل بۆ "گەیشتن" دەخاتە ڕوو: "بونیاد" و "وەزیفە" و "گەیشتن".. بۆ شیكردنەوەی بونیاد دەڵێ خوێنەر بۆ وەسفكردنی دەق بە ڕێبازێكی بونیادگەرانە رادەبێتەوە. ئەگەرچی بونیادگەری چارەسەری گرفتی (مانای مانا) ناكات و بۆ ئەودیوو قوڵ نابێتەوە... بەلاٌم شیكردنەوەی وەزیفە لە چارەسەری دەق و مانا هەڵدەگرێتەوە ئەو چارەسەرەش لەسەر كارلێككردنی نێوان دەق و خوێنەر وەستاوە. كەچی گەیشتن دوا قۆناغە لە شیكردنەوەی دەق، چالاكی دەق بە خوێنەرەكەیەوە دەبەستێتەوە .

لەتیۆری وەلاٌمدانەوەی ئەمریكی ستانلی فیش دەڵێ ئێمە بەردەوام بەندەی دابونەریتین و ناتوانین لە دەرەوەی دابونەریتی دیاریكراو هەنگاو بهاوێژین، هەروەها قسە لە ئەوەی دەق بە ئێمەی دەكات و ئەوەی ئێمە بە دەقی دەكەین، دەكات و پێیوایە دەق هیچ سیفەتێكی نییە، بۆیە سیفەتی ئەو كەسە وەردەگرێ كە بەكاری دەهێنێ، بەلاٌم ئەو كەسە چ بە دەق دەكات لەو بارەوە پێیوایە شیكردنەوەی دەق لەلایەن ئێمەوە لەسەر وەلاٌمدانەوەی پێشكەوتووەكان دەوەستێ. بەلاٌم پریس باسی دوو جۆر لە خوێنەر دەكات، خوێنەری حەقیقی و خوێنەری فەرزكراو. نۆرمان هولاند خوێندنەوە بەكارلێكەری نێوان دەق و ئاگایی تاك دەبەستێتەوە، ئاگایی تاكیش بە یەكێك لە دیاردەكانی كردەی وەرگرتنی كۆپی كردنی خود دەژمێرێت.

بەكورتی دەتوانین بڵێین تیۆری ئەدەبی بەسێ قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیووە: قۆناغی بایەخدان بەدانەر، وەك لای ڕۆمانسییەكان و ڕێبازی ڕەخنەی دەروونی و مێژوویی و كۆمەلاٌیەتی سەدەی نۆزدە دەبینرێت. گرنگیدان بە دەق وەك لای بونیادگەراكان باو بوو. بایەخدان بە

- ه.س.پ. ل 111.

- بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە ه.س.پ. ل113.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

خوێنەر کە پاش بونیادگەری سیماکانی داڕشت و تیۆری وەرگر پڕشنگەکانی پەرە پێدا. دەق لەمیانی تیۆری وەرگر کۆمەڵێك پڕشنگەو بەرەو خوێنەر دەهاوێژرێ، بەمجۆرە رۆڵی خوێنەر دەگاتە رۆڵی دانەر، نەك هەر هێندە بەڵکو بەسەریشیدا زاڵ دەبێت.

## داهێنان

## بوونی رەسەن/بوونی نارەسەن

**(ئەگەر مرۆڤ هەبێت، دەبێ نیگەران بێت)**

**"هایدگەر"**

داهێنان خەسڵەتێکە لای (هایدگەر) بوونە رەسەنەکان و لای (نیچە) سوپەرمانەکان و لەنێو ئاینیشدا خواکان هەیانە. لەسەر ئەو بنەمایە راگەیاندنی مەرگی خواکان لای نیچە وەك هایدگەر بۆی دەچێت دەلالەتی لەناوبردنی دەسەلاتی داهێنانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت.********************

بەلاّم وەك دەزانین نیچە "هەبوون" بە گۆڕانێکی بەردەوام و سەیرورەیەکی هەمیشەیی دادەنێت، ئەوەش بەرگی ئیرادەی هێزە، بەو مانایەش هەبوون بەرجەستەکردنی ئیرادەی هێزە. کەواتە ئەوەی بوونی هەبووەکانی لەسەر وەستاوە ویستی هێزە. بەلاّم ویستی هێز وەکو هێزە سروشتییەکان کوێرانە ناژی، بەڵکو بوونێکی ئاگامەندانەیەو خاوەنی بیر و

---

******************** هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی.

بەهاکانی خۆیەتی. لێرەدا نیچە ئینکاری ئەو وەهمە دەکات، کە فەیلەسوفەکان بەدوایدا ڕۆیشتوون کاتێك پێیانوایە عەقڵێکی گشتی هەیە، حوکمی گەردوون دەکات و باڵی بەسەردا کێشاوە. هەر لەو ڕوانگەوە هێرش دەکاتە سەر (سوکرات) و پێیوایە ئەو یەکەم کەسە، کە عەقڵی پیرۆز کردووە و داوای پەرستنی کردووەو پێیوایە تەنها عەقڵ یان مەعریفە دەتوانێت مرۆڤ بکاتە خێر و چاکەکار.

لای نیچە لە پاڵ جیهانی دیاردەکان جیهانێکی دیکە هەیە، کە جیهانی حەقیقەتەکانە. جیهانی حەقیقەتەکانیش جیهانی دەرککراوی ئێمەیە. جەوهەری حەقیقەتیش ئەوەیە کە مرۆڤ پێیوایە ڕاستییە. لێرەدا بەرژەوەندی بۆ ڕاستی و ناڕاستی شتەکان پێوەرە. بەرژەوەندی بەو مانایەی کە ئیرادەی هێز پێیوایە ڕاستییە و ئامانجی خۆی پێ جێبەجێدەکات. ڕاستی لای نیچە جۆرێکە لە هەڵە، هیچ بوونەوەرێکی دیاریکراو ناتوانێت بێ ئەو بژیت. بەهاش دوا سەنگی مەحەکی ژیانە. مردنی خوداکانیش بەو مانایە، تەعبیر لە گۆڕینی بەهاکان دەکات. هەڵبەتە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی نیچە بە هیچگەرایی کارا ناوزەد کراوە... (جیل دۆلۆز) لەبارەی ئەو هیچگەراییەی نیچە دەڵێت: بیرۆکەی نیچە لەبارەی مردنی خوداکان ڕووداوێکی گەورەیە، بەلاّم بەس نییە، ئەگەر هاتوو نەزعەی هیچگەرایی بەردەوام بێت و لە ناوەڕۆکەوە نەگۆڕێت و گۆڕانکارییەکەی تەنها شێوازی بێت.

بێگومان بنەماکانی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ، لەسەر بەشێك لەو هیچگەراییەی نیچە ڕاوەستاوە، ئەوەش بە شێوانی ڕاستی و تاریکبوونی جیهان لێکدراوەتەوە. بۆیە هایدگەر پێیوایە نیچە دواین فەیلەسوفی هیچگەرایە و هیچگەرایی نیچە لە تیڕوانینی میتافیزیکیانەی (ئەفلاتوون) بەدەر نییە.

---

شوبنهاوەر و نیچە، هۆشەنگ شێخ محەمەد، لە سایتی دەنگەکان 2009/4/14 وەرگیراوە. www.dengekan.com.

ئەگەر میتافیزیك□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ لە ئەفلاتوونەوە خرابێتەگەڕ، ئەوە دەکرێ ئەفلاتوون بە یەکەم بیریاری هیچگەرایی دابنرێت، نەك لەبەرئەوەی بوونی "راستەقینەی هۆشەکی" و "مەبەستی لەپێشتر بۆ جیهان" رەتدەکاتەوە، بەڵکو چونکە "بوون"□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ بەسەرچاوەو بنەڕەت ناژمێرێت، بەڵکو بۆ فۆڕمە بەرزەکانی دەگەڕێنێتەوە. دەشێ دیدی هیچگەرایی نیچەش لەو دیدە میتافیزیکەی نزیك بێتەوە، بەوەی کە وازی لە "بوون" هێناوەو (ویستی هێز)ی بە بناغە و ناوەڕۆکی هەموو شتێك زانیووە. ئەگەرچی ویستی هێز ناکەوێتە ئەودیوو هەستکردنی ئەفلاتوونەوە، بەڵام بەهەمان شێوە دێت و راستی بوون بە هیچەوە گرێ دەدات.

کەواتە هیچگەرایی و ناوەڕۆکگەرایی دوو ناونانن بۆ شێوە بۆچوونی میتافیزیکیانە.******************** بەڵام بەبڕوای من نیچە لەوێوە لەو شێوە میتافیزیکیە دوور دەکەوێتەوە کە "هەبوون" لەسەر رەتکردنەوەی بەردەوام بە گۆڕان و سەیرورەیەکی هەمیشەیی دەژمێرێت، وەك چۆن حەقیقەتی مرۆیی لە حاڵەتی سەیرورەدا

---

□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ لە میتافیزیکی ئەفلاتووندا جیهانی ئێمە ساختەیە، واتە نارەسەنەو دروستکراوەو لە فۆڕمە بەرزەکەوە بەرهەمهێنراوە.

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ –لە بوون، تێگەیشتن لە بوون و راستی لای هایدگەر بە پێنج قۆناغ تێپەڕیووە: قۆناغی پێش سوکرات، سەردەمی ئەفلاتوون، سەدەکانی ناوەڕاست، سەردەمی تازەگەری، سەردەمی ئەمڕۆ.. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، ه.س.پ.

******************** ناوەڕۆکگەرایی لە مێژووی فەلسەفەدا لە ئەفلاتوونەوە بووە بە فێرگەیەکی فەلسەفی دامەزراو، بەڵام هیچگەرایی نیچە لای هایدگەر بە هیچگەرایی کلاسیکی ناونراوە چونکە لە بەرانامەگەرییەوە دوورە... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، ه.س.پ.

بەرجەستە دەكات، ئەوەش دەلالەت لە بوونی مرۆیی لە گۆڕانێكی بەردەوام دەكات، بەلاّم "هەبوون" لای هایدگەر چییەتیەكەی تەواوە، بۆیە گۆڕانی تێدا ڕوونادات.

لێرەدا دەبینین لای نیچە هەبوون لە گۆڕان و سەیرورەیەكی بەردەوام دایە، بەلاّم لای هایدگەر هەبوون نا، بەڵكو ئەوە دازاینە چییەتیەكەی ناتەواوەو پڕ نەبۆتەوە، لەبەر ئەوە ئەوە دازاینە لە گۆڕانێكی بەردەوام دایە. لێرە وەك دەردەكەوێت بەشێكی زۆری جیاوازییەكان ناڕاستەوخۆ بە ناونانەوە بەندە، نەك بە بڕوابوونەوە. بەمجۆرە دەشێ "حەقیقەتی مرۆیی" لەسەر ئەو بنەمایە لە "دازاین" نزیك بكەینەوە، ئەو لێكنزیكبوونەوەیەش لای دكتۆر "محەمەد كەمال" بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی داهێنانەوە قسەی لێكراوە، بەلاّم بەڕای من گرفتی ئەو جۆرە قسەلێكردنەی دكتۆر "محەمەد كەمال" وەك پێشمەرجی بوونی ناتەواو (ئەو بوونەی كە لای هایدگەر پڕ نەبۆتەوە لەبەرئەوەش بوونی دازاین لە گۆڕانێكی بەردەوم دایە) بۆ پڕ كردنەوەی ناتەواوییەكانی بوون پێویستی بە داهێنان هەیە، هەر لەوێشەوە بە بوونی ڕەسەن گرێی دەدات. بەلاّم پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئەگەر داهێنان بە پێشمەرجی پڕكردنەوەی ناتەواوییەكانی بوون دابنرێت. ئایا لەو كاتەدا مرۆڤ نابێتە هەبوویيەكی نەگۆڕ؟ ئەو پرسیارەش لە بەبیرهێنانەوەی پەیوەندی نێوان نیگەرانی داهێنان چڕ دەكەمەوە، چونكە ئەگەر مرۆڤ نیگەران نەبێت، مەحاڵە بە داهێنان بگات. لەلایەكی دیكە ئایا دانانی داهێنان بە پێشمەرجی بوون بە ڕەتكردنەوەی پێشمەرجی نیگەرانی نایەتەوە؟ ئایا ئەوە ڕەتكردنەوەی ئەو باوەڕە فەلسەفییە نیە، كە دەڵێت: ئەگەر مرۆڤ هەبێت، دەبێت نیگەران بێت.

---

هایدگەر و شۆڕشێكی فەلسەفی، د. محەمەد..ه.س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بەجۆرە ئەوە نیگەرانییە وەك پێشمەرجی بوون، داهێنان دەخاتەوە... بەدیوەکەی دیکە ئەوە فەزای داهێنانە کە مرۆڤ دەخاتە سەر حاڵەتێکی دیکەی پرسیار و گۆڕان، بەو مانایەش داهێنان تەعبیر لە تەواوبوونی ناتەواوییەکانی مرۆیی ناکات، چونکە بوونی تەواو، نیگەرانی و قەلەقی ناناسێت.

ئەگەر بوونی مرۆڤ ناوەڕۆکێکی هۆشەکی و خۆرسکی نەگۆڕی لە جیهانی رووتکراو نەبێت، چۆنە و چییە؟ هەڵبەتە لای هایدگەر بوونێکە لێرەدا (دازاین)ە. بەو مانایەش بوون لەنێو جیهاندا و بەبێ جیهان نابێت. ئەوەش دابڕانی بوونە، لە هەموو بنەماو سەرچاوەیەکی نادیار و میتافیزیکییەوە و گرێدانیەتی بە جیهان و مێژووەوە. لێرەدا دازاین بوونێکی شاراوەو نەناسراو نییە، دیاردەیە و بەرێگەی میتۆدی دیاردەگەرییەوە دەیناسین و تەفسیری دەکەین. لەبەر ئەوەی دازاین ناوەڕۆکێکی هۆشەکی نییە، بۆیە ناتوانێت لە بوون بدوێت.

کەواتە بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا پێشمەرجێکی ئەنتۆلۆژییەو بوونی مرۆڤ بەبێ ئەو مەرجە نابێت. پێشمەرجەکان بارودۆخێکی ئەنتۆلۆژی بوونی مرۆڤن و بونیادی ئەو بوونەن و بەبێ ئەو بیر لەو بوونە ناکرێتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو بونیاد و پێشمەرجێکی ئەنتۆلۆژیش، بوونی مرۆڤ بەگشتی راستەقینەیەکی بنەڕەتی لەپێشترە و تەنانەت پێشمەرجەکانیش بەبێ ئەو نابن. (هەڵبەتە ئەو خاڵە یەکێکە لەو خاڵانەی کە نیچە لەگەڵی ناکۆك دێتەوە).

---

هایدگەر ناوەڕۆکی مرۆڤ بۆ ناوەرۆکێکی نەگۆڕ ناگەڕێنێتەوە. ناوەرۆکی ئەو بوونە لە بوونیایەتی.. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محەمەد کەمال.. ل67، 69،68. بەڵام ئەگەر بوون ئیرادەی هێز بێت، ئەوە تەعبیر لەو حەقیقەتە مرۆییە دەکات کە لە حاڵەتی سەیرورەدایە.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

لای هایدگەر بوونی مرۆڤ چییەتی نییە، بەڵکو خۆی ئەو چیەتییە لەنێو زەمینەی بەرینی ئەگەرەکانی بوون دادەهێنێت. ئەگەرەکانی بوونیش ئەو پڕۆژانەن کە ئەو بوونە هەڵیاندەبژێرێت و نەبوونیەتی خۆیان پێ پڕ دەکاتەوە. تاکەکان بەردەوام لە بووندا هەوڵدەدەن خۆیان تەواو بکەن و بە "چییەتی بوون" خۆیان پڕ بکەنەوە. هەڵبژاردنی پڕۆژەکانیش کە دەبن بە بنەمای پێکهاتەی ناوەڕۆك، هەندێکجار لەلایەن تاك خۆیەوەو هەندێکجاریش لەلایەن دەرەکییەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. لە حاڵەتی یەکەمدا ئەگەر تاکێك سەربەستانەو ئازادانە بڕیار لەسەر پڕۆژەکانی بوونی خۆی بدات و هەڵیانبژێرێت، بوونێکی ڕەسەنی دەبێت. لە حاڵەتی دووەمدا تاکەکان تەسلیمی دەسەڵاتێکی دەرەکی دەبن و ڕێگە بە دەسەڵاتە دەرەکیان دەدەن، کە بڕیار لەسەر پڕۆژەکانیان بدەن و ئاراستەیان دیاری بکەن.

وەك دەزانین پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە لەسەر زانین وەستاوە، لەسەر ئەو بنەمایە مرۆڤ لە بوونی (خۆ)یەکی ئاگامەندەوە بۆ بوون دەڕوانێت. لێرەدا زانین پەیوەندی نێوان ئاگامەندی و جیهان دادەمەزرێنێت.. بەو مانایەش ئاگامەندی بوونێکی جیهانی هەیە و ناتوانین بیر لە بوونی ئاگامەندانە بەبێ جیهان بکەینەوە، چونکە جیهان پێشمەرجە بۆ بوونی ئاگامەند. هەر لەبەر هەندێ دەکرێ بڵێین بوون بەشێوەیەکی گشتی لەژێر بارودۆخی بوون لەگەڵ-کەسانی دیکەدا سەرهەڵدەدات. بەڵام بوونی نارەسەن دوورکەوتنەوە لەخۆ و نامۆبوون بەخۆ دەگەیەنێت، هەر لەو خاڵەوە دەتوانین بۆ زێتر جەختکردن لە بوونی ڕەسەن ئاماژە بە یەکێك لە پێشمەرجەکانی دیکەی بوون بدەین، ئەویش نیگەرانی یان دوودڵییە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەبیرهێنانەوەیە دەمەوێت بڵێم ئەوە نیگەرانییە پرسیاری بەردەوام و ئاگایی بەردەوامی "خۆ" ڕووبەڕووی دابونەریت و جێگیربووەکان دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ هەبێت، دەبێت نیگەران بێت. ئەگەر مرۆڤ وەك ئەوەی کە خۆیەتی، لە ژیاندا نیگەران نەبێت، بەو جۆرە دەژیت کە کەسانی دیکە

دەیانەوێت، یان دابونەریت ئاراستەکانی دیاری دەکات، بە مانایەکی دیکە هەموو جێگیربوونێك کوشتنی پرسیاری لێدەکەوێتەوە.

کەواتە نیگەرانی یەکێکە لە پێشمەرجەکانی بوون و هەمیشە لەخۆ ئاگایی و پرسیاری بەردەوام و تایبەتمەندییەوە خۆی دادەهێنێ، ئەو خۆ داهێنانەش لە بوونی ڕەسەندا ئەنتۆلۆژییەتی بوون دیاری دەکات. بەلاّم بوونی نارەسەن خۆی ونکردووە (چ ئەو بوونە نارەسەنە بێت، وەك ئەوەی ئەویدیکە ئاراستەکانی دیاری دەکات، یان وەك ئەوەی خۆی بەسەر ئەویدیکەدا بسەپێنێ) هەردوو لایان وەك خاوەنی چییەتییەکی نەگۆڕ دەردەکەون.

بوونی نارەسەن هەمیشە نکوڵی لە جیاوازی و تایبەتمەندێتی خۆی کردووە و لە هەمان کاتدا خۆی کردووە بە "بابەت" بۆ ئەوانیدیکە، بەو مانایەش دەتوانین بڵێین: نارەسەنکردنی تاك گواستنەوەیەتی لەخۆ بوون، بۆ بابەت و ئەویدیکە بوون. بەلاّم بوونی ڕەسەن دەلالەت لە خۆناسین و تایبەتمەندێتی و جیاوابوون دەکات، ئەوەش تاکە ڕێگەیە بۆ خۆجیاکردنەوە لە ئەوانیدیکە، خۆجیاکردنەوەش لە ئەوانیدیکە بەستنەوەی ڕەسەنێتی بوونە بە زەمینە ئەنتۆلۆژییەکەیەوە، هەر لەڕێگەی ئاگامەندی و خۆناسین و تایبەتمەندیشەوە، مرۆڤ دەتوانێت پرۆژەکانی خۆی هەڵبژێرێت.

ڕەسەنێتی بوون بنەمایەکی ئەنتۆلۆژی دەنوێنێ و هەموو تاکێکیش لە بنەڕەتدا تایبەت و جیاوازە. ئەگەرچی تاکی ڕەسەن لە هەندێ شتدا لەیەك دەچن، بەلاّم لە زۆر شت جیاواز دەکەونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ڕەسەن هەرگیز لە هەوڵی ئەوەدا نییە، جیاوازییەکان بسڕێتەوە، بەڵکو دواجار ئەوە جیاوازییە کە ڕەسەنێتی بوون دەپارێزێت.

وەك گوتمان یەکێك لە پێشمەرجەکانی ئەنتۆلۆژییەکان بۆ بوون، ئاگاییە. بەلاّم بوونی نارەسەن لەبەر ئەوەی بە بابەت کراوە، یان لەبەر ئەوەی ئەو ڕاستییەی لەلایەن کەسانی دیکە لێ شاردراوەتەوە، بۆیە خاوەنی پرسیار و خۆئاگایی نییە.. کەواتە ناوەڕۆکی چییەتی بوون بەشێوەیەکی گشتی بەو پرۆژانەوە دەناسرێتەوە کە مرۆڤ لەڕێگەی تێگەیشتنەوە

هەڵیاندەبژێرێت، بە مانایەکی دیکە تێگەیشتن لە پرۆژەکان، تێگەیشتنە لە بوون و دەلالەت لە ناسینی (خۆ) دەکات.. ئیتر لێرەوە تێگەیشتن دەبێتە مەرجێکی لەپێشتر بۆ باسکردنی پرۆژەیەکەو تەفسیرکردنی واتای ئەو پرۆژەیە.

تەفسیرکردن لە تێگەیشتنەوە سەرهەڵدەدات. ئەگەر مرۆڤ لە پرۆژەیەك، یان بابەتێك تێنەگەیشت ناتوانێت ماناکەشی لێکبداتەوە. کەواتە مرۆڤی ئاگامەند بەر لەوەی بڕیار بدات، پێویستە لە مانای بابەتەکە بکۆڵێتەوە، ئەو بەدواچوون و لێکۆڵینەوەیەش دەبێ زادەی بیرکردنەوەی خۆی بێت، نەك لە ئەویدیکەوە بەدەستی هێنابێت و ئەویدیکە ئاراستەکانی دیاری کردبێت... هەر لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندی نێوان تێگەیشتن و تەفسیرکردن زەروری دەکەوێتەوە و تێگەیشتن دەبێتە زەمینەی تەفسیرکردن و لە هەمان کاتیشدا داکۆکی لە بوونی ڕەسەن دەکات، بەدیوەکەی دیکەش گرنگی و ڕۆڵی ئەو بوونە ڕەسەنەش لە زماندا دیاری دەکات.

بوونی ڕەسەن بە تێگەیشتنەوە لە واتای بوون دەکۆڵێتەوە و تەفسیری دەکات. لە بوونی ڕەسەندا زمان ئەو ناوەندەیە کە ماناکانی بوونی تێدا دەخرێتە بەر ڕۆشنایی بوون. ئەگەرچی زمان، کەسانی دیکەش بەکاری دەهێنن، بەلاّم واتای وشەکان لە دەربڕین و داکۆکیکردنی بوونی ڕەسەن جیاواز دەکەونەوە. بەجۆرە ئەگەر ئاگامەندی بابەتەکە نەناسێت و تیشکی بیرکردنەوەی نەخاتەسەر، ئەوە بابەتەکە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە کەسی ئاگامەند بە بیرکردنەوە تیشك دەخاتە سەر بابەتەکەو لایەنە ڕووناکەکانی دەبینێت و پاش ئەو ناسینە ئیتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. کەواتە مرۆڤ بەشێوە گشتییەکەی دەبێ لەڕێگەی زانینەوە پەیوەندی بە جیهانەوە بکات. هەر لەوێشەوە بوونی ئاگامەند بە بوونی جیهانەوە گرێ دراوە، واتە کەسی ئاگامەند بوونێکی جیهانی هەیە و بەشێکە لە جیهان، بۆیە بە ئاگاییەوە بەرەو کۆتایی بوون دەبێتەوە.

بوونی رەسەن لە کۆتایی و مردن ناترسێت، بەڵام بوونی نارەسەن بوونێکی ترسنۆکە، هەر لەبەر هەندێ خۆی تەسلیمی ئەوانیدیکە کردووە و سازش لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر دەکات. ئەگەرچی بوونی رەسەن لە ژیان دوودڵ و نیگەرانە، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی خاوەنی پرۆژەو بەهاکانی بوونی خۆیەتی، بۆیە پێش هەڵبژاردنی پرۆژەکەی و بڕیاردان لەسەری دووچاری دوودڵی نیگەرانی زۆر دەبێت... لێرەدا دوودڵی و نیگەرانی بوونی رەسەن راستەوخۆ بە هەنگاونان بەرەو ئایندەوە پەیوەستە، چونکە ئایندە نادیارە، بۆیە لەو هەنگاونانەدا دوودڵ و نیگەرانە، بەڵام چاو نەترسانە بڕیاری هەنگاونان دەدات و بەردەوام لە هەنگاوناندایە. دواجار هەنگاونان بەرەو نادیار دەبێتە ئەزموونێکی ناوەکییانەی ئەو بوونە رەسەنە، بۆیە مردن بۆ بوونی رەسەن لە گەیشتن بە وێرانەیی و کۆتایی بوون لەنێو جیهاندا خۆی دەنوێنێ. بەڵام بۆ بوونی نارەسەن رووداوێکی رۆژانەیە، لەبەر ئەوەی (ئەوان) جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی ئەو تاکەیان لەناو بردووە و تاکەکان لەیەك دەچن و جیاوازییان لەنێواندا نەماوە..

بوونی رەسەن مردن بە راستییەکی بوونی خۆی دەزانێت، بەڵام مردن لە بوونی نارەسەندا دەکەوێتە دەرەوەی بوونەوە.

لە کۆتایی مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاگامەندە و ئاگامەندانە لە واتای بوون دەکۆڵێتەوە و پرسیار لە واتاکانی دەکات و هەوڵدەدات راستی بوونی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام وەك پێشتر بۆمان دەرکەوت راستی بوون هەمیشە لەنێو پرۆسە مێژووییەکەی بوونی رەسەندا سەر هەڵدەدات، شتێك نییە وەك فۆرمە بەرزەکانی ئەفلاتوون لەسەرووی راستەقینەوە بێت..

بەو مانایەش پرسیارکردن لە مانای بوون، پرسیارکردنە لە راستی بوون، کەواتە راستی کێشەیەکی لۆژیکیانە نییە، بەڵکو کێشەیەکی ئەنتۆلۆژییە و مرۆڤ بەردەوام بەدوایدا دەگەڕێت و لە هەوڵی دۆزینەوەی دایە، دەشێ لە هەموو دۆزینەوەیەکیش راستی بێتە ناڕاستی مرۆڤ دوای راستییەکی دیکە بکەوێت، ئەو بیرکردنەوەیەش جەخت لاە واتای

راستی لای نیچە دەکاتەوە، بەو مانایەش راستی لەنێو پرۆسەی داهێنانی بەردەوامدا بەرجەستەیە.. راستی ناسین مرۆڤانەیە، بەڵام مرۆڤی نارەسەن بە (نامرۆڤ) کراوە و بووە بە (بابەت) بۆیە بیر ناکاتەوە بەو مانایەی کە هەوڵی دەرخستنی راستی بوون بدات.. لەبەرانبەر ئەوەشدا مرۆڤی رەسەن ئەو تاکەیە کە بە ئازادییەوە بیر دەکاتەوەو بڕیار لە پرۆژەکانی دەدات.

هەولێر 12/5/2009

## دەرنەکەوتنی "بوون"ی رەسەن
## دەرکەوتنی خوێنەری "نموونەیی"

وا مشەوەش بوو کە میحرابی برۆتی دی ئیمام
ئیزنی خەڵقی دا کە دنیا ئاخیرە بۆ دێنە نوێژ
"مەحوی"

ئەگەر دەق هیچ مانایەکی نەبێ تەنها ئەو کاتە نەبێت، کە خوێنەری کارا پرۆسیسەی دەکات، بەو مانایە لێکدانەوەو راڤەکردنی دەق نەك هەر تەنها بەپێی خوێنەرەکان،

---

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: بوونی رەسەن و تێگەیشتن لە کتێبی هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی...هـ.س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بەڵکو بەپێی تاکە خوێنەرێکیش دەشێ بگۆڕێت. لە راستیدا ئەو گۆڕانەی دوایی لەوانەیە پەیوەندی بە کاتی جیا جیاوە هەبێت (واتە کاتی خوێندنەوە) هەروەها لەرووی مێژووییەوە خوێنەران لە نەوە جیاوازەکانو سەدە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی جیاواز لێکدانەوەی بەرهەم دەکەن، واتە شتی جیاواز لەرێگەی خوێنەرانی سەردەمە جیاوازەکان بە دەق دەبەخشن.

(ئیمبرتۆ ئیکۆ) لە بواری سیمیۆتیکاوە کار دەکاتو کردەی خوێندنەوەو تەئویل لای ئەو خۆی لەو سێ قۆناغەدا هەڵدەگرێتەوە:

یەکەم: دەق بەو مانایەی کە رستێك سپێتیو ئاڵو گۆڕییەو قابیلی پڕکردنەوەو تەئویل کردنە.

دووەم: خوێنەر بەو مانایەی کە لە کۆمەڵێك دەق پێکهاتووە، خوێنەری مەوسوعی.

سێیەم: گەیشتنی دەق بە خوێنەر بە هاوبەشیکردن لە دەق، یان ساتەوەختی ئاوێتە بوونی نێوان دەقو خوێنەر، دەژمێردرێت.***********************

قسەکردن لە دەق بەو مانایەی کە هەڵگری کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕیو رستێك سپێتییە لەوێوە دێت کە پانتاییەکە لێپراسراوێتی کرانەوەی لەخۆدا هەڵگرتووە، هەر لەوێشەوە خوێنەر جولەو بزاڤو داهێنانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت، چونکە (ئیکۆ) پێیوایە دەق ئامرازێکی سستە، بۆیە داوا لە خوێنەر دەکات لەرێگەی هاوبەشیکردنەوە ئەکتیڤی بکات، ئەو ئاوێتەبوونو ئەکتیڤکردنەی دەق لەرێگەی خوێنەرێکەوەیە کە (ئیکۆ) بە (خوێنەری نموونەیی) ناوی دەبات، ئەو خوێنەرەش دەکەوێتە بەرانبەر ستراتیژیەتی دەقی دانەر، ئەو دانەرەش دەتوانێت ئەو ستراتیژیەتیە هەڵگرێت کە بەردەوام بۆ تواناکان

---

*********************** المصطفى عمراني، القراءة و التأويل بين امبرتو ايكو و فولفغانغ ايزر، مجلة/ فيكر و النقد المغربي- العدد 2005،67 .

دەگەڕێتەوە، بە دیوەکەی دیکەش خوێنەری نموونەیی بۆ هەمان ئەو توانایانەی خۆی دەگەڕێتەوە، هەر لەوێشەوە دەکەوینە بەرانبەر خوێنەری ئەزموونگەرییەوە.

(ئایزەر) سەر بە جوانکاری وەرگرە پرنسیپی تیۆرەکەی بۆ فینۆمینۆلۆژیاو هێرمینۆتیکا دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەر یەك لە (ئیکۆ)و (ئایزەر) جیاوازی زۆریان لە باکگراوەندی فیکری میتۆدیدا هەیە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا هەردووکیان سروشتێکی گێڕانەوەئامێزیان هەیە، بە مانایەکی دیکە زۆربەی ئەو مەسەلانەی کە (ئیکۆ) لە بواری خوێندنەوەو تەئویل کاری تێدا کردووە، (ئایزەر) پەرەی پێداوەو دەولّەمەندی کردووە. بۆ بەشدار بوون لە کارلێکەری نێوان دەقو خوێنەر، کۆمەلّێك چەمکی بەرهەم هێناوە لە پێش هەمووشیان (خوێنەری ناوەکی) کە نزیکە لە (خوێنەری نموونەیی)، ئەو خوێنەرە ناوەکییە خوێنەرێکە بە دوای مانادا دەگەڕێت، بەلاّم نەك مانا ئامادەو شاراوەکانی نێو دەق، وەك چۆن بە شێوە تەقلیدییەکەوە چەسپاوە، بەلّکو ئەو مانایەی کە لە کارلێکەری دەقو خوێنەر دەکەوێتەوە، واتە ئەو مانایەی کە وەك "جێکەوتەیەك دەشێ پرۆسیسە بکرێت" لە نوێوە بدۆزرێتەوە، نەك بابەتێك بێت بشێ دیاری بکرێتو پێوەی ببەسترێتەوە.

بەمجۆرە ئەرکی هێرمینۆتیکا لای (ئایزەر) خۆی لە تەقینەوەی وزە دەلالیە حەشاردراوەکانی نێو دەق هەلّدەگرێتەوە، ئەو تەقینەوەیەش لەڕێگەی بەشداری چالاکانەی خوێنەرەوە بە ئەنجام دەگات، بەو مانایەش خوێنەر ئەو بارگە وزەئامێزەیە کە بەردەوام لە هەر خوێندنەوەیەکی نوێدا دەدرەوشێتەوە.

**دیاردە/خوێنەر**

---

یەکێك لە جیاوازییەکانی لەگەلّ ئیکۆ ئەوەیە کە ئایزەر دەولّەمەندی ئەدەبی کلاسیکی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو یەك پرسیاری رووبەرووی خوێنەران کردۆتەوە.

المصطفى عمراني، القراءة و التاءويل بين امبرتو ايكو و فولفغانغ ايزر، مجلة/ فيكر و النقد المغربي- العدد 2005،67 .

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

فینۆمینۆلۆژیا خۆی بە ماهیەتی یان بە مانای دیاری وجودی مرۆییەوە خەریك دەكات، هایدگەر زاراوەی ((فینۆمینۆلۆژیا)) دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر بنچینەی یۆنانیو دەڵێت: زاراوەكە لە دوو بەش پێكدێت-(phenomenon) لەگەڵ (logos) بەشی یەكەم ئاماژە بە كۆی ئەو شتانە دەكات كە لەبەر رۆژدا دەردەكەون یان لە بەر رۆشنای دەردەكەون، ئەو دەركەوتنو دیار بوونەی (شت) نابێ لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، كە مەسەلەیەكی لاوەكییەو لەو دیوی خۆیەوە ئاماژە بۆ شتێكی تر دەكات، ئەوە مەسەلەیەكی بەسەرچوو نییە، بەڵكو دەركەوتنی شتەكەیە وەك خۆی، بە واتایەكی دیكە: بوونی شتێك (یان دەركەوتنی لە دەركردندا) مەسەلەیەكی لاوەكی دوور لە خودی شتەكە نییە، بەڵكو ماهیەتی راستەقینەیەتی.

(هایدگەر) دەگاتە ئەوەی میتۆدی دیاردەگەریی ((فینۆمینۆلۆژی)) لەسەر ئەو بنەمایە كار دەكات، كە شتەكان فەرامۆش بكرێن، تا خۆیان چۆنن ئاوەها دەركەونو دیار بن، بێ ئەوەی گوتەكانمان بەسەریاندا بسەپێنین، ئەوە ئێمە نین، ئاماژە بۆ شتەكان دەكەینو دەركیان پێدەكەین، بەڵكو خودی شتەكانن خۆیان بۆ ئێمە ئاشكرا دەكەن، بنەچەی راستەقینەی تێگەیشتنی دروست ئەوەیە ئێمە تەسلیمی هێزی شتەكان بین، تا خۆیان بۆ ئێمە ئاشكرا بكەن، بەلاَم شتەكان چۆن خۆیان ئاشكرا دەكەن؟

(هایدگەر) لە شیكردنەوەی بەشی دووەمی زاراوەكە پێیوایە (logos) دەلالەت لە فیكر ناكات، بەڵكو دەلالەت لە ئاخاوتنو ئەو ئەركەی ئاخاوتن دەكات، كە وا دەكات فیكر مومكین بێت، شتەكان لەمیانی زمانی ئاخاوتن (speakinig) خۆیان ئاشكرا دەكەن، لێرەدا زمان كەرەستەیەك نییە بۆ گەیاندن، كە مرۆڤ بۆ بەخشینی مانا بە جیهان، دایهێنابێت. یان گوزارشت لە تێگەیشتنی زاتیانەی خۆی بۆ شتەكان بكات، بەڵكو زمان گوزارشت لەو (ماناگەرییە) دەكات، كە بە كردەوە دەكەوێتە نێو شتەكانەوە، مرۆڤ زمان بەكار ناهێنێت، بەڵكو ئەوە زمانە لەمیانی مرۆڤەوە قسە

دەکات. جیهان لەمیانی زمانەوە خۆی بۆ مرۆڤ دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی زمان بواری تێگەیشتن‌و تەفسیرە، کەواتە جیهان لەمیانی پرۆسەگەلی بەردەوامی تێگەیشتن‌و تەفسیرەوە خۆی بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکات، ئەوە مانای ئەوە نییە، مرۆڤ لە زمان دەگات، بەڵکو مرۆڤ لەمیانی زمانەوە تێدەگات. زمان ناوەندکاری نێوان جیهان‌و مرۆڤ نییە، زمان دەرکەوتن‌و ئاشکرابوونی جیهانە پاش شاردنەوەی. زمان دەرکەوتنێکی وجودییانەی جیهانە.□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□

بەجۆرە دیاردەگەرایی لای (هایدگەر) دەبێتە هیرمنیۆتیکاو هیرمینۆتیکاش دەبێتە پرۆسەیەکی وجودییانەی تێگەیشتن، تێگەیشتن بریتییە لە توانای دەرککردنی شیمانە وجودییەکانی تاکە کەس لە ڕەوتی ژیان‌و بوونی لەنێو جیهان، بەو واتایە ماناکان بە پێی گەشەسەندنی مێژوویی لە گەشەسەندن دان.

## بوونی ڕەسەن/ئاسۆی پێشبینیەکان

هەڵبەتە خوێندنەوە کردەیەکە خۆی لە دەستلێدانی خوێنەران بۆ دەق هەڵدەگرێتەوە، ئەو دەستلێدانەش لەرستێك خەون و هیواو ئومێدو خەیاڵ و نائومێدی و گریمانەکان پێکهاتووە، دەشێ هەموو ئەوانەش بە ئاسۆی پێشبینیەکان پەیوەست بکەین، بەو مانایەش ئەزموونی خوێنەر دەکەوێتە نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی کە "دەق" فەرزی دەکات و ئاسۆی ئەزموون کە "وەرگر" تەواوی دەکات، بە مانایەکی دیکە دەکەوێتە نێوان دوو "بوون" بوونی دەق و بوونی خوێنەر.

"هایدگەر"یش دوو جۆر بوون دیاری دەکات، کە بریتین لە بوونی ڕۆژانە و بوونی تایبەتی، مەبەست لە بوونی ڕۆژانە بوونی ساختەیە، بوونی تایبەتیش بوونی ڕەسەنی کەسەکە دەگرێتەوە.

---

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ بروانة: نصر حامد ابو زيد- شكالية القراءة و التأويل- المركز الثقافي العربي- ط4-1996/ الفصل الاول.

بوونی ساختە: ئەو بوونەیە کە کۆمەڵێك کارتێکەری دەرەکی پێکی دەهێنن، ئیدی ئەو کارتێکەرییانە بارودۆخ بن، یاخود یاسایی ئەخلاقی و دەسەڵاتی ئاییني و سیاسی و دابونەریت و شتی لەو بابەتە بن، دەتوانین بڵێین ئەو کەسە ژیانی ڕەسەنی خۆی ناژی و واز لە هەڵبژاردنی خۆی دەهێنێ و بوار بەوانیدی دەدات ئیمکانەکانی بۆ دیاری بکەن، بەو مانایە ئەو کەسە ئیمکان و توانا تایبەتیەکانی خۆی لەدەست دەدات و لە ئیمکان و توانا گشتییەکاندا دەتوێتەوە. بەڵام بوونی ڕەسەن: ئەو بوونەیە کە تیایدا خود هەست بە تاکێتی خۆی دەکات و لەوانی دی دابڕاوە، کە دەوترێت لەوانیدی دابڕاوە، مانای ئەوە نییە کەسەکە بە تەنها دەژی و دوورە لە خەڵك.. واتە جۆرێکە لە دۆزینەوەی خود. مرۆڤ بەزۆری لەو بوونە ڕەسەنە بێئاگایەو بە مەوجودەکانی دیکەوە خەریکە و لە دەرەوەی خۆی و لە خەڵکدا دەتوێتەوە و بێئەوەی هەست بکات کۆمەڵێك تواناو ئیمکانی بەسەردا دەسەپێنرێت، کە لە خودی خۆیەوە سەرچاوەیان نەگرتووەو لەلایەن دەرەوە بۆی دیاریکراون.[*************************]

**هەڵوەشانەوەی دەق/خوێندنەوەی فەلسەفییانە**

لای (هایدگەر) زمان گوزارشت لەو (ماناگەرییە) دەکات کە بە کردەوە دەکەوێتە نێو شتەکانەوە، مرۆڤ زمان بەکار ناهێنێت بەڵکو ئەوە زمانە لەمیانی مرۆڤەوە قسە دەکات.[□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□] بەڵام شیعر داوای هیچ شتێك ناکات، زمانی شیعری بەیەکدادەچێت و دەچێتەوە نێو یەك و دادەخرێت، لە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی توند لێکدوور دەکەوێتەوە.

---

[**********************] د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، بوون لە شیعری "مەحوی"دا، چاپخانەی تیشك- سلێمانی.

[□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□] نصر حامد ابوزید، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، بيروت-لبنان.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

لە دووتوێی ئەو پێشەکییە کورتەدا دەمەوێت ئاماژەیەك بە کتێبی (بوون/ لەنێو شیعری "مەحوی"دا) بدەم، لەو کتێبەدا (د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا) توانیوویەتی خوێندنەوەیەکی نیازئامێز بۆ گەیشتن بە "مەحوی" نەك بە دەقە جیاوازەکانی بسازێنێ. □□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ بۆ سەلماندنی پێشبینییەکانی خۆی لەڕێگەی بەدواداچوونی خودی "مەحوی" ڕاڤەیەکی فەلسەفی بە دەقەکان دەبەخشێت، واتە ئەگەرچی بە چاوی ڕابردوو لە دەق ناڕوانێ و ناکەوێتە سەر نیازەکانی نووسەر، بەلاّم خوێندنەوەکەی بەڕای من زێتر خۆی بە کەسێتی مەحوی وەك ئەوەی کە خۆی وێنای دەکات، خەریك کردووە.. خوێندنەوەیەکی ماناگیرەو بۆ ئەو وێناکردنەشی سوود لە "هایدگەر" وەردەگرێت و هەر لەوێشەوە ڕێگەیەك بۆ ئاوێتەبوونی دەق دەدۆزێتەوە، پرسەکانی خۆی لەسەر جێگیر دەکات و گوتەکانی خۆی بەسەر خودی "مەحوی" دەسەپێنێ. بەجۆرە شیعریەتی دەق بە فەلسەفە هەڵدەوەشێنێتەوە.

لەو لێکۆڵینەوەدا (د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا) دەڵێت: خودێك هەیە کە ناوی مەحوییە ئەو خودە نە کوردە نە عەرەبە نە فارسە، ئەو خودە خاوەنی جەستەیەکە کە شتێکی دیارو بەرچاوو زیندووە، بەردەوامبوونی زیندوویتی ئەو جەستەیە بە هۆی بوونێکەوە دەبێت کە بێتە نێو جەستەیەوەو تێیدا بەرجەستە بێت و لەڕێگەی ئەو جەستەیەوە تواناو ئیمکانەکانی بەدی بهێنێت. بەلاّم هەتا بوونی ساختە لەنێو "مەحوی" بمێنێ، بوونی ڕەسەن خۆی پێشانی نادات.

---

□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ لە کوێی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا دەقەکانی مەحوی لەیەکتر جیا نەکردۆتەوە، وەك جەستەیەك کە ساتەوەخت و فەزاو بیرکردنەوەو خەیاڵی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵکو بێ ئەوەی ڕەچاوی جیاوازی نێوان دەقەکان بکات، بۆ پراکتیزەکردنی نیازەکانی خۆی لەکۆی دیرە جیاوازەکانی شیعری مەحوی هەوڵی بەلگەهێنانەوە دەدات، وەك ئەوەی مەحوی هەموو دەقەکانی بە یەك نەفەس و یەك فەزاو بیرکردنەوەو خەیاڵ نووسیبێ.

دەشێ ئەو دەرکەوتن و دەرنەکەوتنە لە دەقی مەحویدا راستەوخۆ پەیوەندی بەو پەیوەندییە شیمانەییەدا بێت کە زمانی شیعریی دەیخاتەوە، بۆیە ئەو لێکدانەوە هایدگەرییە هەمیشە لە بەدواداچووندا کورتی دێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ وەك توانا و پێکهاتەی خوێنەر بەو مانایەی کە خوێنەر لە کۆمەڵێك دەق پێکهاتووە بدەینە قەڵەم.

هەڵبەتە کێشەی دەرنەکەوتنی بوونی رەسەن بەڕای "د. محەمەد ئەمین" لە خودی مەحوییدایە. بەڵام بەڕای من ئەو دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەی "د. محەمەد ئەمین" کەشفی کردووە، گەمەیەکی شیعرییە و راستەوخۆ پەیوەندی بە خەیاڵ و نائاگایی ساتەوەختی نووسینی شیعرەوە هەیە. دەشێ ئەوە گەمەکانی زمانی دەق بێت کە لە نائاگاییەوە هەوڵی بەرکەوتن و لێکخشانی واقیع دەدات. هەر لەڕێگەی ئەو دانوستاندنەش فەزایەکی بێ سنور بۆ دەمەتەقێ و بیرهێنانەوەی ئازادانە دەسازێنێ. دەمەوێت بڵێم پرۆسەی نووسینی شیعریی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەشێکی زۆری زمانی شیعری بارگاوییە بە لایەنی نەستییەوە لەبەر هەندێ ناشێ "مەحوی" لە حاڵەتی ئاگاییدا بێت، وەك د. محەمەد ئەمین بۆی دەچێ.□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ هەروەك لۆژیك و عەقڵ لە بەدواداچوونیدا بە ئەنجام ناگەن، چونکە پرۆسەی نووسینی شیعریی پرۆسەیەکە بەشێکی زۆری لە نائاگایی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە، لەلایەکی دیکە دەشێ بەشێك لە جوانی ئەو لێکۆڵینەوە فەلسەفییە لە بەرجەستەکردنی ئەکتیڤانەی منی خوێنەرەوە بێت، وەك ئەوەی "ئیکۆ" بە خوێنەری نموونەیی ناوی بردووە، بەڵام بەشێك لە ئیشکالەکانی ئەوەیە بەر لەوەی وەك دەقی شیعری مامەڵە لە تەك مەحویدا بکات کە لە وشەکانەوە شتەکان رەنگ دەکات، وەك لۆژیك و عەقڵ مامەڵەی فیکری لەگەڵ مەحوییدا دەکات و هەوڵدەدات لە شتەکانەوە وشەکان دووبارە بەرجەستە بکاتەوە، لەبری

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، بوون لە شیعری "مەحوی"دا.

ئەوەی لە پەیوەندییەکی شیمانەییدا لەڕێگەی خەڵقکردن و دووبارە خەڵقکردنەوە وزەی زمانی شیعریی دەستنیشان بکات، لەڕێگەی پێشخستنی خودی مەحوییەوە ئەو وزە شیعرییە بەدوادەخات، هەر لەوێشەوە ئەدەبیەتی "مەحوی" لەنێوان چەمکی توانەوە لە ئەویدیکە و هەستکردن بە تاکێتی دابڕاو پارچە پارچە دەکات، ئەو راڤەکردنەش ئەگەر بەشێکی بکەوێتە دووتوێی نیازی خوێندنەوەیەکی دیاریکراوەو شیاو بکەوێتەوە، بەشێکی لەوێوە نەشیاو دەکەوێتەوە کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران بۆ دەقەکانی مەحوی دووچاری شێوان دەکات، هەر لەوێشەوە کۆی ئەو پێشبینیانە دەکوژێت کە دەشێ دەق لەخۆیدا هەڵیگرتبێت.

دواجار دەمەوێت بڵێم مەرج نییە خوێنەری نموونەیی یان ناوەکی، چەمك و رێباز و میتۆدی دیاریکراو بەسەر دەقدا بسەپێنێ، چونکە چوونە نێو دەق بەو شێوەیەی (د. محەمەد ئەمین) نەك هەر کارلێکەری نێوان دەق و خوێنەر نیشان نادات، بەڵکو ئاسۆی پێشبینیەکانی دەقیش بە بنبەستبوون دەگەیەنێت، خەیاڵی خوێندنەوە دادەخات. کەواتە بەڕای من ئەو خوێندنەوەیەی (د. محەمەد ئەمین عەبدوڵلا) لە ونبوونی خەیاڵ و سەلماندنی فیکرو عەقڵدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، بە دیوەکەی دیکەش جوانی ئەو خوێندنەوە لەوەدایە بوونی منی خوێنەر لەبری بوونی منی دانەر دەردەکەوێت، بە مانایەکی دیکە سێنترالیەتی دەق لەق دەکات و ئەرزش بۆ پەراوێز دەگەڕێنێتەوە. بەو مانایەش لەڕێگەی کردەیەکی چالاکانە سپێتی دەق پڕ دەکاتەوە، ئەوەش ئامادەگی خوێنەر و مەرگی دانەر لە چرکەساتی خوێندنەوەی خوێنەر دەخاتە روو.

## دەرکەوتنی "عەدەم"ی وێناکراو

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

## دەرنەکەوتنی خوێنەری "عەدەمی"

بێکەس منم کەسێ لە زوبانم بگات نییە

هەردەم خودا نەناس و دەم پڕ لە یاخودا

"مەحوی"

ئەگەرچی قسەکردن لە (عەدەم-نەهلیستی) بەرەو کۆمەڵێك ئیشکالیەتی فیکری و فەلسەفیمان دەکاتەوە، بەلاّم بەگشتی هەوڵدەدەین لێرەدا بکەوینە سەر ریتمێکی (نیچە)ییانە، نەك بەمانای نەبوون بەرانبەر بوون.. چونکە (نیچە) دەڵێت: ئەوە ناکاملی مرۆڤەکانە کە بیانەوێت بوونی خۆیان بکەنە مانا و پێوەری هەموو شتێك، بڕواکردن بە گوتەزای عەقڵیش هۆی سەرەکی نەهلیزمە.************************ بەو مانایەش نەهلیزم کار لەسەر تێپەڕاندنی بەهاکان دەکات و هەموو حەقیقەتێکی جێگیر رەتدەکاتەوە.

هەڵبەتە عەدەمیەت بەر لە (سوکرات)ەوە بۆ (گۆرگیاس)و(بووزیەت) دەگەڕێتەوە، هەروەها وشەی نەهلیستییەت (تۆرگینێف)ی رووسی دایهێناوە، گوزارشت لە حاڵەتی گومانی رەها دەکات و وەك بەرزترین ئامانج پشت بەوێرانکردنی بەرفراوان و تەواو دەبەستێ، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ئاینزایی کۆمەڵێك شۆڕشگێڕی رووسیایی بووە بە دژی (قەیسەر)و هەوڵیانداوە تەواوی دامودەزگاکان لەڕێگەی هەوڵی تیرۆرستانەوە وێران بکەن.

---

************************ شایگان، داریوش، ئاسیا لە بەرانبەر خۆرئاوادا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شۆڕش جوانرۆیی و مامەند رۆژە، چ1، وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی 2004.

هـ.س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

لێرەدا لە پرسیاری ئایا نەفیکردن و (نا) ئەو دیاریکردنە بالآیەن کە (عەدەم) وەك جۆرێکی تایبەتی دەخەنە روو، یان بە پێچەوانەوە نەفیکردن و نا لەسەر عەدەم وەستاون؟ بەلای (هایدگەر) عەدەم زۆر لە نەفیکردن و نا رەسەنترە. کەواتە توانای نەفیکردن بەو پێیەی بەرهەمی تێگەیشتنە و خودی تواناکانی تێگەیشتن، بەجۆرێك لەجۆرەکان لەسەر عەدەم رادەوەستن. بەلاّم ئایا پرسیارکردن لە عەدەم لەکۆی ئەو ئاوێتەبوون و نێودژییە و بەبێ پێشبینیکردن و وێناکردنێکی پێشوەختانە چۆن دەنووسینەوە؟ هەڵبەتە لەباشترین باردا بۆ دەرککردن بە عەدەم دەتوانین وەك بیرۆکەیەك وێنای هەمەکییەتی مەوجود بکەین و پاشان هەر لە بیرکردنەوەماندا ئەوەی کە وەك هەمەکییەتی مەوجود وێنامان کردووە نەفی بکەین و وەك نەفیکراوێك بیخەینە روو، لێرەدا دەگەینە چەمکێکی شکلی (عەدەم)ی وێناکراو، نەك خودی عەدەم، چونکە هەرگیز ناگەینە خودی عەدەم.. ئێمە لە دەرەوەی خۆماندا بۆ عەدەم دەگەڕێین و دەمانەوێت لە دەرەوە دەرکی پێبکەین و بزانین چییە، بەلاّم ئەوەی لێرەدا پێیدەگەین عەدەمێکە لەنێو خۆماندایە. بە مانایەکی دیکە دەشێ وەك حاڵەتێك

---

لێرەدا عەدەم بریتییە لە نەفیکردنێکی تەواوی هەمەکییەتی مەوجود.. هەڵبەتە دەبێ هەمەکییەتی مەوجود پێدراوێك بێت تا بتوانین رووبەرووی نەفیکردن بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەم نەفیکردنەدا خودی خۆی دەربخات واتە بەپێی ئەو پێناسە گشتییەی عەدەم مرۆڤ هەموو شتەکانی دەرەوەی خۆی بە مرۆڤەکانی تر و گیاندارو بەردو زەوی و ئاسمان تەنانەت هەموو گەردوونیش نەفیدەکات و بەمە دەگاتە عەدەم. بێگومان ئەستەمە بتوانرێت ئەو نەفیکردنەی هەمەکییەتی مەوجود ئەنجام بدرێت چونکە ئێمەی مرۆڤ بەو پێیەی کائنێکی کۆتاییدارین، چۆن دەتوانین بە هەمەکییەتی مەوجود بگەین و پاشان نەفیی بکەین؟ .. گومان لەوەدا نییە کە ئێمە هەرگیز ناتوانین بەشێوەیەکی رەها دەرك بە هەمەکییەتی مەوجود بکەین لەخۆیدا، هەروەها لەوەش دڵنیاین بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ناو جەرگەی (هەمەکییەتی مەوجود)داین. لێرەدا جیاوازییەکی ریشەیی هەیە لەنێوان ئەوەی دەرك بە (هەمەکییەتی مەوجود) بکەین لە خۆیدا، لەگەڵ ئەوەی دەرك بە خۆمان بکەین لە ناو (هەمەکییەتی

تەماشای ئەو دەرککردنە بکەین و لــە بارگەیــەکی هەســتی هەڵیگرینــەوە، ئــەو بارگــە هەستییە لەبنەڕەتدا بە (قەلەق)ەوە بەندە، بەڵاّم بێگومــان لێــرەدا قەلــەق ئــەو شــڵەژانە ئاساییە نییە کە لەڕێگەی ترسەوە باڵ بەسەرماندا دەکێشێت، بــەڵکو زۆر بــە قــوڵی لــە ترس جیاوازە، چونکە ترس هۆی دیــاریکراوی خــۆی هەیــە، بــەڵاّم ئەســتەمە سەرچــاوەی قەلەق دیاری بکەین. لە قەلەقدا مرۆڤ لەبارێکدایە هەست بە تەنگ پێهەڵچنین دەکــات، وەك ئەوەی لە بۆشاییدا بین و لە هیچ لایەك شتێك نەما بێت دەستی پێبگرین.

بــەجۆرە ئەگەرچــی قەلــەق پرۆســەی وێنــاکردنی عــەدەم نییــە، بــەڵاّم قەلــەق وا لــە هەمەکییەتی مەوجود دەکات بکشێتەوەو لە دەستمان دەرچێت. واتــە دەمانخاتــە بەرانبــەر دازاینی رەسەنی خۆمانەوەو (دازاین)مان بۆ ئاشکرا دەکــات.

بەجۆرە قەلەق عەدەم ئاشکرا دەکات، ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە بۆ گوتەزاکــەی (بــارت) بگەڕێینەوە بەوەی کە بوونی دەق بایی مەرگی دانەرە. ئەوە دەشێ بڵێین دەق ئەو قەلەقەیــە کە نەبوونی دانەر ئاشکرا دەکات، کاتێکیش دەق بە قەلەق یەکسان دەکــەین بــەو مانایــە

---

مەوجود)دا. حاڵەتی یەکەم بەشێوەیەکی سەرەتایی ئەستەمە، بەڵاّم حاڵەتی دووەم ڕووداوێکی بەردەوامی رۆژانەیی (دازاین)مانە. واتە ئێمەی مرۆڤ لە چاو زەمین و ئاسمان و گەردووندا پنتێکی زۆر بچوك و سنورداین، بۆیە بەم بچوکی و سنوردارییەی خۆمانەوە کە لە بەشێکی ئەم گەردوونەداین و بەو بەشەوە حەریکبووین و تێیدا رۆچووین، هەرگیز ناتوانین پەی بە هەمەکییەتی مەوجود، واتە پەی بە دنیاو گەردوون ببەین، چ جای ئەوەی بێین نەفی بکەین، بۆ ئەوەی بە (عەدەم) بگەین، واتە لە واقیعدا و لەرووی پراکتیکییەوە نەفیکردنی (هەمەکییەتی مەوجود) کارێکی ئەستەمە و مرۆڤ ناتوانێت ئەنجامی بدات. بڕوانە : د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵاّ، بوون لە شیعری "مەحوی"دا، چاپخانەی تیشك-سلێمانی.

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ دازاین واتە (بوون-لێرە) یان بوون لە عالەمدا، ئەو زاراوەیە لای "هایدگەر" واتایەکی دوو لایەنە دەگەیەنێت: لە لایەك بەمانای مەوجودی مرۆیی بەرچاو دێت، لەلایەکی دیکەوە بە مانای ئەو بوونەی مرۆڤ دێت کە لە میانەی ئەو مەوجودە بەرچاو دەکەوێت و دەبینرێت. بڕوانە : د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵاّ، بوون لە شیعری...

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

دیَ كە لە حالّەتی نووسینی دەق جـۆرە ئارامییـەكی تایبـەت دامانـدەگریّت، لەلایـەكی دیكە هەر لەسەر ئەو بنەمایە وەك چۆن سەرچاوەی قەلەق دیار نییـە، دەقـی ئیبـداعیش ئەو دەقەیە كە ئەستەمە بتوانین بە تەواوی سەرچاوەكانی دیاری بكەین، نەك بەو مانایەی كە دەقی ئیبداعی پەیوەندی لەگەلّ سەرچـاوەكان دەپچـڕێنیّ، بـەلّكو بـەو مانایـەی كـە پەیوەندییەكی نویّ دادەمەزرێنیّ و لەو شتانە دەكشێتەوە كـە توانـای پـەیڕەوكردنی ئـەو پەیوەندییەیان نییە.

ئەگەر دەقی ئیبداعی هەستی تەنگ پێهەلّچنین ئاشكرا بكات و ئەو هەسـتەش بـەمانا (بارت)ییەكەی نەبوونی دانەر بگەیەنیّت. كەواتە دەقی ئیبداعی عەدەم ئاشـكرا دەكـات، بەو مانایەش بوونێكە لەمیانی مەوجودی بەرچاو دەردەكەویّت، لەكۆی ئەو قسـەكردنەش دەشیّ بلّێین بەبیّ ئیبداع ناشیّ قسە لەو بوونە بكەین، واتە ئەگەر مێژووی بوونی مرۆیـی وەك "هایدگەر" دەلّیّ لەو كاتەوە دەستپێبكات كـە قەلـەق دەبێـت و قەلـەقیش عـەدەم ئاشـكرا بكـات، ئـەوە عەدەمییـەت ئـەو داهێنانەیـە كـە تـەعبیر لـە وزەو چـالاكییە خودییـەكانی تـاكی ویسـتگەرا دەكـات، واتـە كۆمـەلّێك رووتكردنـەوەو رەتكردنـەوەی نێگەتیفە و داوای ئامادەگییەكی نێگەتیفانە لەبەرانبەر ئەو مەوجودە بەرچاوە دەكات.

دكتۆر محەمەد ئەمین عەبدوللّا لەبارەی سەیركردنی "مەحوی" بۆ دنیا دەلّێت: مـەحوی پێیوایە ئەگەر مـرۆڤ لـەبوونی رەسـەن و مرۆڤانـەی خـۆی دابـڕیّ، ئـەوە روو لـە دنیـا و بەدەستهێنانی شتی دنیایی دەكات، لای مەحوی دنیا هیچە، لەو هیچـتریش ئیمـەین كـە لەسەر هیچ شەڕ دەكەین.. بەلاّم وەك گوتمان ئـەركی مرۆڤـی داهێنـەر ئەوەیـە لـە پێنـاو پارچـە پارچـەكردن و رامـالّینی تـەواوی دامودەزگـا تەقلیـدی و بـەها لەكاركـەوتوو و بێزاركەرو بۆگەنەكان رابێتەوە، بەو مانایەش ئیبداع لە عەدەمێكـەوە بـەرەو عـەدەمێكی دیكە هەنگاو دەنیّ و هەر لەوێشـەوە زنجیرەی وشـەكان لەیـەك دەتـرازێن و بـەخاوەنبوون بوونی نامێنیّ، تەنها ئیبداع دەمێنێتەوە.. هەمیشە ئەوە ئیبداعە تـەواوی جیاوازییـەكان

لەخۆ دەگرێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پەیوەندی دەقی ئیبداعی بە خوێنەرانەوە لەسەر قبوڵکردنی خوێندنەوەی جیاواز خۆی نمایان دەکات.

کەواتە خوێندنەوە جێبەجێکردنی کردەیەکی دیکەی ئیبداعییانەیەو بەپێی توانای خوێنەری جیاواز و زەمەنی جیاواز گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر لەبەر هەندێش (ئیکۆ) پێویستی بە خوێنەرێکە کە بە هەمان ئەزموونی نووسەردا بڕوات، لەسەر ئەو بنەمایە ئەگەر دەرکەوتنی عەدەمی وێناکراو لای مەحوی ئیبداع بنوێنێ ئەوە پڕکردنەوەی ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان دەق و خوێنەر پێویستی بەو پردە نییە کە بە رابردوومان دەبەستێتەوە، بەڵکو ئەوە تەنگ پێهەڵچنینی دەقە کە ئاراستەکانی خوێندنەوە دیاری دەکات، ئەو تەنگ پێهەڵچنینە کە خەیاڵی خوێنەری لەسەر دادەمەزرێ و لەوێوە پەنجەرەیەکی دیکە بەرووی دەقدا دەکاتەوە، بەو مانایەش خوێندنەوە پێویستی بە قەلەقی خوێنەرەوە هەیە. ئەوەش لەسەرتێکەڵبوونی ساتەوەختی خوێندنەوە دێتە ئاراوە، یان لەسەر توانای تێگەیشتن کەوا دەکات نەفیکردن و "نا" هەبن، (ئەو نەفیکردنەی لەساتەوەختی خوێندنەوەدا دێتە دی، تێگەیشتنە). بە مانایەکی دیکە خوێنەری داهێنەر ئەو خوێنەرەیە کە لەساتەوەختی خوێندنەوەدا وامان لێدەکات مۆڵەق بین، یان تەنگمان پێهەڵدەچنێ.. هەڵبەتە ئەوە رەتکردنەوەی هەمەکییەتی مەوجود نییە، بەڵکو کردارێکی ئیبداعییە. کەواتە ئەگەر خوێنەر لە بەرانبەر دەقی ئیبداعی دووچاری قەلەق نەبێ ناتوانێت بەشداری لە کردەی ئیبداعی دەقدا بکات. بە مانایەکی دیکە ناتوانێ لە بواری بە پاشکۆبوونی دەق بەرەو بواری کەشفیکردن و داهێنان هەنگاو بنێت. دەمەوێت بڵێم ئەوەی (د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا) لەو خوێندنەوەیەدا بە ئەنجامی گەیاندووە جگە لەوەی بەپێی جیاوازی قۆناغەکانی پێشوو هەوڵی بە جولەخستنی مانای لە دەرەوەی شاعیر داوەو توانیوویەتی بوارێکی دیکە بۆ تێگەیشتن بکاتەوە، یان جولەیەك لەنێوان تەفسیر و تێگەیشتن بە ئەنجام بگەیەنێت، هەر لەوێوەش تەعبیر لە مێژووی ئەدەب بکات.

واتە توانیوویەتی پرۆسەیەکی دیالۆگئامێزانە لەنێوان دەق و وەرگر دروست بکات و جۆرێك بێ لە پڕکردنەوەی مەسافەی نێوان مەعریفەی ئیستێتیکی و مەعریفەی مێژوویی.. لەوێشەوە راستەوخۆ پەیوەندی بە باکگراوەندی رۆشنبیریی خوێنەرەوە بکات و ئاسۆی تێگەیشتنی پێشووی دابڕژێتەوە و لەسەر چاوەڕوانییەکانی خوێنەر راست بێتەوە.

بەڵام دەمەوێ لەلایەکی دیکە بڵێم نەیتوانییوە سپێتی دەق و وسبەلێکراوەکانی بە شێوەیەك پڕ بکاتەوە، شێوەیەك کە لەساتەوەختی بەریەککەوتندا دێتە ئاراوە، بە مانایەکی دیکە لە پرۆسەی خوێندنەوەی "مەحوی"دا دەق دووچاری قەڵەقی نەکردووە، بەڵکو ئەو خوێندنەوەیە تەنها هۆیەکە بۆ بەبیرهێنانەوە.. ئەگەر بەشێکی ئەو پەیوەندیگرتنەی دکتۆر بۆ کۆی ئەو پێناسانەی پێشوو بگەڕێتەوە کە دەوروبەری "مەحوی" داوە، ئەوە بەشێکی راستەوخۆ تەعبیر لە باکگراوەندی رۆشنبیریی خوێنەر دەکات، لەنێوان باکگراوەندی رۆشنبیریی ئەو خوێندنەوەیەو پێناسە داڕێژراوەکانی پێشوو دەقی "مەحوی" وەك لایەنە ئیستێتکی و هونەرییەکەی ونبووە، بەو مانایەش ئەو خوێندنەوەیەی دکتۆر ئەوەندەی لەسەر بەرهەمهێنانی ماناو مەدلوول کار دەکات، ئەوەندە لە هونەری جوانگوتن و چێژ و بەرزڕاگرتنی ئاستی زمان و خزینی ماناو وسبەلێکراوەکان دوور دەکەوێتەوە. دەمەوێت بڵێم ئەوەندەی پێناسەکانی پێشوو.. تەرەسوباتەکانی دەوروبەری دەقی مەحوی، مەعریفەی مێژوویی.. ئاراستەی خوێندنەوەکەی دکتۆر دیاری دەکات، ئەوەندە دکتۆر لەساتەوەختی خوێندنەوەو تەنگ پێهەڵچنینی دەق دوور دەکەوێتەوە.

## ئیستێتیکای وەرگر
## لە پێناو تەئویلکردنێکی نوێی دەقی ئەدەبی

هەڵبەتە قسە کردن لە (وەرگر) لەوێوە دێت،کە خوێندنەوە کردەیەکە خۆی لە دەستلێدانی خوێنەر بۆ دەق هەڵدەگرێتەوەو ئەو دەست بۆ بردنەش لە رستێك خەون و هیواو نائومێدی و گریمانە پێکدێت، کە بێداری دەیانچنێت. کەواتە خوێندنەوەی ئەدەبی هەوڵێکە بۆ بەدواداگەڕانی ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان دال و مەدلول و کار بۆ کردنەوەی حەشاردراو و نهێنیەکان دەکات، رەخنەگری بەناوبانگ (ئیسکاربیت) دوو جۆر خوێندنەوە لە یەك جیا دەکاتەوە، یەکەمیان خوێندنەوەی مەعریفی و دووەمیان خوێندنەوەی بەرکار. یەکەمیان کاری ئەدەبی تەجاوز دەکات بۆ ئەوەی درك بە بارودۆخی دەوروبەر و نیازەکانی بەرهەمهێنان بکات. کەچی دووەمیان خوێندنەوەیەکی چێژئامێزەو لەسەرسامبوونەوە رادەبێتەوە.

بەلاَم وەك مەسەلەیەکی مێژوویی سەرەتای ئەو چارەسەرکردنە وەك تەئویلیکردنێکی نویێ بۆ ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە، ئەڵمانیا وەك سەرچاوەی ئەسڵی ئەو رێبازە ئەدەبییەی کە بە وەرگر ناو دەبرێت دێتە ژماردن. ئەو ولاَتە لەو دوو دەیەی دواییدا بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ئەدەبی دوو رێبازی پێناساندین، ئەو دوو رێبازەش پشت بە (خوێنەر-وەرگر) دەبەستێت، کە لە پێکهێنانی پرۆسەی پێکگەیاندن رەگەزێکی سەرەکییە.

ڕێبازی یەکەم خۆی لە کۆمەڵەی (نۆرمان) لە بەرلین هەڵدەگرێتەوە، ئەو کۆمەڵەیە گرنگی بە چارەسەری دەقی ئەدەبی دەدات و پشت بە ئاراستە مارکسیەکەوە دەبەستێت، پێیانوایە کە دەق و خوێنەرو خوێندنەوە هۆی بەرهەمهێنانی ئەدەبی بن. ئەو کۆمەڵەیە لەسەر ئاستی ئەو چینەی کە خوێنەر پێیەوە کاریگەرە یان بۆی دەگەڕێتەوە مامەڵە دەکات. دەق لە دیدی ئەواندا لە ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی واقیع بەسەر نووسەردا لە دایك دەبێت.

بەلاّم ڕێبازی دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە قوتابخانەی (کۆنستانس) ناو دەبرێت، چالاکی ئەو کۆمەڵەیەی نێو کۆنستانس گرنگی بە ئیستێتیکای وەرگر و ڕەخنەی وەلاّمدەرەوەی خوێنەر دەدەن و هەر یەك لە (هانس ڕۆبەرت یاوس) و (لفیگانگ ئایزەر) لە ناسراوەکانی ئەو ڕێبازەن، و لەڕێگەی وتارە بلاّوکراوەکانیانەوە هەوڵیانداوە پرێسیب و بیروباوەڕی خۆیان بناسێنن.

ڕەخنەگر و مێژوونووسی ئەدەبی (هانز ڕۆبەرت یاوس 1921-1997) کە بۆ یەکێك لە بالاّترین قوتابخانەکان دەگەڕێتەوە ئەویش (کۆنستانس)ە، ئەو قوتابخانەیە بە شێوەیەکی گشتی قوتابیانی خۆی لە پەیوەندی دەلالی دەقی ئەدەبی و خوێنەرەوە هەڵدەگرێتەوەو یەکێك لە بەرهەمە بە پێزەکانی ئەو قوتابخانەیە بەرهەمێنانی چەمکی (ئیستێتیکای وەرگر)ە، کە (یاوس) لە پێناو تەئویلکردنێکی نوێی دەقی ئەدەبی بەرجەستەی کردووە، وەرگێڕی عەرەبی (ڕەشید بنحدۆ) لەگەڵ چەند وتارێکی گرنگی دیکە لە فەرەنسییەوە لە ژێر هەمان ناونیشان کردووە بە عەرەبی و پرۆژەی نەتەوەیی بۆ تەرجەمە، کە (جابر عصفور) سەرپەرشتی دەکات لە ساڵی (2004) بە چاپی گەیاندووە.

هەڵبەتە (یاوس) بە سوود وەرگرتن لەڕێبازە مەعریفیە جۆر بەجۆرەکان دێت لەڕێگەی ئاوێتەبوونی داهێنەرانەی نێوان دەق وخوێنەر، یان بە مانایەکی دیکە لەڕێگەی ((ماوە

جوانكارییەكان))ی دنیای دەق و دنیای خوێنەر، ئەوەی جێگیرەو ئەوەی پێشبینی دەكرێت، بەرگری لە بەخششە چاوەڕێكراوەكان دەكات.

لە وتارە بە ناوبانگەكەیدا (مێژووی ئەدەبی بەو سیفەتەی كە لە رووی تیۆری ئەدەبی دەوەستێت-1970) كە بەشێكیشە لەو كتێبە دەڵێت: مێژوویی ئەدەبی پشت بەوە نابەستێت كە پێی دەڵێن (حەقیقەتەكانی ئەدەب)، بەڵكو پشت بە ئەزموونەكانی پێشووی خوێنەران و (كار)ی ئەدەبییەوە دەبەستێت. هەر بەو مانایە كاری ئەدەبی دەنگدانەوەی جیاواز لای خوێنەران دەوروژێنێت و پاشان خۆی لە ماددیەتی گوتن دەرباز دەكات و بوونی خۆی لە دنیای هاوچەرخدا پراكتیزە دەكات.

لێرەوە مێژووی ئەدەب لە پرۆسەی وەرگر و بەرهەمی جوانی لە ئاستی خوێنەر و رەخنەگر و دانەر، یان لە بەردەوامی بەرهەمی ئەدەبیدا خۆی هەڵدەگرێتەوە. بۆ ئەوەی تێگەیشتنی رابردوو شیاو بێت (یاوس) بۆ یەكخستنی رابردوو و ئێستا داوای جۆرێك لە "ئاوێتەبوونی ئاسۆكان" دەكات، ئەو جۆرەش دواجار چەمكی (ئەزموونی خوێنەر)ی لێدێتە بەرهەم، بەو مانایەش چەمكی (ئەزموونی خوێنەر) كۆی ئەو گریمانە جیاوازانە دەنوێنێت كە خوێنەران پێشبینی دەكەن، یان بە مانایەكی دیكە (ئەزموونی خوێنەر) دەكەوێتە نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی كە كارەكە فەرزی دەكات و ئاسۆی ئەزموون كە وەرگر تەواوی دەكات. كەواتە دەشێ لێكدانەوەی تاكە خوێنەرێك بۆ بەرهەمێك بگۆڕدرێت لە راستیدا ئەو گۆڕانە لەوانەیە پەیوەندی بە كاتەوە هەبێت (كاتی خوێندنەوە)، هەروەها لەرووی مێژووییەوە خوێنەران لە نەوە جیاوازەكان و سەدە جیاوازەكاندا بە شێوەیەكی جیاواز لێكدانەوەی بەرهەم دەكەن، واتە شتی جیاواز بە خوێنەرانی سەردەمە مێژووییە جیاوازەكان دەڵێن ئەویش لەسەر بنەمای پشت بەستن بە پێداویستییە تایبەتییەكان و دیدو بۆچوونی خودی خوێنەرانەوە.

بەو مانایەش تیۆری ((وەرگر)) قسەکردنە لەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان پڕشنگەکانی دەق و خەیاڵی خوێنەرانەوە، بەڵام بە قەد ئەوەی لەسەر پێشبینییەکانی خوێنەر دەوەستێت، ئەوەندە گرنگی بە دەق و نووسەر نادات، بە دیوەکەی دیکەش ئەو خاڵە جیاوازانەی کە قابیلی بیروڕای جۆراوجۆرن بە شێوەیەکی بنەڕەتی خۆی لەو مەودایەدا هەڵدەگرێتەوە، کە دەکەوێتە نێوان دەق و خوێنەرەوە، وەك چۆن بۆچوونی هەڵگرانی ئەو دوو تیۆرە لە بارەی نیازو بابەتگەرایی و ناسنامەی دەق و خوێنەرو مێژووگەرایی و ئەزموون و...جۆراوجۆر دەکەونەوە.

(گادامێر) پێیوایە پرۆسەی خوێندنەوە دروستکردنی پردێکە لەنێوان (رابردوو)و (ئێستا)، هەروەها دەڵێت ئێمە کە پرۆسەی خوێندنەوە بە ئەنجام دەگەیەنین، ناتوانین لە فیکرە ئامادەو جیاوازە چەسپاوەکانی نێو رۆشنبیریمان دەرباز ببین، بەڵکو دەتوانین لەو ئاسۆ دیاریکراوە مێژووییەوە بگەینە هەندێك لە تێگەیشتن، هەروەها دەتوانین بە هۆی ئاراستەکردنی هەندێ پرشنگ بۆ سەر دەقە کۆنەکەوە بە دەستی بهێنین. بەجۆرە دەشێ لەساتەوەختی تێگەیشتنەوە جۆرێك لە چوونە نێو یەك لەنێوان ئاسۆی پێشبینییەکانمان و ئاسۆی نووسینی رابردوو هەبێت.

هەروەها دەڵێت ئێمە تەنها هەوڵی تێگەیشتنی ناوەڕۆکی قەسیدە نادەین، بەڵکو هەوڵ دەدەین ئەو جیهانەش بە دەست بهێنین کە قەسیدەکە ئینتمای دەکات، یان دەیخاتە روو ، هەروەها ئەو باس لەو خاڵەش دەکات کە ئاسۆکانی تێدا بە ناویەکدا دەچن و تێکدەچرژێن.

بەڵام (یاوس) کە یەکێکە لە قوتابیانی، لە پەیوەندی نێوان کاری ئەدەبی و وەرگر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە مانا نایەتەجێ، تەنها لەرێگەی پەیوەندی هاوسێیانە، یان لەرێگەی رێکەوتەوە نەبێت، ئەگەر پەیوەندی هاوسێیانە تەعبیر لە مێژووی ئاوێتەبوونی خوێنەرەکان بکات، یان تەئویلە جۆراوجۆرەکانی خوێنەرانی لەخۆدا هەڵگرتبێت و لە

تێگەیشتنەوە رابێتەوە، ئەوە مانای رێکەوتئامێز لە ساتەوەختی تەئویلکردنەوە بۆ کردەی جێبەجێکردن هەنگاو دەنێت. هەڵبەتە ئەگەر ئاوێتە بوونی مێژوویی، چەمکی (ئیستێتیکای وەرگر) بەرجەستە بکات، ئەوە (تێگەیشتن) بۆ (تەفسیرکردن) و (جێبەجێکردن) کردەی پەرەسەندنی (درککردن)ی (گادامێر) مان بیر دەهێنێتەوە.

لای (یاوس) خوێندنەوە جولەیەکی دەمەتەقێئامێزەو هەمیشە بە هۆی بەیەکگەیشتنەوە جولە دەخاتە نێوان بەرهەم و وەرگرەوە، چەمکی وەرگر لای ئەو مانایەکی دوالیزمی هەیە، خۆی لە (پێشوازیکردن) و (ئالوگۆڕی)دا هەڵدەگرێتەوە، لێرەدا وەرگر بە تێگەیشتنە ئیستێتیکیەکەی لەیەککاتدا دوو رەهەندی کاراو بەرکار لەخۆ دەگرێت، واتە دوو رووی هەیە، یەکێك ئەو جێکەوتەیەیە کە بەرهەمەکە لە خوێنەردا بەرهەم دەهێنێەوە، ئەویدیکە چۆنێتی پێشوازیکردنی خوێنەرە بۆ ئەو بەرهەمە (وەڵامدانەوەی خوێنەر) ئەو پێشوازیکردنەش بەپێی خوێنەرەکان جۆراوجۆر دەکەوێتەوە، یان رەخنە لە بەرهەمەکە دەگرێت، یان ئیستهلاکی دەکات، یان پێی سەرسام دەبێت، یان تەئویلی ناوەڕۆکەکەی دەکات، یان دووبارە تەفسیری دەکاتەوە، یان چێژی لێوەردەگرێت.

هەروەها مانا نوێیەکانی دەق لە ئەنجامی دوو رەگەزەوە دروست دەبن، یەکەمیان ئاسۆی چاوەڕوانی، کە کاری ئەدەبی دەیسەپێنێت. دووەمیان ئاسۆی ئەزموون، کە وەرگر تەواوی دەکات.

ئەگەر کردەی درککردن لای (گادامێر) لەمیانی ساتەوەختی تێگەیشتن و تەفسیرکردن و جێبەجێکردن پەرەبسێنێت، ئەوە لای (یاوس) لە زنجیرەیەك مێژووی ئاوێتەبووەوە خۆی دیاری دەکات، ئەو ئاوێتە بوونەش رستێك تەئویلاتی جۆراو جۆر دەخاتەوەو (یاوس) بە دەستەواژەی (جوانکاری وەرگر) وەسفی دەکات. بە دیوەکەی دیکەش (ئیستێتیکای

وەرگر) لەگەڵ بۆچوونە مارکسیەکان و ئەو دیدەی کە پێیوایە کەلەپوورو رۆشنبیریی بابەتێکە هەمیشە بۆ بەکارهێنان ئامادەیە ناکۆك دەکەوێتەوە.

لە لایەکی دیکە (یاوس) پێیوایە نووسینی مێژووی نوێ بۆ ئەدەب پێویستی بە (پردی تەئویلی) گادامێری هەیە، چونکە ناتوانین مێژووی هونەر بخەینە دەرەوەی مێژووی پێشوازیکردنەکانی خوێنەرانەوە، بۆیە پێویستە لەسەرمان ئیستێتیکای بەرهەم و وێناکردنە تەقلیدییەکان لەسەر بنەڕەتی ئیستێتیکای وەرگرەوە هەڵبسەنگێنین، کەواتە مێژووی ئەدەب و هونەر هەر تەنها مێژووی بەرهەمهێنانی بابەتی ئەدەبی و هونەری نییە، بەڵکو مێژووی پێشوازیکردنە جزئیەکانی خوێنەریشە لەمیانی مێژووی گشتیدا. بەو مانایە لە نووسینی مێژووی نوێوە دەکەوینە نێوان (جێکەوتەی بەرهەم) و (وەرگر)ەوە. بەڵام ناتوانین لە مێژووی وەرگر بکۆڵینەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دان بەوەدا دەنێین مانا لە دەمەتەقێی نێوان دەق و وەرگر دروست دەبێت، لەوێشەو دەگەینە ئەوەی کە کارە ئەدەبییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو شتێك لە گوتنیان پێیە.

دەشێ بڵێین ئەو وێناکردنە تەئویلێك لەسەر گفتوگۆی نێوان ئێستاو داهاتوو دادەمەزرێنێت، دواجار ئەو درککردنە لەمیانی زنجیرەیەکی مێژوویی و مێژووی کارلێك کردنەکانی ماناوە پلە پلە دەبێت، خۆی لە سێ کوچکەکەی (تێگەیشتن) (تەئویلکردن) (جێبەجێکردن)ی (گادامێری)دا دەبینێتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش (یاوس) بەرگری لە بەخششە چاوەڕێکراوەکان دەکات، ئەو بەخششەی لەڕێگەی کارلێکەری داهێنەرانەی نێوان دەق و خوێنەر دێتە بەرهەم، یان لەنێوان ئەوەی کە جێگرەو ئەوەی کە پێشبینی دەکرێت لەڕێگەی مەسافە ئیستێتیکەیەکانی نێوان دنیای دەق و دنیای خوێندنەوەدا. لێرەدا (یاوس) وێناکردنێکی جیاواز بۆ چەمکی مێژووی ئەدەبی دەکێشێت، لەوێشەوە سنورێك بۆ مەعریفەی ئیستێتیکی و مەعریفەی مێژوویی دادەنێت، بەو مانایەش مێژووگەرایی بەپێی تێڕوانینی (یاوس) لەسەر پەیوەندی پتەوی نێوان دیاردە ئەدەبییەکان

دروست نابێت، بەڵكو دەكەوێتە سەر پرۆسیسەكردنەكانی خوێندنەوە، كەواتە مێژوونووسی ئەدەبی بەر لەوەی لە سروشتی كارو دیاریكردنی مێژووەكەی بگات، دەبێتە خوێنەر، لە دووتوێی ئەو ناوكۆییەدا مێژووی ئەدەبی پرۆسەیەكی دەمەتەقێئامێزی نێوان بەرهەم و وەرگرە، هەروەها كاری ئەدەبی ئەو كاتە لە كارتێكردن بەردەوام دەبێت، كە بەردەوام خوێنەر پێشوازی لێبكات. بەجۆرە گەڕانەوە بۆ (ئەزموونی خوێندنەوە) سنورێك بۆ شیانی تەئویلكردن دەسازێنێت.

لەسەر ئەو وێناكردنە، (یاوس) كار لەسەر پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە دەكات، كە دەكەوێتە نێوان كاری ئەدەبی و مێژووی گشتییەوە، یان نێوان مەعریفەی ئیستێتیكای و مەعریفەی مێژووییەوە، بەو مانایەش كاری ئەدەبی هەر تەنها لەڕێگەی پشكنینی بەرهەمەوە ئاشكرا ناكرێت، بەڵكو لەوێوە چارەسەر دەكرێت كە پرۆسەیەكی دەمەتەقێئامێزی نێوان دەق و وەرگرەو بە لۆژیكی پرسیارو وەڵامەوە بەندە، هەڵبەتە بۆ ئەو لۆژیكە دووبارە هانا بۆ (گادامێر) دەبات، لای (گادامێر) تێگەیشتنی كاری ئەدەبی و هونەری بە تێگەیشتنی پرسیارەكەیەوە بەندە، ئەو پرسیارەی كە ڕووبەڕووی خوێنەر دەكرێتەوە، هەروەك لای (ئایزەر)یش دەوڵەمەندی ئەدەبی كلاسیكی لەوەدایە كە بە درێژایی مێژوو یەك پرسیار، ڕووبەڕووی خوێنەر دەكاتەوە، خوێنەریش بەو پرسیارە ڕاهاتووەو دووچاری گرفتی بەدحاڵی بوون نایەت، كە خودی ئەو گرفت نەبوونە بۆخۆی جۆرێك لە یەكرەنگی و جۆرێك لە بنبەستبوونی پێیە، ئەوە ئەو دۆگمابوونەیە كە ئەدەبی كلاسیكی بە دەوڵەمەندبوون بە خوێنەرانی دەفرۆشێتەوە، لە بری ئەوەی بەردەوام پرسیاری نوێ تەرح بكات و گوێیان بە ئاوازێكی دیكە بلەرێنێتەوە، هەر هەمان پرسیار دەخاتەوە لە لێی ڕاهاتوون و بۆ درككردن ئەرك و ماندووبوونی ناوێت، بەڵام (یاوس) ئەو پەیوەندییە سەرەوژێر دەكاتەوەو وای لێدەكات كە خوێنەر هەڵگری پرسیار بێت و

چاوەڕێی وەڵامی دەق بکات، بەمجۆرەش مێـژووی خوێنـەرەکان لـە یـاری دەمەتـەقێئامێزە کراوەکانی پرسیارو وەڵامدایە.

(یاوس) دەڵێت: لە زۆربەی بارەکاندا پرسـیارو وەڵام لـەمیانی مێـژووی تـەئویلی هـەر کارێکی ئەدەبیدا بە شاراوەیی دەمێنێـەوە، کاریگەری بەرهەم و وەرگریش لە دەمەتـەقێی نێوان خودی ئامادە و گوتاری رابردوودا بە یەك دەگەنەوە، ئەو گوتارە لە گوتنی ئەو شـتە بەردەوام نابێت بۆ ئەو خودە، یان شتێك دەڵێت کە ئـەو نییـە، ئـەوەش تـەنها ئـەو کاتـە کەشف دەکرێت کە خودی ئامادە وەڵامـە شـاراوەکانی گوتـاری رابـردووی درککردبێـت و بزانێت وەڵامەکەی کامەیە.

وەك ئاشـکرایە (یـاوس) بـەو رێبـازە پەیوەسـتە، کـە بایـەخ بـە تێگەیشـتنی دەق و مێژووگەراییەکەی دەدات، هەروەها کارەکانی یەکەمی جـەخت لـە نوێکردنـەوەی مانـای (مێژووی ئەدەبی) دەکاتەوە و وای لێدەکات دەست بەسەر کرۆکی لێکۆڵینـەوەی ئەدەبییـدا بگرێت. ئەو وەك رەخنەی تەقلیدی بانگەشەی ئەوە ناکات کـە بـۆ جـەخت کردنـی ژیـانی دانەر و مێـژووی ژیـانی بگەڕێتـەوە، چـونکە لـە جەوهـەری بانگەشـە رەخنەییەکەیـدا هەوڵـدەدات نوێنەرایـەتی ئـەو هاوگونجانـە بکـات کـە دەکەوێتـە نێـوان دەمەتـەقێی مێژووگەرای مارکسـی و فۆرمالیسـتەکانی رووس، بـەڵام لـە هـەمان کاتیشـدا تیـۆری مارکسی لە بارەی رەنگدانەوە رەت دەکاتەوە، لە بەر ئەوەی ئـەو تیـۆرە کـاری ئـەدەبی بـۆ کۆپیکردنی وەزیفیانەی واقیع کورت دەکاتەوە.

سەرەڕای کەوتنە ژێر کاریگەری فۆرمالیستەکانی رووس بـە تایبـەتی چـەمکی (دوور کەوتنەوە لـە بـاو) کـە رەخنـەگری فۆرمالیسـتی رووسـی (شکلۆفسـکی) بەڵگـەی بـۆ دێنێتەوە، بەڵام (یاوس) جەخت لەوە دەکات کە ئەوەنـدە بـەس نییـە، چـونکە (کـارێکی هونەری لە مێژوودا، یان لە ئاسۆی بەرهەمهێنانی مێژووییدا بەرچاو ناکەوێت، وەك چۆن

وەزیفە کۆمەڵایەتیەکەی و کاریگەرییە مێژووییەکەی چارە نەکردووە. (بەرەو تێگەیشتنی جوانی لە کردەی وەرگردا، ل18)

لەسەرەتای حەفتاکانەوە تیۆری (وەرگر) لە لایەن کۆمەڵێك رەخنەگری ئەڵمانیای دیموکراسیەوە کەوتە بەر هێرشێکی توونددەوە، ئەو دوژمنایەتیەش لە دەرئەنجامی لۆژیکیانەی رەتکردنەوەی قوتابخانەی (وەرگر) ی ئەڵمانیای خۆرئاوا هاتە ئاراوە، کە لەرێگەی پشکنینی مارکسیەتەوە نیودژییەکانی کۆمەڵگەی بورژوازی دەخستە روو، ئەوانە بۆ ئاراستەکردنی هەڵمەتی رەخنە توندەکانی خۆیان (یاوس) یان هەڵبژارد، بە هۆی ئەوەی کە تیۆرەکەی ئەو لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا پاڵپشتی چەمکی خودێتی دەکرد، ئەو چەمکەی کە دەکەوێتە دەرەوەی تێڕوانینی مارکس بۆ مێژوو. لە بەرجەستەترین رەخنەگرانی ئەڵمانیای دیموکراسی پێشوو (رۆبەرت فایمان) ە، کە لە کتێبەکەی (ستراکتۆر و کۆمەڵگە، لە مێژووی ئەدەبدا-1976) جەختی لەوە دەکرد کە کارەکانی (یاوس) دەبنە زیندانی رێبازی خودگەرایی پەتیی چونکە لەو بڕوایە دایە کە ئەوە هوشیاری تاکەکانە بە شێوەیەکی کۆتایی مێژوو دیاری دەکات. هەروەها رەخنەیان لە (یاوس) دەگرت و دەیانگوت بۆ هەڵسەنگاندنی دەق یان پرۆسەی (وەرگر) و حوکمدان بەسەریان هیچ پێوانەیەکمان ناخاتە بەر دەست.

## زمانی شیعریی، زمانی سینەمایی

## لە (قەسیدە/فیلم)ی (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا)ی ئیسماعیل بەرزنجی

زمان هەر تەنها کۆمەڵێك دەستەواژە نییە، بەڵکو کۆمەڵێك پەیوەندییە، هەر تەنها خوێندەواران و فەرهەنگسازان بە بونیادنان و دروستکردنی خەریك نیین، بەڵکو بۆخۆی قەوارەیەکی زیندووی گەشەکردووە لە ناوکۆییەکانی ژیان و سەردەم و کار و بیرکردنەوەو ژینگەو شەقام و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێ، پەیوەندی بەسەرنج و

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بەدواداچوونو مەرگەساتو خەونەکانەوە هەیە، بەو مانایەش شەڕی زمان شەڕی خودەکان نییە، بەڵکو وەك (بارت) دەڵێت: شەڕی ناوکۆییەکانی زمانە. واتە ئەوەی کە رووبەرووی یەکتر دەبنەوە ناوکۆییەکانی زمانە، تاکەکان نین، زاراوەی کۆمەڵایەتییە، نەك تاك.

لێرەوە زمان وەك هەر بوونەوەرێکی دیکە گەشە دەکاتو دەمرێت، بەرەوپێشەوە دەچێتو لە گۆڕانی بەردەوامدایە، لە پەیوەندییەکی دینامیکیدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، هەروەها لە زماندا وشە دنیایەکی ئاڵۆزو بە تامو گۆڕاو دەنوێنێ، مانـاو ئیقاع لە زماندا بەپێی زەمەنو شوێن، بەپێی رووناکیو تاریکی دەگۆڕێن، لەنێوان زمانی فەرهەنگو زمانی شەقام، زمانی گوزارەکەرو زمانی دژ بە گوزارەکردن، زمانی واقیعو زمانی شیعرو زمانی سینەما .... دنیایەك بۆشاییو جولەی هارمۆنی شیاوو نەشیاو هەیە، کۆمەڵێك ئەزموونو فەزای رەنگاورەنگ دەبینرێت.

## گرژبوونی زمان، خاوبوونەوەی مانا
## لەنێوان زمانی شیعریو زمانی سینەمادا

وەك چۆن رۆمانو چیرۆك لەزمانی سینەما سوودیان وەرگرتووە. بەم شێوەیەش شیعر توانیویەتی سوود لەزمانی سینەما وەربگرێت، بەڵام چۆن بە زمانی سینەماو شێوازی دراماییەوە دەتوانین قسە لە شیعر بکەین؟ ئەگەر رۆمان بەشێوەیەکی خێراو دیار سوودی وەرگرتبێ، ئەوە بۆ سروشتی رۆمان دەگەڕێتەوە. لە بەرانبەر ئەوە سوود وەرگرتنی شیعر ئەو شێوە خێرایەی لە خۆ نەگرتووە، چونکە شیعر هەمیشە خەون بە ئامرازی نوێی کێشکردنو تەمومژییەوە دەبینێ تاکو بەشێوەیەکی نوێ لە دووتوێی خۆ ناسکردنو خۆ لادان، لەنێوان ئەزموونی ناوەکیو ئەزموونی دەرەکییەوە هەڵسوکەوت بکات. واتە درککردنتت بە دوو روو لە یەك کاتدا خۆی نومایش بکات، لە لایەك مانایەك ببەخشێو لە لایەکی دیکە مانایەکی جیا لەمانای پێشوو لەخۆ بگرێت، یان شتێ بڵێو ئێمەش

لەوگوتنەدا درك بە شتێكی جیا بكەین. بێگومان ئەو یەكتر بڕینە لە ئەدەب دەكەوێتە نێوان (بیستن‌و خەیاڵ)و سروشتی شیعری لەخۆدا هەڵگرتووەو بە یەكەمین كەرەسەی خۆڵادانی شیعری لە قەڵەم دەدرێت. بەڵام لە سینەمادا ئەو یەكتر بڕینە دەكەوێتە نێوان (بینین‌و هەست)، بە یەكەمین كەرەسەی بونیادی دیمەنی سینەمای ناوزەد دەكرێت. بەو مانایە (بیستن/خەیاڵ)و (بینین/هەست) خاڵێكە زمانی شیعرو زمانی سینەما بە یەكەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر (بیستن/خەیاڵ)و (بینین/هەست) لە (وێنە/دیمەن) هەڵگرینەوە، دەبینین زمانی شیعری‌و زمانی سینەمایی لە چۆنێتی كێشانی وێنەدا جیاواز دەكەونەوە، چونكە بونیادی وێنەی شیعری لەسەر (خەیاڵ/پێشبینیكردن) دادەمەزرێ، لە سینەما لەسەر (هەست/جولە) دێتەوە. شیعر پێویستی بە ناوەندیاری تەكنیكی وەك (كامیرا، سروشتی رووناكی، مامەڵەكردن، كیمیاگەری، ئامێرەكانی دیكە..) نییە، لە بەرانبەر ئەوەدا (دەنگ، رەمز، نووسین، سپێتی) لە دروستبوونی بەشداری دەكەن. ئەگەر ناوەندیاری تەكنیكی لە سینەما بكەوێتە دەرەوەی وێنە، لە شیعردا دەكەوێتە ناوەوە، نەك هەر هێندە بەڵكو ناوەندیار خودی وێنەیە.

كاتێك لە سینەما ئەزموونی ناوەكی لەرێگەی (بینین/هەست) دەگوازرێتەوە، بە هۆی (هەست/جولە) جۆرێك لە گشتێتی درۆینەی دەنوێنێ، بەڵام لە شیعردا چونكە دەكەوێتە سەر (بیستن/خەیاڵ) بۆیە بە گومان‌و ماناوە بەند دەبێت. لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ بڵێین زمان لە وێنەی سینەماییدا ئازادییەكانی بەندە بە ناوەندیاری تەكنیكییەوەو مانا بە ئاراستەیەكی دیاریكراوو مەبەستدار هەنگاو دەنێت، ئەوەش تەواو بە پێچەوانەی شیعر دەكەوێتەوە. لە لایەكی دیكە وەك دەزانین خەسڵەتی وێنەی شیعری لە گوتن بەرجەستە دەبێت، بەڵام سینەما لە گرتە، یان دیمەندا دێتەوە، یەكەمیان لە رەوانبێژی خۆی دەبینێتەوە، دووەمیان لە پەیوەندییەكی تەجریدیدا دەردەكەوێت، هەر لەوێشەوە وێنەی شیعری ئاماژەو جولەی جۆراوجۆر دەنوێنێ‌و بە داهێنانەوە بەند دەبێت، بەڵام

وێنەی سینەمایی لە بنەڕەتدا جێگیرەو هەموو جولەکانی لە ناوەندیاری تەکنیکییەوەیە، کۆی ئەو جولانەش جگە لە خەڵەتاندنی چاو شتێکی دیکە نییە، بەو مانایەش سینەما درککردنتت وەهم وەك ئەلتەرناتیفی خەیاڵ بخاتە کارو چاوی بینەر لەڕێگەی وەهمەوە لە سکونی ڕەهاوە بخاتە نێو جوڵەی هەمەڕەنگەوە.

لێرە لە خوێندنەوەی (قەسیدە/فیلم)ی (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕ)ی (شاعیر/کاراکتەر) (ئیسماعیل بەرزنجی)دا، هەوڵدەدەم کار لەسەر کۆی ئەو پەیوەندییانەی نێوان زمانی شیعرو زمانی سینەما بکەم، بەو مانایە ئاراستەی قسە کردن لەو هاوجووتکردنە دەکەوێتە سەر مانای شیعریو گرتەی کامیراییەوە. واتە ئەم خوێندنەوەیە بە قەد ئەوەی نزیك بوونەوەیە لە (هونەری نواندن) ئەوەندە ناکەوێتە سەر تەرجەمەکردنی شیعرییەتەوە، دەمەوێت بە شێوەیەکی هونەری دیالۆگێکی نوێ لەنێوان لادانی شیعریو لادانی سینەما دابمەزرێنم، کۆی ئەو لادانانەش لە هاوجووتکردنی زمانی شیعرو زمانی سینەما لەڕێگەی ئەزموونکردنی ناوەکیو ئەزموونکردنی دەرەکی درێژ بکەمەوە. ئەزموونی ناوەکی سرِی تاکایەتی دەنوێنێ (بەڵام ئەوە هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت کە وەك پرۆسەیەکی ڕەسەنو یەکپارچە سەیری بکەین چونکە هەر چەشنە سەریرکردنێکی لەو جۆرە جگە لە ڕەهاخوازیو دۆگماو دەمارگرژی هیچ ئەنجامێکی دیکە ناخاتەوە) بە دیوەکەی دیکە ئەزموونی دەرەکی بە گشتیکردنی ئەزموونی ناوەکی لێدەکەوێتەوە (بەڵام ڕەتکردنەوەی ئەزموونی دەرەکی مانای پەیوەستبوون نییە بە خودو ئەزموونی ناوەکییەوە). دەشێ یەکەمیان خۆ دۆزینەوەو دووەمیان بە خۆنامۆبوون بگەیەنێت.

بەجۆرە ئەگەر لادانی شیعری لەسەر پەیوەندی وێنەو خزینی مانا بێتەوەو بە میکانیزمی خەیاڵو پێشبینیکردن بەند بێت، ئەوە لادانی سینەمایی لەسەر پەیوەندی وێنەو جولەی وێنە دەوەستێو بە میکانیزمی وەهمو تەجریدکردنەوە دەلکێ، فەزای

یەکەمیان بە فەزای شیعری ناو دەبرێت، دووەمیان بە فەزای سینەمایی، یەکەمیان لە بەرفرەوانی ماوەی نێوان بیستن‌و خەیاڵ، گرژبوونی زمان‌و خاوبوونەوەی مانا خۆی دەنوێنێ، دووەمیان لە کورتی نێوان بینین‌و هەست، گرژبوونی ماناو خاوبوونەوەی زمان دەخاتەوە.

لێرەدا دەشێ پرسیاری (خوێنەر/وەرگر) ئەوە بێت کە چۆن ئاراستە سۆزئامێزەکانی ئەو شیعرەی (بەرزنجی) کە لە رووە دیارەکەی بە تەواوی دەکەوێتە سەر حاڵەتی دەروونییەوە بە وێنەی تەجریدییەوە دەلکێ کە سەر بە تەکنیکی سینەماییە، چۆن فەزای شیعری کە سەر بە ماناو گومانی جۆراو جۆرە بە فەزای سینەماییەوە دەبەستینەوە کە سەر بە خەڵەتاندنی چاوە؟!

**(لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا)**

بە کورتی قەسیدەی (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا) وەك لە ناونیشانەکە هاتووە، شاعیر سەردانی گۆڕی خێزانەکەی دەکات، لە گۆڕستان بە زێوانەکە دەڵێت: دێمکە ئاوەکە بێنە با بچین گوڵی سەر گۆڕی جوانەمەرگ ئاو بدەین، ئینجا لە هەنگاونان بەرەو گۆڕەکە دووچاری شپرزەیی دەروونی‌و دەنگە دەنگ‌و ئازاری ویژدانی دەبێتەوە، ئیتر لە ونبوونی زێوانەکە دەست لە کێلان وەردێنێ‌و لەڕێگەی بە یادهێنانەوە بە ئیقاعێکی هێمن‌و غەمگین لە دواندنی مەنەلۆگئامێزی (ئەو)ی جوانەمەرگەوە ژیانی لە دەستچوو بەسەر دەکاتەوە، دواجار (ئەو)ی جوانەمەرگ لە گۆڕدا بە تووڕەییەوە دێتە قسەو دەڵێ: ئەی پیاو ئەی دڕندەی تێر نەخۆر بۆ لێم ناگەڕێی بە ئاسوودەیی بنووم، بۆ لێم ناگەڕێی چێژ لە مردن ببینم، هەی تف لە ژیان!.

وەك دەزانین فەزای قەسیدەکە فەزایەکی گێڕانەوەئامێزەو سەر بە گێڕەڕەوەی هەموو شت زانە، ئیقاعی قەسیدەکە نەرم‌و هێمن‌و غەمگینە، کات لەنێوان ئێستاو رابردووی نزیك‌و

دوور دایە، شوێن لە گۆڕستانەوە بەرەو شوێنی بەیەکەوە ژیان (لەگەڵ ئەو) هەنگاو دەنێت.

بە گشتی دەتوانم بڵێم ئەو قەسیدەیە خۆدواندنێکی دەروونییەو بە زمانێك کە تەعبیر لە پاڕانەوەو لالانەوە دەکات ژیانی لە دەستچووی خێزانی دەگێڕێتەوە. لێرە لە ئاماژەکردن بە وشەی (خێزان) دوو مەبەست لە ئارادایە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو قەسیدەیە هاوژیانی بە مانای یەکسانی نێوان ژنو مێرد تەماشا ناکات. دووەمیان ئەوەیە کە چۆن ماف بە خۆی دەدات تایبەتمەندیی خێزانی، یان بە مانایەکی دیکە ئەزموونکردنی ناوەکی -خێزانی- ((دووبارە جەختکردن لە وشەی خێزان ئەوەیە خوێنەر ئەزموونی ناوەکی تاكو ئەزموونی ناوەکی خێزانی کە تەعبیر لە هاوپەیمانی نێوان دوو کەس دەکات لە یەك جیا بکاتەوە، خوێندنەوەو بەدواداچوونەکانی من لەسەر ئەوی دووەمیانە نەك یەکەم)) لە پێناو دەرکەوتنی (منی شیعری، یان منی سینەمایی) بە گشتی بکات... هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ دەسنیشانی دوو جۆر لە زمان بکەین: زمانێك کە بە شێوەیەکی دیار واقیعی دەکەوێتەوەو سۆزئامێزەو هەڵگری تەعبیرکردنە، هەروەها لە لایەن گشتەوە قبوڵە. زمانێك کە لێرە لەڕێگەی بە فیلمکردنی قەسیدەی ناوبراو هەوڵی دۆزینەوەی دەدەین، زمانێکە تەعبیر ناکاتو لە دەرەوەی گشتدایەو توندوتیژییەکی تەعبیرنەکراو دەخاتەوە. شەڕی نێوان ئەو دوو زمانە وەك لەو لێکۆڵینەوەیە دەردەکەوێت، شەڕی دەرکەوتنو تەعبیرکردنە، بە مانایەکی دیکە (منی شیعری) لە یەکەمیاندا هەوڵدەدات بە گشتی سۆزی (خوێنەر) بەلای خۆیدا کێش بکات، بەلام لە دووەمیان (منی سینەمایی- ئەگەر ئەو دەستەواژەیە گرفت نەنێتەوەو خۆی لە ماناکانی منی شیعری نزیك بکاتەوە) لە بەر ئەوەی لە وێنەدا دەردەکەوێت، بۆیە ناتوانێت (بینەر) بخاتە نێو سۆزی ناوبراوەوە، بەڵکو بینەر بۆ خۆی خودی دەرکەوتنەکان دەبینێتو هەر لەوێشەوە هەست بە جۆرێك لە کەڵەگایىو توندوتیژیو خۆ فەرزکردنی (من) دەکات.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

لێرە ئەگەرچی لە لایەن (شاعیر)ەوە ئەو قەسیدەیە هیچ جۆرە دابەشکردنێك لەخۆ ناگرێت، بەڵام من لەو خوێندنەوەیەدا بۆ ئەوەی روونتر قسە لەسەر دەلالەتە دیارو نادیارەکانیو وێنەگرتنی کامیرا بکەم، هەوڵدەدەم دابەشی حەوت دیمەنی دەکەم.

**دیمەنی یەکەم**

دیمەنی یەکەم دیمەنێکی شیعرییەو دەکەوێتە دەرەوەی مەکانو زەمانەوە، گرتەو وێنەکان لە دوورەوە کێشراونو تەعبیر لە بۆچوونی منی شاعیر دەکەنو بە رستەی (دیسان منم، لە من زیاتر کێ حەنین دەیکوژێتو...) شاعیر خۆی دەناسێنێت، ئاستی شیعری ئەو دیمەنە لە دەستەواژەی (دیسان منم) بە جەختکردن لە راناوی (منم) دوو رەهەند دەنوێنێ.

رەهەندی یەکەم: هەستو نەستو کۆی حەسرەتو دڵشکانو دۆڕانەکان لەخۆ دەگرێت، ئەوەش لەڕێگەی نزیك بوونەوە لە کردەی شیعرییەوەیەو دەسەلمێنێ کە کردەی شیعری وەك (موراد فەرهاد پور) دەڵێت بۆ خۆی جۆرێکە لە شکست، کردەی شیعری بە حەتمی بە شکست دەگات.

رەهەندی دووەم تەواو پێچەوانەی رەهەندی یەکەمە، جۆرێك لەسەرکەوتن دەخاتە روو، لەوێشەوە راناوی (منم) وێنەی (من)یکی باڵا بەرز دەکێشێت. کەواتە دیمەنی یەکەم لەو دوو رەهەندەوە دوالیزمییەتی خۆی بە (وەرگر) ئاشنا دەکات.

ئەگەر لە رەهەندی یەکەمی (دیمەنی یەکەم) وەك بینراو، گێڕەرەوەی هەموو شت زان خۆی بە چاوەڕوانی گشتیو مەرگەساتی ئەزموونی ناوەکی یەکسان بکاتو هونەری ئەو خۆ تەماهیکردنە، دواجار لە کۆپیکردنێکی شاعیرانە کۆی حەسرەتو دڵشکانو دۆڕانەکان بنوێنێ، لە رووی زمانیشەوە تەعبیر لە خاوبوونەوەی ماناو گرژبوونی زمان بکات، ئەوە دەتوانین لە پشت گرژبوونی زمانو خاوبوونەوەی مانا ئاماژە بە مازۆخییەتی (من) بدەین. وەك چۆن دەشێ رەهەندی دووەمی دیمەنی یەکەم لە نێرگزییەتەوە بخەینە

روو، بەشێکی زۆری نێرگزییەتی نێو قەسیدەکەش بە (مـن)و راناوی لکاوی (م)ەوە بلکێنین. وەك چۆن وشەی (دیسان) تەواوی رەهەندەکانی زەمەن دەخاتە ژێر سێبەری ئەو (مـن)ەوە. بەو مانایەش (دیسان منم لە من زیاتر....) تەعبیر لە رەشکردنەوەو رەتکردنەوەی تەواوی (مـن)ەکانی دیکە دەکات‌و خۆی لە پلەیەکی بەرزەوە بەسەر (وەرگر)دا دەسەپێنێ.

کەواتە ئەگەر رەهەندی یەکەمی (من) لە دیمەنی یەکەمدا هەڵگری منێکی شیعری‌و مازۆخی بێت، (من)ی دووەم منێکی باڵا بەرزو نێرگزییە، لەنێوان (مـن)ی مازۆخی‌و (من)ی نێرگزی (منی نێرگزی لای سامی ئەدهەم ئەو منەیە، کە بە دوای ناسنامەی رۆشنبیریی ونبودا دەگەڕێت) دەشێ دوو جۆر لە تەعبیرکردن لە یەکتر جیا بکەینەوە، لە یەکەمیان هەست بە خۆناس کردنێك دەکەین کە (وەك خەیاڵدان) بەپێی چاوەڕوانی داب‌و نەریت دەکەوێتەوە. لە دووەمیان هەست بە خۆ جیاکردنەوە لە مانای پێشوو گەڕان بە دوای ناسنامە رۆشنبیریی ونبوودا دەکەین. بە بڕوای من خۆ جیاکردنەوە لەرێگەی (من)ی نێرگییەوە بە تەکنیکی سینەماییەوە بەند دەبێت، وەك چۆن خۆناسکردنمان بە کۆپیکردنێکی شاعیرانە بەستەوە.

لەنێوان چاوەڕوانی باو (بەو مانایەی کە ئەزموونی ناوەکی‌و مەرگەسات وێنەکانی دەکێشێت)و جیاکردنەوە لە ماناکانی پێشوو (بەو مانایەی کە لە گەڕان بە دوای ناسنامەی رۆشنبیریی ونبوودا خۆی هەڵدەگرێتەوە) دوو زمان لە ئارادایە: زمانێك کە تەعبیر لە حاڵەتی دەروونی دەکات، بەشێکی زۆری ئەزموونی کەسی (کە بابەت دەبێتە بەشێك لەو کەسە) لەخۆ هەڵگرتووەو هەر لەوێشەوە (شاعیر/کاراکتەر) بە مانا (گادامێریی)ەکەی کە دەڵێت (ئەو بوونەی کە دەکرێ تێیبگەین زمان خۆیەتی) تەعبیر لە (بە مانابوون)ی ژیانی خێزانی خۆی دەکات، وەك دیارە لەو (قەسیدە/فیلم)ە ئەو بە مانابوونە بە دوو لایەنی بیرەوەری‌و چاوەڕوانی دوورو نزیك بەستراوەتەوە، لە دیمەنی چوارەم

لەڕێگەی مەنەلۆگەکانەوە هەر دوو لایەنی بیرەوەریو چاوەڕوانی، زۆر بە جوانی ئاماژەی بۆ دەکرێتو بە ژیانی تاکە کەسی (بە مانای بوونی زیندوو لە بەرانبەر بوونی مردووی "ئەو"ی خێزان گرێ دەدرێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندی شیعرییەت بە یارمەتی بیرەوەریو خەیاڵ درووست دەبێت. ئەگەر هەتا ئێرە بە زمانی شیعری قسە لە ئەزموونی ناوەکیو کەسی کرابێت، ئیتر لە پاش بە کامیرا ناساندنی ئەزموونی کەسی هیچ تایبەتمەندییەك لە ئارادا نامینێ، زمانێکی دیکە دێتە ئاراوە کە زمانی سینەماییە، بەمجۆرە (بەرزنجی) کاتی لە دەستچوو بە چاوی کامیرا لەڕێگەی وێنە، یان مەنەلۆگەوە زیندوو دەکاتەوە.

لێرە لەنێوان کردەی شیعریو بە گشتیکردنی ئەزموونی ناوەکی (کەسی) دەشێ پێناسەکردنی کردەی شیعری لە (موراد فەرهاد پور) بخوازین کە پێیوایە کردەی شیعری ئاگایی مەعریفیو هێزی زمانو بوێری ئەزموونکردن دەگەیەنێت. هەر ئەوەشە کردەی شیعری لەسەربووردە، یان حاڵەتی دەروونی کە بە گشتی بۆ کۆمەڵێك (گرێ) (حەسرەت) دەگەڕێتەوە، جوێ دەکاتەوە.

بەڵام ئاستی دووەمی کە سینەماییە، لە دووبارە کردنەوەی (من)ی دەسپێکەوە بەرەو (ئەو)ی توورەی قەسیدەکە دەبێتەوە. لە پشت ئەو رستەیە پێکهاتەیەکی دوولایەنیو ئاڵۆز لە کاریگەری، لەنێوان (من)و (ئەو) دەخرێتە روو. وەك شیعر (من)و (ئەو) بە دوو لایەنی بیرەوەریو چاوەڕوانی دوور بەستراونەتەوە (هەڵبەتە لە زۆربەی کاتتدا بیرهێنانەوە غەمناك دەکەوێتەوە)، بەڵام وەك سینەما شاعیر دواتر دێت لەسەر مێزی مۆنتاژ گرتەکان هەڵدەبژێرێو چارەسەرییان دەکات (مەبەست ئەوەیە کە مەرج نییە گرتەکان چ وەك شوێن چ وەك کات هاوپەیوەست بن). زمان لەو ئاستەدا تەعبیر لە وێنەی هەستی دەکاتو سەر بە گشتێتی درۆینەی سینەماییو میکانیزمی ناوەندیاری

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

تەکنیکیە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا میکانیزمی ئەو خۆ جیاکردنەوەیە چۆن بە خەیاڵو تەکنیکەوە گرێ دەدەین؟!

ئەگەر ئەو دوالیزمییەتە تەرجەمەی خوێندنەوەکەمان بکەین، دەبێ لە رستەی پرسی (لە من زیاتر کێ حەنین دەیکوژێتو...) هەنگاو بنێین، بەو مانایە کاری (دەیکوژێت) لەو سیاقە شیعرییەی (بەرزنجی) هەر تەنها پەیوەندی بە زەمەنەوە نییە، بەڵکو میکانیزمی جیابوونەوە لە واقیع وازی دەکات، واتە وەك چۆن جۆرێك لە مازۆخیەتی لەخۆدا هەڵگرتووە، بە دیوەکەی دیکەش رارای خود (ناجێگیر، ئیرۆتیکی، ویژدانیی، تاوگیری) نیشان دەدات، هەر لەوێوە منێکی گەڕیدە، منێك کە لە بەرانبەر مردن مارەسەی ژیان دەکات، بەرهەم دێنێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایە درککردنت لەڕێگەی نووسینەوە لە پێشینە خودییەکان دەربکەوێت.

کەواتە کاری (دەیکوژێت) لە لایەك شتێ دەڵێ، بەڵام ئێمە لەو گوتنە درك بە شتێکی دیکە دەکەین. هەر لەو یەکتر بڕینەی نێوان ئەوەی دەیڵێو ئەوەی ئێمە لەو خوێندنەوەیە درکی دەکەین سروشتی شیعری دەکەوێتە سەر گوتن نەك درککردن، هەر لەوێشەوە درککرنی ئێمە درێژ دەبێتەوە، بە مانایەکی دیکە درککردنی ئێمە لە منی مازۆخییەوە بەرەو ئەزموونی ناوەکیو مەرگەساتو لە منی نێرگزییەوە بەرەو گشتێتی درۆینەو ژیان دەبێتەوە.

واتە ئەگەر شیعرییەتی دەسپێك سەر بە حاڵەتی دەروونی بێتو لە فەزای شیعری (دیسان منم، لە من زیاتر، کێ حەنین دەیکوژێتو رۆحی گەرمی دەخاتە بەر بایەکی سارد) کۆتایی بە منی مازۆخی بێنێتو لەوێوە جۆرێك لە (ئومێدی سینەمایی، کە دواتر لە وەهمی سینەماییدا دەردەکەوێت) بە منی نێرگزی ببەخشێت، بەوەی کە منێکە شانازی بەخۆی دەکاتو دەجولێو دەدوێ، لە بەرانبەر مردن کە نابزوێو نادوێ. ئەوە بە دیوەکەی دیکە شتێ لە ترسیشی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەو ترسە ئەگەرچی بە گشتی

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

ترسی هەموو مرۆڤێکە لە بە گشتیکردنی ئەزموونی ناوەکی، بەلاّم لەو قەسیدەیە بە دیاریکراوی لە رستەی (دەروازەی قەبرستانم بە بالّە شکاوەکانت لێ دەگری) ئەو ترسە لە بەرانبەر (ئەو)ی قەسیدە ترسە لە وەستانی ئەزموونی ناوەکی (لەوەی بەڕاستی دەروازەی قەبرستانی لەسەر داخرێتو ئیتر وەك هەر مردووییەکی تر لە ژیان بوەستێتو ون بێتو نەنووسێت).

لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ سەردانیکردنی گۆڕی "سامالّ-ی خێزان" کە بنەمای (قەسیدە/فیلم)ەکە، لەسەر مەرگی ئەو بونیاد نراوە، لە رووی سینەماییەوە بە مەرگی ئەزموونی ناوەکی لە قەلّەم بدەین. بەو مانایەش ئەگەر مەرگی (سامالّ) مەرگی ئەزموونی ناوەکی بگەیەنێت، ئەوە ژاوە ژاو، یان دەنگە دەنگی (بەرزنجی) بە گشتێتی درۆینەوە بەند دەبێت. بۆیە لە دیالۆگی نێوان (بەرزنجی)و (سامالّ)، یەکەمیان دەکەوێتە نێو سنورو دووەمیان تەواوی سنورەکان دەبەزێنێ، یەکەمیان ملکەچی سنورەکانی ژیان دەبێو دووەمیان بە ئازادی لە شەقەی بالّ دەدات، یەکەمیان لە دوا بەشی ئەو (قەسیدە/فیلم)ە ون دەبێتو شوێنەواری نامێنێ، دووەمیان شوێنی خۆی لە گۆڕدا بەرجەستە دەکات. لەو خالّەوە هەست دەکەین، لە دەنگی (بەرزنجی) مانا دادەخرێو زمان دەکرێتەوە. بەلاّم لە دەنگی (سامالّ) زمان دادەخرێو مانا دەکرێتەوە. بەو مانایەش دەنگی (بەرزنجی) لە رووی ماناوە هەلّگری جۆرێك لە گرژبوونەوەیە، بەلاّم دەنگی (سامالّ) لە رووی ماناوە بێ باكو کراوەو بێ پێچو پەنایە، (هەی تف لە ژیان).

ئەگەر سروشتی شیعری لەسەرەتای ئەو (قەسیدە/فیلم)ە پەیوەندی بە دیمەنێکی شیعری سینەماییەوە هەبێتو دەسپێکێکی سیحری بە سینەمایی بوونی ئەو (فیلم/قەسیدە)یە بەخشی بێت، ئەوە دەشێ ئەو فەزا (شیعرییە/سینەماییە) لە جێ پەنجەی دەرهێنەری ئیتالّی (بازولینی) یان سویدی (بیرگمان)ی نزیك بکەینەوە، نەك جێ پەنجەی دەرهێنەرێکی وەك (بەرزنجی). ئەوە وا دەکات لەسەرەتای ئەو (قەسیدە/فیلم)ە

(بـەرزنجی) ڕۆڵـی کاراکتـەر بگێـڕێ، نـەك دەرهێنـەر (وەرگـر لـە بەدواداچـوونی ئـەو لێکۆڵینەوەیەدا فەزا شاراوەکانی ئەو دوو ڕۆڵەی زێتر بۆ روون دەبێتـەوە، کـە چـۆن دواتـر کاراکتەر لەڕێگەی منی گێڕەرەوە بە کاری دەرهێنان هەڵدەسێت). لە لایـەکی دیکـە لـە دوای ئەو سەرەتا شیعرییە ئیتر ئەزموونی ناوەکی دەکەوێت، کەوتنی ئەزموونی ناوەکی بە کەوتنی منی شیعرییەوە بەندە، نەك بە کەوتنی منی سینەماییەوە. ئـیتر منـی گێـڕەوەی باڵا بەرز لەڕێگەی گشتێتی درۆینە بەرەو دیمەنی دووەم کێشمان دەکات.

**دیمەنی دووەم**

دیمەنی دووەم لە دوورەوە گیراوە، بابەتەکان تەعبیر لە ئێستا دەکـەن، شـوێن گۆڕسـتانە، لە رستەی (منم... بە ئەسپایی دێم، زێوانەکـە بـە خەبـەر دێـنم، بـە زمـانی گـوڵ پێـی دەڵێم:(دێمکە ئاوەکە بێنە با بچین گوڵە ماتەکانی سەر سینگی جوانەمەرگ ئـاو بـدەین، با تۆزو خۆڵی سەر دەموچاوی یەنگی دنیا بشۆینەوە) دێتە ناوەوە .

ئەو دیمەنە لە سێ گرتە پێکهاتووە، گرتەی یەکەم: ئاماژە بە زەمەن دەکـات، دیمەنەکـە دوورە، بە گشتی زەمەنی ئەو دیمەنە دەشێ بە کاتی ئێستای (قەسـیدە/فـیلم) بچـوێنین، وەك چۆن دەکەوێتە دووتوێی شوێنێکی سـەپێنراوەوە کـە گۆڕسـتانە. لـە لایـەکی دیکـە تەعبیر لە جولە دەکات، هەڵبەتە جولە بە بێ شوێنو کـات مەیسـەر نابێـت. دەمـەوێت بڵێم ئەو دیمەنە لە سێ خاڵی سەرەکی لە سینەما نزیك دەکەوێـتەوە کە زەمـەنو شـوێنو جولەیە، دواتر هەر سێ گرتە لە جولەیەکی شیاوی خەمئامێزدا لە بەرانبـەر کـامیرا بـە دەلالەتی شیعری: با تۆزو خۆڵی سەر دەموچاوی یەنگی دنیا بشۆینەوە. فەزای سـینەمایی تێکەڵ بە فەزای شیعری دەکاتەوە، شیعرییەت لەو تێکەڵ کردنە پەیوەنـدی بـە (یـەنگی دنیا)ەوە هەیە، لێرەدا ئاماژەی یەنگی دنیا تەعبیر لە پاراستنی سـڕی تاکایـەتی دەکـات، (بۆ زێتر ئاشکراکردنی (یەنگی دنیا) بڕوانە قەسیدەی "ڕۆژبـاش"ی شـاعیر کـە دەڵێـت:

لەوێ کە عەشق دەگاتە رادەی خۆڵەمێش، لە بولێلێکدا، ژنێك یاغر یـاغر دەچـێتە سـەر گۆڕستان، دواى ئاودانی زەیتوونەکان مەگیرانی بە یەنگی دنیا دەکات).

کۆتایی هێنانی ئەو سێ بڕگەیە بەو دەلالەتە شیعرییە، جگـە لـەوەی کرانـەوەی مانـاو داخرانی زمان دەگەیەنێت، بـە دیوەکـەی دیکـە مازۆخییـەتی (مـن)ی شـاعیر بەرانبـەر (ئەو)ی جوانەمەرگ دووبارە بەرجەستە دەکاتەوە. دەشێ وەرگـر ئـەو بەرجەسـتەکردنەوەیە لە کاری (بچین) بە ئاشکراتر ببینێ، چونکە کامیرا لە کاری (با بچین) وێنەی دوو کـەس لە دوورەوە دەکێشێت، کەسی شـاعیرو زێـوان، بـەڵام کـەوتنی کەسـی دووەم لـە دیمـەنی سێیەمدا ئەگەر لە لایـەك خزینـی وێنـەی سـینەمایی بێـت، ئـەوە لـە لایـەکی دیکـە گەڕانـەوەی کەسـی یەکەمـە بـۆ نـاوەوەی خـۆی، یـان بـە مانایـەکی دیکـە دەشـێ خـۆ ئامادەکردنێکی مازۆخییانەی شاعیر بێ بەرانبەر هێرشی ویژدانو یادەوەرییەکان، لەنێوان هەژمونی بیرەوەرییەکانو نغرۆبوونی زێوان (کەسی هاوەڵ) ترسـی شـاعیر دەردەکـەوێت، بەڵام ترسی شاعیر هەر تەنها ترس نییە لە بە بیرهێنانەوەی (ئەو)ی جوانەمـەرگ، بـەڵکو وەك دەبینین ترسە لە کۆی بێدەنگیو خامۆشی دەوروبەر.

**دیمەنی سێیەم**

دیمەنی سێیەم کە لە ونبوونی زێوان بە وشەی (وادیـم) دەسـت پێـدەکات، وەك شـوێنو کات هەمان شوێنو کاتی دیمەنی دووەمەو بە درکاندنی کاری وادێم بەرە بەرە لـە کـامیرا نزیك دەکەوێتەوە، تا دواجار لە رستەی (بە مـاتی دەسـت لـە کـێلان وەردێـنم) شاشـەی کامیرا داگیر دەکات.

لەو دیمەنەدا بینەر هەست بەوە دەکات کە (شاعیر/کاراکتـەر) زۆرتـرین هـەوڵ بـۆ بـە پیرۆز راگرتنی ئەو سەردانە خەرج دەکات، چونکە نەك هەر نایەوێت دەسـتکاری شـتەکان بکات، بەڵکو نایەوێت لە خەوی قوڵیش بە ئاگایان بێنێت. ئەوەی لـەو سـەردانە کـە بـە تامەزرۆییەوە پێی هەڵدەسێت دەست لە کێل وەرهێنانە. کەواتە لـە دوای دەسـپێکی ئـەو

دیمەنە بە وا دێم ئیتر رستەی (بە شەقاوی لەرزۆکاوی) تەنها تەعبیر لە لـەرزەی جەسـتە، بەرانبەر مەرگی (ئەو) ناکات، بەڵکو دەنگیش دەلـەرزێ، ئەگـەر لـەرزینی جەسـتە وەك کامیرا دیمەنێکی راستەوخۆی حاڵەتی ناوەوەو ئـازاری ویـژدانو شـپرزەییمان پێبناسـێنێ، ئەوە وەك دەلالەت تەعبیر لە تەنیایی (شاعیر/کاراکتەر) دەکاتو هەر لەوێشەوە رابـردوو دێتە ناوەوە، بەو مانایە دەنگی لەرزۆکی (بەرزنجی) وەك رابـردوو بـە جەسـتەی (ئـەو)ەوە دەلکێ، هەر لەوێشەوە درککردنی تەنیایی خۆی بـە رسـتەی دەسـت لـە کـێلان وەردێـنم دەرەوێنێتەوە. ئەگەر مانای یەکەمی ئەو رستەیە رەواندنەوەی تەنیایی بێـت، مانـای دووەم خۆی لە چێژی گێرانەوەدا هەڵدەگرێتەوە. یەکـەمیان: تـرس لـەخۆ دەرکردنـە. دووەمیـان: هەڵگری جۆرێکە لە شەبەقییەتو بە فیکرەی جەستەوە بەندە. کەواتە (کێـل) وەك چـۆن دەلالەتی (بالا) لەخۆ دەگرێت، پەیوەندیکردنی (ئەو)یش بـە ژیـان دەگەیـەنێت. (بـۆ بـە دواداچوونی فیکرەی جەستە، دەشێ خوێنەر بۆ قەسیدەی "من هەمیشـە لـەوێوە دێـم"ی شاعیر بگەڕێتەوە، کە دەڵێت: لـە حەوشـەکەدا، دوو جـار کراسـی سـپی لـە بـەر کـرد، جارێکیان بۆ منو ئەویتریش بۆ قەبر).

کەواتە دەنگی لەرزۆکی (بەرزنجی) لە دیمەنی سێیەمدا لە لایەك ترسە لە تەنیایی، لـە لایەکی دیکە ممارەسە کردنی چێژی لەخۆدا هەڵگرتووە، وەك چـۆن بـە رووەکـەی دیکـەش ئەو هەنگاونانەی (بەرزنجی) رووەو چێورەمەی جوانەمەرگ تەعبیر لە جولـەی سـینەمایی دەکات. دەمەوێت بڵێم: ئەوەی وەرگر بە لەرزۆکاوی دەیبینێت، دەشێ فیلێکـی سـینەمایی بێت بەرانبەر (بینین/هەست)و (بیسـتن/خـەیاڵ)، ئـەو قسـەیەشمان بـەوە پشـت راسـت دەکەینەوە کە لەو دیمەنەدا هەست بە داخستنی مانا دەکەین. واتە لە پشت (نە خۆڵ، نـە بەرد، نە پنجە گیا...) جگە لە مۆنتـاژ کردنـی گرتـەکانو خزینـی وێنـە نـەبێت، هـیچ پەیوەندییەکی دیکەی شیعری وجودی نییە، یان بە مانایەکی دیکە لە پشت ئەو وێنەیـە بە قەد ئەوەی (بینین/هەست) دەخرۆشێ، ئەوەندە (بیسـتن/خـەیاڵ) دادەخرێـت، یـان بـە

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

مانایەکی دیکە ئەو وێنەیە دوای کاتی ئێستا دەکەوێ، دەبێتە قوربانی ڕەهەندی سێیەم تا بۆ وێنەی سروشتی بە کامیراگیراو بگۆڕدرێت.

هەروەها دەشێ لەڕێگەی ئیقاعی گرتەکانەوە جوانکاری جولە (وا دێم، بە شەقاوی لەرزۆکاوی، ڕووەو چێورەمەکەت هەنگاو دەنێم، نە خۆڵ ، نە بەرد ، نە پنجە گیای سەر دڵت، هیچیان وەئاگا ناهێنم، بە ماتی دەست لە کێلەکان وەردێنم) بەرجەستە بکەین، ئەو جوانکارییە بە قەد ئەوەی ئاسۆیەکی نوێ بەرانبەر (بینین) دەکاتەوەو سەر بە زمانی سینەماو تەجریدە، ئەوەندە بە شیعرییەتو خەیاڵەوە بەند نییە. کەواتە جوانکاری جولەسەر بە یۆتۆپیای مۆسیقای سینەماییە، یۆتۆپیایەك کە هەستی جولەکردن دەوروژێنێت. هەر لەڕێگەی مۆسیقای ئەو دیمەنەشەوە زمانی سینەما بەرفرەوان دەبێت، وەك چۆن هەر لەوێشەوە دەشڵەژێ، شڵەژانی زمان، تەعبیر لە دەلالەتە جێبەجێ نەکراوەکان دەکات، بەو مانایەش ئەو (دەنگە دەنگ)ە بە پەرۆش و لەرزۆکاوییەی (بەرزنجی) زێتر داپۆشینی ئاماژەکان دەگەیەنێت. بۆیە لە مانا رادەکاتو بە جولەیەکی نادیار دەکەوێتە نێو ڕووداوەوە، بەرجەستە کردنی ڕووداو تەعبیر لە گەیاندنی هەواڵو کەوتنی شیعرییەت دەکات. ئەو خاڵە زمانی سینەمایی تۆخترو زمانی شیعری کاڵتر نیشان دەدات.

دیمەنی سێیەم کە وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ دیمەنی چوارەم خۆی دەنوێنێ، دەشێ دوو کردەی دیکە لەنێو (ژیان/ئەزموونکردن) بخاتە ڕوو، یەکەمیان: لە ڕووی دەلالییەوە دەکەوێتە نێو (خراپ ئەزموونکردن)و منی مازۆخی ڕابەرایەتی دەکات، لە ڕووی کامیراییەوە شەقاوی لەرزۆکاوی تەعبیری لێ دەکات. دووەمیان: لە ڕووی دەلالییەوە دەکەوێتە نێو (باش ئەزموونکردن)و بە منی نێرگزییەوە دەلکێت، بەڵام لە ڕووی کامیراوە بە گرتەی هیچیان وەئاگا ناهێنم بەندە.

ئەگەر خراپ ئەزمونکردن بۆ ناوەندیاری شیعری (دەنگ، ڕەمز، نووسین، سپێتی) بگەڕێتەوە، باش ئەزموونکردن بۆ ناوەندیاری سینەمایی(کامیرا، سروشتی ڕووناکی، مامەڵەکردن، کیمیاگەری، ئامێرەکانی دیکە..) دەگەڕێتەوە.

لێرەدا دەمەوێت بڵێم درێژبوونەوەی ڕووە سۆزئامێزو بریقەدارەکەی ئەو (قەسیدە/فیلم)ە بە قەد ئەوەی پەیوەندی بە کردەی دووەمەوە هەیە، ئەوەندە بە کردەی یەکەمەوە بەند نییە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کردەی سینەمایی ماوەی نێوان بینەرو وێنە لەڕێگەی جولەی خەڵەتێنەوە نامێنێت، لەوێشەوە بە یارمەتی مۆسیقا وا دەکات بینەر لە حاڵەتی گرتنی گۆشەی نیگای دیمەنەکان تێکەڵ بە کامیرا بێت، نەك بە ماناو خەیاڵی زمان. بەجۆرە وێنەی شیعری دەبێتە قوربانی جولەی منی کامیرایی‌و بۆ وێنەی بە کامیرا گیراو دەگۆڕێت.

## دیمەنی چوارەم

دیمەنی چوارەم بە گرتەی (بە ناڵەیەکی حەزین دەچرپێنمە گوێت) دەست پێدەکات، هەڵبەتە ئەو گرتەیە وەك شوێن گۆڕستانو وەك زەمەن دەکەوێتە ئێستای (قەسیدە/فیلم)ەوەو گرتەکە تەواوی شاشەی داگیر کردووە، بەڵام دواتر لە جولەیەکی تەکنیکیدا لە توێی ئیقاعێکی پرسئامێز کامیرا ئاسۆی بینینی بۆ ڕابردوو (بەیەکەوە ژیان) دەگوازێتەوە، بەڵام وەك شوێن تەعبیر لە ماڵ (واتە ژیانی منی زیندووو ئەوی جوانەمەرگ) دەکات.

کۆی گرتە پرسئامێزەکانی دیمەنی چوارەم دەکەوێتە نێو ئیقاعێکی نەرمو هێمن، ئیقاعی نەرمو هێمن فەزای بیرخستنەوە دەکاتەوەو زێتر سەر بە لاواندنەوەیە، وەك چۆن لەو دیمەنە لاواندنەوەش دەکەوێتە نێو مەنەلۆگەوە. (بارستارکۆ)ی (ئیتاڵی) ئیقاع بە بەرهەمی جوانکاری جولە دادەنێت، ئەو پێیوایە ئیقاع ئاسۆیەکی نوێ بەرانبەر بینین دەکاتەوەو دەبێتە تایبەتمەندی زمانی سینەمایی‌و کۆدی گێڕانەوە لەخۆ دەگرێت. ئەگەر

بەشێك لە پەیوەندی زمانی (فیلم/قەسیدە) بە زمانی سینەمایی ئەوە بێ کە لە ئیقاعدا خۆی دەنوێنێ، بەشێکی دیکەی لە مەنەلۆگەوە دەردەکەوێت. مەنەلۆگ لە هونەری سینەماییدا سیستەمێکی تەعبیرییەو میکانیزمی بەرهەمهێنانی کۆی ئەو دەلالەتانەیە کە (دەرهێنەر/شاعیر) لەڕێگەی (حاڵەتی دەروونی/تەکنیك) دەیخاتە روو، هەر لەوێشەوە بینەر دەخاتە گەمەیەکی سیحرئامێز، ئەگەر بە جۆرێك ئەو میکانیزمە لە هونەری سینەمایی ناساندنی فەزا شاراوەکانی کاراکتەر لەخۆ بگرێت‌و نیازی تایبەتی لە پشتەوە بێت، بە دیوەکەی دیکە هونەرێکە لە هونەرەکانی کێشکردن‌و تێوەگلانی وەرگر.

بەڵام لە رووی دەلالییەوە خوێنەر لە خوێندنەوەی مەنەلۆگەکانەوە هەست دەکات ئەوەندەی بەرچاو خستنی دیمەنە هەڵبژاردەکان کاری لەسەر کراوە، ئەوەندە ئاماژەی شیعری‌و شیعرییەت فەرامۆش کراوە. وەك گوتمان بەشێکی زۆری پەیوەندییەکانی نێوان سینەماو شیعر دەکەوێتە سەر رەوانبێژی‌و رووناکییەوە، بەو مانایە (بەرزنجی) دەیەوێت زۆرترین روناکی بخاتە سەر هەڵبژاردەیەك لە پێکەوە ژیان‌و ئەزموونی ناوەکی، روناکی خستنە سەر ئەزموونی ناوەکی بە هەموو مانایەك تەعبیر لە بە گشتیکردن دەکات، هەر لەو هەڵبژاردەیەشەوە گەمە لەگەڵ هەستی سۆزئامێزی (بینەر/خوێنەر) دەکات‌و لەنێو ئەزموونی ناوەکی خۆی دەیتوێنێتەوە. لێرەدا لەو بەر چاو خستنە سیستەمی سینەمایی رۆڵی گرنگی بینیووە، چونکە ((لە فیلمدا "بینەر" خۆی بە کاراکتەری هاوێنە بەراورد دەکات‌و لەوێشەوە خۆی تێکەڵ بە "چیرۆکبێژ" دەکات)). هەر لەوێشەوە هەستێکی جولەئامێز بەرەو ژانوژوواری دیمەنە هەڵبژاردەکانی بە یەکەوە ژیان (من‌و ئەو)مان دەکاتەوە، بڕوانە: (-کوا مەقاماتی راکشان؟-کوا جگەر کێشانی پێش چوونە نێو جیگا؟-کوا لەعابەکانی زیلان؟-کوا فاتورەی ئاوو کارەبا؟-کوا کاسێتی (القلب یعشق

كل الجميل)؟-كوا پاكەتی سۆمەری بولگاری؟-كوا باليفـه گەورەكـەمان؟-كـوا بەتانييـه دوو نەفەرييەكەمان...)

هەڵبەته گوتنی مەقاماتو كردەی راكشان نەك هەر تەنها لە بنەڕەتـدا وێنەيـەكی بـه كاميرا گيراومان پێدەبەخشێت، بەڵكو هەستی وەرگريش بەو جولەيه دەخرۆشـێنێ (بـەكار هێنانی وشەی "خرۆشاندن" بـه مانـا سێكسـييەكەی پەيوەنـدی بـه وشـەی "راكشـان" دەكات). بە گشتی هەر لەسەرەتاوە ئەو سەربردەيەی (بەرزنجی) زەمەن بە مەكان، ئێسـتا بە رابردوو گرێ دەدات، كۆی ئەو گرێدانەش بە جولەی سەردانی گۆڕستانەوە دەلكێ. بەڵام ئەگەر لە هەر سێ دیمەنی سەرەتا، كاميرا ئەسڵی يەكـەم بگەيـەنێت، ئـەوە لـەم دیمەنـه كاميرا كۆمەڵێك گرتە دەگرێ، كە لە حاڵەتی دووەمو كۆپيكراوی ئەسڵن. بەڵام (بـەرزنجی) بە وشەی پرسی (كوا) درككردنـت لەڕێگـەی وروژانـی هەسـتی وەرگـر هـەمان جولـەی ئەسڵو يەكەميان تێدا دووباره بكاتەوە. وشەی (كوا) لەو مەنەلۆگانەدا كـارێكی گـرنگ لە ئەستۆ دەگرێ، ئەويش لە لايەك خستنە جولەی وێنەكانە لە لايەكی دیكە ئاسـانكاری بۆ كاميرامان دەكات، بۆ ئەوەی كاميرا لە شوێنێكی دیاريكراو جێگير بكات.

-كوا مەقاماتی راكشان؟ -كوا جگەر كێشانی پێش چوونە نێو جيگـا؟ -كـوا رۆمـانی (مرحبا ايها الحزن) -كوا لەعابەكانی زيلان؟....هتد. لە كـۆی ئـەو گرتانـەدا راسـتەوخۆ بەشێكی زۆر لە وەهمی كاميرا دەكەوێتە سەر مۆنتاژ بەو مانايەش وەك (كاركۆفسـكی) پێيوايه رۆڵی مۆنتاژ بە شێوەيەكی گونجاو رۆڵی تەوزيفيكردنی جولەيه، هـەر لەوێشـەوە ئەسالەتو قولايی ناوەڕۆك (كە لێرەدا سەردانيكردنی گـۆڕی جوانەمەرگـه) دەگەيـەنێت. بەو مانايە ئەوە (دەرهێنەر/شاعير)ە، لە هەڵبـژاردنی گرتـەو وێنەكانـدا بـيروڕای خـۆی دەسەپێنێت، هەر لەوێشەوە منی نێرگـزی بـەپێی ياسـای بيـنين دەردەكەوێتـەوە، ياسـای (بينين/هەست) لە سينەمادا لە قەڵەمباز دێتە بەرهەمو نابەردەوامی حـوكمی بەسـەردا

دەکات، بەردەوامبوونی هونەریش لە سینەمادا لەسەر تەجاوزکردنی ئەو نابەردەوامییە رادەبێتەوە، هەر لەوێشەوە بە دیمەنی پێنجەم ئاشنامان دەکات.

**دیمەنی پێنجەم**

دیمەنی پێنجەم لە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (وا دێم) یادەوەرییەکان بە جێ دەهێڵێ‌و دێتە نێو گۆڕستانەوە، ئەو هاتنەوەیە، لە رووی دەلالییەوە دەست گرتنی خوێنەرو گەڕاندنەوەیەتی بۆ گۆڕستان، وەك چۆن لە رووی سینەماییەوە وەجولەخستنی کامیرایە، لەنێوان وریاکردنەوەی خوێنەرو وەجولەخستنی کامیرا فەزایەکی دیکە لە پرس دێتە بەرهەم. جیاوازی نێوان رستەی پرسی دیمەنی چوارەم‌و دیمەنی پێنجەم لەوەدایە کە یەکەمیان هاوڕیانی دەکێشێ‌و دووەمیان تاکایەتی دەنوێنێ، بەوەش لە دروستکردنی وێنەدا توانای کامیرا دەردەکەوێت لەوەی کە کامیرامان بە ئارەزووی دەرهێنەر یاری بە وێنەکان دەکات‌و رووەکانیان دەگۆڕێت، هەروەها گێڕەرەوەش لەرێگەی رستەکانی پرسەوە ئەو کارە ئەنجام دەدات، بەو مانایە دیمەنی پێنجەم لە رستەی پرسی (نازانم دەمناسیتەوە یان نا) دەنگە دەنگی خۆی لەمیانی وەرگرەوە درێژ دەکاتەوە.

ئەگەر لە رووی دەلالییەوە بشێ بتوانین ئەو وێنەگرتنە بە دیمەنی یەکەم‌و رستەی (لە من زیاتر، کێ حەنین دەیکوژێت‌و رۆحی گەرمی دەخاتە بەر بایەکی سارد) گرێ بدەین، هەروەها بە دیاریکراوی (رۆح دانە بەر بای سارد) وەرگرین، دەبینین هەر ئەو بایە ساردەیە، کە دەبێتە بنەما بۆ کۆی وێنە غەگینەکانی دیمەنی پێنجەم. بەلاّم ئایا (بای سارد) تەعبیر لە بەدگوزەرانی دەکات، یان رۆح دانە بەر بای سارد هەنگاونانە بەرەو لوتکەی باو باش گوزەرانی؟!

لەنێوان بەدگوزەرانی‌و هەنگاونان بەرەو لوتکەی <u>بای سارد</u> (ئەگەر ئەو دەستەواژەیە گرفت نەنێتەوە) دەشێ دوو مانا هەڵگرینەوە، یەکەمیان پەیوەندی بە شیعرییەت‌و تەعبیری شاعیرانەو مازۆخیەتەوە هەیە، دووەمیان گەیشتن بە لوتکەی بای سارد

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

تەمــەنێك دەگەیــەنێت. ئەگــەر لــەو خاڵــەوە بگەینــە بــەراوردكردنی بــەدگوزەرانیو باشگوزەرانییەوە ئــەوە (بــەرزنجی) دەكەوێتــە دووەمیانــەوە بــەوەی كــە تەمەنێكــە دەژی، بەرانبەر (ئەو) كە كــەم ژیــا، هــەر لەوێشــەوە ســەركەوتنەكانی خــۆی لــە بووونــدا روون دەكاتەوە، روونكردنەوەی زیندوویتی بەرانبەر مەرگ، بەرجەستەكردنی (من)ی باڵایــە لــە بەرانبەر (ئەو)ی كێل، ئەوەش تەعبیر لە جیاوازی منی مازۆخیو منی نێرگزی دەكات.

بەڵام لە رووی سینەماییەوە با بزانین (بەرزنجی) چۆن وێنە هەڵبــژاردەكان بــە ئــارەزووی خۆی دەخاتە بەردەم شاشە (ئێستا سەرم كوێســتانی بەمۆیــەو تیــی ئــاڵاوە تــەم، ئێســتا تەبەشم، تژییە لە قۆرتو چاڵ، ئێستا دوو چاوە قاوەییەكــەم كــزو كــەم حــوكمن، ئێســتا سیخە سیخی سینگم، رۆژە رێیەك دەڕوا) پرسیار ئەوە نییە، ئایا ئەو وێنانە بە بێ لایــەنی نیشان دەدرێن یان نا، پرسیار لە داگیركردنی شاشەدایە. كەواتە ئایا (بەرزنجی) لە پارچــە پارچەكردنی جەستە (سەر، تەبــەش، چــاو، ســینگ) دەیــەوێت چ بڵێــت، ترســی تەمــەن بگەیەنێت، یان بەدگوزەرانی؟!

هەڵبەتە لە پشت داگیركردنــی شاشــە دەشــێ دوو هــۆی ســەرەكی دەسنیشــان بكــەین، یەكەمیان لە نێرگزیەتەوە نزیك دەبێتەوە، دووەمیان بەرجەستەكردنی نیازێكی دیــاریكراو دەگەیەنێت، واتە دەیەوێت بڵێ بزانە مــن لــە دوای تــۆ چــیم لێهــاتووە، هــەر لەوێشــەوە هونەری سینەمایی بەو مانایەی كە ماوەی نێــوان بیــنینو هەســتكردن كــورت دەكاتــەوە وێنەكان جوانتر نیشان دەدات.

لەنێوان پرسی بەدگوزەرانیو باش گوزەرانی، مرۆڤ هەڵگری پرسێكی دیكەشــە ئــەویش پرسی بوونگەراییە، پرسی بوونگەرایی لەو دیمەنەدا بــە برِگــەی نادیــارو وێنــە نــەگیراوی (بەڵام، هەمان سەرخۆشو حەشاشەكەی جارانم) دەلكێ، كۆتایی هێنانی دیــمەنی پێنجــەم بەو رستە شیعرییە نەرمو نەگیراوە، ئەگــەر لــە لایــەك بەبیرهێنانــەوەی ئــەو پەیوەندییــە بوونگەراییە بێت، كە لەنێوان (ئــەو)ی جوانەمــەرگو (مــن)ی زینــدوو دایــە، ئــەوە لــە

ونبوونی (ئەو)، پەیوەندی ناوبراو دەلالەت لە ئەزموونکردنی درۆینەو پشتگوێ خستنی دیاردەکانو پشتگوێ خستنی هەڵوێستو ئازادیو هوشیاری دەکات. کەواتە ئەو رستە شیعرییە ململانێیەك دەگەیەنێت، ململانێیەك کە دەکەوێتە نێوان خۆناسکردنو خۆنەناسکردن، ململانێیەك کە بە درێژایی ژیان، رۆحو جەستەی (من)ی زیندوو پێیەوە دەتلێتەوە.

لە رستەی ناوبراو کامیرا هەناسەیەك دەدات، لەنێوان گواستنەوەی ئاسۆی بینینو ماناکانی ئەو رستەیە ماوەیەك بۆ بەدواداچوونو خەیاڵ هەیە، شیعرییەتی مانا لەو ماوەیەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، دواجار ئەو ماوەیە بە دەستەواژەی (دە گوێم لێبگرە) دووبارە کامیرا دەخاتەوە جولەو دیمەنی شەشەم رادەگەیەنێت.

**دیمەنی شەشەم**

دیمەنی شەشەم لە دەستەواژەی (دە گوێم لێبگرە) هەوڵدەدات دەرککردن لە دیمەنی پێنجەم نەترازێ، ئەوەش (کارکۆفسکی)و مۆنتاژ کردنی دیمەنەکانمان بیر دەخاتەوە، کە تەوزیفیکردنی جولەیە بە شێوەیەکی گونجاو، بەو مانایە هەر سێ دیمەنی چوارەمو پێنجەمو شەشەمیش ئەسالەتو قولایی خۆیان لە مۆنتاژ کردنەوە هەڵدەگرنەوە، بەو مانایەش گێڕەرەوە لە بری کاری سەرەکی خۆی پشت بە مۆنتاژکردن دەبەستێتو زێتر لە کردەی دەرهێنان نزیك دەبێتەوە. ئەگەر بەشێك لەو ئەسالەتە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئیقاعو دیمەنەکانەوە هەبێتو لەوێشەوە تەکنیکی سینەمایی ئەرکی رێکخستن ببینێت، ئەوە بەشێکی پەیوەندی بە بابەتو گێڕەرەوە دەکات، گێڕەرەوەش لەڕێگەی هەڵبژاردنی مەنەلۆگی ناوەوە ئاراستەی بۆگێڕەوەو وەرگر دیاری دەکات، لەوێشەوە پەرچەکرداریان تێدا دەورووژێنێ.

چیرۆك هەمیشە لە مەنەلۆگەکانی ناوەوە دەماناخاتە نێو حاڵەتێکی دیارو نادیار، بەلام سینەما لەڕێگەی جولەی وێنەو مۆسیقاوە بە شاشەمان گرێ دەدات، هەر لەوێشەوە

بینەر تەماهی هاوێنە دەبێت، نەك دەنگی گێڕەرەوە، ئەو تەماهی بوونە راستەوخۆ پەیوەندی بە تەکنیکەوە هەیە، وەك چۆن پەیوەندی بە دەرکەوتنی شوێنەوە دەکات.

دیمەنی شەشەم لە رووی دەلالییەوە جارێکی دیکە لە ناچارکردنی (ئەو)ی جوانەمەرگ، بۆگێڕەوەش ناچاری گوێ گرتنو نواندنی هاوخەمی دەکات. ئەوەش زۆر بە جوانی لە کاری داخوازی (دە گوێم لێبگرە) دەردەکەوێت، فرمانی داخوازی (دە گوێم لێبگرە) سەرەڕای ئەوەی کە هیچ ئەرزشێك بۆ نائامادەیی (ئەو) دانانێت، پێشێلکردنی ئازادیشی لەخۆدا هەڵگرتووە، واتە سەرەڕای ئەوەی کە سنور بەزاندنە، بچووککردنەوەش دەگەیەنێت.

لە رووی سینەماییەوە بە دەستەواژەی (دەگوێم لێبگرە، تا بەو پەڕی حوزنەوە پێت بڵێم) شاشەی کامیرا بە روخساری خۆی پڕ دەکاتەوە، بەڵام وەك شوێن درێژ کراوەی هەمان شوێنی سەپێنراوە، پاشان ئاراستەکردنی کامیرا دەباتەوە رابردوو (لەگەڵ ئەو) ژیان دەخاتەوە بیر، واتە هەر وەك دیمەنی چوارەم کامیرا روو لە رابردووە، هەر لەوێشەوە بڕوانە چۆن دیمەنی شەشەم لەو رستە پرسیارئامێزانەوە ئۆپۆرتیۆنیستیەتی خۆی دەخاتە روو (-رەشنووسی رۆمانەکەم چی بەسەر هات؟-پانتۆڵە قەدیفە زەیتونییەکەم چی بەسەر هات؟-چەرخە ئیتاڵیە ستیلەکەم چی بەسەر هات؟-رانکو چۆخە مەرەزییەکەم چی بەسەر هات؟-ئەو رەسمەی لەگەڵ جەلیل قەیسیدا گرتبووم چی بەسەر هات؟ -رادیۆ هەشت مۆجەکەم چی بەسەر هات؟)، سەیرکەن لە وێنەکێشانی ئەو شتە تایبەتیانەدا چۆن سیما نێرگزییەکانی خۆی بە (ئەو)ی جوانەمەرگو بۆگێڕەوەو وەرگر دەفرۆشێتەوە. دەشێ وێنەگرتنی شتە خودییەکانی دیمەنی شەشەم پەیوەندی بە کۆی وێنە هەڵبژاردەکانی دیمەنی پێنجەمەوە بکەن، بەو مانایەش رەشنووسی رۆمان لەڕێگەی دیمەنی پێنجەمەوە دەبێتە تەم، پانتۆڵو رانکو چۆخە کون کون دەبێت، چەرخ ئیتاڵییەکە توانای سووتانی نامێنێ، رادیۆکە، خشە خشی رۆژەرێیەك دەڕوا، ئەو رەسمەی

لەگەڵ جەلیل قەیسی تاکو ئێستا جگەرەی تێدا نەکوژاوەتەوە، (بۆ ئەو یەکتر تەواوکردنە بڕوانە رستە پرسئامێزەکانی دیمەنی پێنجەم).

ئەگەر بە جوانی سەیری دیمەنی شەشەم بکەین دەبینین لە کۆی وێنە گرتنی (هەشت) گرتەدا تەنها لە دوو گرتەدا، کامیرا روو لە شتە خودییەکان لادەدات، یەکێکیان (ئەلبوومی رۆژی شەکراو چی بەسەر هات؟) کە پەیوەندی بە (ئەو)ی مردوو هەیە، ئەویدیکەیان (بەدلەکەی عید میلادی کاڵێ چی بەسەر هات؟) کە پەیوەندی بە (کاڵێ)ی منداڵەوە دەکات. بەو مانایە کۆی وێنەکانی دیکە دەلالەت لە بەرجەستەکردنی منی نێرگزیو پێشێلکردنی مافەکانی (ئەو) دەگەیەنێت. ئەگەر هەڵبژاردنی ئەو رستانە وەك گێڕانەوە جۆرێك بێت لەڕێخۆشکردنو دروستکردنی فەزایەکی گونجاوی بۆ ئەوەی بۆگێڕەوەو وەرگر خۆیان بۆ پرسیارە جەرگبڕەکانی (ئەو)ی جوانەمەرگ ئامادە بکات، ئەوە لە رووی سینەماییەوە گەمەیەکە لەمیانییەوە دەیەوێت هەستی بیستنو بینین لە دیمەنی حەوتەم دووچاری شۆك بکاتەوە!.

**دیمەنی حەوتەم**

لە دیمەنی حەوتەمدا کامیرا لەنێو گۆڕستان بە دوای کۆترە باریکەیەکدا دەڕوا، پاشان ئەو کۆترە باریکەیە دێو لەسەر شانی راستی گێڕەرەوە دەنیشێتەوە (هەست دەکەم، کۆترە باریکەیەك، لەسەر شانی راستەم دەنیشێتەوە) ئیتر لەوێوە گێڕەرەوە پێمان دەڵێت دەزانن ئەو کۆترە باریکەیە رۆحانییەتی کێیە؟ ئەوە رۆحانییەتی شەکەتی (ئەو)ە (دەزانم، ئەمە رۆحانیەتە شەکەتەکەی تۆیە) لێرەدا گێڕەرەوە وەسفی کۆترە باریکەی گۆڕستان دەکات، ئەو وەسفە لە رووی رەمزەوە پاکێتی رۆح دەنوێنێ. کەواتە دەسپێکی دیمەنی حەوتەم لە روویەك پاکێتی (ئەو) دەگەیەنێت، لە روویەکی دیکە مژدەی سەرکەوتنی گێڕەرەوە رادەگەیەنێت. لەنێوان (پاکێتی)و (سەرکەوتن) کامیرا بۆ سەلماندنی سەرکەوتن لەسەر کۆترەکە دەوەستێو (دواتر پێکرانی کۆترەکە ئەو سەرکەوتنە زێتر پشت راست دەکاتەوە)

مۆسیقاش لە گەیاندنی پەیامی کۆترەکە بەشداری خۆی دەنوێنێ‌و گمە دەخاتە جولەی هەمە رەنگەوە، هەر لەوێشەوە ئاسۆیەکی نوێ بەرانبەر بینین دەکاتەوە، بەو مانایە زمانی ئەو دیمەنە دەبێتە زمانێکی سینەماییی‌و کۆدی گێڕانەوەو دارِشتنەکەش لەو زمانەدا جوانترو تۆکمەتر خۆی نیشان دەدات.

رستەی (بە گمەیەکی پڕ لە بێزاری پێم دەڵێ) جۆرێك لە ئیشکالیەتی تێدایە، دەشێ ئەو ئیشکالیەتە پەیوەندی بە (گمە)وە هەبێت. چۆن گمەی کۆترەکانی گۆڕستان‌و گمەی کۆترەکانی دەرەوەی گۆڕستان لێکجیا بکەینەوە؟ چۆن بە بێزاری‌و شادی گرییان بدەین؟! هەروەها دەشێ ئیشکالیەتی (گمە) پەیوەندی بەسەرکەوتنی ژیان‌و پاکێتی مەرگەوە بکات... دواجار ئایا ئەو بێزارییە لە گمەوەیە، یان پەیوەندی بەو کێلەوەیە کە کەوتۆتە سەر رۆحی (ئەو)ی جوانەمەرگ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ بپرسین: بەراستی ئەوە کۆترە باریکەی رۆحی شەکەتی ئەوە لەسەر شانی گێرەڕەوە هەڵنیشتووە، یان سێبەری گرانی کێلەکانی گۆڕستانە فەزایەکی پڕ حوزنییان خستۆتەوە!.

ئەگەر ئەو رستەیە لە تەکنیکی سینەماییی نزیك بکەینەوە، هەستدەکەین لە پشت کامیرا فیلێك لە ئارادایە، ئەو فیلە وەك لەسەرەتادا گوتمان پەیوەندی بە جولەو خەڵەتاندنی چاوەوەیە، دەمەویت بڵێم لەو فیلە سینەماییەدا (کێل)و (کۆتر) تێکەڵ یەك دەکرێت، بەو مانایە لە گەمەی کێل‌و کۆتردا ئەوە کۆتر نییە دەڵێت:-یەکەم چرپەی عاشقەکەت لە کوێیە؟ بەڵکو ئەوە کێلە دەڵێت چرپەی دوێنێت دەنگە دەنگی ئەمڕۆتە. ئەوە کۆتر نییە دەڵێت (-ژمارەی یەکەم تەلفۆنت لە کوێیە؟) بەڵکو ئەوە کێلە دەڵێت ژمارەی تەلفۆنەکەت ئەو مێژووە هەڵکۆڵراوەیە کە تەعبیر لە کۆچی دوایی (ئەو) دەکات. ئەوە کۆتر نییە دەڵێت:-یەکەم نامەی کە بۆت نووسیم لە کوێیە؟ بەڵکو کێلە دەڵێت: نامەی دوێنێت نەخشی ناوی هەڵکۆڵراومە. ئەوە کۆتر نییە دەڵێت: ژمارەی یەکەم ئوتێل کە روومان تێکرد لە کوێیە؟ کێلە دەڵێت: یەکەم ئوتێل، ئەو گۆڕستانەیە.

ئەوە کۆتر نییە دەڵێت: یەکەم جێ ژوانمان لە کوێیە؟ کێلە دەڵێت: یەکەم جێ ژوان ئەو سێبەرە کورتە بالآیەیەی منە، کە ناتوانی نێرگزییەتی خۆتی پێداپۆشیت.

هەڵبەتە نزیککردنەوەی کۆتر لە کێل، ئەگەر بە دیوێك تەعبیر لە گەمەیەکی سینەمایی بکات، بە دیوەکەی دیکە دەلالەتئامێز دەکەوێتەوە، هەر بەو مانایەش رستەی (لە پڕ دەفڕیو دەروازەی قەبرستانم بە باڵە شکاوەکانت لێ دەگریو بە تووڕەییەوە پێم دەڵێ:) وەك گرتەی سینەمایی رووی کامیرا دووبارە لە ورێنەی (کوا-یەکان) هەڵدەگرێتەوەو دوای فڕینی کۆتر دەکەوێت، بەڵام لەو گرتەیەدا وێنەی کۆترێکی پێکراومان بۆ دەکێشێت، کۆترێکی پێکراوو تووڕە، پێکراو بە هۆی بەگشتیکردنی ئەزموونی تایبەتی خێزانیو تووڕە لە بەرانبەر پێشێلکردنی مافەکانو هەڵبژاردنی گرتەو وێنەکان بە ئارەزووو مەبەستەوە. پێکراو بە فەرمانە سەپێنراوەکانی دیمەنی شەشەمو تووڕە لە بەرانبەر ئۆپۆتیۆنیستییەت!.

ئەگەر لە دیمەنی پێشوو، پێکچواندنی کۆترو کێل پەیوەندی بە دیمەنی سێیەمو رستەی (بە ماتی دەست لە کێلەکان وەردێنم) هەبێت، ئەوە لەو دیمەنە دەشێ بۆ ئەو پێکچواندنە لە رووی دەلالییەوە لە پەیوەندی تووڕەییو رەقییەوە قسە بکەین، بەڵام وەك دەزانین پێکچوواندنی کۆتری تووڕەو کێلی رەق لە کردەی فڕین دووچاری ئیشکال دەبێتەوە. پێشتر ئەوەمان بە جولەی کامیراو ناوەندیاری تەکنیکییەوە گرێ دا، بەوەی کە سینەما دەتوانێ (24) بیستو چوار وێنە لە یەك چرکەدا نیشان بداتو هەر لەڕێگەی ئەو خێراییەشەوە وێنەکان وا دەرکەون کە دەجولێنەوە، بەو مانایە لە بری خەیاڵی ئەدەبییەوە، وەهم درووست دەکاتو چاوی بینەر لەڕێگەی وەهمەوە لە سکوونی رەهاوە بەرەو جولەی هەمەرەنگ دەکاتەوە.

کەواتە ئەوەی لەڕێگەی وێنەگرتنی کامیراوە بە بینەری دەدا کۆتر نییە دەفڕێ، بەڵکو ئەو کێلە رەقەیە کە گێڕەرەوە لە دیمەنی سێیەم دەستی تێوەرینا بوو! هەڵبەتە لەو

دیمەنەدا زمانی سینەمایی لەڕێگەی کامیراوە بە دوای کۆترێکی باڵشکاو دەکەوێت تا دەگاتە دەروازەی گۆڕستان، بەڵام زمانی دەلالی بە دوای ورێنەی گێرەڕەوە دەکەوێ، کە کێلی رەقی زامدارکراو (بە ناوو رۆژی کۆچی دوایی جوانەمەرگ) بە کۆتری باڵکاو دەچوێنێ!.

بەمجۆرە ئەوەی گێڕەڕەوە وەك کاراکتەری سەرەکی شاشەو پاڵەوانی سەرکەوتوو نیشانی دەدات، وەهمی سینەماییە، هەر لەڕێگەی ئەو وەهمەشەوە بە دیوێك هەست بە نێرگزییەت دەکات، بە دیوەکەی دیکە تووشی لەخۆنامۆ دەبێت. بەڵام بە هاتنە ناوەوەی (ئەو)ی جوانەمەرگ لە رووی دەلالییەوە بە رستەگەلی (-ئەی پیاو ئەی درِندەی تێر نەخۆر -ئەی دەعبای مشەخۆر -ئەی گەورەترین درۆزنی مێژوو، ئەی ساختەچی ئەی کارخانەچی -تۆ کە ئێستا لە باوەشی ژنێکی دیکە دای، تۆ کە ئێستا بۆنی هەناسەیەکی دیکە دەکەی، بۆ لێم ناگەڕێی بە ئاسوودەیی بنووم -بۆ لێم ناگەڕێی چێژ لە مردن ببینم، هەی تف لە ژیان) ئەو وەهمە سینەماییە بەتاڵ دەکاتەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو تەواوی دیمەنو دەرکەوتە نێرگزییەکانو تەواوی کەڵەگاییو نێرایەتی ریسوا دەکات. لە رووی سینەماشەوە دواتر کامیرا لە کەوتنی گێڕەڕەوەو ونبوونی لە بەر دەم کامیرا وەك چۆن مەرگی ئەزموونکردنی درۆینە رادەگەیەنێت، پرسی ئەو (قەسیدە/فیلم)ەش کە لە کاری (دەیکوژێت)ی دەسپێك روونمان کردەوە بە ئەنجام دەگات. هەر لەوێشەوە بە دزێوترین شێوە وێنەی کەڵەگاییو نێرایەتی دەخرێتە روو. لە دوا گرتەی ئەو فیلمەدا رووی کامیرا لە گۆڕستان تەنها گۆڕو ئەزموونکردنی (ئەو)ی جوانەمەرگ لە غیابی گێرەڕەوە نیشان دەدات، واتە (ئەو)ی جوانەمەرگ لەڕێگەی گۆڕەکەیەوە خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام گێڕەڕەوە دەتوێتەوەو ون دەبێتو هیچ ئاسەوارێك لە دوای خۆی جێ ناهێڵێت، بە ونبوونی گێڕەڕەوە تەنیا ئاسەوارێك لەسەر شاشەی سینەما وجودی هەبێتو بجولێتەوە (تف) کردنی (ئەو)ی

جوانەمەرگە، شاشەی سینەما لە وێنەگرتنی (تف کردن)ی (ئەو)ی جوانەمەرگ لە ژیانی درۆینە، نوغرۆ دەبێت.

**دەرئەنجام:**

ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەو (قەسیدە/فیلم)ە بۆمان روون دەبێتەوە لە سێ ئاست دەردەکەوێت:

ئاستی یەکەم: سیناریۆی سەردانی گۆڕستانو بە دیاریکراوی ئاماژە بە گۆڕی (سامالّ)ی خێزان دەکاتو هەر سێ دیمەنی یەکەمو دووەمو سێیەمی لەخۆ گرتووە، جگە لە زێوان کە هەر لە دیمەنی دووەمەوە ون دەبێت، گێڕەرەوەی هەموو شت زان کاراکتەری سەرەکییەو بەپێی دابو نەریتی گۆڕستان رێورەسمی سەردانەکە بە دەنگە دەنگ دەڕازێنێتەوە، لەو گێڕانەوەیەدا کامیرا لەنێو گۆڕستان دیمەنەکان دەکێشێت.

ئاستی دووەم: سیناریۆی سەربردەی ژیانی لەدەستچووی ("من"ی گێڕەرەوەی زیندووو "ئەو"ی جوانەمەرگ)ە، گێڕەرەوە هەم کاراکتەری سەرەکییە، هەم دەرهێنەر. بەمجۆرە لە چەند وێنەیەکی هەڵبژاردە لەرێگەی مەنەلۆگی ناوەوە کە زێتر جەخت لە دەرکەوتنی خۆی دەکات، هەر سێ دیمەنی چوارو پێنجو شەش دەڕازێنێتەوە. کامیرا بۆ گرتنی وێنەکان دەچێتە دەرەوەی گۆڕستانو هەندێك لە گرتەکان لە ماڵی گێڕەرەوە دەگرێ، وەك چۆن هەندێکی دیکە لە دوورەوە لەنێو گۆڕستان دەخاتە روو.

ئاستی سێیەم: گواستنەوەی چیرۆکی ونبوونو ریسواکردنی دەرهێنەرو گێڕەرەوەیە لە لایەن پاکیەتی (ئەو)ی جوانەمەرگ، هەر لەرێگەی ئەویشەوە تف لە نێرایەتیو گەڵەگایی دەکرێت. لێرە شاعیر وەك گێڕەرەوە ئەگەرچی خیانەت لە گێڕانەوەکەی خۆی ناکات، بەڵام لەرێگەی مۆنتێژکردنەوە دەرکەوتنی خۆی زیاد لە پێویست دەسەپێنێت. دەشێ هەر شەرمی ئەو خۆ سەپاندنە بێت وای لێبکات دواجار بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ

گۆڕستان بە جێ بهێڵێت، لەو لاشەوە كامیرا لە دەرەوە وێنەی بەسەرهاتی رابردووی هەردووكیان لە چاوی (ئەو)ی جوانەمەرگ نیشان دەداتەوە.

لە كۆتاییدا بەپێی روخسارە دیاریكراوەكانی ئەو لێكۆڵینەوەیە جارێك (وەرگر/خوێنەر)ی ئەو (قەسیدە/فیلمە)ە لە (من)ی مازۆخی بەو مانایەی كە هەڵگری ئەزموونی ناوەكییە لە لایەكو بەرفرەوانی ماوەی نێوان بیستنو خەیاڵ، واتە گرژبوونی زمانو خاوبوونەوەی مانا لە لایەكی دیكە بە شیعری دەچوێنێ. جارێكی دیكە (وەرگر/بینەر) لە دەركەوتنی (من)ی نێرگزی بەو مانایەی كە ئەزموونی ناوەكی بە گشتی دەكات، لە لایەكو كورتی ماوەی نێوان بینینو هەست، واتە گرژبوونی ماناو خاوبوونەوەی زمان لە لایەكی دیكە وەك فیلم تەماشای دەكات. بە مانایەكی دیكە ئەو كاتەی كە شتە شوێنییەكان بۆ زەمەن دەگوازرێتەوە ئەو دەقە بە دەقی شیعری ناوی دەبرێت، بەڵام ئەو كاتەی كە زەمەن بۆ شوێن دەگوازرێتەوە ئەو دەقە بە دەقێكی كامیرایی ناوزەد دەكرێت.

# بەشی چوارەم

- ترادیسیۆن، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە.
- شێوازگەری، شێوازی دەقی ئەدەبی.
- بۆشایی دەق،سەفەرەکانی مانا.
- دەرکەوتنی  جوانی دیالۆگی پرسیار و  وەڵام.
- "ئاشنا بوون" لەنێوان منی شاعیر و منی شیعردا.

**ترادیسیۆن، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە******************************

فیکر لە هیچەوە هەڵناقوڵێ، بەڵکو لە هەرسکردن و ڕەنگاوڕەنگکردن و درێژکردنەوەو بەشداریکردن و جیاوازییەکانی فیکرگەلێکی دیکەوە بونیادە قوڵەکانی خۆی دادەمەزرێنێت. هەر گەلێکیش ئەمڕۆ توانای بیرکردنەوەو بەرفرەوانکردنی فیکرو مەعریفەی نەبێت، ناتوانێت بەشێوەیەکی دینامیکی ئاراستەکانی بیرکردنەوەی خۆی بەرەوپێش بەرێت. هەر کۆمەڵگەیەك نەتوانێ پرسیاری نوێ لەبەرانبەر کێشەو قەیرانەکانی بەرز بکاتەوە بە مانا ئەنتۆلۆژییەکەی لەبەرانبەر ژیاندا نیگەران نەبێت، گەلێکە لەسەر تاقە تۆزلێنیشتووەکانی مێژوودا مەرگی لێدەتکێت.

---

**************************سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە- گفتوگۆیەکی "ئەکبەری گەنجی"یە لەگەڵ "د. جەوادی تەباتەبایی" لە فارسییەوە "ڕاسان موختار" وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی 2002 سێنتەری "نما" بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری ئەدەبی لەژێر زنجیرە (2) بە چاپی گەیاندووە. لەو کتێبەدا گفتوگۆیەکی چڕ لەبارەی هێنانە ناوەوەی پۆست مۆدێرنە بۆ ئێران کراوەو تەباتەبایی ڕەوتەکانی پۆست مۆدێرنە لە وڵاتی ئێران دابەشی دوو گرپ دەکات، پێیوایە کێشەی گروپی یەکەم ئەوەیە کە مادام مارکسیزم نەیتوانی پەیوەندییەکانی دنیای سەردەم تێکبدات پێویستە پۆست مۆدێرنە جێگەی بگرێتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە سورن لەسەر ئەوەی دژایەتی کۆنەخوازی بکەن... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە ل48. بەلاّم کێشەی ڕەوتی دووەمی پۆستەکان لای تەباتەبایی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی جیدی لەگەڵ فیکرە خۆرئاوا ڕووبەڕوو نەبوونەوتەوە، بەلای ئەوانەوە فیکری دێکارت، هیگل، کانت، جێگەی بایەخ نییە، یان ئەوان هەرگیز ئەو فیکرانە ناخەنە ڕوو، هەروەها لە بواری فیکری سیاسیدا هەرگیز باس لە میکافیلی یان مارکس ناکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕۆشن ڕستێك لە تیۆرەکانی پۆست مۆدێرنە باس دەکەن ئەویش تەنها بۆ مەبەستی ڕەخنەگرتن لە واقێکی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری کە لەڕاستیدا بوونی نییە... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە ل52.

**************************– بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: گۆڤاری کاروان.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بەدیوەکەی دیکەش قسەکردن لە فیکرو دامەزراوە فیکرییەکان هەر تەنها قسەکردن نییە لەو شاعیر و رۆشنبیرو بیریارو... بەڵکو قسەکردنە لە بونیادە قوڵەکانی تاك و واقیع و کۆمەڵگە، قسەکردنە لە سیستمگەلێك کە راستەوخۆ پەیوەندی بە پرۆژەکانی ژیارییەوە هەیە. بە کورتی دەشێ جەوهەری دنیای نوێ وێرای رووە دیسپۆزمەکەی، رووە دینامیکی و پێشکەوتنخوازەکەی بەشێوەیەکی هەسپێکراو ببینین، بە مانایەکی دیکە ئەگەر ئەو خاڵەی کە مرۆڤ تیایدا لەسەرووەری عەقڵدا خۆی مانیڤێست دەکرد بە مۆدێرنە ناوزەد کرابێت، ئەوە ئەو خاڵە چارەنووسازو یەکلاکەرەوەیەی کە (نیچە) لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەسنیشانی کردووە، خاڵێکە تەواوی عەقڵ و فۆرم و ترادیسیۆنە مرۆییەکانی تیا ملکەچی پرسیاری نوێ و چاوپێداگێڕانەوەو راڤەکردن کردووە ئەوەش بانگهێشتکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت ناگەیەنێت، بەڵکو هەلومەرجێکی مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری گشتییە کە (لیوتار) بە مەرگی حیکایەتە گەورەکان ناوزەدی دەکات.

## فیکرو تەکنۆلۆژیا

هەموو فیکرێك مێژوو و بنەمای ترادیسیۆنی خۆی هەیە، بەو مانایەش لەقسەکردن لەبارەی فیکرەوە هەرگیز ناشێ ئەو بنەمایە فەرامۆش بکرێت، بەمانایەکی دیکە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ فیکری ئەمرۆش درێژکراوەی فیکرەکانی پێش خۆیەتی، بۆ نموونە سەرلەبەری قسەکانی "هایدگەر" بریتییە لە (من بیرهێنەرەوەی ئەو فیکرانەم کە تا سەردەمی خۆم هاتوون). کەواتە قسەکردن لەسەر دەستکەوتەکانی فیکر و زانستە

بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: گۆڤاری کاروان. ژ 169 ساڵی 2003.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی بنەماو پێشینییەیان کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە.

هەڵبەتە زۆر ئاساییە هەوڵبدەین تازەترین مۆدیلی ئۆتۆمبیل، تلفزیۆن.... بکڕین، بەڵام هاوردنی دەستکەوتە فیکرییەکانی ڕۆژئاوا شتێکی ئاسایی نییەو خاڵی نییە لە کێشە، نەك هەر هێندە بەڵکو بەڕای دکتۆر "جەوادی تەباتەبایی" جگە لە یارییەکی زمانەوانی هیچی تری لێ سەوز نابێت.

بەڵام بێ ئاگابوون لە مێژووی پزیشکی هیچ کێشەیەك درووست ناکات، گەلێك وڵات هەن پێشینەیەکی پزیشکیان نییە، لە هەمان کاتدا لەو بوارە پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە، بەجۆرە فیکر بەردەوام لەڕێگەی وروژانی پرسیار لە ناوەڕۆك و سروشتی فیکری پێش خۆی گەشە دەکات و بەرەوپێش دەچێت، بەڵام زانست لەسەر دابڕانی ئەبستمۆلۆژی وەستاوە...

لە گفتوگۆیەکی "ئەکبەری گەنجی" لەگەڵ "دکتۆر جەوادی تەباتەبایی"دا، تەباتەبایی دەپرسێ: کاتێك ئێمە هیچ چەشنە زانیارییەکمان لەبارەی مۆدێرنەوە نەبێت، چۆن قسە لە پۆست مۆدێرنە بکەین؟ لێرەدا تەباتەبایی قسە لە پرسی ڕەسەنی منی ئێرانی دەکات، پێیوایە کێشەی سەرەکی منی ئێرانی ئەوەیە کە نازانێ لە بەرانبەر مۆدێرنەدا لە چ

---

تەباتەبایی دەڵێت: لە ئێران ساڵانی ڕابردوو فیکری "هایدگەر" پەرەی سەندبوو، ڕەنگە بتوانین بڵێین ڕەوتێکی هایدگەرییانە درووست ببوو، بەڵام کاتێك بە جیدی لە نوسینەکانی هایدگەر ڕادەمێنین دەبینین بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی بریتین لە شرۆڤەکردنی تێکستە گرنگەکانی مێژووی فەلسەفە، سەرجەمی فیکری هایدگەر لەسەر ڕاڤەکردنی "ئەرستۆ، ئەفلاتوون، دێکارت، هیگل، نیچە" وەستاوە. کەواتە چۆن دەتوانین فیکری هایدگەر وەرگرین بەر لەوەی کتێبێکی جیدیمان لەبارەی ئەفلاتوونەوە نووسی بێت، یان بەرهەمەکانی ئەفلاتوونمان وەرگێڕابێت... بۆ زێتر ڕوونکردنەوە بڕوانە: سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

ئاستێکدایە، بە نسبەت شەڕی نێوان ترادیسیۆن و مۆدێرنە چ شوێنێکی بەردەکەوێت. بەو مانایەش بەڕای تەباتەبایی کێشەی تاکی ئێرانی پۆست مۆدێرنە نییە، ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ئێران لەبارەی پۆست مۆدێرنەش دەکرێن بە سفر یەکسانیان دەکات، دەڵێت: من پێموایە ئەو پەتایەی پۆست مۆدێرنە بەخێرایی تێدەپەڕێت...

هەڵبەتە ئەو جۆرە لە قسەکردن و هاوردنی دوایین دەستکەوتەکانی پۆست مۆدێرنە بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە خانەی ئارەزوویەکی سیاسی ئایدیۆلۆژییەوە، چونکە هەمیشە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا بۆ مانەوەی خۆی پارێزگاری لە ئاگایی و چواچێوە دیاریکراوەکەی خۆی دەکات. بە دیوەکەی دیکەش ئەو دیدەی کە پێیوایە کاتێك ڕۆژئاوا چۆتە نێو گەمەی مۆدێرنەوە ئێمە لە خەوێکی قوڵدا بووین و چووینە نێو پشووی مێژوو، دیدێکە بڕوای بە گۆڕان و توانا لە بنەهاتووەکانی مرۆڤ و ئیبداعەکانی تاك نییە، بڕوای بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەو بەراوردکردنی سەردەمییانە نییە، بڕوای بەو بارودۆخە ڕسکاوە نییە، کە نەوەی نوێ لەڕێگەی تێگەیشتنی واقیع و داهێنانی واقیعێکی دیکە، دەیخاتەوە. بەگشتی ئەو دیدە بڕوای بە شکستی ئایدیۆلۆژیا و کاڵبوونەوەی مانا مێژووییەکان نییە.

کەواتە بۆ ئەوەی بڵێین لە ئێستادا دەژین پێویستە بزانین چۆن سوود لە فیکر بە گشتی و فیکری پۆست مۆدێرنە بە تایبەتی وەردەگرین، نەك بە هۆی زاڵبوونی درووشمی ئایدیۆلۆژی دیماگۆجییەوە تەواوی خۆرئاوا و فیکری خۆرئاوایی ڕەتبکەینەوە.

## واقیع و قەیران

بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیع ڕێك بێینەوە دەبێ لە دیدێکی دیارکراو و کۆمەڵێك پێگەی دیاریکراو و هەڵوێستی دیاریکراوەوە مامەڵە بکەین، بە مانایەکی دیکە هیچ شتێك لە دەرەوەی تێگەیشتنەوە وجودی نییە، دنیای واقیع تەنها بە نیسبەت تێگەیشتنەوە بوونی هەیە، هەر تێگەیشتنێك کە توانای خوێندنەوەی واقیعی نەبێت دەکەوێتە دەرەوەی ئامادەگی کارایانەوە لەوێشەوە سنورەکانی خۆی دادەمەزرێنێ و پرسیارەکان پەراوێز

دەخات، بێگومان کوشتنی پرسیار هەر تەنها واقیعێکی بنبەستوومان بۆ ناکێشێ، بەڵکو کۆی ئەو کێشەو قەیرانانەش دەشارێتەوە کە ئەو واقیعە لە دووتوێی خۆیدا هەڵیگرتووە، چونکە دەزانی بەرجەستەکردنی کێشە قەیرانەکانی کۆمەڵگە بێ ڕووبەڕووبونەوە ناچێتە سەر، هەر لە ڕووبەڕووبوونەوەدا جیاوازییەکان خۆیان نمایان دەکەن، هەر لە فەزایەکی ئاوادا بۆچوونی جیاواز و تیۆری جیاواز دێتە ناوەوەو پەیوەندییەك لەنێوان هێزەکان درووست دەبێت، پەیوەندییەك کە بەردەوام لە ئالوگۆڕیدایە، هەڵبەتە بارودۆخێکی لەو بارە بە بارودۆخی قەیراناوی ناو دەبرێت. لێرەدا جەوادی تەباتەبایی دەڵێت: من ئەو فیکرەیەم بە فیکری قەیران ناو بردووەو یەکەم فەیلەسوفی قەیرانگەریش بەلای من ئەفلاتوونە. ئەفلاتوون بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکانی ئەسینا و قەیرانی دیموکراسی لە ئەسینا کتێبی کۆماری نووسی.

بەگشتی پرسیاری تەباتەبایی ئەوەیە کە هەرگیز چارەسەری ئەفلاتوونی بۆ ئێمە چارەسەر نییە، بەڵکو تەرحکردنی پرسیار گرنگە، ئەو تەرحکردنەش بە مانای دۆزینەوە ستراکتۆرە شاراوەکان و گریمان و پێشبڕیارە نائاگاییەکانی عەقڵ دێت کە سنورەکانی بیرکردنەوەی واقیعی کۆمەڵگە دیاری دەکات، ئەو بنەما شاراوانە تەعبیر لە هەڵوێستی تاکە کەس ناکات، بەڵکو جۆرێکە لە بوونی عەقڵی کە واقیعی کۆمەڵگە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانییەوە... تەرحکردنی پرسیار لێرەوە دەبێ نەك لە دەرەوە وەك کەلوپەلێك هاتبێتە ناوەوە، لێرەدا ئایا لە واقیعی کۆمەڵگەی خۆمانەوە سەرنجمان بۆ لای قەیران چوو؟

ئەو واقیع و کۆمەڵگەیەی باسی کێشەو قەیرانەکانی خۆی نەتوانێت بکات، ئەو واقیع و کۆمەڵگەیەی پێیوایە کێشەو قەیرانی نییەو شورەییە باسی کێشەی شکست و لاوازی کۆمەڵگەو واقیع بکات، کۆمەڵگەیەکی داخراوە، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەك لە دنیادا نییە، یەك پارچە بێت. بێگومان قسەکردن لەسەر کێشەو قەیرانەکان پێویستی بە

بنەمای زانستی و پشت بەستبوون بە ڕەهەندی فەلسەفی پتەوەوە هەیە، پێویستی بە وردبینی و دەست نیشانکردن و کەشفیکردنەوە هەیە. (ئیبن خەلدون) تاکە نموونەی ناوازەیە کە ئاماژە بە قەیران داوە.□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ ئیتر لە دوای ئەوەوە تاکو شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران باسێکی لەو شێوە بەرچاو ناکەوێت.

کەواتە بنەمای شارستانییەت و بەرەوپێشچوون بریتییە لە راڤەکردنی لاوازی و قەیرانەکانی کۆمەڵگە و خوێندنەوەی واقیعی ئامادە لەڕێگەی فیکرو تیۆری فەلسەفییەوە.************************** کاتێك قەیران سەرهەڵدەدات پێویستە بە شوێن تەرح و چارەسەری مەسەلەکەدا بڕۆین، دەبێ بەردەوام قسە لە قەیرانەکان بکەین.

### لە ترادیسیۆنەوە بۆ پۆست مۆدێرنە

فیکر هەمیشە سنورەکان دەبەزێنێ، لە دنیادا هیچ فیکرێك بە گەلێك و ئەتنییەکی دیاریکراو ناتوانێ درێژە بە ژیان و بەخششەکانی خۆی بدات، هەر بیریارو فەیلەسوفێك کاتێ فیکر بە موڵکی خۆی و ئەتنییەکەی ناودێر دەکات، جگە لەسەر لێشێوان و بنبەستبوون و مەرگ، شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە.

ئەمڕۆ ئێمە لەسەردەمی گەردوونی نوێدا دەژین، سەردەمێك کە بە رستێك گۆڕانکاری گەورەدا تێپەڕیووەو تێدەپەڕێت، هەر لە شۆڕشی پیشەسازی و ریفۆڕمی ئایینی و

---

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە.

************************** بۆ نموونە کاتێك ئیپراتۆریەتی رۆما لەناوچوو هەر لە "گیبون"ەوە تا "شبینگلەر" لەو بارەویەوە لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، کەچی لەناوچوونی ساسانییەکان و دەوڵەتشاری گەورەی‌و بەرفرەوانی ساسانی، رووخانی سەفەوییەکان "لەناوچوونی 200–300 ساڵی دەسەلاتداریێتی ئێران" جگە لە چەند ئاماژەیەکی پچڕ پچڕ نەبێت، هیچ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونێکی فیکری و فەلسەفی لێنەکەوتۆتەوەو بێدەنگیان هەڵبژرادووە...بڕوانە: سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، ئایین و بازاڕ و گەلاڵەبوونی تـەرزێك لـە مـرۆڤ، هـەروەها سـەیرکردنی زانسـت وەك میتـۆد و پرۆسیسـەکردن، تادەگاتـە هەڵوەشـانەوەو گومـان و تەکنۆلۆژیا و جیـاوازی و بـازاڕو سـەرمایەو مـەرگی حیکایەتـەکان و راگەیانـدنی دوور مەودا... هتد.

بەڵام بـەڕای تەباتـەبایی پێپـەڕین لـە ترادیسـیۆن بـۆ مۆدێرنـە لەگـەڵ دوو کێشـەی سەرەکیدا رووبەروو دەبێتەوە، یەکەم ئەوەیە کە دەبێ هەلومەرجی خۆمان روون بکەینەوە. دووەم دەمانەوێت بەرەو کوێ بڕۆین؟ چونکە خودی پۆست مۆدێرنە دیارەیەکی نێگەتیڤـە، واتە کەموکوڕییەکانی مۆدێرنە دیاری دەکات.

بەڵام لەنێوان رەوا بەخشین بە بارودۆخی ئێستای ئێمە و تیۆرەکانی هایدگەر مەودایـەك هەیە، پڕکردنەوەی ئەو مەودایە مەحاڵ دەکەوێتەوە. هەر جـۆرە پڕکردنەوەیـەش بەداخـەوە بێ بنەما دەکەوێتەوە. کەواتە بۆ ئەوەی قسە لە پۆست مۆدێرنە بکەین، دەبـێ کۆمـەڵێك پرسیارمان رووبەرووی ترادیسیۆن کردبێتەوە، دەبێ شۆڕشـێکی رێـك و پێـك و بەڵگـەدار لەبارەی پەیوەندیمان بە ترادیسیۆن خستبێتە روو، دەبێ کۆمەڵێ کاری گـەورەمان لەسـەر ترادیسیۆن بە ئەنجام گەیاندبێت..

<u>**دەرئەنجام:**</u>

لەبەر ئەوەی فیکرو ئیمکان پەیوەندییان بەیەکـەوە هەیـە، بۆیـە دەشـێ مرۆڤـی کـارا بەردەوام هەنگاو بەرەو پێشەوە بهاوێژێ و لەسەرهەڵدانی هەلومەرجی شیاودا بەربەست و سنورەکانی فیکری ترادیسیۆنی ببەزێنێ و پرسیاری نوێ و خوێندنەوەو رەخنـە ئاڕاسـتەی کۆی ئەو بارودۆخە بکاتەوە کە دووچاری بنبەسـتبوون بـووە، وەك چـۆن دەشـێ لەڕێگـەی تیۆری نوێ و سەردەمییانەوە کۆی ئەو پەیوەندییـە کۆنانـەی کـە عەقڵیـەتی ترادیسـیۆن رابەرایەتی دەکات، هەڵبوەشێنێتەوە.

هەڵبەتە هەموو ئەوانەش لەڕێگەی کەشفیکردن و بەدواداچوونی واقیعی باو و کێشەو گرفتەکانی واقیعەوە بەئەنجام دەگات، لەڕێگەی فرەوانبوونی ڕەوتی واقیع و لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانەوە دێتە دی. کەواتە ڕەخنەگرتن لە ترادیسیۆن بۆ بەرفرەوانبکردنی فیکرو قوڵبوونەوەی فیکرو ئاگایی مرۆڤ و بەدواداچوونی ئیشکالەکان... کارێکی شیاو و پەسەندە، بەلاّم گەڕانەوە بۆ رابردوو ئەگەر پەسەندیش بێت نامومکینە، چونکە هەرگیز چارەسەر لە گەڕانەوە بۆ رابردوودا نییە، بەڵکو لە داهاتوو دایەو بەدواداچوون و ڕەخنەش بەردەبازێکە بۆ هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی باشتر.

## شێوازگەری

## شێوازی دەقی ئەدەبی

شێوازگەری ئەو دەرکەوتنەیە کە لەهەندێ چرکەساتی بەدواداچوونی وشە لە رستەدا بە ئەنجام دەگات، واتە لەکۆی ئەو رەگەزە بەدوایەکداهاتووانە دەردەکەوێت کە ئاخاوتنی لێپێکدێت و لەڕێگەی جوانگوتن و ریتمی وشە، خەسڵەتی دەنگی و پێکهاتەی ئیقاعییەوە گرنگی بە دووبارەکردنەوەی تەعبیرلێکراو دەدات، بەو مانایەش یەکەی

---

مولینیە، جورج، کتێبی (الاسلوبیە/شێوازگەری) لەساڵی (1989) بە زمانی فەرەنسی بڵاوکردۆتەوە، ئەو کتێبە لە لایەن (بەسام بەرەکە) لە فەرەنسییەوە کراوەتە عەرەبی و چاپی دووەمی لە ساڵی (2006) لەلایەن (مؤسسە الجامعیە للدراسات و النشر) بڵاو کراوەتەوە، لەو چاپەدا وێڕای پێشەکی نووسەر، وەرگێڕیش پێشەکییەکی بۆ نووسیوە، کتێبی ناوبراو کراوەتە سێ بەشی سەرەکی کە هەر بەشەو چەند بەشێکی دیکەی لێدەکەوێتەوە، لە کۆی ئەو کتێبەدا بەشێوەیەکی گشتی مێژووی شێوازگەری لە فەرەنسادا باس دەکات، وەك چۆن فۆرمالیستەکان و بونیادگەرەکانیش فەرامۆش ناکات، دواجار لە دەرئەنجامێکی کورتدا کۆتایی بەو تێزەی خۆی دەهێنێ، دەشێ ئەو نووسینە دەریچەیەك بێت بۆ قسەکردن لەو کتێبە.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

شێوازگەری لە دەستەواژەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، هەر لەوێشەوە شێوازگەری راستەوخۆ دەکەوێتە سەر هونەری نواندنی زمانەوانی و بە فەردانییەتەوە دەلکێت و وەرگر رۆڵی تایبەتی خۆی تێدا وازی دەکات.

یەکێك لەو پرسیارنەی بەردەوام شێوازگەری دەیوروژێنێت زانستی پێکهاتنی زمان و دیاریکردنی کاریگەرییەکانی زمانە، بەلاّم نەك بەشێوە رەوانبێژییە تەقلیدییەکەیەوە، بەڵکو بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئەو دابڕانەی کە دەکەوێتە نێوانیان بە شیکردنەوەی رەمزە بەکارهاتووەکانی زمانی تایبەت جیادەکرێتەوە، نەك بەو مانایەی هەر تەنها دراسەکردنی کۆمەڵێك سیما بێت لە سیماکانی زمانی سۆزداری، بەڵکو مەبەست دراسەکردنی ئەو سیمایانەیە کە بە بەکارهێنانی زمانەوە بەندە، بەکارهێنانێك کە بۆ پرۆسیسەکردنی نووسەر دەگەڕێتەوە، نووسەرێك کە لەجۆردا دەگمەن و تایبەتە، کۆی ئەوانەش بەرەو ناسینی شتێکمان دەبەن کە لە شێوازگەری نوێ خۆی دەدۆزێتەوە. کەواتە لەبەر ئەوەی شێوازگەری پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی زمانەوانییەوە هەیە بۆیە وەك پێویست بۆ (سوسێر) دەگەڕێینەوەو دەڵێین (سوسێر) جگە لە دووانەیی دال و مەدلول قسە لە دووانەیەکی دیکە دەکات، کە بە تەوەرەی رێکخستن و ئاڵوگۆڕییەوە بەندە، هەروەها لەبەر ئەوەی زمان هەڵگری پەیامە بۆیە پێویستی بە (وەرگر/بەرانبەر) هەیە تاکو پرۆسەی گەیاندن بە ئەنجام بگات، پرۆسەی گەیاندنیش لەڕێگەی ئاماژەوە پراکتیزە دەبێت، خودی ئاماژەش لای (سوسێر) دەکەوێتە نێوان کۆمەڵێك ئاماژەوە کە یەك ئەویدیکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەو بەیەکبەستنەوەیەش لەڕێگەی پەیوەندییە بەیەکبەستراوەکانەوە مەیسەر دەبێت. کەواتە کۆی ئەو ئاماژە بەدوایەکداهاتووانە لە تەوەرەی رێکخستن کە یەکەی زمانەوانی لەسەر رێکدەخرێت و زنجیرەیەکی دیاریکراوی ئاخاوتن بەرهەم دێنێت هەروەها تەوەرەی ئاڵوگۆڕی کە پەیوەندی نێوان ئاماژەی ئاماژە مەوجودەکان لە زنجیرەیەك ئاخاوتندا رێکدەخات کردەی گەیاندن

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بەرجەستە دەکەن. دواجار لەمیانی دەرئەنجامی گەیاندنیش شێواز دێتە بەرهەم، بەلاّم لەبەر ئەوەی وشە بەیەکەی شێوازگەری دێتە ژماردن بۆیە دەبێت بزانین وشە جگە لەوەی چەندان دەلالەتی لەخۆدا هەلگرتووە، بەلاّم لە شێوازگەریدا کار لەسەر دوو دەلالەتی وشە دەکرێت ئەویش دەلالەتی خودی و دەلالەتی ئیحائیە. وەك دەزانین لە دەقی ئەدەبیدا ئاستی دەلالەتی خودی سەرچاوەی تایبەت بەخۆی درووست دەکات، بەلاّم ئاستی دەلالەتی ئیحایی بە شێوەیەکی بەرفرەوان دەلالەتی دەرەکی بۆ ئیبداع دادەمەزرێنێت، بەو مانایە شێوازگەری وەك (مۆلینیە) دەلێت جوانترین پێناسە (ریشلە) پێدەبەخشێت کە دەلێت: شێوازگەری ئەو رێگەیەیە کە هەر کەسێ قسەی پێدەکات.

شێوازگەری پشت بە رێسای تیۆری (زمانەوانی سیمیایی، پراگماتی) دەبەستێت، بۆیە دەلێین شێوازگەری پراکتیزەکردنێکە دەکەوێتە سەر گوتاری ئەدەبییەوە، بەلاّم گوتار چییە، ئەدەبیەت چی دەگەیەنێت، لێرە هەولّدەدەین بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەو دوو پرسیارە لە بەدواداچوونی ئەو نووسینە بخەینە روو.

(مۆلینیە) لەو کتێبەیدا ئامانجێك دیاری دەکات ئەو ئامانجەش لە بەدواداگەڕانی رەگەزەکانی دەق هەلّدەگرێتەوە، واتە ئەو رەگەزانەی کە دەقی ئەدەبی پێکدەهێنن، هەر لەوێشەوە هەولّدەدات تایبەتمەندی ئەو رەگەزانە و سروشتی کارکردنیان دیاری بکات، وەك چۆن لە کۆی هەولّە یەك لە دوایەکەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیاوازی بنەڕەتی ئەدەبیەت خۆی لە دەستەواژەدا نادۆزێتەوە، یان پراکتیزەکردنی زمانەوانیدا، بەلّکو خۆی لە گورزێك رووداوی زمانەوانیدا هەلّدەگرێتەوە.

---

الاسلوبية، جورج مولينية، ت: بسام بركة، بيروت،ط2/2006.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

دەقی ئەدەبی لە کۆمەڵێك ڕەگەزی زمانەوانی پێکدێت، بەڵام ئەو ڕەگەزانە پرۆسیسەی هەمان سروشتی پێشووی خۆیان ناکەن، شتێکی دیکەی نوێ دەهێننە ناوەوە، کە بەهای ئەدەبی ئیستاتیکیان لەخۆدا هەڵگرتووە، هەر لەوێشەوەو لەڕێگەی تەوەرەی ڕێکخستن و ئاڵوگۆڕییەوە چیگوتن و جوانگوتنی نووسەر بەرجەستە دەبێت. بەڵام ئەگەر (ب. کرۆس)ە ئەو بەرجەستە کردنە لە هونەری پێشبینیکردنی فەردییدا هەڵگرێتەوە، خودی ئەو بیرکردنەوەیەش دەکەوێتە نێوان پراکتیزەکردنی شێوازی ئیبداعی دیاریکراو و نێوان پرنسیبی (دەروونی/ئیستاتیکی)یەوە، ئەوەو لای (جاکۆبسن) کە بە ڕەمزی بزاقی فۆرمالیستەکانی ڕووس دەژمێردرێت شێوازگەری وەك زانستێك دەردەکەوێت کە ئامانجی خۆی هەیە، وەك زانستێك کە بەشێوەیەکی گشتی کەرەسەو میتۆدی خۆی لە زماندا هەڵگرتۆتەوە.

بەجۆرە شێوازگەری لای (جاکۆبسن) دوو مانا لەخۆ دەگرێت، یەکەم بەدواداگەڕانی زمانەوانی و دووەم ئەدەبییەت. ئەگەر بەدواداگەڕانی زمانەوانی لە تەوەرەی ڕێکخستن و ئاڵوگۆڕی خۆی هەڵگرێتەوە، ئەوە ئەدەبییەت لای ئەو لە وەزیفەی شیعرییدا بەرجەستە دەبێت، مانای شیعرییەتیش لای ئەو هەڵگری مانای ئەدەبییەتە، ئەو مەسەلەیەش هەر تەنها پەیوەندی بە گەمەکردنی وشەکانەوە نییە، وەك چۆن پەیوەندی بە ناونانەوە ناکات، بەڵکو ئەو پێناسەیەی کە لای (جاکۆبسن) بۆ شیعرییەت کراوە بە شێوەیەکی گشتی لە گەمەی هەردوو تەوەرەی ڕێکخستن و ئاڵوگۆڕیدا خۆی حەشار داوە، بەڵام نەك بەڕێگەیەکی تەواو هاوشان، چونکە دواجار شیعرییەتی جاکۆبسن یەکسانە بە واتای شێوازگەرییەوە، بەڵام ئەوەی لای (جاکۆبسن) زۆرترین گرنگی پێدەدرێت وەرگر نییە بەڵکو نێنەرە یان بەرهەمهێنەر، کەچی (ریفاتێر) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین لێکۆڵەر لە بواری شێوازگەری نوێ، گرنگی بە ڕستێك وەستانی (وەرگر/خوێنەر) دەدات،

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ ه.س.پ.

وەك چۆن سەرنجمان بۆ ئیبداعیش رادەكێشێت، بێگومان (ریفاتێر) دەكەوێتە نێو شێوازگەری بونیادگەرییەوە و یەكێكە لەوانەی كە پێیوایە ئەدەب فۆرمێكی بەرزە لە فۆرمەكانی گەیاندن و دەقی ئیبداعی بە دەقێكی خولقێنەر دەداتە قەڵەم، هەر لەوێشەوە لە وەرگر جیای دەكاتەوە، ئەو جیاكردنەوەیەی (ریفاتێر) بۆ ئەوەیە پەیوەندی نێوان پەیامی نێنەر و داهاتوو بكەوێتە زەمەنێكەوە كە بێ كۆتایی و بەردەوامی پێیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە (ریفاتێر) شێوازگەری لە دەركەوتنی كۆمەڵێك رەگەزی بەدوایەكداهاتووی ئاخاوتنەوە هەڵدەگرێتەوە، كە گرنگی بە (وەرگر/خوێنەر) دەدات، وەك چۆن پێیوایە شێوازی ئەدەبی پێویستی بە كردەی هونەرییەوە هەیە و هەر تەنها ریزكردنی وشە نییە.*************************

ئەگەر (جاكۆبسن) قسە لە دوو شێوازگەری بە مانای شێوازگەری بەرهەم و شێوازگەری وەرگر بكات، ئەوە (مۆلینیە) پێیوایە دواجار شێوازگەری واتە شێوازگەری وەرگر... دەتوانین كۆی ئەو قسەكردنانەش لای (مۆلینیە) بە دینامیكیەتی دەقی ئەدەبییەوە پەیوەست بكەین، ئەو دینامیكیەتەش وەك ئەوەی كە بەرهەمێكی فەردییە دەكەوێتە سەر دەلالەتی خودییەوەو دەلالەتی خودیش وەك گوتمان ونبوونی سەرچاوەی لێدەكەوێتەوە، واتە ئەوەی كە ئاماژەی زمانەوانی بۆی دەگەڕێتەوەو لە دەقی ئیبداعیدا دەكەوێتە دەرەوەی زمانی باو، دواتر لە دەرەوەی دەق بە میكانیزمیەتی وەرگرتنەوە بەند دەبێت و هەر لەو تێگەیشتنەوەش بەرەو داخران دەبینەوە بەو مانایەی كە دەقی ئەدەبی سەرچاوەكەی بە مانای زمانەوانی و لۆژیكی نادیارە، بەڵام ئەو قسەكردنە بەو مانایە نییە كە سەچاوە ئەسڵەن وجودی نییە، یان بە یەكجاری رەتبكرێتەوە، بەڵكو بەو مانایەیە كە دەقی ئیبداعی سەرچاوەی تایبەت بە خۆی دادەهێنێت.

---

*************************الاسلوبیة عند میشال ریفاتیر، د. طارق البكري، 2 حزیران (یونیو) 2006، سایتی گوگول.

کەواتە ئاستی گوتاری ئەدەبی بەو توانایەوە بەندە کە لە بەرجەستەکردنی فیکرەی سەرچاوە تایبەتەکەیەوە دێتە بەرهەم، هەر لەوێشەوە بە دەلالەتی ئیحایلی دەقی ئەدەبی و هەژموونی وێنەی ڕەوانبێژی دەگەین.

دەمەوێت بڵێم لە کۆی ئەو قسەکردنە دەگەینە ئەوەی کە گوتاری ئەدەبی شوێنی دەلالەتە ئیحاییەکانی دەقی ئەدەبی لەخۆدا هەڵگرتووە، هەر لەبەر هەندێ بەشێکی زۆر لە مانا لە پێکهاتەی دیاردەی ئەدەبیدا بە شێوە ڕوونەکەی نادیار دەکەوێتەوەو پێویستی بە کەشفیکردن و خوێندنەوەی جیاوازەوە هەیە.

کەواتە لەبەر ئەوەی هەموو دەقێك لە دەرئەنجامی کاری گەیاندنی زمان کە نێنەر پێیهەڵدەسێت بەرجەستە دەبێت و لە خوێنەر یان وەرگردا تەواو دەبێت، هەڵبەتە وەك دیارە ئەو تەواوبوونە بەو مانایە دێت کە فرە خوێندنەوەی لەخۆدا هەڵگرتووە، لێرەدا هەموو خوێندنەوەیەك واتای دووبارە بەرهەمهێنان و دووبارە نووسینەوەی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەو مانایە خوێنەر (وەرگر) لە پرۆسەی داهێناندا لەڕێگەی ئەو کارە کە بە خوێندنەوە ناوزەد کراوە بەشداری خۆی رادەگەیەنێت.

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە شێوازگەری هەر تەنها لەو گوتە بەناوبانگەی (کۆنت بۆفۆن)دا کورت ناکرێتەوە کە دەڵێت: شێواز خودی مرۆڤ خۆیەتی، نە ڕەشدەکرێتەوەو نە لەناودەچێ و نە دەگوازرێتەوە و نە دەگۆڕێت) بەڵکو شێوازگەری نوێ ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەرگرو زانستی جوانی و هوشیارییەوە دەکات، دواجار دەتوانین بڵێین ئیستێتیکای وەرگر ئاسۆی شێوازگەری دیاری دەکات.

---

الاسلوبية، جورج مولينية، ه.س.پ. ل24/23.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

## بۆشایی دەق،سەفەرەکانی مانا

(سوسێر) زمان بە کارێکی کۆمەڵایەتی دەزانێت، هەر لە یاسا گشتییەکانی زمانیش ئاخاوتن دێتە بەرهەم، بەڵام ئاخاوتن بە بەرهەمێکی فەردی دادەنێت، بەو مانایەش ئاخاوتن بریتییە لە پەیڕەوکردنی کردەیانەی یاساکانی زمان و بە ناوکی زمان دەژمێردرێت.

کەچی لە کتێبی (**بۆشایی دەق،سەفەرەکانی مانا-ی ئیبراهیم مەحموود**)[1] ئاخاوتن بە ساتەوەختی رووتبوونەوەی لە دێتە ژماردن، یان دەست بردن بۆ میوەی حەرام، بۆ سەلامەتی ئەو هەڵوێستەش دەبێت بەڵگەی لۆژیکیمان لەبەر دەست دابێت، دەشێ بەڵگەی لۆژیکی تەعبیر لە رەفتارگەلێك

---

[1] ابراهيم محمود، صدع النص و ارتحالات المعنى، مركز الانماء الحضاري- حلب، ط1.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بکات کە ئاخاوتن رووتییەتی خۆی پێدەشارێتەوە، هەندێکجار ئەو رەفتارگەلە راستەوخۆ پەیوەندی بە مەکان و زەمانەوە هەیە، چونکە وەك دەڵێن هەموو شوێنێك ئاخاوتنی خۆی هەیە، هەموو گوتنێکیش پشت بە باکگراوەندی گوتن دەبەستێت، باکگراوەندی گوتن ئەو فەزایەیە کە بە رەهەندی ماناو دەلالەت و رەمز و خەیاڵی گوتنەوە بارگاوییە، لەرێگەی ئەو فەزایە ئەویدیکە سەرمەستی خۆی دەکات.§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ بەلاّم مەرج نییە هەموو قسەکردنێك لە (خود)ەوە بێت، هەندێك لە قسەکردن هەیە کە (ئارەزوو) پێی هەڵدەسێت، لەو حاڵەتەشدا خود دەخرێتە لاوە، یان ون دەبێت، (ئیبراهیم مەحموود)**************************** لە کتێبی ناوبراودا ئەو جۆرە لە قسەکردن لەرێگەی فیعلی (حکی) عەرەبییەوە تەفسیر دەکات و پێیوایە ئەو جۆرە قسەکردنە لە زمانی عەرەبیدا هیچ فیکرو مەبەستێکی لە پشتەوە نییە، وەك چۆن ناتوانێت لەرێگەی گوتنەوە فەزایەك بۆ بیرکردنەوەو سەرمەستکردنی ئەویدیکە دابمەزرێنێت، بەڵکو هەر تەنها قسەکردنە لە پێناو قسەکردن، بەو مانایەش کاری (حکی) قسەکردنێکی غائبە، نەك ئامادە، هەر لەوێشەوە لە (کلام) بە مانا (سوسێر)ییەکەی جیا دەبێتەوە.

---

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ هـ.س.پ.

**************************** نووسەرو لێکۆڵەری کورد، لە سوریا-قامیشلی لە دایکبووە، لە زانکۆی دیمەشق ساڵی 1981 بەشی فەلسەفەی تەواو کردووە، لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە عەرەبییەکان بەرهەمە فیکری و مەعریفی و رەخنەی ئەدەبی بلاّو دەکاتەوە، سەرەتای بلاّو کردنەوەی بۆ گۆڤاری (المسیره) ی لوبنانی دەگەڕێتەوە، لەو دوایەدا زێتر لە بارەی ئەنترۆپۆلۆژیا، بە تایبەتی مێژووی ئیسلامی دەنووسێت، لە کتێبە بلاّوکراوەکانی (البنویه کما هی:1991، الجنس فی القرآن:1994، البنویه و تجلیاتها:1994، الهجره الی الاسلام:1995، ایمه و سحره:1996، جغرافیه الملثات، الجنس فی الجنه:1998، الفتنه المقدسه: 1999، المتعه المحقوره:2000.....)

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

کاتێك ئارەزوو بە قسەکردن هەڵدەسێت، دەچێتە نێو (ستایش) و (بەدگۆیی)ەوە، هەر لەو ڕێگەیەشەوە خود دادەپۆشێت.□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ لە زۆربەی کات داپۆشینی خود بە هۆی قسەکردنەوە لە بەرژەوەندی قسەکەر تەواو دەبێت، چونکە بە هۆی داپۆشینی خودەوە چەندان دەرفەت بۆ قسەکەر دەرەخسێت، بەمجۆرە قسە دەفرۆشرێت تا هەندێك شت، هەندێك قەناعەتی پێ وەدەست بهێنرێت. بە وەدەستهێنانی ئەو سەرمایەشەوە ئارەزوو سەرکەوتنی خۆی بەسەر خود رادەگەیەنێت، هەر لەڕێگەی وەدەستهێنانی مەتریالییەوە نەك لەنێوبردنی خود زۆرجار دەبێتە شتێکی ئاسایی، بەڵکو کۆی ئەو فەزایەش وەدوادەخات کە فیکرو مەعریفە دەوروژێنێت. لەسەر ئەو بنەڕەتەش (قسەکردن- حکی) دەکەوێتە دەرەوەی خودو هەر لەوێشەوە لەگەڵ خەیاڵ دژ دەکەوێتەوە، کەواتە رستەی (خەیاڵکردن واتە ممارەسەکردنی خود، وەك چۆن حەز دەکەین) رستەیەکە چەمکی خەیاڵ لە چەمکی واقیع جیا دەکاتەوە. بەو مانایە خەیاڵ دەبێتە دەرچوون لە واقیعی باو، وەك دەزانین هەموو دەرچوونێکیش لە واقیعی باو راستەوخۆ بە گوناهەوە پەیوەستمان دەکات.

بەمجۆرە ئەگەر باکگراوەندی خەیاڵ دەرچوون بێت لە واقیعی باو، ئەوە باکگراوەندی زمان نووسینە، لەنێوان نووسەر و نووسین خەیاڵ هەبوویەکە سەر بە دنیای وێنەکان، بەلاّم خەیاڵ لای قسەکەر (متکلم) لە فەزای گوتن بەرجەستە دەبێت. لەنێوان خەیاڵ وەك فەزای گوتن و خەیاڵ وەك بەرجەستەبوونی وێنەکان، چەندان جیاوازی وەستاوە یەکێك لەو جیاوازییانە ئەوەیە: خەیاڵ لە نووسین یان بەرجەستەکردنی وێنەکان تەعبیر لە رۆشنکردنەوەی ئەو شوێنانە دەکات کە عەقڵ (واقیع-لۆژیك) هەوڵی داپۆشینی دەدات، بەلاّم خەیاڵ لە کاتی ئاخاوتن جۆرێك لەسەرمەستبوونی پێیە، لە هەمان کاتدا جۆرێك لە لێڵیشی لەخۆ گرتووە. ئەگەر یەکەمیان بە دواندنی وسبەلێکراوەکان پەیوەست

---

□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ ابراهیم محمود، صدع النص و ارتحالات المعنی، ه.س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بکەین، ئەوە دووەمیان ئەو ڕۆشناییە بنەڕەتیەیە کە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی سەرەکی لە کردەی خەڵقکردنی فەردانیەتدا دەبینێت، هەروەها زمانی نووسین هەڵگری گرانییەکە، بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتن کە هەموو گرانییەك جۆرێك لە تەگەرە دەخاتەوە... دەشێ لای (نووسەر) بە مانا (بارت)یەکەی خەیاڵ کار لەسەر کراوە بێت، بەڵام لای (دانەر) و لە ئاخاوتن کارایە، لە نووسین بەو مانایەی کە (نووسەر)ی (بارت)ی پێی هەڵدەسێت ماوەی نێوان خەیاڵ و پرۆسەی نووسین خاوە، لە ئاخاوتن لەپڕو ساتەوەختییە. بەجۆرە تێگەیشتن بۆ چەمکی خەیاڵ دەکەوێتە نێوان درککردن و ئیبداعەوە، لەنێوان گوناح و بۆشاییەوە، هەر لەوێشەوە دنیا لە پەیوەندیگەلێکی گەشەکردووی (کار)و (بابەت) خۆی هەڵدەگرێتەوە.

نووسەر بە مانا ئیبداعییەکەی یان دانەر، دەتوانێت وشە وەك خۆی چۆن دەیەوێت خەیاڵ بکات، خەیاڵی نووسەر هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، جگە لە سانسۆری خودی نووسەر نەبێت. نووسەر ئەوە ناخوێنێتەوە کە خەیاڵی دەکات، بەڵکو بەردەوام لە پرۆسەی خەڵقکردندا دەژیت و هەر لەڕێگەی ئەو خەیاڵەشەوە دەشێ ممارەسەی بیرەوەرییەکانی خۆی بکات.

لە جیاکردنەوەی (زمان-لغە) و (ئاخاوتن-کلام) گرفتی زۆر هەیە، بەشێك لەو گرفتانە وەك لەمەوپێش دیمان بە چەمکی (زمان و ئاخاوتن) و (نووسەر و دانەر)ەوە بەندە. هەر بەو مانایەش دەشێ ناونانی (نووسەر) و (دانەر) بە مانا (بارت)ییەکەی

---

ڕولان بارت نووسەر لە دانەر جیا دەکاتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زمانی فەرەنسییەوە هەیە لە زمانی فەرەنسی نووسەر سەر بە دنیایەکی داخراوەو بە وەزیفەی نووسینەوە بەندە، بەڵام دانەر فرە مانایەو سەر بە دنیایەکی کراوەیە، دانەر واتە داهێنەر، ئەوەی هەمیشە داهاتووی بەلاوە گرنگە، ئەوەی لە ناوەوەی خۆی ئالای پەیامبەرێتی هەڵگرتووە... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: ابراهیم محمود، صدع النص و ارتحالات المعنی، هـ.س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

ڕاستەوخۆ لە تێگەیشتنی (زمان) و (ئاخاوتن)ی (سوسێر)ەوە نزیك بكەینەوە. لێرەدا داهێنان وەك چۆن لای (بارت) بە دانەرەوە بەندە، ئەوە لای (سوسێر)یش بە قسەكەرەوە دەلكێ، بەڵام وەك دەزانرێت لە زمانی كوردی بە شێوەیەكی گشتی لە بری وشەی دانەر وشەی نووسەر، یان نووسەری ئەدەبی بەكار دەبردرێت، من بۆ زێتر تەئكید كردن لە داهێنانی ئەدەبی لە پاڵ ئەو وشەیە، وشەی ئەدەب یان داهێنەر بەكار دەهێنم، ئەگەرچی ئەو وشەیەش گرفتی زۆری بەدواوەیە بەڵام لەمەودوا كە وشەی نووسەرتان دیت ئەوە مەبەست لە نووسەری (بارت)ی نییە، بەڵكو مەبەست لە دانەری (بارت)ییە، هەر لەسەر ئەو بنەڕەتەش دەمەوێت زمانی داهێنەر بە مانا ئیبداعییەكەی لە چەمكی ئاخاوتنی (سوسێر) نزیك بكەمەوە، بەڵام ئاخاوتنێك كە خود پێی هەڵدەسێت نەك ئارەزوو.

وەك دەزانین هەر لە (ئەفلاتوون)ەوە ئاخاوتن وەك وێنەیەكی بنەڕەتی و بەرایی تەماشا دەكرێت، چونكە ڕاستەوخۆ مەبەست و بیركردنەوەی قسەكەر بە شێوەیەكی ئامادە لە كاتی قسەكردن و سەرمەستبوون بە قسەكردنەوە دەگەیەنێت، بەو مانایە ئەو وێنەیەی قسەكەر دەیدا ڕاستەوخۆ دەكەوێتە نێوان درككردن و ئیبداعەوە، نێوان گوناح و بۆشاییەوە.

بە كورتی دەمەوێت بڵێم لەنێوان (زمان) و (ئاخاوتن) نێوەندیارێك هەیە پێی دەڵێن خەیاڵ، ئیبداعی ئەدەبی بە شێوەیەك لە شێوەكان سەر بەو خەیاڵەیە، بەڵام لە لایەكی دیكە هەبوونی خەیاڵ نە سەر بە نووسەرەو نە سەر بە نووسین، وەك چۆن هەولێكیش نییە بۆ قەناعەت پێكردن، بەڵكو توانای ڕۆشنكردنی وێڵگەكانی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەو وێڵگانەی كە بە ناوهێنانیان ترس و نیگەرانی دامانەدەگرێت، ترس و نیگەرانییەك كە دواجار لەڕێگەی دەست بۆ بردنی نووسەری داهێنەرەوە یان بە مانایەكی دیكە لەڕێگەی سیحری وەشاندنی نووسەری ئەدەبییەوە دەمانباتەوە دنیای چێژو سەرسامی، كەواتە خەیاڵ وەك هەولێك دەوڵەمەندكردنی هەستیاری و قوڵكردنەوەی هۆشیاری لەخۆدا هەڵگرتووە،

و دەکەوێتە پێش هەموو لە دایکبوونێکی فیکری و ئیبداعییەوە. لێرەدا رستەی سەرەتا خەیاڵ هەبوو، تەعبیر لەو وزەو هێزە دەکات کە مرۆڤی سەرەتایی لەڕێگەیەوە هەوڵیدا دنیایەك بۆ خۆی خەڵق بکات، دنیایەك لەگەڵیدا بگونجێت و بتوانێت تێیدا بحەوێتەوە، کەواتە خەیاڵ ئەو کاراکتەرە سەرەکییەیە کە لە دەوڵەمەندکردنی فیکری مرۆڤ پێشڕەوی دەکات.

(ئێمە لە زەمەنێکدا دەژین کە بە مانا "پرۆست"ییەکەی ونبووە. ئێمە لە چاوەڕوانی زەمەنێکداین کە بە مانا "بیکت"یەکەی قابیلی چاوەڕوانی نییە) هەڵبەتە بەشێکی زۆر لە وزەی ئەو دوو رستەیە دەشێ لەوێوە لە خەیاڵەوە نزیك بێتەوە کە دەکەوێتە دەرەوەی واقیعی باو، یان بۆشاییەوە، بێگومان ئەو دیوو واقیع گوتارێك نییە بۆ حەقیقەت،جگە لە زمانی خەیاڵ نەبێت، بەو مانایەش لە هەر کوێ ئەو دیوو واقیع ئامادە بێت، خەیاڵیش ئامادەیە، لە هەر کوێ بۆشایی ئامادە بێت خەیاڵیش ئامادەیە.

ئەگەر خەیاڵ لە واقیع جیا بێت و ئیبداعیش لەڕێگەی ئەو جیاوازییەوە پەیوەندی بە خەیاڵەوە بکات، ئەوە دەتوانین بڵێین هەرچەندە ماوەی نێوان نووسەری ئەدەبی و خەیاڵ بەرتەسك بێتەوە، ئەوەندە رووبەری ئیبداع بەرفرەوانتر دەبێت. وەك دیارە ئەو هەڵگرتنەوەیە راستەوخۆ لە دەستەواژە بەناوبانگەکەی (نیفەری)یەوە وەرگیراوە کە دەڵێت: تا مەودای روانین بەرفرەوانتر بێت، رووبەری گوزارشتکردن بەرتەسك دەبێتەوە.

دەشێ بۆ ئەو مەبەستە قسە لە شیعرە ئیبداعیەکانی (رامبۆ) بکەین، چونکە (رامبۆ) لە کورتکردنەوەی ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان ساتەوەختی نووسین و خەیاڵ زۆر جوان دەبینرێت، هەر لەوێشەوە شیعری رامبۆ ئەوەندە بە خەیاڵ و پێشبینیکردنەوە پشت ئەستوورە کە تەواوی سنورەکانی نێوان من و ئێمە، من و بوون...دەسڕێتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش شیعر تا دوا ئاسۆی ئاڵۆزی دەبات، یان بە مانایەکی دیکە ئەزموونێك دەخاتەوە کە تەواو لەگەڵ واقیعی باو جیاواز دەکەوێتەوە.

له لایەكی دیكه (ئیبن عەرەبی) یەكێك بوو لەوانەی کـه بـەردەوام بانگەشـەی لـە بـاو دەرچوونی بەرز دەكردەوە، هەر لەوێشەوە خۆی بە فره خودییەوە پەیوەست دەكرد، واتـە بـە شێوەی كۆ دەهاتە مەیدانەوە، ئەو سۆفییە هەڵگری زیاد لە خەسڵەتێك بـوو، و پسـپۆری لە تاكە بابەتێك رەت دەكردەوەو بـەردەوام وەك ئـەوەی لـەنێو مرۆڤایەتییـەوە نیشـتەجێیە خۆی دەخسـتە روو، بـێ ئـەوەی جیـاوازی لـەنێوان كەسـێك و ئەویدیكـەدا بكـات، بـەو مانایەش لە كرانەوە بەسەر ئەویدیكەدا بەها گەورەكانی مرۆڤایەتی پرۆسیسە دەكرد، بـێ ئـــەوەی ئـــایین و رەگـــەز و زمـــان و رەنـــگ و.... بێتـــە تەگـــەرە بـــۆ ئـــەو پرۆسیسەكردنە.

كەواتـە ئەگـەر خـەیاڵ لـە واقیـع جیـاواز بێـت و رۆشـنكردنی وێڵگـەكانی لـەخۆدا هەڵگرتبێت، ئەو وێڵگانەش بە ناوهێنانیان ترس و نیگەرانی بخاتـەوە، ئـەوە دەشـێ بڵـێن (شەیتان) ئەو لە واقیع دەرچووەیە كە بە یەكەم بەرهەمهێنەری خەیاڵ دەژمێردرێت، هەر لەرێگەی شەیتانیشەوە خەیاڵ بـە گوناهـەوە دەلكێـت و شـاعیریش وەك خەیاڵپـەروەرێك دەخرێتە دەرەوەی كۆمارەكەی ئەفلاتوونەوە.

لێرەدا پرۆسەی داهێنان تەعبیر لە كـردەی شـەیتانی دەكـات، یـان دەشـێ تـەعبیر لـە بۆشایی ئەو وێڵگانە بكات كە خەیاڵ رۆناكیان دەكاتـەوە، بـەو مانایـەش نووسـین ترسـی مرۆڤە لە بۆشایی مەعریفی، بۆ رەواندنەوەی ئەو ترسە مرۆڤ بە پڕكردنـەوەی بۆشـاییەكان هەڵدەسێت، بە مانایەكی دیكە بۆشایی گەردوونی وای لە مرۆڤ كردووە بە هەر رێگەیەك بێت بە پڕكردنەوەی بۆشاییەكان رابێتەوە، هەتا ئەگـەر رێگەكـە وەهمـیش بێـت، لێـرەدا دەشێ بپرسین ئایا نووسین ئەو وەهمەیە كە بۆشـاییەكانی پـێ پـڕ دەكەینـەوە؟ وەك چۆن

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ شاهۆ سەعید، ئەدۆنیس: سوریالیزم و سۆفیگەری، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (45) ساڵی (2007).

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

دەشێ بپرسین ئایا ناونانی مرۆڤ تەعبیر لە پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە ناکات، کە پێی دەڵێن مرۆڤ؟

لە راستیدا نووسین یان ناونان هەر تەنها پڕکردنەوەی بۆشاییەك نییە کە پێی دەڵێن مرۆڤ، بەڵکو راستەوخۆ کەوتنە نێو بۆشاییەکی دیکەیە، بۆشایی ناوەوەمان، بەو مانایەش ئێمە مامەلە لەگەڵ بۆشاییەکاندا ناکەین، بەڵکو لە ناوەوەی خۆمان دەژین، ئێمە مامەلە لەگەڵ بۆشاییەکاندا ناکەین، بەڵکو لاپەڕەی ماناکان هەڵدەدەینەوە، کەواتە ناونان و کۆی ئەفسانەکان بە نوسینیشەوە بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە بۆشاییەکانی ناوەوەی خۆی نەترسێت و بۆ ئەمەش بەردەوام ژیان بە مانای جیاواز پڕ دەکاتەوە.

## دەرکەوتنی جوانی*****************************

## دیالۆگی پرسیار و وەڵام

## "ئەو بوونەی کە دەکرێ تێبگەین: زمانە"

***************************** ناونیشانی کتێبێکی رەخنەگری ئەڵمانی (هانز جۆرج گادامێر)ە ، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك لێکچەر و وتار لەبارەی ئەدەب و هونەر و زانستی جوانی و خستنەرووی چەمکی هێرمینۆتیکا (زانستی راڤەکردن) ، دکتۆر (سەعید تۆفیق) لەگەڵ راڤەو سەرنجی تایبەتی خۆی کردوویە بە عەرەبی و لەساڵی 1997 لە دەستەی باڵا بۆ رۆشنبیریی بە چاپ گەیشتووە.

**(گادامێر)**

**بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بابەتی هونەرو جوانی قسەی لێکراوە جا چ وەك بابەتگەلی ئەنتۆلۆژی لەمیانی دنیابینی فەلسەفیانەوە، یان وەك ئەو بەها مرۆییانە بێت، کە هەوڵی پرسی حەقیقەت و هونەر و کارفرماکانیان دەدات. لەتوێی ئەو کورتە باسەدا قسە لەبارەی ئیستێتیکا و رۆڵی لە بەرهەمهێنان و پرسیار و دنیابینیدا دەکەین!**

**جوانیناسی (Asthetics) لە ئەنسکلۆپیدیای بەریتانیدا بە واتای لێکۆڵینەوەی تیۆری هونەرو جۆرەکانی هەڵسوکەوت و ئەزموونی پەیوەندار بە هونەرەوە پێناسە کراوە. بەڵام هونەر بەپێی سەردەمە جیاوازەکان پێناسی جۆراوجۆری هەیە.. لای (ئەفلاتوون) رێگەیەکە بۆ تەعبیرکردنی دنیای میسالییەت بەهۆی هەستەکانەوە، هەر لەوێشەوە خود هەوڵدەدات ئەو شتە کۆنانەی کە لەگەڵیاندا ژیاوە بیر بخاتەوە، ژیان و مەعریفەش لای ئەفلاتوون جگە لە بەبیرهێنانەوەی ئەو دنیایە شتێکی دیکە نییە. (ئەرستۆ) دەڵێت: هونەر لاساییکردنەوەی سروشت و هەوڵێکە بۆ بالاّ بوون بەسەر سروشتدا. (کانت) جوانی وەکو پردێك لەنێوان دوو جیهانی دەرهەست و بەرهەست و بە هاوگونجانی خود و هونەرو بالاّبوونی هونەر لەپێناو هونەر دەژمێرێت، بەبۆچوونی (کانت) هونەر ناشێ هەڵگری هیچ نیازێك بێت جگە لە جوانی...**

---

جوانیناسی ئەو وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Asthetics) مانای تێگەیشتن و هەستپێکردن دەگەیەنێت، ۆ یەکەمجار لەساڵی 1750 وەکو وتەزایەکی فەلسەفی لەسەر دەستی (باوم گاتن) بەکارهێنراوە، لە کتێبێکی بەو ناونیشانە باوم گارتن هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان هەڵسەنگاندنی جوانی لەلایەکەوە و تیۆری هونەر لەلایەکی دیکەوە دەسنیشان بکات... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە : فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر 2004 چ1، ل161. هەروەها قوتابیەکی باوم گارتن بەناوی (میر) زانستی جوانی بە ویژدانەوە بەند دەکات نەك عەقڵ، دواتریش تیۆری هونەر لەپێناو هونەر کە لە سەدەی (19) هاتە کایەوە، درێژکراوەی جوانیناسی بوو، کانت ئەو تیۆرەی

ئیتر لەسەرەتای سەدەی نۆزدە بەو لاوە جوانیناسی بەشێوەیەکی بەربلاّو هاتە نێو جیهانی ئەدەبەوە، نووسەری ئەمریکی (ئادگار ئالان پۆ) داکۆکی لە هونەر لەپێناو هونەر دەکرد و ئەو فیکرەیەی رەتدەکردەوە کە دەڵێت هونەر تەعبیرکردنە لە خود، هەروەها (بۆدلێر) و (فلۆبێر) پەنجەیان خستە سەر رزگار کردنی هونەر...

هەڵبەتە (کانت) جوانی وەك دیاردەیەکی پەیوەندار بە هەستەوە دەبینێ کە خاوەنی بایەخێکی رۆحی و دەروونییە. بەلاّم چێژی جوانی بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت... چێژ وەرگرتن لەکاری هونەری پێویستی بە دنیابینییەکی بەرفرەوان و هەستێکی بەرز هەیە. هەروەها ساتەوەختی جوانی هەست و دەرککردنی بەهای هونەرییە، بەو مانایە ساتەوەختی جوانی دەکەوێتە نێوان سروشت و جوانی هونەرییەوە، نەك وەك بەراوردکردن چونکە ئەزموونی جوانی لە جەوهەردا ئەو ساتەوەختە دەگمەنەیە کە بە قولاّیی کاری هونەرییدا رۆدەچین، لێرە ساتەوەخت پەیوەندی بە زەمەنەوە ناکات، بەڵکو بە مانای کەشفیکردنەوە بەندە. کەشفیکردنیش لە دیالۆگی هوشیارانەی نێوان دەق و خوێنەر، من و ئەو دێتە ئاراوە.

**(1)**

وەك دەزانین ئەمڕۆ ئیشکالییەتی خوێندنەوەو تەئویل بە نوێترین و پڕبایەخترین ئیشکال دەژمێردرێت، لەکۆی ئەو ئیشکالانەی کە هەردوو بواری فەلسەفەو ئەدەب لێکجیا دەکەنەوە. بەو مانایەش کردەی خوێندنەوە کردەیەکە

---

گەیاندە پلەیەکی بەرزتر.. بەجۆرەش لە کۆتوبەند فیکرەو نیاز و یاسا و ئەخلاق رزگاری بوو.. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: الجمالية و الواقعية، في نقدنا الادبي الحديث، عصام محمد الشنطي، بيروت ط1.

لەو ئیشکالیەتانەش: ئیشکالییەتی خودو بابەت، ئیشکالیەتی راستبێژی لە تەئویلدا، ئیشکالیەتی تاك مانایی بەرانبەر فرە مانایی، ئیشکالییەتی خوێندنەوەو تەئویل. بۆ زێتر روونکردنەوە بڕوانە: گۆڤاری (العلامە) ژ:14.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

پرۆسیسەکردنی تەئویلی لێدەکەوێتەوە.. (گادامێر) کردەی خوێندنەوە بە کردەی تێگەیشتن دادەنێت، بەڵام تێگەیشتنێك کە بەپێی ئاگایی خود دەگۆڕێت. کەواتە کردەی خوێندنەوە ئەو ساتەوەختەیە کە (ئەزموونی خود) ڕووبەڕووی کاری هونەری دەبێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە تەئویلکردن لە دوالیزمییەتی خود/بابەت وەك لایەنێك تەماشای خۆی ناکات، هەروەها سەرقاڵی بەدواداگەڕانی مانای شاراوەو ئەسڵی نییە، بەڵکو وەك چۆن ئاوێتەبوونی خودو بابەت دەگەیەنێت، لە لایەکی دیکەش دەکەوێتە نێوان کردەی تێگەیشتن و ئەو شتەی لە هەر خوێندنەوەیەکدا دێتە بەرهەم، بە مانایەکی دیکە لە هەر خوێندنەوەیەکدا دەق خۆی دووبارە نوێ دەکاتەوە. بەو مانایەش خوێندنەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جوڵەی تەئویلکردنەوە دەکات، تەئویلکردنیش لەسەر بەرهەمهێنانی فرە مانایی دەوەستێ. ئەگەر بۆ چەمکی تەئویل بگەڕێینەوە لای (گادامێر) دەبینین لە سێ بازنە، بازنەی جوانی و مێژوویی و زمانەوانیدا دەخولێتەوە.

بازنەی جوانی هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی جوانی لەمیانی هیرمینۆ-مێژووییدا، وەك چۆن لەبواری ئەزموونی هونەر مەسەلەی حەقیقەت لایەنێکی دیکەی ئەو بازنە پێکدەهێنێ. ئەگەر بازنەی جوانی لە تێگەیشتنی خود و تەئویل هەڵگرینەوە، بەو مانایەی کە ئامرازێکی ناوەندکارەو حەقیقەت لە هونەردا کەشف دەکات، ئەوە بازنەی مێژووگەریی بەگشتی بە ترۆپکی لێوردبوونەوەی گادامێر دەژمێردرێت، هەر لەدووتوێی بازنەی

---

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ گادامێر فەیلەسوفی ئەڵمانی لە 11 فێبرابەری ساڵی 1900 دوای کۆچکردنی (دێکارت) بە 350 ساڵ لەدایکبووە، لەدایکبوونی ئەو ڕێکەوتی هەمان ساڵی کۆچی دوایی فەیلەسوفی بەناوبانگ نیچە دەکات.. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بووە، دواتر هەر لە ساڵی 1953 وەك سەرنووسەری گۆڤاری فەلسەفە کاری کردووە، لەساڵی 2002 کۆچی دوایی کردووە.

مێژووگەریشدا گادامێر چەمکی تەئویل لەمیانی بونیادی سییانەیی تەئویل و تێگەیشتن و دیالۆگدا وەك ساتەوەختی هیرمینۆتیکی دەوروژێنێت.

لێرەدا مێژوو وەك مەسافەی زەمەنی لە کۆمەڵێك توانای پۆزەتیفی بەرهەمهێنانی تێگەیشتن و تەئویلدا سەیر دەکرێت، وەك دوو بابەت بۆ دەلالەتکردن لە شتەکان، چونکە دەکەوێتە نێو ناوکۆیی جۆراوجۆری مێژوییەوە، هەر ناوکۆییەکیش دنیابینی تایبەت بەخۆی هەیە، کۆی ئەو ناوکۆییە جیاوازانەش وەك ئەرکێك لە ئەرکە بنەڕەتیەکانی هیرمینۆتیکا خۆی دەخاتە روو، بەو مانایەش مەرجی مێژوویی لە بەرهەمهێنانی تێگەیشتن و تەئویلکردندا بەرجەستە دەبێت. وەك دەزانین گادامێر ئەو مەرجە بە ئاگایی مێژوویی ناوزەد دەکات، ئاگایی مێژوویی ئاگایی چالاکییە مێژووییەکانە، یان بە مانایەکی دیکە تەعبیر لەو ئاگاییە دەکات کە رۆڵی لە بەردەوامی مێژوودا هەیە.

بەمجۆرە مێژوو و مێژووگەریی تەئویل بە نسبەت گادامێر کۆی ئەو کاریگەرییانە دەگەیەنێت کە لەمیانی خودی کردەی تێگەیشتندا رۆڵیان لە بەرجەستەکردنی حەقیقەتی مێژووییدا هەیە، هەموو ئەوانەش بە تێکەڵبوونی ئاسۆکانی تێگەیشتن دێتە ژماردن. گادامێر چەمکی (ئاسۆ) دیاری دەکات و دەڵێت: ئاسۆ ئەو بازنە بینراوەیە کە لە خاڵێکی دیاریکراودا هەموو ئەوەی کە بینراوە لەخۆ دەگرێت، کەواتە چەمکی ئاسۆ و تێکەڵبوونی ئاسۆکان و دیالۆگی لۆژیکی پرسیار و وەڵام چۆنێتی پرۆسەی خودی تێگەیشتن وەسف دەکات. بەو مانایەش ناشێ لەمیانی ئاسۆی هەنووکە و بەبێ ئاسۆی رابردوو خودی تێگەیشتن بەرهەم بهێنین، وەك چۆن ناشێ ئاسۆکان لەیەکتر جیابکەینەوە، کەواتە مێژوو زنجیرەیەکی بەیەکەوە لکاوی ئاسۆکانە، هەر لەرێگەی تێگەیشتنی رابردووشەوە دەکرێ تێگەیشتنێکی جیاواز و نوێ بۆ هەنووکە بخەینەوە، ئەوەش راستەوخۆ بە پرسیارە نوێیەکانی سەردەمەوە بەندە. بەمجۆرە دەکەوینە بەرانبەر لۆژیکی پرسیار و وەڵامەوە، بەڵام ئەگەر پرسیار بنەمایەکی جەوهەری ئاگایی هیرمینۆتیکا بێت، ئەوە

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

دیالۆگ بە بنەمای چەمکی تەئویل دادەنرێت، کەواتە تێگەیشتنی دەق لە تێگەیشتنی پرسیارەکانەوەیەو تەئویلیش بە تێگەیشتنی بنج و بنەوانی پرسیارەوە دەلکێ.

(2)

هایدگەری لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقدا دوو خەسڵەتی بنەڕەتی هەیە کە هیرمینۆتیکاکەی پێجیا دەکرێتەوە، ئەو دوو خەسڵەتەش دەنگدانەوەیان لە هیرمینۆتیکای گادامێردا دەبینرێت: خەسڵەتی یەکەم ئەوەیە کە دەق کەشفی بوون دەکات و حەقیقەتێك یان مانایەك لەخۆ دەگرێت، کە تەجاوزی چوارچێوەی بونیادی شێوەیی دەکات. دووەم راڤەکردنی دەق-دواتر تێگەیشتنی- پێویستی بە تەجاوزکردنی خودو بابەت هەیە.******************************* گادامێریش وەك چۆن هایدگەر بڕوای هەیە کە تێگەیشتن و راڤەکردن پشت بە ماهیەتی خودی زمان دەبەستێت، ئەویش لەسەر هەمان بڕوا دەژیت، لێرەدا ماهیەتی زمان لەگەڵ سیمانتیکا جیاواز دەکەوێتەوە، چونکە جەخت لە لایەنی ناوەوەی زمان دەکاتەوە.

کەواتە ماهیەتی زمان پەیوەندی بە چەمکی تێگەیشتن و تەئویلکردنەوە دەکات، لەسەر ئەو بنەمایەش تەئویل وەك چەشنێك لە جێبەجێکردنی تێگەیشتن خۆی دەنوێنێ، هەڵبەتە ئەوەش بەو مانایە نایەت کە هیچ گرفتێك لەو مەسەلەدا نەبێت، چونکە جیاوازی نێوان زمانی دەق و زمانی راڤەکار یان ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە نێوان من و ئەو، هەر تەنها گرفتێکی لاوەکی نییە بەڵکو گرفتێکە راستەوخۆ پەیوەندی بە تەعبیرکردنی زمانەوە دەکات و دەکەوێتە میانی گرفتی ئەسڵی تێگەیشتنەوە. لای گادامێر تێگەیشتن هەمووی لە تەئویلکردنەوە دێتە بەرهەم، تەئویلکردنیش بەهۆی زمانەوە دێتە ئاراوە

---

******************************* سعيد توفيق هرمنوتيقا النص الادبي بين هيدجر و جادامير، مجلة (النزوى) العدد 2 يناير 1995، تصدر مؤسسة عمان للصحافة و الانباء و النشر و الاعلان.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

هەروەها ئەو زمانەی کە خۆی لە جەستەی وشەدا دەبینێتەوە لە هەمان کاتتدا دەشێ زمانی راڤەکاریش بێت.

**(3)**

راڤەکردنی دیالۆگئامێز، تەجاوزکردنی دوالیزمییەتی خود/بابەت وەك ئامانجی خۆی بەرز دەکاتەوە. چونکە ئەو دوالیزمییەتە لەسەر حیسابی لایەنێك جەخت لە لایەنەکەی دیکە دەکات، بەلاّم راڤەکردنی دیالۆگئامێز وەك گادامێر جیای دەکاتەوە دەکەوێتە دووتوێی بەهەمهێنانێکی پەتییەوە. لێرەوە راڤەکردن دەلالەت لە بەرهەمهێنان دەکات، نەك دووبارەکردنەوە. کەواتە راڤەکردن پێویستە لەبەرانبەر دەقدا خاکەرایی بنوێنێ و ئامانجی داهێنانی دەقێکی دیکەی نوێ بێت، نەك دووبارەکردنەوە.

دیالۆگ لەگەڵ دەقدا راستەوخۆ لەسەر پەیوەندییەکی ئالوگۆڕخوازانەی نێوان خود و بابەت، یان من و ئەو درووست دەبێت، واتە من رۆڵی دەق دەگێڕێت و ئەو رۆڵی راڤەکار دەبینێ. هەروەها کاتێك دەڵێین راڤەکردنی دیالۆگئامێز داهێنانە واتە کەسی بەرانبەر توانای ئەوەی هەیە قسەی خۆی بکات و بەشداری چالاکانەی خۆی لە گفتوگۆکردندا بنوێنێ. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش کردەی تێگەیشتن و راڤەکردن کردەیەکە لە دیالۆگەوە دێتە بەرهەم، چەمکی دیالۆگی حەقیقیش لەسەر پەیوەندی ئالوگۆڕئامێزی نێوان من و ئەو وەستاوە. لێرە لە پرۆسەی دیالۆگدا زمان ئامرازێك نییە بۆ گەیاندنی زانیارییەکان، چونکە هەموو دیالۆگێکی حەقیقی لەڕێگەی قسەکردنەوە دێتە ئاراوە، هەموو دیالۆگێکیش دیالۆگە لەبارەی شتێکەوە، بەو مانایەش دەق تەنها ئەوە نییە کە هەڵگری پەیامێك بێت، بەڵکو راستەوخۆ دەکەوێتە نێو پەیوەندییەکی ئیبداعییەوە.

**(4)**

وەك گوتمان گادامێر لەڕێگەی پشت بەستن بە (ئاوێتە بوونی ئاسۆکان)ەوە راڤەی تێگەیشتنی رابردوو و ئەویدیکە بە ئەنجام دەگەیەنێت، بەدیوەکەی دیکەش تێگەیشتن

وەك حەقیقەتێكی بابەتی جێبەجێ نابێت تەنها لەڕێگەی هاوگونجانی مانا و ڕێكخستنی جیاوازیی دیدەوە نەبێت. لەسەر ئەو بنەمایە پرۆسەی خوێندنەوە پردێكە دەكەوێتە نێوان بۆشایی رابردوو و ئێستا..

كەواتە ئێمە ئەگەر پرۆسەی خوێندنەوە پرۆسیسە بكەین ناتوانین لە فیكرە ئامادەكان و جیاكارە چەسپاوەكانی نێو رۆشنبیریمان رزگاریمان بێت، بەو مانایەش گادامێر دەوێت بڵێ تەنها لەڕێگەی ئاوێتە بوونی ئاسۆی پێشبینیەكانمان و ئاسۆكانی نووسینی رابردووەوە دەتوانین راڤەكردن و خوێندنەوەیەكی داهێنەرانە بە دەست بهێنین.

وەك دەزانین (هانز رۆبەرت یاوس) هەوڵیداوە لە تێگەیشتنی پەیوەندی كاری ئەدەبی و وەرگر سروشتی گۆڕانكارییەكانی مانای ئەدەبی راڤە بكاتەوە، بەڵام دەكەوێتە ژێركاریگەریی (گادامێر) و سوورە لەسەر ئەوەی مانا لەڕێگەی پەیوەندی دەوروبەرئامێز یان لە ناكاو نەبێت مەیسەر نابێت. بەدیوەكەی دیكەش دەشێ جیاوازی نێوان (گادامێر) و (یاوس) خۆی لە پرۆژەكەی یاوسدا حەشار دابێت، چونكە ئەو گرنگی بە جەخت كردن لەسەر دانەر، یان دەق، یان كاریگەرییە ئەدەبیەكان ناكات، بەڵكو جەخت لە پرۆسەی وەرگر دەكاتەوە كە هەر لە نووسینەوە دەست پێدەكات و لە پرۆسەی تێگەیشتن (كە لەڕێگە خوێنەر یان كۆمەڵێك خوێنەر لە هەنووكەدا ئەنجام دەدرێت) كۆتایی دێت.

بەو مانایەش دەق لەو حاڵەتەدا وجودێكی بابەتیانەی نییە، كە بە ژمارەیەك تێگەیشتنی نادیارەوە دەور درابێت، بەڵكو ناسنامەی ئەو دەقە بەبێ ئاسۆی پرۆسەی پێشوازیكردن و لەڕێگەی پرۆسەی تێگەیشتنی كۆئامێزی نەوە یەك لە دوا یەكانەوە نەبێت، پراكتیزە نابێت.

---

مجلة (النزوى) العدد 19يناير.

**"ئاشنا بوون"**

**لەنێوان منی شاعیر و منی شیعردا**

**دەق: چۆمان هەردی**

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

"ئاشنا بوون"

له ڕووناکی چراکەدا
سێبەرەکانی شێوەی ئەو
چ نوورێکیان لێدەبارێت

دنیا چییە!
جگە لە ئاشنابوونی دوو بێگانەو
بێگانەبوونی دوو ئاشنا!!

ئەی بێگانە!
سێبەرەکانی سەر شێوەت،
وشەکانت، جگەرەکەت
ئاشناییان لێدەتکێ.

ئەی ئاشنا
نامۆبوونمان لە یەکتریی،
بێگانەبوونی ئەبەدی،
هەر زۆر زۆر زوو دەستپێدەکا.

دنیا چییە
جگە لە مەیلی پەیبردن
بە خەمەکانی

پشت زەردەخەنەی بێگانەیەك؟

دنیا چییە
جگە لە نەهاتنەدی
یان بە سەقەتی هاتنەدی
خەونەکانم؟.

## "بەشی یەکەم"

"ئاشنابوون" ناونیشانی قەسیدەیەکی "چۆمان هەردی" شاعیرەو لە شەش کۆپلە پێکهاتووە، ئەگەرچی شاعیر نەهاتووە بە نیشانەیەك، یان ژمارە دانان کۆپلەکان جیا بکاتەوە، بەڵام خوێنەر بە ئاشکرا کۆپلەبوونی قەسیدەکە دەبینێ و زۆر جاریش هەست دەکات کە کۆپلەیەك ئەودیکە تەواو دەکات، یان گرژی و توندی کۆپلەیەك دەبێتە شوێنی خاوبوونەوەی کۆپلەیەکی دیکە، هەروەها خوێنەر لە ناوەوەی خۆی هەستدەکات هێلێکی نادیار هەیەو کۆپلەکان بە یەکەوە دەلکێنێت، دەشێ ئەو هێلە نادیارە بۆ خوێنەری کوردی پەیوەندی بە نۆرمی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە بەشێوەیەکی دیار بە دەستەواژەی "دنیا چییە" تەواوی قەسیدەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە.
بە یەکگەیشتن و پچڕانی ئەو هێلە دیار و نادیارەش لای خوێنەر بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆی بە نۆرمی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەتی شاعیرەوە بەند دەکات، بەڵام ئەگەر دەستەواژەی "دنیا چییە" وەك هێلێکی دیار، سەرسوڕمان و پرسیارکردن لەخۆ بگرێت و شیعرییەتیش لەو ڕێگەیەوە هەڵگرینەوە، ئەوە هێلە نادیارەکە لەگەڵ لێدانی کۆتایی قەسیدەکە نادیاری خۆی لە دەست دەدات، لە دەستدانی نادیاری ئەو هێلەش دەرئەنجامێکەو لەوێوە خوێنەر بونیادی شاراوەی گێڕانەوەئامێزی قەسیدەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت، یان بە مانایەکی دیکە هاوگونجانی دوو ڕووداوی جیاواز لە گوتاری "هاتنەدی" و

"بە سەقەتی هاتنەدی" کپ دەکات، قەسیدەکەش بەشێك لە شیعرییەتی خۆی بە هۆی لێدانی کۆتاییەوە لە دەستت دەدات.

لەو خوێندنەوەیەدا هەوڵدەدەم لەسەر ئەو بنەڕەتە "بونیادی شاراوە" لەسەر ئاستی سایکۆلۆژی و "بونیادی دیار" لەسەر ئاستی شیعرییەت راڤە بکەمەوە، لەوێشەوە سادەیی گوتن بەو مانایەی کە "چێگوتن" رابەرایەتی دەکات و "جوانگوتن" بەو مانایەی کە "دابەزینی ستوونی" ماناکانی دادەڕێژێتەوە دەخەینە نێوان دوو کەوانەوەو بە سروشتی شاعیر و ژیارەوە پەیوەستی دەکەین.

واتە دەمەوێت بڵێم "ئاشنابوون" دەیەوێت دووبارە بە شێوەیەکی دیکەی جیاواز ژیان لەرێگەی خەیاڵی گێڕانەوەدا فۆرمەلە بکاتەوە، ئەو فۆرمەلەکردنەش بۆ منی خوێنەری کوردی دەکەوێتە نێوان "بێگانە" سێنتەر و "ئاشنا" پەراوێز، نێوان دوو کەلەپووری جیاواز و دوو دنیابینی جیاواز و دوو نۆرمی جیاوازەوە.

واتە ئەگەر سادەیی گوتن لەو قەسیدەیەدا بۆ سادەیی مرۆڤی کوردی و کەلەپووری کوردی بگەڕێتەوە، ئەوە جوانگوتن تەعبیر لە بەرزبینی شیعریانەی شتەکان دەکات. ئاستی بینینیش لەو قەسیدەیەدا پەیوەندی بە ئاستی ئاگایی و رۆشنبیریی و دنیای ئەمڕۆوە هەیە، ئەو دنیایەی کە لە مادەی زبر و قورسەوە بۆ شەفاف و نەرم، لە تاکرەهەندییەوە بۆ فرە رەهەندییەوە رێنماییمان دەکات، ئەو دنیایەی کە لە واقیع ناچێت و واقیعیشە، ئەو دنیایەی کە لە گۆڕینی بەرهەمە میکانیکیەکانەوە بۆ ئەلکترۆنی و لە بەرێوەبردنی شتەکانەوە بۆ بەرێوەبردنی زانیارییەکان خۆی دەبینێتەوە.

بێگومان دەشێ پرۆسەی نووسینی شیعر تەعبیر لە جۆرێك ناهاوسەنگی، یان لە پشت پرۆسەی نووسینی شیعرەوە جۆرێك لە ناهاوسەنگی شاعیر بەدی بکرێت، ناهاوسەنگی نێوان ململانێکانی ژیان و خەیاڵی گێڕانەوە، یان قەوارەی ئەو وەهم و گومان و پرسیارو حەساسییەتە زیاد لە پێویستییانە بێت کە بەرەو جۆرێك لە سایکۆلۆژیای کەسێتیمان

دەبات، بەو مانایەش شاعیر لە گێڕانەوەدا خەیاڵی زیاد لە پێویست و وەهمی زیاد لە پێویست لەگەڵ خۆی دەباتەوە نێو فەزاكانی نووسین، بەڵام دەشێ هەستكردنی خوێنەر بەو ناهاوسەنگییە پەیوەندی بە كەسێتی شاعیرو واقیعەوە نەبێت، بەڵكو راستەوخۆ پەیوەندی بە ساتەوەختی خوێندنەوەو خودی خوێنەرەوە هەبێت. رەنگدانەوەی دنیابینی خوێنەر بێت لە دەقی خوێنراوەدا.

"1"

ئەگەرچی بەشێك لە سادەیی گوتن لای (چۆمان هەردی) لە زمانی واقیعییانەی قەسیدەكەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەڵام لە پشت ئەو زمانەوە هەستێكی بەرز بەرەو واقیعێكی دیكەمان دەكاتەوە، بەرەو دنیایەكی دیكە، ئەو هەستە بە گشتی دەكەوێتە سەرووی هەستی مرۆڤی ئاساییەوە ئەوەش لە لایەك بە جوانگوتنەوە بەندە، لە لایەكی دیكە هوشیاری شاعیرو دنیابینی رۆڵی تێدا دەبینێت.

كەواتە ئەو هەستە ناسكەی شاعیر حاڵەتێكی نائاسایی دەكێشێت، ئەو حاڵەتە نائاساییەش بە دیوەكەی دیكە دەقێكی بەرهەمهێنراوی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەو مانایەش چەمكی سەركەوتن و سەرنەكەوتن لەو حاڵەتە نائاساییەدا (یان لە دەقی ئاشنابوون دا) جارێك دەردەكەوێت و جارێك بندەكەوێت!!

وەك دیارە حاڵەتی نووسینی شیعر نائاساییە، بەڵام دەبێت بزانین ئەو نائاسایی بوونە لە قەسیدەی "ئاشنابوون"دا لە لایەك بە وزە چەپێنراوەكانی زمانەوە دەلكێت، واتە بەو هێز و غەریزە كەبتكراوەی زمانەوە دەلكێت كە بەردەوام داب و نەریت و یاسا و رێساكانی زمان و كۆمەڵگە "وسبەی" لێدەكات، لە لایەكی دیكە بە هەستە چەپێنراوەكانی خودی شاعیرەوە بەند دەبێت:

دنیا چییە

جگە لە مەیلی پەیبردن

بە خەمەکانی

پشت زەردەخەنەی بێگانەیەك؟

لە نووسینی دەقی ئیبداعیدا وزە چەپێنراوەکانی زمان ئەو حاڵەتە عەفەوییە یان ئەو ئازادییە رەنگ دەکات کە دەقی تێدا لە مانایەکەوە بەرەو زۆرترین مانا و لە بیرکردنەوەیەکەوە بەرەو زۆرترین بیرکردنەوەو لە رەهەندێکەوە بەرەو زۆرترین رەهەند دەجولێنێت، بەو مانایەش فەزای ئازاد لە دەقی ئیبداعیدا تەعبیر لە خۆنمایشکردنی وزە چەپێنراوەکانی خودو زمان و فرە خوێندنەوە دەکات. بەڵام هەستە چەپێنراوەکانی نووسەر بەردەوام لەڕێگەی رایەڵێکەوە خۆی لە واقیع نزیك دەکاتەوە، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان وەك حاڵەتێکی نێرگزی خۆی دەنوێنێت.

ئەگەر سادەیی گوتنی زمانی قەسیدەی "ئاشنابوون" و سەرنەکەوتنی بە هەستە چەپێنراوەکانی شاعیرەوە پەیوەست بکەین و لەوێشەوە وەك جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ کەلەپورر و سروشتی مرۆڤی کوردی تەماشای بکەین، ئەوە سەرکەوتنی قەسیدەکە خۆی لەو نائاسایی بوونەدا دەدۆزێتەوە کە لەڕێگەی چەپێنراوەکانی زمان ماناو دەلالەتی جیاواز و ناکۆك بە کەلەپوورو نۆرمی کوردی دەبەخشێت!

بە مانایەکی دیکە ئەگەر لە لای منی خوێنەری کوردی سەکەوتنی شاعیر پەیوەندی بە ئاشنابوون و ناسینی بێگانەوە هەبێت، ناسینی بێگانەش لە کەلەپووری کوردیدا ئەو وزە کەبتکراوە و بێبایەخە بێت کە بەردەوام وسبەی لێدەکرێت، یان بە گومانەوە سەیر دەکرێت، ئەوە سەرنەکەوتنی بە بێگانەبوونی دوو ئاشناوە بەندە، بێگانە بوونی دوو ئاشنا لە باشترین حاڵەتدا "بێ وەفایی" دەنوێنێت، یان تەعبیر لە بێ وەفایی دەکات، بێ وەفایی نەك هەر بۆ کەسی بەرانبەر "ئاشنا" بەڵکو بۆ بێ وەفایی بەرانبەر بە زمان و داب و نەریت، بێ وەفایی بەرانبەر خاك و نیشتیمان و کۆمەڵ، بەرانبەر هەستی نەتەوایەتی و کۆمەڵبوون......بەو مانایە شاعیر وەك دیار، وەك واقیع دەیەوێت لە پێناو

ناسینی "بێگانە" لە پێناو ناسینی "ژیاری ئەویدیکە" نامۆبوونی خۆی بەرانبەر سروشتی راوەستاوی مرۆڤی کوردی رابگەیەنێت. بەڵام کۆپلەی کۆتایی بەیانکردنی کۆتایی، جۆرێك لە ناکۆکی لێدەکەوێتەوە، لێدانی کۆتایی بەرەو جۆرێك لە گەڕانەوەمان دەبات، بەرەو راگەیاندنی شکستمان دەکاتەوە، شکستێك کە بەردەوام ناخی مرۆڤی وەستاو، مرۆڤی خۆرهەڵاتی پێوەی دەتلێتەوە، هەروەك چۆن بەکار هێنانی دەستەواژەی "دنیا چییە" و سێ جار دووبارەکردنەوەی وەك چۆن جۆرێکە لە سوێند خواردن و ئەو گەڕانەوەیە تۆختر دەکاتەوە...بەجۆرە شاعیر بە ئاشکراکردنی هێڵە نادیارەکەی شیعر لە دوا کۆپلە و ئەو سوێند خواردنە نۆڕمئامێزە، دووبارە بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ واقیعی کوردی دەگەڕێتەوە، لە شیعرییەتەوە بەرەو گێڕانەوەی حیکایەتێکمان دەکاتەوە.

"2"

ئەوەی هەتا ئێستا قسەمان لێکردبێت ئەوەیە کە چەپێنراوەکانی زمان و چەپێنراوەکانی شاعیرمان لە دوو ئاستی جیاواز و ناکۆکدا هەڵدا، پاشان چەپێنراوەکانی زمانمان بە عەفەوییەت و چەپێنراوەکانی شاعیرمان بە نیازو نەخشەوە پەیوەست کرد، هەروەها حاڵەتی یەکەممان وەك نکۆڵیکردنی ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی بە ئازادییەوە لکاند و حاڵەتی دووەممان وەك گێڕانەوەی حیکایەتێك بە رایەڵێك بە واقیعەوە بەستەوە.

لێرەدا لە بیرمان نەچێت لە پاڵ مەدلولی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە لایەك قسەمان لە مەدلولی رۆشنبیریی کرد، لەلایەکی دیکە پەردەمان لەسەر ئەو بەها و نۆڕمانە هەڵدایەوە کە کەلەپوورێکی دیاریکراو رابەرایەتیان دەکات. بەڵام پرسیاری ئەو خوێندنەوەیە هەر تەنها خۆی لەو چوارچێوەیەدا قەتیس ناکات، واتە قسە هەر تەنهات لە هاوجووتبوونی دەق و واقیع، دەق و حەقیقەت نییە، بەڵکو قسە لە سیستمی زمانەوانی و شیعرییەت خۆی درێژ دەکاتەوە، بۆیە دووبارە جەخت لە لێدانی کۆتایی دەکەینەوە و دەڵێین ئەگەر لێدانی کۆتایی وەك بونیادی گێڕانەوە جەخت کردن

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بێت لە کردنەوەی "گرێچن"ی دەق، ئەوە وەك مەدلولی زمانەوانی جۆرێك لە بێهوودەیی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەشێك لەو بێهوودەییەش لە پرسیاری "دنیا چییە"دا خۆی دەبینێتەوە، دەمەوێت بڵێم دەشێ ئەو پرسیارکردن و بێهوودەییە لە گومانێکەوە سەر هەڵبدات کە لە بەرانبەر "گەڕانەوە بۆ ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی" درێژکردنەوەی خەیاڵی گێڕانەوەو لەوێشەوە شیعرییەتی پێیە.

وەك دەزانین دەق "دەقی ئیبداعی" سەرەتا لە وشە دروست دەبێت، نەك فیکر، هەروەك ئاستی دیاری ئەدەبیش خۆی لە پەیوەندی بە دانەری دەقەوە هەڵناگرێتەوە، بەڵکو لە پەیوەندی دەق و خوێنەرەوە هەڵدەقوڵێت، مەبەستم ئەوە نییە کە لە پشت وشەوە، یان لە پشت دانەرەوە بیابانێك لە فیکر و بۆچوون و دنیابینی بسەپێنم، بەڵکو مەبەستمە بڵێم کە پرۆسەی نووسینی شیعر حاڵەتێکی لەپڕو دەگمەن و نائاساییە، نائاسایی بەو مانایەی کە نەخشە بۆکێشراو نییە، نائاسایی بەو مانایەی کە فیکرێکی داڕێژراو نانووسێتەوە، بەڵکو دەق خۆی خۆی لە حاڵەتە دەگمەنەکاندا دەنووسێتەوە، وەك چۆن خوێنەریش لە ناوکۆییەکی بەرتەسکی دانەردا ژیان قەتیس ناکات، بەڵکو فەزایەکی ئازادو بەرفرەوانی مەعریفەی لەپێشە، فەزایەك کە ئاستی خوێندنەوە وەك ئاستی ئیبداع دەبینێت.

"3"

گوتمان ئاستی دەلالی لە قەسیدەی "ئاشنابوون"دا خۆی لە ململانێی ژیارو سروشتی مرۆڤی وەستاودا دەنوێنێ، وەك چۆن ئاستی سایکۆلۆژی خۆی لە بەرهەمهێنانی چەپێنراوو نادیاری دەلالیدا دەدۆزێتەوە، هەروەها گوتمان نادیاری دەلالیش لەسەر ئاستی نۆرم و یاسا خۆی لە "بێگانە" وەك کەلەپوور و "بێگانە" وەك سێنتەردا دەبینێتەوەو لەوێشەوە "ئاشنابوونی دوو بێگانە" دەلالەت لە تەجاوزکردنی بەها گوتراوەکان دەکات و هەوڵێکە بەرەو جیاوازی:

دنیا چییە!

جگە لە ئاشنابوونی دوو بێگانەو

بێگانەبوونی دوو ئاشنا!!

کەواتە لەو قەسیدەیەدا ئەوەی "منی شاعیر" بە "منی شیعر" دەبەستێتەوە، خەیاڵی گێڕانەوەو دابەزینی ستوونیەیە، کە لە "ئاشنابوونی بێگانە و بێگانەبوونی ئاشنا" هەڵدەقوڵێت، بەو مانایەش ئەگەر بشێ ئەو تەعبیرە راست بکەوێتەوە ئەوە دەڵێین "منی شاعیر" سەر بە کەلەپوور و نۆرمێکە کە دژ بە کەلەپوور و نۆرمی "منی شیعر" دەکەوێتەوە.

لەنێوان کەلەپووری منی شاعیر و بەرهەمهێنانی منی شیعریدا دوو دنیابینی جیاوازی دوو بۆچوونی جیاواز خۆی والاّ دەکاتەوە، بەلاّم دوا کۆپلەی ئەو قەسیدەیە هەڵگەڕانەوەیە لە منی شیعری، هەڵگەڕانەوەیەی "چۆمان هەردی" لە منی شیعری دەشێ پەیوەندی بە گومانی واقیعییەوە هەبێت!.

دەشێ لە رستەی "دنیا چییە جگە لە ئاشنابوونی دوو بێگانە" خودی گومان بێتە ئەو ناوکۆییەی کە بەردەوام شتە جیاوازەکان و نوێیەکان لەخۆیان و دنیای خۆیاندا بەرجەستە دەکاتەوە و لەوێشەوە هەوڵی گرتنی ماناو خەڵقکردنی مانای دیکەی جیاواز دەدات. بەلاّم ئاشکراکردنی هێلە نادیارەکە بەو دەرئەنجامەی لە کۆتایی قەسیدەکەدا هەیە، گومانە شیعرییەکە دەباتە ئاستی سایکۆلۆژی و لەوێشەوە بە شکستەکانەوە پەیوەستی دەکات. شکست هێنان لە بەرانبەر نۆرمی کۆمەلاّیەتی و کەلەپووری کوردی لەسەر ئاستی دەلالی تەعبیر لە ماناکانی هەستکردن بە "نەهاتنەدی یان بە سەقەتی هاتنەدی" دەکات و تەعبیر لە دەلالەتی چیگوتن و جوانگوتن، دەلالەتی بە سێنتەربوونی بێگانەو بە پەراوێزبوونی ئاشنا....

"بەشی دووەم"

گوتمان ئەو قەسیدەیە لە شەش کۆپلە پێکهاتووە، لە دووتوێی هەر کۆپلەیەکدا هەست بە لێکنزیکبوون و دوورکەوتنەوەی کۆپلەکانی دی دەکرێت، بۆ نموونە هەر لە کۆپلەی یەکەمدا "ئەوی نادیار" دەردەکەوێت:

لە رووناکی چراکەدا
سێبەرەکانی شێوەی ئەو
چ نوورێکیان لێدەبارێت.

بەو مانایەش هەر لە دەستپێکەوە "ئەوی نادیار" ئەوێکە تەواوی فەزای گوتنی قەسیدەکە کۆنترۆڵ دەکات، یان فەزای قەسیدەکە لە ئەوی نادیارەوە ئاماژەکانی خۆی رەنگرێژ دەکات و خۆی درێژ دەکاتەوە، بەرانبەر ئەو خۆ درێژ کردنەوەی "ئەوی نادیار"یش شاعیر لەرێگەی دەستەواژەی "دنیا چییە" لە کۆپلەی دووەم درێژە بە پرسیارو گومانەکانی خۆی دەدات، دەشێ ئەوی نادیار لەسەر ئاستی دەلالەت بە داهاتووی منی دیارەوە پەیوەست بکەین، هەروەك لەسەر ئاستی "منی شیعری"یش بە گومان و بێهوودەییەکانی دواین کۆپلەوە دەلکێت.

کەواتە لە لایەك منی دیار لەرێگەی ناسینی ئەوی نادیارەوە خۆی دەناسێنێت، منی شیعریش لەرێگەی گومان و بێهوودەییەکانی دواین کۆپلە درێژە بە خەیاڵی گێڕانەوەو شیعرییەتی خۆی دەدات و فەزاکانی خۆی دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە منی دیار دەکەوێتە ژێر هەژموونی منی نادیارەوەو "منی شیعریش" لەرێگەی ئاشکراکردنی هێڵە پەنهانەکانی ناخی خۆی واتە لە دەستەواژەی "نەهاتنەدی، یان بە سەقەتی هاتنەدی خەونەکانم"دا بنبەستبوونی خۆی رادەگەیەنێت و فەزاکانی خۆی دادەخات.

بەڵام کۆپلەی دووەم لە سادەیی گوتن و شەفافیەتەوە رەنگەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە، دەشێ ئەو نەرمی و شەفافیەتە خاوبوونەوەو ساردبوونەوەی ئەو هەڵچوون و توندیی "سێبەر و نوور" بێت کە لە کۆپلەی یەکەمدا خۆی بەیان دەکات، یان هێرش بۆ خوێنەر

دەهێنێت، واتە خوێنەر لە حاڵەتی ناسروشتی کۆپلەی یەکەمەوە بەرەو حاڵەتی سروشتی کۆپلەی دووەم دەبێتە:

دنیا چییە!

جگە لە ئاشنابوونی دوو بێگانەو

بێگانەبوونی دوو ئاشنا!!

کۆپلەی دووەم لە پرسیاری "دنیا چییە"وە حاڵەتێك وێنە دەکات، فەزایەك دەنەخشێنێت کە ماناکانی شیعرییەت و دنیابینی و بۆچوونی جیاوازی لەخۆ گرتووە، هەر لەڕێگەی نیشاندانی ئەو جیاوازیانەشەوە ناوکۆییەکانی گوتن کە بۆخۆی لە بنەڕەتدا قابیلی قبوڵکردن نییە دەبێتە قابیلی قبوڵکردن، بە دیوەکەی دیکەش دەتوانین بڵێین کۆپلەی دووەم لەڕێگەی دەستەواژەی "ئاشنابوونەوە" دنیابینی سەردەمی تێدا باڵا دەست دەبێت.

کەچی لە کۆپلەی سێیەمدا دووبارە منی دیار پەنا بۆ ئەوی نادیار دەبات (سێبەرەکانت، وشەکانت، جگەرەکەت)... بەڵام جگە لەوەی هەڵچوون و توندی کەمتر تێدا بەدی دەکرێت، جۆرێك لە سادەیی گوتنیش پرۆسیسە دەکات. پەنجە راهێشتن بۆ (سێبەرەکانی، وشەکانی، جگەرەکەی) خۆ ساردکردنەوەی منی دیارە لە بەرانبەر ئەوی نادیار، جۆرێکە لە مەزنکردنی ئەوی نادیار، ئەو بە مەزنزانینەش تەواو لەسەر بنەمای نامۆبوون لەگەڵ ئاشناو، بێگانە بوونی ئەبەدی خۆی هەڵدەگرێتەوە، واتە لەسەر بنەمای کۆپلەی چوارەم رادەبێتەوە.

ئەگەر بەر لە نووسینی کۆپلەی سێیەم واتە (ئاشنابوونی دوو بێگانەیە)، خەیاڵی کۆپلەی چوارەم لای شاعیر وجودی نەبایە، ئەوە کۆپلەی چوارەم (واتە نامۆبوون لەگەڵ ئاشنا...) بەو هەموو پەرگیرییەوە لێنەدەکەوتەوە؟

هەروەها دەتوانین بڵێین هەر کۆپلەی دووەمیشە کە کۆپلەی پێنجەمی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر نیشاندانی جیاوازییەکانی کۆپلەی دووەم بە گشتی بکەوێتە سەر دنیابینی ئەمڕۆی شتەکانەوە، ئەوە دنیابینی کۆپلەی پێنجەم پەیوەندی بە پرسیارو تایبەتمەندی منی دیارەوە دەکات، یان لە منی شاعیرەوە هەڵقوڵاوەو لەوێشەوە دەست بۆ ئەوی نادیار دەبات، یان وەك گوتمان لەڕێگەی پرسیاری "دنیا چییە"وە بوونی خۆی و دنیابینی خۆی بەرانبەر ئەوی نادیار رادەگەیەنێت.

بە مانایەکی دیکە کۆپلەی پێنجەم تەواو خۆی لە فەزای ناوەوەی کۆپلەی دووەمدا هەڵدەگرێتەوە، وەك چۆن کۆپلەی دووەم تەعبیر لە فەزاکانی دەرەوەی کۆپلەی پێنجەم دەکات. یان ئەگەر کۆپلەی دووەم جۆرێك لە گشتگیری بخاتەوە ئەوە کۆپلەی پێنجەم جۆرێك لە تایبەتمەندێتی هەڵگرتووە. بەڵام دوا کۆپلە شکستێکە لە ئەنجامی هەژموون و هەڵچوونی "سێبەرو نوور"ی کۆپلەی یەکەمەوە لەدایك دەبێت، یان بە مانایەکی دیکە لە پرسیارو هیوا بنبەستووەکان و حەزە لەبننەهاتووەکانی منی دیارەوە سەرچاوە دەگرێت و بە دیوەکەی دیکەش بێهوودەیی و پووچگەرایی ژیان هەر لەو پرسیارەوە خۆی درێژ دەکاتەوە، بەڵام ئاستی دەلالەتی جوانگوتن لە بری ئەوەی شیعرییەت لە شیعرەوە هەڵگرێتەوە، لە خەیاڵی گێڕانەوەدا بەرجەستەی دەکات بە مانایەکی دیکە لەسەر پرسیارو بێهوودەیی و پووچگەرایی ژیانەوە چنراوە، بەو مانایەش دەستەواژەی "ژیان چییە" و "هاتنەدی و بە سەقەتی هاتنەدی" لە بێهودەییەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ململانێی سروشتی مرۆی وەستاوو مرۆی ژیاری، مرۆی پەراوێزی و مرۆی سێنتەرالیزمی... پووچ دەکاتەوە، لە هەمان کاتتدا دەشێ خودی ئەو پووچکردنەوەیە وەك چۆن خەیاڵی گێڕانە پتەو دەکات، درێژە بە جۆرێك لە شیعرییەتیش بدات.

هەولێر

دوا دارِشتنەوەو هەڵەبری لە 2008/5/25

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

"سیزان ئەوە دەنووسێتەوە کە دەیڵێ"

(دریدا)

"سیزان ئەوە رەسم دەکات کە شتەکان دەیڵێن"

(میرلۆبۆنتی)

# بەشی پێنجەم

- بوونی بێدەنگ مینتالیەتی هەڵوەشانەوەگەری رادیکاڵ.
- ئەسڵی کاری هونەری زانستی (بوون) لای هایدگەر.
- لۆژیکی تەواوکردن و توانای جیهانبینی، پۆل سیزان وەك نموونە.
- رەنگی رەق، بێدەنگی زەوی/ریتمی هونەری.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

**- سەردار سنجاوی: لێخوردبوونەوە لە مینماڵ و کونستیوەڵ نزیکتری کردمەوە.**

## بوونی بێدەنگ
## مینتالیەتی هەڵوەشانەوەگەری رادیکاڵ

بێگومان قسەکردن لە (نەهلیستی/ نەبوونی) بەرەو کۆمەڵێك پارادۆکسمان دەکاتەوە، واتە لەلایەك دەکەوینە نێو مێژووگەراییەوە، لەلایەکی دیکە دووچاری کۆمەڵێك ئیشکالیەتی فەلسەفیو فیکری دەبینەوە، بۆئەوەی خۆمان لە ئەنتۆلۆژیای ئەو زاراوەیە رزگار بکەین، هەوڵدەدەین ئەو چەمکە لە دیدی هەر یەك لە (سارتەر)و(هایدگەر) بەرجەستە بکەین، بە دیوەکەی دیکەش بۆ ئەوەی کەمێك لە ئیشکالیەتی فیکری سەردەم بدوێین کتێبی(العدمیە النهلستیە)ی دکتۆر (سامی ئەدهەم) دەکەینە تەوەرەی سەرەکی گفتوگۆی ئەو وتارە.

نەبوون بەدژی بوون دەکەوێتەوە. ئەو رستەیە نەبوون وەك مەیلێك پێشان دەدات کە لەسەر نەفیکردنو رەتکردنەوە رادەبێتەوەو نکۆڵی هەموو حەقیقەتێکی جێگیر دەکات، بوونگەراییەکان پێیانوایە نەبوون لە خودی بووندایە، کەچی زاراوەی نەهلیزم لە فیکری (نیچە)دا مانای نەبوون لەبەرانبەر بوون ناگەیەنێت، بەڵکو بەهای هیچی ژیانو نەفیکردنی ئەو جیهانە دەگەیەنێت، هەر لەوێشەوە دەڵێت: ئەوە ناکاملی مرۆڤەکانە کە

بیانەوێت بوونی خۆیان بکەنە ماناو پێوەری هەموو شتێك، بڕواکردن بە وتەزای عەقڵیش هۆی سەرەکی نەهلیزمە. بەو مانایە نەهلیزم کار لەسەر تێپەڕاندی بەهاکان دەکات.

لەلایەکی دیکە ئەگەر عەدەمیەت لە فیکری (بەرمێندس ئایلی، 515-540) وەربگرین، دەبینین فیکرەی خواوەندی بەبوون تێکەڵ کردووە، واتە لەنێوان بوونو خواوەند هیچ جیاوازییەك بەدی ناکات، لای (بەرمێندس)ی یۆنانی لەدەرەوەی بوونی خواوەندە کە وجودێکی جێگیرە هیچ شتێك بەناوی نەبوون وجوودی نییە ئەوەی هەیە ئەزەلیو ئەبەدییە. هەروەها (هیگل) پێیوایە بوون پێناسەی یەکەمینی ڕەهاییە ئەو پێناسەیە بە تێز دادەنێ، دووەم پێناسەش بۆ ڕەهایی بە عەدەم دەژمێرێ، کە دەبێتە پارادۆکسی تێز، پاشان لە هەردووکیان ئاوێتەیەك دروست دەبێت، خودی ئەو ئاوێتەیە پراکتیزە دەکرێ، بەو مانایەش لەنێوان کۆی تێزو پارادۆکسەکەیو ئاوێتەبوون شتێك هەیە ئەویش سەیرورەیە. سەیرورە واتە گۆڕان لە خودی خۆیدا لەم ڕووەوە سەیرورە گوێزانەوەیە لە ڕەوشێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، ئەویش بەرانبەر بە چەمکی جێگیربوون دێتو (هیراکلیتس) دایناوە، تاکو لە ململانێی نێوان دژەکان هەندێك جێگای هەندێکی دیکە بگرنەوە، (هیراکلیتس) پێیوایە سەیرورەت گرفتی ئەو دژیەکیە چارەسەر دەکات.

## نەهلیستیەت، نەبوونگەرایی
## لە فەلسەفەی سەردەم

ئەگەر چەمکی سەیرورەت یەکێك بێ لەو چەمکانەی کە چارەسەری دژەکانی بوونو نەبوونی پێ بسپێرین، ئەوە فەلسەفە نەك هەر چارەسەری زانستیو ئەخلاقیو ئیستێتیکی پێ نییە، بەڵکو دەقێکە لەڕێگەی پرسیارەوە دەتەقێتەوە، فەلسەفە پرسیارێکی بێ کۆتاییە، پرسیارێکی بەردەوامە پرسیاری دیکەی لێدەکەوێتەوەو ئیشکالیەتی ئاڵۆز دەوڕوژێنێ، کە چارەسەریان نییە، بەو مانایە فەلسەفەی سەردەم

کۆمەڵێك مەسەلەی وڕوژاو بەرەتکردنەوەو رووتکردنەوەو نکۆڵیکردن‌و پەرتبوون دووبارە بەرجەستە دەکاتەوە، کەواتە فەلسەفە دوودڵی‌و گرژییە نەك چارەسەرکردن.

لەلایەکی دیکە کاتێك فەلسەفە چەمکی سۆسیۆلۆژی، بیرکاری، مێژوویی، زانست، هونەری، ئایینی بەکار دەهێنێت، بەو مانایە نییە کە فەلسەفە بەشێك بێت لەو مەسەلانە، تێکەڵکردنی ئەو مەسەلانە بەفەلسەفە یەکێکە لە نەخۆشیەکانی سەردەم، چونکە فەلسەفە نە بابەتدارە، نە چەمکدارە، بەڵکو رووتکردنەوەی هەموو ئەوانەیە نکۆڵیکەرێکی سەرسەختی هەموو پێدراوەکانە، لە بابەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو هەموو بابەتە فیکرییەکان بابەتی ئەون، فەلسەفە پێشبینی یەکەمینە، پیشبینیەکی بنەڕەتیە لە دەرەوەی بابەتدا.

ئەگەر لای (هیگل) مێژووی بیرکردنەوەی خۆرئاوا دەرکەوتنی پلە بە پلەی رۆحی رەها بێت، لای (هایدگەر) ئەو مێژووە شاردنەوەی حەقیقەتی بوونە، یان فەرامۆشکردنیەتی. بەڵام (سامی ئەدهەم) پێیوایە مرۆڤی نوێ عەقڵی ئاخاوتنی (دێتەرمینیتی-حەتمی) رووخاندووەو بەدوای سێنتەرێکی رەهادا دەگەڕێت، تاکو لەرێگەیەوە دەست بەسەر سروشت‌و خودی خۆیدا بگرێت، هەروەها ئەوەی بەردەوام مرۆڤی سەردەم دووچاری سەریەشەی دەکات رێژەگەراییە، وای لێکردووە بێ بنەماو پەرت‌وبلاو بکەوێتەوە، دواجار ئەو رێژەگەراییە بەرەو فەلسەفەیەك ئاراستەمان دەکات کە فەلسەفەی پوچگەراو بۆشە، ئەو فەلسەفەیە ژیاری خۆرئاوایی والێکردووە بەرەو بوون بێتەوە، وای لێکردووە فیکر بەرەو بنەماگەلێك هەنگاو بنێ کە نزیکە لە زانستی (ontic) ئۆنتیکی، هەروەها دەڵێ دنیا بەرەو ئاینێکی نوێ هەنگاو دەنێ ئەویش ئاینی زانستیە. فیکری زانستی لەرێگەی بەرەوپێشچوونەکانیەوە، لەرێگەی زانیارییەکانیەوە خەونی (کانت)ی بەمەعریفەی عەقڵی پەتییەوە پراکتیزە دەکات.

لە پەیامی ئەو کتێبەیدا دەیەوێت بڵێ مەعریفەی زانستی بۆتە مەعریفەی سێنتاکسی، هەروەها ئەوە سیبرنیتیکایە شوێنی منی بیرکەرەوەی گرتۆتەوە، خودگەرایی بۆتە داهێنراوێکی تەکنیکی ئامێرگەرا، بەجۆرە حەقیقەت بۆتە حەقیقەتێکی دروستکراو، بەو مانایەش لەگەڵ بەرەو پێشچوونە یەك لە دوا یەکەکانی تەکنۆلۆژیا تاك وەك خود هیچ بەهایەکی نییە، تەنها لە یاساکانی مافی مرۆڤدا نەبێت. هەموو ئەو دیدو بۆچوونانە لەوێوە دێت کە بەپێی ئەو فەلسەفەیە ئێمە ئێستا لە پوچگەراو بۆشەیەکی گەردوونیدا دەژین، پوچگەراو بۆشەیەکی پارچە پارچەکراو کە لەگەڵ لۆژیكو لەگەڵ دروستکراوەکاندا بەیەکەوە کۆبۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەهای پوچگەراو بۆش پەرتو بلاّوییە بۆیە سەر بۆ هیچ پێوانەو یاساو پیشەیەك دانانوێنێ، ئەو پوچگەراو بۆشە تەواوی بەها تەقلیدییەکان تێدەپەڕێنێو بەهایەکی کۆمەلاّیەتیو ئەخلاقیو هونەریو زانستیو شیعری نوێ دادەمەزرێنێ کە سەر بە زانستو تەکنۆلۆژیایە، نەك ئایینو ئەخلاق.

دەشێ ئێمە لێرەدا بڵێین ئەو بەهایانە لە فەزایەکی بێ کۆتاییدا مەلە دەکەن، کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی عەدەمیەتی پوچگەراو بۆش بەو مانایە عەدەمیەت لای دکتۆر (سامی ئەدهەم) نە لە بووندا خۆی هەڵدەگرێتەوە، نە خواوەند ئاوێتەی بوون دەکات، بەڵکو رەتکردنەوەی بوونو نیوەکەی دیکەیەتی، نەبوون ناشێ لە بوون جیا بکرێتەوە چونکە بنەمای بوونەوەرە هەموو هەبوون دواجار بە نەبوون کۆتایی دێت. کەواتە نەبوونگەرایی رووتکردنەوەو رەتکردنەوەیەکی رەهایە، کۆمەڵێك رووتکردنەوەی نێگەتیفە بۆ حاڵەتی فەلسەفی، ئەدەبی، شیعری، ئەو رووتکردنەوەو نکۆڵیلێکردنە بەردەوام داوای ئامادەگیەکی پۆزەتیفانە دەکات، بەو مانایە عەدەمیەت وزەو چالاکیەکی خودییە کە تاك بۆ دانونان بە مێژووی وجود پێیهەڵدەستێ، هەروەها پێیوایە عەدەمیەت بەر لە (سوکرات)ەوە بۆ (گۆرگیاس)و(بووزیەت) دەگەڕێتەوە.

بەلاَم لە بارەی نهلیستیەت دەڵێ ئەو وشەیە (تۆرگینێف)ی رووسی دایهێناوە، گوزارشت لە حالّەتی گومانی رەها دەکاتو وەك بەرزترین ئامانج پشت بەوێرانکردنی بەرفراوانو تەواو دەبەستێ، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ئاینزایی کۆمەڵێك شۆڕشگێڕی رووسیایی بووە بە دژی (قەیسەر)و هەوڵیانداوە تەواوی دامودەزگاکان لەرێگەی هەوڵی تیرۆرستانەوە وێران بکەن. (داریوشی شایگان) لە کتێبی (ئاسیا لە بەرانبەر خۆرئاوا)دا لەسەر زاری (هیرمان رائۆشینیك) رەوتی نەهلیزمی ئەورووپی بەمجۆرە شیدەکاتەوە: لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا پشتبەستن بە تاکایەتیو ئازادی تاکە کەسی بووە هۆی نکۆڵیکردن لە هەموو ئامانجێکی بابەتیو هەموو سیستمێکی بەهایی.

کەواتە نەهلیستی واتە رووخانو وێرانکردنو رەشکردنەوە، بەلاَم عەدەمیەت واتە رەتکردنەوەو رووتکردنەوەی رەها، ئاوێتەکردنی هەردوو چەمکیش لای (سامی ئەدهەم) واتە رەتکردنەوە پاشان بەرگریکردنێکی رووخێنەرانە، بەو مانایەش هەموو ژیارییەك هەڵگری نەهلیستیەتە، هەموو بزاڤێکی داهێنەرانەش عەدەمیەتی لەخۆ گرتووە. کەواتە عەدەمیەت واتە رووتکردنەوەیەکی نێگەتیفانە، نەفیکردنی هەموو ئەوەی هەیە، بەلاَم نەهلیستیەت واتە کودەتاو رووخان، ئەوەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە ناونیشانی کتێبەکەی دکتۆر (سامی ئەدهەم) تەعبیر لە خەڵقکردنو داهێنان دەکات لەسەر ئاستی تاكو لەسەر ئاستی کۆمەڵ، لێرەدا عەدەمیەتو نەهلیستی واتە رەتکردنەوەی دواکەوتنو زوڵمو زۆرداریو تیرۆرو راوەدوونانو بێگاریو کەڵەگاییو هەژاریو نەزانیو نیگەرانیو داگیرکاریو دیکتاتۆرییەت... هتد.

(بوون)و (نەبوون) دووچەمکی بەیەکەوە گرێدراوی فشارهێنەری نێو دەقن تا ئەو رادەیەی کە ناتوانرێ ئەو دوو دانەیە پێکهاتەکانیان خورد بکرێنەوەو لەنێو دەقدا لەیەکتر جیا بکرێنەوە، تەنها بە رەتکردنەوەی خودی دەق نەبێت، لەکاتی هەڵوەشانەوەی ئەو دوو دانەیە دەق لەپشت فیکر ون دەبێت، بەو مانایەش هەڵوەشاندنەوەی بوونو نەبوون

دەقێکی دیکە بەرهەم دێنن کە لە دەرەوەی پێکهاتە تەقلیدییەکانەوە هەناسە دەداتو لەڕێگەی ئەویدیکەوە بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. لێرەوە رووخاندنی منی دەق دەشێ بە گەورەترین بەرهەمی سەدەی بیستەم بێتە ژماردن، دانەر دەق دەنووسێت، بەلاّم دان بەو دەقە دانانێ تەنها لەڕێگەی ئەویدیکەوە نەبێت، داننان بە دەق لەڕێگەی ئەویدیکە، دەق بەرەو ئەفسانەو فەلسەفە بەرەو شیعرییەت دەباتەوە، کەواتە فەلسەفە لە جەوهەردا دەقەو دەقیش لە جەوهەردا سیحرە، لێرە (فەلسەفە/شیعرییەت) بەردەوام هاوڕێی یەکن، برای هەتاهەتایەن، ئامانجیان ناونانی شتەکانە لەنوێوە، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە بێگەردییان بۆ بگەڕێنینەوە، یان پاکیزەی یەکەمیان بۆ بگەڕێننەوە.

## من لەنێوان بیرکردنەوەو تەکنۆلۆژیا

(فۆکۆ) منی رەتکردەوە، بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەویدیکەوە دەق بەرهەم بهێنێو لەڕێگەی ئەویدیکەوە بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی دەق ببێتە موڵکی ئەویدیکە، ئەویدیکە دەق دابنێتەوە، ئیتر لێرەوە منی (دیکارت)ی هەڵوەشایەوەو لەشوێنی ئەو چەندان (من) هاتنە قسەکردنو تاگەیشتنە ئەوەی کە لەڕێگەی تیۆری ئینفۆرماتیكو چۆنیەتی زانستیو تیۆری (زیرەك-کلیڤەر)ی دەستکردو بەرەو پێشچوونەکانیانەوە منی بیرکەرەوەو خودی سایکۆلۆژی بەتاڵ بۆوە، لە شوێنی ئەودا بنەماو سەرچاوەگەلێکی نوێ لە دەرەوەی مرۆڤ هاتە ناوەوە، ئیتر حەقیقەت چیدی بەپێی فەلسەفەی یۆنانی ناژمێردرێت، هەروەك چۆن ناکەوێتە نێو عەقڵی مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆییەوە، بەڵکو لە دووتۆیی منی بیرکەرەوەی دەستکردگەرادایەو لەگەڵ بونیادە فیکرییە دەستکردەکانو تەکنەلۆژیاو ئامێرە زانستیە وردەکانو ئامێرەکانی بیرکردنەوەدا درێژ دەبێتەوە، ئیتر لە بری منی بیرکەرەوە سیبرینیتکایەو لەبری خودگەرایی داهێنراوێکی تەکنیکی ئامێرخوازو لەبری حەقیقەتێك کۆمەڵێك حەقیقەتی دروستکراو شوێنیان دەگرنەوە، بەو مانایە منی بیرکەرەوەی تەقلیدی لەو پوچگەراو بۆشەیەدا چیتر تەوەرەیەکی سەرەکی لە سنوری دەقی

گەورەدا وازی ناکات، بەڵکو ئەوە شەیتانی گەورەیە کە بە چەمکی گەورە دێتە ناوەوە، هەرگیز تاك ناتوانێ پێیبگات، ئەوە خوایە بیر دەکاتەوەو سیبرنیتیکایە دروست دەکاتو لە مەعریفە نزیك دەبێتەوەو زانیاری پێشکەش دەکاتو ڕێکی دەخات تا بۆ لێوردبوونەوە ئامادەگی هەبێت، ئیتر خود جگە لە بەرئەنجامی هێزێکی دەستکرد، شتێکی دیکە نییە. بەجۆرە مرۆڤی تەقلیدی ڕەتکرایەوەولە بوونو هەبوونەوە هەنگاوی بەرەو دەستکردگەرایی نا، هەر لەوێشەوە حەقیقەتی خودی چیتر لەمندا ناژمێردرێت، بەڵکو ئەوە مرۆڤە بەردەوام حەقیقەت دروست دەکات لەبری ئەوەی بەدوایدا بگەڕێت.

لێرەوە بوون وەك خودێکی هوشیارو ئازادو خاوەن ویستێکی بەهێز لەو پوچگەراو بۆشەیەدا پارچە پارچە بوو، هەروەها منی گێڕەرەوەو منی لبیدۆی بێگەرد لەیەك ترازان، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پڕۆژە مرۆییەی کە ئامانجی گەیشتنە بەبوونی هەبوون کۆتایی نەهاتووە، لێرەوە هەستدەکەین پڕۆژەی مرۆڤ لە بوونی بێدەنگ دوورترە، ئەو بوونەی کە (هایدگەر) کەشفی کردووە، بۆیە بەردەوام مرۆڤی داهێنەر بۆ گەیشتن بە ڕەهابوون لە زانستو هونەرو جوانی لە قەڵەمباز ناکەوێت.

لێرەوە دکتۆر (سامی ئەدهەم) دەڵێ: مرۆڤی یۆنانی ئامانجی ئەوە بوو بە بوون بگات لەڕێگەی بەنێوداچوونی شاردا، بەلام مرۆڤی ژیاری نوێ ئامانجی ڕەتکردنەوەی خودە لەڕێگەی مەعریفەی زاڵ، یان مەعریفەی سەرکەوتوو، هەر لەوێشەوە تەحەکوم بە جەستەی خۆی دەکات، کەواتە ئامانجی مەعریفە چیدی گەڕان نییە بەدوای بوونی مرۆییدا، بەڵکو ئامانجی مەعریفە بۆتە پڕۆژەیەکی تەکنۆلۆژی زانستگەراو فەلسەفی عەقلانی. تەکنەلۆژی کە یەکەی هونەریو زانستە سەرکەوتووەکانە بووە ماهیەتی جەوهەری بوونی مرۆڤ، ئێستا بوونی بێدەنگ بە وەسفیکردنی هەبوون ناژمێردرێت، بەڵکو بوونی بێدەنگ بە جەوهەری تەکنۆلۆژیاو زانست دێتە ژماردن.

بەجۆرە مرۆڤ لە خودی خۆیدا بووە بە پڕۆژەیەك بۆ تەكنۆلۆژیاو زیرەكی دەستكردو فەلسەفەی دەستكرد، ئەو دووەش بوونە دوو پرۆژەو دوو ئامانج، ئیتر بوونی مرۆڤ لەوێوە لەرێگەی تەكنۆلۆژیاو لەرێگەی گۆڕانیە بێ كۆتاییەكانەوە قسە دەكات، خودی مرۆڤ لەرێگەی جەستەو مینتالیەتەوە بووە پڕۆژەی تەكنۆلۆژیا، بەڵام تەكنۆلۆژیا هەر ئامراز نییە بەڵكو نەخشەسازێكی ئامێرییە، هۆیەكە لە خودی خۆیدا لەگەڵ مرۆڤ تەماهی دەكات، ئیتر ئەوە (مەسیح) نییە لەنێوان مردووان مانایەك بە بوونی ماندوو هیلاك دەبەخشێت، بەڵكو ئەوە ئەو ئامرازە زیرەكەیە وای كردووە بوونی مرۆڤ بێتە بوونێكی (تەكنۆ/زانست/لۆژی).

ئێستا ململانێی فیكری مرۆڤی هاوچەرخ دەكەوێتە نێوان رەتكردنەوەی رێساو یاساكانو دروستكردنی تەكنۆلۆژیای زانستی، بەو مانایە عەدەمیەتی رەتكەرەوە دەست بۆ جیاوازییەكانی پۆست مۆدێرنە دەباتو گوتەزای بوون بە شێوە نوێیەكە دەرباز دەكات. كەواتە دوو رێگا بۆ ئەو رزگاركردنە لە ئارادایە، یەكەمیان رێگای نەبوونگەرایی نەبوونە. دووەم رێگای دەستكردی تەكنۆلۆژی زانستییە، رێگەی عەدەمی یەكەم شاعیرو فەیلەسوفو بیریاران پێیهەڵدەستن، ئەوەی دووەمیان لەرێگەی زانایانو ململانێیان لەگەڵ سروشتدا دێتە دی، بەو مانایە مرۆڤی سەدەی بیستەم بەرەو  مردن دەبێتەوە بەرەو نادیاریو تاریكی نەبوونگەرایی زاڵ، وەك شاعیران دەڵێن ئیتر هیچ شتێك نەماوە بە بوونەوە بەند بێت، نەبوونگەرایی بۆتە تەوەرەی نێگەتیڤی بوونو بۆخۆی بوونە، وەك چۆن تەواوی بەها باڵاكان لەگەڵ (نیچە) كەوت، بوون لەگەڵ (هایدگەر) بووە بەهایەك بۆ ئاڵوگۆڕی – بووە كاڵایەكی بەرخۆر، بووە بەشداریكردن لە بۆرسەكان، بووە كڕینو فرۆشتن.

ئیتر دوای رووخانی تۆتالیتاریەتو رابوونەوەی لیبرالیەتی نا عەقلانی دەركەوتنی نامونتەمی پووچگەراو تەجریدی هونەری، پرنسیپی مرۆیی بە دەوری چێژو سوود

دەخولێتەوە، هەموو ئەوانەش لە پرۆسیسەکردنێکی نەبوونگەراییەوە بەرهەم دێن، نەبوونگەراییەك كە لە پێناو پارچە پارچە كردنو راماڵینی تەواوی دامودەزگا تەقلیدیو بەها لە كاركەتووو بێزاركەرو بۆگەنەكانەوە رادەبێتەوە، هەر لێرەشەوە نەبوونگەرایی تەعبیر لە داهێنان دەكات، چونكە داهێنان بە چوونە نێو سیستەم ئەساڵەتی خۆی لە دەست دەداتو دواجاریش ئیبداعی خۆی ون دەكات.

داهێنان چەشنی نەبوونگەرایی بەردەوام لەگەڵ دامەزراوەكان لە ململانێدایە، لەلایەكی دیكە داهێنان هەرگیز خاوەندارێتی قبوڵ نییە، چونكە خاوەندارێتی لەڕێگەی ئەوەی كە هەیەتی كەڵەگایی دەسەپێنێ، ئەگەرچی سەرەتای خاوەنداریەتی بەپێی پێداوستی كۆمەڵایەتی بوو، زەرورەتێكی ئاسمانی بوو، بەڵاّم لە جەوهەردا خۆی زۆرداری بوو پاشان بە پیرۆزكرا، وەك چۆن نووسەر لەڕێگەی بوون بەخاوەنی دەق تەقدیس دەكرا، دواجار چەمكی خاوەنداریەتی بووە ئایدۆلۆژیاو یاری بە چارەنووسی خەڵك دەكرد.

هەروەها چەمكی سادییەت یەكێكە لەو چەمكە دەق كوژانەی كە ناتوانێ رێزی تایبەتمەندی بگرێت، سادییەت چەپاندی سێكس لەڕێگەی سادی دەمامكدارەوە نیشان دەدات، بەڵاّم لەپشت ئەو دەمامكو پەردە هەریرانەوە ئیرۆتیكێكی نەخۆش وەستاوە، وەك چۆن نێرگزیەت لە كوشتن بەدەر نییە، چونكە بەردەوام بە دوای ناسنامەیەكی رۆشنبیریی ونبوودا دەگەڕێت، لێرەوە دەبێ نووسەر باز بەسەر وشەو چەمكەكاندا بدات لە عەدەمێكەوە بۆ عەدەمێكی دیكە، دەبێ بە شێوەیەكی ریشەییو كتوپڕو زنجیرەی وشەكان لەیەك بترازێنێ بۆ ئەوەی بە خاوەنبوون رەتبكاتەوە، تاكو تەنها ئەوە لە دەق بمێنێتەوە كە ئیبداعە، دەبێ لە نەبوونگەراییەوە وشەو رستەو دەستەواژەو پەندەكان دەربهێنێ، پاشان دووبارە بكەوێتەوە نێو نەبوونگەراییەوە، ئینجا ئەو كارە دووبارە بكاتەوە، بەمجۆرە دەق پارچە پارچە دەبێو دەبێتە پوچگەراو بۆشەیەكی خەڵلاق، دەقی نیچەیی ئەو مانایەی لە خودا هەڵگرتبوو، (نیچە) دەقی لە بەشتبوون رزگار كرد،

چونکە دەق بۆ خۆی هیچ شتێ نییە، شتێك نییە کەوتبێتە سەر وەرەقە، نابینرێت، ناخوێنرێتەوە وەك شت بوونی نییە بەڵکو ئیبداعێکی عەدەمیەو جیاوازییە بە شێوەیەکی ڕەها، کەواتە دەق چەند وشەیەك نییە، بەڵکو مانایەکی بێ مەکانو زەمانە، دەق حاکم نییە، حاکم ناتوانێ لێبوردن لەگەڵ ئازادیدا بکات، چونکە لایەنێك نییە لەو چالاکیە کۆمەلایەتیەدا، بەلام دەقو ئازادی بەبێ یەکتر ژیانیان کورتی دێنێ.

لێرە عەدەمیەت وەك داهێنان وزەو چالاکیەکی خودییە کە تاکی ویستگەرا پێی هەڵدەستێت، واتە کۆمەڵێك ڕووتکرنەوەو ڕەتکردنەوەی نێگەتیفەو داوای ئامادەگیەکی نێگەتیڤانە دەکات. بەلام نەهلیستیەت یان حاڵەتی گومانی ڕەها پشت بە وێرانکردنێکی تەواوو بەرفراوان دەبەستێ، بە شێوەیەکی ڕەها نێگەتیف دەکەوێتەوە، نەك هەر دان بە مێژووی بووندا نانێت بەڵکو دان بە ناسنامەو ڕووخساریش دانانێ، لە عەدەمیەتدا ئیرادەیەکی بە هێزو عەقلانیەت وەستاوە، بەلام لە نەهلیستیەت بێ ئیرادەیی، وەك چۆن عەدەم لەنێو ڕۆحو عەقڵو ویژدانی نەهلیستیەت دا خەوتووە، ئێمە لەم حاڵەتەدا دەشێ پرسیاری ئەوە بکەین لەنێوان عەدەمی ئیرادە خوازیو نەهلیستی بێ ئیرادەیە خاڵی لەیەکتر نزیکبوونەوە ئیبداعە یان سەرلێشێوان؟!

هەڵبەتە ئەو پرسیارە لەوێوە دێ کە (سامی ئەدهەم) دەڵێ نەهلیستیەتو عەدەمیەت بەیەکەوە واتە خەڵقکردنو داهێنان. وەك ئاماژەمان بۆ کرد دەیەوی بڵێ ئەو کتێبەم هەردوو چەمکی لە خۆدا هەڵگرتووە، دەشێ ئەم پرسیارە، پرسیاری هەر خوێنەرێکی دیکەش بێ، بەلام لە سنورێکی دیاریکراو، چونکە دواتر لە لاپەڕەکانی دیکەدا ئەو دوو چەمکە بەشێوە گشتگیرەکەی سەرەتا نامێنێتەوەو دابەشیان دەکات بۆ دوو چەمکی نێگەتیفو پۆزەتیف، یەکەمیان بەرەو خۆکوژی دەچێ، بەلام دووەمیان بەردەوام بە پەرچەکردار رادەبێتەوە. هەروەها لە بارەی نەهلیستییەوە جیاوازی لەنێوان نەهلیستو نامەعقوڵی دەکات، پێیوایە یەکەمیان بڕوای بەهیچ مانایەك نییە، بەلام دووەمیان مانا

دەبینێ، بۆیە نەهلیستی هەست بە بێزاریو دڵتەنگی دەکات، ئەو هەست پێکردنەی لەوێوە دێ کە وەعی ئەو لەگەڵ ئەو پوچگەراو بۆشەیە ڕەهایە یەك ناگرێتەوە، بۆیە بەردەوام لەگەڵ منی ناوەوەی خۆی دەژی، بەردەوام دەڵێ غەمگینیم نیگەرانیمە، بەڵام دروشمی نەبوونگەرا ئەوەیە کە هەموو شتێ ڕێگە پێدراوە، هەروەها (سارتەر) دەڵێ: عەدەم لە فیکرو ئاگایی مرۆڤدایە، کەچی (هایدگەر) پێیوایە عەدەم عەدەمیەتە لە پێناو خەڵق کردنێکی نوێ.

## میتافیزیکای سەرەتایی‌و کەوتنی ڕەنگدانەوەی مارکسیانە

مارکس دەڵێت: فیکر ڕەنگدانەوەی ماددەیە، بەو مانایەش بونیادی سەرەوە دەبێتە ڕەنگدانەوەی بونیادی ژێرەوە، فیکر دەبێتە ڕەنگدانەوەی سیستەمی ئابووریو پەیوەندییەکانی ئەو سیستەمەش لەسەر ناکۆکییەکان دێتەوە، بەو مانایە پرۆسەی ڕەنگدانەوە تەعبیر لە ئایرۆنییەت‌و جیاوازی دەکات، چونکە ئەو ئاوێنەیەی کە ڕەنگدانەوەی تێدا بە ئەنجام دەگات، لەگەڵ ئەوەی ڕەنگدەداتەوە جیاواز دەکەوێتەوە، واتە ئەوەی کە مینتالیەتە دەبێت لەگەڵ ئەوەی کە واقیعە جیاواز بێت.

ئەو تیشکەی کە لە ئاوێنە ڕەنگدەداتەوە جیاوازە لەگەڵ خودی تیشکی ئەسڵی، چونکە لە پرۆسەکەدا جەستەیەك بەر جەستەیەکی دیکە دەکەوێت لەڕێگەی ئەو بەریەککەوتنەش لەرانەوەو شەپۆل دروست دەبێت کە پەیوەندی بەو دوو جەستەیەوە نییە، واتە مینتالیەتی ڕەنگدەرەوە لە واقیعدا لەگەڵ بابەتەکەی جیاواز دەکەوێتەوە، ئەو دوو دنیایە دەبێتە دوو دنیا، دنیای ماددەو دنیای مینتال، بەو مانایەش ڕەنگدانەوە لەگەڵ پاردۆکسدا دێتەوە، کە دووریو بەرزی دەگەیەنێت، بەڵام سەرەتا، ئەسڵ، یان بنەڕەت (immanence) واتە جولەی ناوەوەو پێوەنووسان‌و نزیکبوونەوە، هەرچۆنێ بێت سەرەتاو ئەسڵ واتە پەیوەندی خود بە بابەتەوە لە ماوەیەکی شیاودا. جیاوازی لەوێدا دەبێتە دیاردە، کەواتە سەرەتا، یان بنەڕەت جیاوازیو پێوەنووسان‌و نزیکبوونەوەو

جیاکارییە، بۆ نموونە کۆجیتۆی دیکارتی لەگەڵ مینتالیەتی مرۆڤ سەرەتای خۆی هەیە، بەرهەمهێنانی بوون بە هۆی بیرکردنەوە سەرەتایەك دەسەپێنێت. لێرەدا بوون مەسافەیەکی زۆر کورت لەنێوان چالاکی بیرو چالاکی بوون دەسەپێنێت، کەواتە من بیر دەکەمەوە، بەوەی لە ئاگایم نزیکە، یان دەبێتە سەرەتای ئاگایم، بەوەی لەگەڵ ئاگایم دژ بە یەكو ناکۆك نین، بە دیوەکەی دیکە ئاگایی بۆ ئەوە باڵا ناکات بابەتەکەی خۆی بناسێت، چونکە ئەوەی پێیدا گوزەر دەکات پوچگەراو بۆشەیەکی پارچە پارچە کراوە، ئەوەش لەوێوە دێت کە بابەتەکەی لە مینتال ئامادەگی هەیە. ئەگەر بچینە سەر گوتەکەی (سارتەر)و بڵێین ئاگایی باڵا دەکات، دەپرسین ئایا بۆ کامە ئاست باڵا دەکات؟ بۆ خود باڵا دەکات، هەڵبەتە ئەوە مەحاڵە، ئەگەر وەك مەسەلەیەکی بیۆلۆژی سەیری بکەین، دیسان باڵاکردن دەکەوێتە خانەی مەحاڵەوە چونکە بەپێی سروشت ئاگایی جیاوازە لەوەی کە بیۆلۆژییە، کەواتە چۆن بێ ئیرادە ئاگایی باڵا دەکات، چۆن بێ ئامرازە مەعریفییەکان باڵا دەکات؟ ئایا لە سیاقی ئیرادە ئاگایی پێشدەکەوێت؟ ئایا پێش ئەنتۆلۆژیا دەکەوێت ئەگەر ئیرادەیەك نەبێت ئاگایی بیخاتە دەرەوەی خۆی، دەرەوەیەك کە هی ئەو نییە باشە چۆن لە بابەتەکەی خۆی نزیك دەبێتەوە بۆ ئەوەی بە دەوریدا بجولێتەوەو بیناسێت؟ چۆن لە دەرەوەی ئیرادەوە ئاگایی باڵا دەکات؟

دەشێ بە نیسبەت ئەبستمۆلۆژیا ئیرادە پێش ئاگایی بکەوێت، چونکە ئیرادە هوشیارە بە بابەتەکەی خۆیو دەیناسێت، بەڵام ناتوانین تێبگەین کە چۆن ئاگایی بەسەر خود باڵا دەکات. چۆن ئاگایی بەسەر خود باڵا دەکات، ئەگەر ئاگایی باڵا بکات ئەوە لە دوای خۆیدا شتێك جێدەهێڵێت، یان پشت بە شتێ لە پێش خۆی دەبەستێت، یان لە شتێ دەبێتەوە، ئایا ئەو شتەی کە پشتی ئاگایی دەگرێت چییە؟

لێرەیە کە دەبینین (دیکارت)و کۆجیتۆکەی نزیکترە لە حەقیقەت نەك (هیگل)و (سارتەر) کە دەیانەوێت بوونو ئاگایی تێپەڕ بسەپێنن، بێ ئەوەی لە بەهای تێپەڕکردن

بگەن‌و بزانن چ شتێ یارمەتی تێپەڕاندن دەدات، جەخت لەوە دەکەنەوە کە بابەت بەسەر ئاگاییدا بالاّ ناکات، بەڵکو ئەوە ئاگاییە بەسەر خود بالاّ دەکات. بەلاّم بابەت بە بێ ئاگایی بابەت نییە، وەك چۆن ئاگایی بە بێ بابەت بوونی نییە، بابەت لە دەرەوەی ئاگایی بە ئاگایی دەگات‌و دەبێتە سەرەتای ئاگایی، بەو مانایە پوچگەراو بۆشی ئەو شتە نایاسایی‌و نامەعریفیەیە کە لە دەرەوەی ئاگایی بەسەربەخۆیی دەجولێتەوە، بەلاّم ئەگەر بابەت بەسەر ئاگایی بالاّ بکات، کەواتە پێویستە لەسەر ئاگایی بۆ ئەوەی بە (دیار) بگات بەسەر (نادیار)دا باز بدات. لێرەوە هەستدەکەین کە گریمانەکەی (سارتەر) بۆ مەسەلەی تێپەڕاندن دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی ئیستێتیکای (کانت)ەوە، لەوێوە کە (کانت) بە هۆی خەیاڵەوە پوچگەراو بۆشەیەك دەخاتە نێوان عەقڵ‌و هەستەوە. عەقڵیش ئاستگەلێکی هەیە، یەکەمیان ئاستی ئەپستمۆلۆژی لۆژیکی زمانەوانی مەعریفی. دووەم ئاستی ئەنتۆلۆژی وجودی. لە یەکەمدا مەعریفە بە گریمانەی لۆژیکی نەبێت بە کۆتا ناگات، لێرەدا خود لە بابەت نزیك دەکەوێتەوە بۆ کورتترین ماوە، بەو مانایەش خود پێکهاتووە لە وێناکردن‌و نوێنەرایەتیکردنە پێشینەو ئەمبریقییەکان، مەعریفەش لە رستێك ئەحکامی دانراو، یان شیکراوەی پێشینە، یان ئەوەی دواتر پێکهاتووە، مینتالیەتیش لەسەر ئەوەی کە تێیدایە جێبەجێ دەبێت، ئەوەی کە تێیدایە دەبێتە سەرەتا بۆ عەقڵ‌و ناکەوێتە هەڵەوە.

بەلاّم ئاستی دووەم ئاستی ئەنتۆلۆژی لەوێ دەکەوینە نێو هاوبەشی کردنی گەورەوە بۆیە ناتوانین خودی زانا، یان عارف بناسین، ئایا خود بە مانا بەرفرەوانەکەی وجودی هەیە؟ ئەوەی کە ئەنتۆلۆژی خود پێکدەهێنێت چۆن راڤە دەکرێت‌و چۆن دەتوانین بیناسین؟ پاشان ئایا ئاستی مەعریفی وێنەی خود دەنوێنێ‌و ئەنتۆلۆژیاش ناوەڕۆکەکەی؟ چۆن ناوەڕۆکی ئەنتۆلۆژی دەبێتە سەرەتایەك بۆ بابەتی دەرەکی‌و چۆن بەسەر خود بالاّ دەکات؟

ئاگایی ناوەڕۆك دەیچنێتو وێنە دەبێتە سەرەتایەك بۆ بابەت، بە مانایەکی دیکە وێنە لە مینتالدایە. بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە چۆن دەبێتە سەرەتایەك بۆ بابەت؟ لێرە دووچاری ئیشکالیەتێکی گەورە دەبین چونکە سەرەڕای مەعریفەمان بە بابەتی ماددی، نازانین ناوەڕۆکی ئاگایی کامەیە، وێڕای ئەوەش چۆن ناوەڕۆکی ئاگایی دەناسین یان چۆن ئاگایی بەرەو بابەت یان ماددە باز دەدات؟

هەڵبەتە ئاگایی لە ئاستی سەرەتاییو یەکەم وەرناگرین، بەڵکو لەو ساتە وەریدەگرین کە دەچێتە نێو واقیعەوە، یان ئەو کاتەی کە دەچێتە نێو ئاگایی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتیەوە، لەوێ ئاگایی لە رستێك چەمكو وێناکردنو گرێو هەڵچوونی ویژدانی پێکدێت کە لە پرۆسەی مەعریفی بەشداری دەکات، مینتالیەتیش لەڕێگەی ئاگاییەوە دەبێتە بنەڕەتی خود، کەواتە ئێمە لە دەرەوەی بنەڕەتو سەرەتای ئەسڵی خۆماندا شتێك ناس ناکەین، مینتالیەتو من دوو شتی بنەڕەتینو دوو ئەسڵن یەکێك لەویدیکەدا رەنگدانەوەی هەیە.

بەڵام (من) لە هەموو شتێکی دەرەکی نزیکترە، لە بەر ئەوەی من وا نزیکە بۆیە هەوڵدەدات دەست بەسەر وێناکردنو نوێنەرایەتیکردنەکانو تاوگیرییەکان دابگرێت. ئیتر لەوێوە عەقڵ لە واقیعی وێناکردنو چەمکە ئەزموونگەراکان دادەبڕێتو لە من نزیك دەکەوێتەوە، ئیتر جارێکی دیکە من وەریاندەگرێتو بەسەریاندا خۆی دەنوێنێت، کەواتە بنەڕەتو ئەسڵی (من) بۆ واقیع بە مینتالیەتدا تێدەپەڕێت. بەڵام خەیاڵو فەنتازیا بە تووندی بە عەقڵەوە بەستراون، ناشێ عەقڵ بێگەرد بێت، چونکە لەو (من)ە نزیکە کە بنەڕەتو سەرەتاو ئەسڵەکەیەتی، لە (من)ەوە دەبینین سەرەتا یان ئەسڵو بنەڕەت ترانسندنتالی دەکەوێتەوە، واتە پرنسیبی بنەڕەتی پێشینەی فەلسەفیەو لای (فیختە) واتای فیکری یەکەم دەگەیەنێت.

منی ترانسندنتالی لە پێشینە خودییەکان پێکدێت، لەو پێشینە رووتانەی کە ئاگایی تێدا جێگیرە، بەڵام خود گۆڕاوە یان وەرگەڕاوەو ناجێگیرە، زێتر هەڵچوونئامێزو ویژدانیو ئیرۆتیکی دەکەوێتەوە، خودگەرایی داهێنراوێکی تەکنیکی ئامێرخوازە، لێرەوە دەپرسین کە چۆن ئەو ئاگاییە بەو خودەوە دەلکێت؟

ئاگایی لە بابەتە دەروونیو سروشتییەکان دەژمێردرێت، ئیتر لەوێوە دەبێتە ئاگاییەکی یەکگرتوو کە خود لەڕێگەی گۆڕانو وەرگەڕانەوە پێشبینی دەکات، بەڵام ئایا پێشبینیکردن بەسە بۆ ئەوەی ئاگایی یەکگرتوو جێگیر بکەین؟ ئایا ئاگایی ترانسندنتالی بە خودەوە لکاوەو بەشێکە لە شانەکانی خود؟.

ئاگایی لەگەڵ کەشفیکردنەکانو پێشبینیە رووتەکان درێژ دەبێتەوە، لەگەڵ بیرکاریو سروشتو زانستو ئەخلاقو ئیستێتیکا زێتر بەرفرەوان دەبێت، بەڵام ئایا ئەوە چییە کە ئاگایی بە خود دەبەستێت؟ ئایا ئاگایی کە ناکۆكو نەگونجاو لێکدوورو سەربەخۆیە لە بابەت، ئەوە چییە کە یەکی دەخاتەوە. ئاگایی خودی سایکۆلۆژی ئەمبریقی لە جەوهەردا ناشێت بێگەردو میتۆدئامێز بێت، بەڵکو بە شێوەی ئەزموونگەری کە تایبەتە بە خود، کەس تێکەڵ بە هەڵچوونو تاوگیریو ویژدانو عەقڵ دەبێت.

لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەتا ئێستا بە جۆرێك لە جۆرەکان فیکری ئایرۆنی دەسەڵاتدارە بەسەر فیکری زانستیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو ئەخلاقیو ئیستێتیکی، بە دیوەکەی دیکە دەشێ لەڕێگەی راڤەکردنی دەقەکانەوە هەموو ئەوانە ببینین کە پشت بە دوالیزمیەتو فیکری ئایرۆنی دەبەستن. بەڵام بڕوابوون بەسەرەتاو بنەڕەتو ئەسڵ یان بڕوابوون بە وجودی ناوەکی پووچی ئایرۆنیەتو ترانسندنتالی رەشدەکاتەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو وای کردووە دنیای ترانسندنتالی وجودی نەبێت.

لە دنیای نوێدا ئایرۆنیەت بەرەو زانستی نوێ دەچێت، مینتالیەتیش دەکەوێتە بەرانبەر یاسای سروشتییەوە، لە سەدەی نۆزدەوە ئیتر زانستو تەکنۆلۆژیا ویژدان عەقڵی مرۆڤی

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

لە هەموو ئەفسانەو وەهمەکان داماڵی، وای کرد مرۆڤ تەواو بەرانبەر بە تواناو ژیانو بەهاو بەختیاریەکان هەست بە لێپرسراوێتی داهێنان بکات، بەو مانایە ئیتر ئەمرۆ لەڕێگەی شۆڕشو تەکنیکاریو هەڵایسانی مەسەلە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەی ژیان، لەڕێگەی داهێنانو فەلسەفەو هونەر مرۆڤێك هاتۆتە ناوەوە کە بەردەوام بەرانبەر عەقڵیەتی دوالیزمخوازو مەرگدۆستو فیکری ترانسندنتالیو گوتارە ئایرۆنیە چەوسێنەرەکانی دیکە لە رابوونەوەو داهێنانو نوێبوونەوەدایە.

## ئەسڵی کاری هونەری

### زانستی (بوون) لای هایدگەر

قسەکردنی (هایدگەر)[1] لەسەر (ئەسڵی کاری هونەری) وەك فەیلەسوفی زانستی (بوون) بەشێکی قسەکردنە لەسەر چەمکی خودگەرایی، بەو مانایەی کە مرۆڤ لەڕێگەی هەبوونی خودەوە نەبێت ناتوانێت دەرك بە بوونی خۆی بکات، واتە هایدگەر دێت تیۆرێکی فینۆمینۆلۆژیانە بۆ مەعریفە لەسەر بناغەی وجودیی دادەمەزرێنێت لەو دامەزراندنە ئەنتۆلۆژییەدا پێیوایە (تێگەیشتن و بوون) دوو شتی پێکەوە بەستراون، واتە وەك چۆن ئەوە سروشتی خودگەراییە یارمەتی مرۆڤ دەدات بە شێوەیەکی جیاواز تەعبیر لە خودی خۆی بکات، بە هەمان شێوە ئەوە تێگەیشتنە دەبێتە ئەرکێکی وجودییانەی وەها کە بوونی مرۆیی لە جیهان و تێگەیشتنی مرۆڤ لەو بوونە دەوڵەمەندتر دەکات، هەبوونی مرۆڤیش لە هەمان کاتتدا بەرگریکردنە لە بوونی گەردوون.

بەڵام ئەگەر تاکە کەس لەمیانی بوونی خۆی و لە مەودای بوونی خۆیەوە دەست بە تێگەیشتنی مانای کاملی (بوون) بکات، چۆن لە بوونی خۆی لەنێو جیهان تێدەگات؟

---

[1] هایدگەر 1889-1976 بە یەکێگ لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا دێتە ژماردن، ئەگەرچی وەك فەیلەسوفێکی وجودی ناوی دەرکردووە، بەڵام ئەو خۆی بە وجودی نازانێت، بەڵکو خۆی بە فەیلەسوفی زانستلی وجود لە قەڵەم دەدات...بڕوانە: ماتن هایدغر، اصل العمل الفني، ترجمة: د. ابو العيد دودو، منشورات الجمل، ط1.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

هەڵبەتە بوونی مرۆیی لای هایدگەر بە بوونی هەنووکەییەوە بەندە، بە مانایـەکی دیکـە بوونی مرۆی هەنووکەیی بە تێگەیشتن بۆ خودی بـوون جیادەکرێتـەوە، کەواتـە هەنووکـە یان (وجودی خودگەرایی) واتـە تێگەیشـتن، تێگەیشـتنیش توانـای هـەبوونی هەنووکـە دەگەیەنێت، بە مانایەکی دیکە لە هەنووکەیی هایدگەریدا زەمەن لـە رابـردووەوە بـەرەو ئێستاو داهاتوو ناجولێت، بەڵکو لە داهاتوو بـەرەو رابـردوو و ئێسـتا دەجولێـت. لێـرەوە خودی تێگەیشتن راستەوخۆ پەیوەندی بە زەمەنی مرۆڤەوە دەکـات، بـەپێی ئـەو تـەعبیرە مرۆڤ حاڵەتێکـە لـە کەشـفیکردن و لەڕێگـەی کەشـفیکردنی بـوون بـەرەو مـەرگ وەك شیاوێکی ئەنتۆلۆژی لە (جیهان) دەردەکەوێت.

بەلاّم جیهان چەند (گشت)ێکی لە یەکتری جیا نییـە، بـەڵکو کۆمەڵـە پەیوەندییەکـە لەسەرووی خودی و بابەتییەوەیە، جیهان موڵکی مرۆڤە بەو مانایەی کە مرۆڤ لەجیهانـدا دەژیت و تەنها لەمیانی جیهانیشەوە دەرك دەکـات، مـرۆڤ لەڕێگـەی دەرککردنـی بـوونی زاتییانەی خۆی دەرك بە جیهانیش دەکات، لەو کاتەی کە جیهان خـۆی بـۆ مـرۆڤ ئاشـکرا دەکات، یان لەو کاتەی بـوار دەدات شـتەکان خۆیـان دەرخـەن، وەك دەزانـین دەرکـەوتن و ئاشکرابوونی جیهان لەمیانی زمان (ئاخاوتن)ەوە دێتە دی.

بەشێکی دیکەی قسەکردنی هایدگـەر لەسـەر (ئەسـڵی کـاری هونـەری) قسـەکردنە لەسەر شت، ئەو پێیوایە کاری هونەری لەمیانی شتەکانی جیهانەوە درووست دەبێت، وەك بەرد، رەنگ، ئاواز، زمان... هەروەها تێگەیشتن لە شتبوون تێگەیشتنە لە ژینگەیەك کـە بە شت ناوزەد کراوە، بە مانایەکی دیکە شتەکان بە سادەیی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کـە دەکەونە دەرەوەی عەدەمەوە، کەواتە شت ئەوەیە کە هەستی پێدەکەین هەر لەوێشەوە شت یەکیەتی جۆراوجۆری خۆی دەخاتەروو، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا شت بەشێوەیەکی راسـتەوخۆ

---

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ هیدجر، بقلم ماجوري جرين، ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، سلسلة اعلام الفيكر العالمي المعاصر، بيروت.

مەوجود دیاری ناکات، هەڵبەتە ئەو شتانەش لەکاری هونەرییدا بوونی راستەقینەی خۆیان ئاشکرا دەکەن، بەلاّم بەو سیفەتە نا کە شتگەلێکی جیا جیان و خراونەتە ژێر رکێفی گوتە زاتییەکانی عەقڵی مرۆییەوە، بەڵکو بەو مانایەی کە بە هەموو بوونەوە بەندن و ناشێت بوونی شت لە نەبوونی جیا بکەینەوە. بەمجۆرە هایدگەر کاری هونەری وەك شتێکی دروستکراو سەیر دەکات کە شتێکی دیکە دەڵێت، واتە رەهەندێکە کە تەجاوزی بە شتبوون دەکات، ئەو رەهەندەش لە جەوهەری کاری هونەری نەبێت ناناسرێتەوە، ئیتر لێرەوە تەئویلکردنی شت لە هەموو کاتێکدا راستەو قابیلی سەلماندنە وەك چۆن یەکەیەکی تەواو قابیلی گومانە بەو مانایەش چەمکی شت دووبارە دەماخاتە نێو سەرسوڕمانەوە، بۆ نموونە: گۆرانی، دەنگ، هەستکردن بە با...*

هایدگەر وەك فەیلەسوفێکی ئەنتۆلۆژی لە پرسیاری بە شتبوون سێ رێگە بۆ دەرککردنی شت لەیەکجیا دەکاتەوە بەوەی کە: هەڵگری سیفەتەکانە. یەکەیەکی هەمەڕەنگی هەستییە. ماددەیەکی ئاوێتەیە.[] لەو پێشەکییەی کە (گادامێر) بۆ کتێبی (ئەسڵی کاری هونەری) نووسیوویەتی لە راڤەکردنی ئەو سێ رێگەیەدا گادامێر دەڵێت: لە دیدی ئایینییەوە شتەکان لە وێنەی یەکەمەوە دەردەکەون، واتە وەك مەخلوقاتێك کە خودا دروستی کردوون و سیفەتەکانی خۆی تێدا چاندوون. بەلاّم لە دیدی مرۆڤایەتییەوە شتەکان رووتن، واتە ئەگەر بۆ چاککاری یان بۆ خزمەتێك بەکار نەهێنرێن ئەوە هیچ ئەرزشێك لەخۆ ناگرن، ئەوەش لەگەڵ نیازی زانستی نوێ بەیەك چاو سەیر دەکرێت، چونکە نە رێگەی بە بیرکردنەوە لە شتبوون دەدات، نە وەك هۆیەك بۆ روونکردنەوە تەماشا دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر تابلۆی وێنەی پێلاّوی جوتیارەکەی (ڤان کوخ) وەرگرین دەبینین لەو کارە هونەرییە خودی پێلاّو هەر تەنها وەك ئامراز بوونی نییە، بەڵکو بۆ

---

*ماتن هایدغر، اصل العمل الفني، ترجمة: د. ابو العید دودو، منشورات الجمل، ط1.

[] هـ.س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

نیازێك لە نیازەكان سوودی لێوەردەگیرێت، بەو مانایەش پێڵاو وەك شت سوودو خزمەتێك پێشكەش دەكات، بەلاّم وەك كاری هونەریی لە تابلۆكەی (ڤان كوخ) ئەركی هەر تەنها لەو سوودو خزمەتەدا كورت ناكرێتەوە، بەڵكو (ڤان كوخ) دەیەوێت جەوهەری ئەو (شت، ئامراز)ە حەقیقییە بنوێنێ، جەوهەری ئەو شتەش بەرجەستەكردنی دنیای گوندە لە وێنەگرتنی پێلاّودا.

كەواتە پێلاّو لە تابلۆكەی (ڤان كوخ) وەك پێلاّو نابێتە بابەت، بەڵكو وەك بەرجەستەكردنی خودی خۆی دەبێتە بابەت، یان وەك جەوهەری خۆی، بەو مانایەش (پێلاّو)ەكەی ڤان كوخ وەك ئەرك و نیاز بە دنیای خۆی هەڵناسێت، بەڵكو سەر بە دنیایەكی دیكەیە، رەهەندێكە تەجاوزی نیاز و سوودگەرایی دەكات، ئەوەش وەك گوتمان لە جەوهەری هونەرییدا نەبێت ناناسرێتەوە. لێرەوە ئیتر پێلاّو لە تابلۆكەی ڤان كوخ وەك كارێكی هونەری دنیای تایبەت بەخۆی دەكاتەوە و دەكەوێتە سەرووی زەمەنەوە.

دەشێ پێلاّوەكەی ڤان كوخ دوو دنیامان نیشان بدات، یەكەم: دنیایەك كە وەك ئەرك و نیاز پێلاّو پێوەی پەیوەستە، دنیایەك كە دووچاری هەرەسی كردووە، واتە وەك وەلاّمدانەوەی زەوی بۆ جوتیار. دووەم: دنیایەك كە لە جەوهەری كاری هونەرییدا دەردەكەوێت رەهەندێكی دیكەی هەیەو ئاماژە بە لادێ دەكات، وەك ئامرازێك دەبێتە وەلاّمدانەوەی جوتیار بۆ بێدەنگی زەوی، هەر لەوێشەوە بە حوكمی دڵنیایی ئامرازەوە جەخت لە دنیایی كشتوكاڵیانەی خۆی دەكاتەوە، بەو مانایەش جیهان و زەوی بە نیسبەت جوتیار بەیەكەوە (بەلاّم بە شێوەیەكی تایبەت) تەنها لێرە لەو ئامرازەدایە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئەو (شت/ئامراز/پێلاّو)ە وەك مادەیەكی ئاوێتە، یان حەقیقەتێكی ئاوێتە خۆی بەیان دەكات، بەجۆرە حەقیقەت لە كاری هونەرییدا لەنێودژی نێوان رۆناكی و

---

- هـ.س.پ.

شاردنەوەدا خۆی دەنوێنێ، نیشتەجێبوونی خودی حەقیقەتیش لەو مەوجودەدا بۆ جەوهەری حەقیقەت دەگەڕێتەوە.

هەڵبەتە (هایدگەر) وشەی حەقیقەتی یۆنانی بە وشەی کەشفیکردن یان دانەپۆشین و نەشاردنەوە تەرجەمە دەکات، بەڵام کەشفیکردن هەر تەنها دەرکەوتن نییە لەبەر خۆر، بەڵکو شاردنەوەش دەگەیەنێت، وەك رەگ لە قولآیی زەویدا... واتە کەشفیکردن لەسەر شێوەی تایبەت دادەمەزرێت، وەك چۆن ناوەوەی هەموو شتێك دەخاتە روو، بە هەمان شێوەش سەرکێشی خۆی دادەپۆشێت. واتە شاردنەوە، وجودی خودی خۆی نمایش ناکات، تەنها لە دەرکەوتنی مەوجودی هەنووکەیی ئێرەدا نەبێت. یان بە مانایەکی دیکە ئەو مەوجودەی لەڕێگەی کەشفیکردنەوە دەردەکەوێت خۆی بۆ سەرنجی ئەوانیدیکە دەخاتەوە، بەڵام هەموو ئەوانە نەشیاو دەکەوێتەوە هەتا ئەگەر کەشفیکردن و شاردنەوە لەخودی وجوددا وەك دوو رووداو سەیر نەکرێن.[§]

لێرەدا هایدگەر کاری هونەری لە بەخودبوونی خودەوە هەڵناگرێتەوە، بەڵکو وەك گواستنەوەیەك بۆ خود وەسفی دەکات، بە مانایەکی دیکە ئەوەی لە کاری هونەرییدا پەیڕەو دەکرێت کرانەوەی وجودە بەسەر مەوجوددا. کەواتە هایدگەر دژی ئەو دیاریکردنە هیگلیانەیە کە جوانی لەکاری هونەریی لە دەرکەوتنی هەستییانەدا دەبینێتەوە، وەك گوتمان ئەو پێیوایە کاری هونەری خودی خۆی لە بوونێکی تایبەتدا پێشکەش دەکات، بوونێك کە بەکاری هونەرییەوە پەیوەست بێت و ئامادەییەکی هەنووکەیی هەبێت، ئامادەییەك کە حەقیقەت لەڕێگەیەوە دەبێتە رووداو، یان بە مانایەکی دیکە ئەو ئامادەگییە دەرکەوتنێکی تایبەتی حەقیقەتە کە لە کاری هونەرییدا روودەدات.[**] ئەو

---

[§] ماتن هایدغر، اصل العمل الفنی، هـ.س.پ، ل50. بە مانایەکی دیکە حەقیقەت لە کاری هونەرییدا وجودی نییە تەنها لە ناکۆکی نێوان رۆشنایی و تاریکیدا نەبێت، لە نێودژی نێوان جیهان و زەوییدا نەبێت.

[**] هـ.س.پ.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

دەرکەوتنەی شتەکان لە کاری هونەرییدا مانای چوونیانە بۆ ناو فـۆرمێکی ڕێکخـراو لـە پەیکەرێکی وجودییدا کە ئەوەش دەبێتە فۆڕمی کاری هونەریی. ئەگەر فۆڕم دەرکـەوتن و ئاشکرابوونی جیهان بێت لە ناو کاری هونەرییدا، ئەوە کار (لەمیانی فۆڕم لـە بوونیـدا) لە خودێتی و بابەتێتی تێدەپەڕێنێـت.

کاتێك دەڵێین جیهان لـە هونـەرو ئەدەبـدا دەردەکـەوێت، دەرکەوتنەکـەی (لـە هـەمان کاتدا) بریتییە لە چوونە نێو فۆرمێکی ڕێکخراوەوە، کاتێك فۆڕم بەدی هات ئیدی کـاری ئەدەبی و هونەریی بوونی زەمینیانەی خۆی بەدی دێنێت. ئەوە مانای وایە کـاری هونـەری بینای تایبەتی خۆی هەیەو ئەو بینایەش وجـودی تایبەتمەندانـەی کارەکەیـە، بـەڵام ئـەو بوونە تایبەتمەندانەیە مانای ئەوە نییە کاری هونەری سەر بە(من)ێکـی خـاوەن ئـەزموون بێت، منێك کە مەبەستێتی شتێك لەڕێگەی کارەکـەوە بخاتـە ڕوو، بـەو مانایـەش کـاری هونەریی خۆی ڕووداوە، یان جۆرێك لە جووڵەیە کە هەموو ئەو شتانەی دەکرێـت بکەونـە پێشییەوە و پەرت و بڵاویان دەکات.[□□]

هایدگەر لە خوێندنەوەی شیعری هۆلـدرین و لـە هـەوڵی بـۆ تێگەیشـتن لـە بونیـادی وجودییانەی کاری هونەری چەمکێك لەبەرانبەر چەمکی جیهـان بـەکار دێنێـت ئـەویش (زەوی)یە، کەواتە ئەگەر جیهان مانای دەرکەوتن و ئاشکراکردنی ڕوونێتی بێت ئەوە زەوی لەبەرانبەردا مانای شاردنەوەو داپۆشین دەگەیەنێت، کاری هونەریش بەو پێیە لەسەر ئـەو پشێوییە دەوەستێت کە لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان دەرکەوتن و ئاشـکرابوون لـە لایـەك و شاردنەوەو داپۆشین لەلایـەکی دیکـە دێتـە دی، بـەو مانایـەش دەرکـەوتن و شـاردنەوە، ناکۆکی نێوان جیهان و زەوی، دوو لایەنی کاری هونەریین. هـەر لەوێشـەوە بـوونی کـاری هونەری لـە نیشـتەجێبوونی جیهانـدا بەرجەسـتە دەبێـت، جیهـانی کـاریش بـەکراوەیی دەمێنێتەوە، بـەمجۆرە بەرهـەم دەبێتـە زەرورەت، چـونکە بـوونی کـاری هونـەری بۆخـۆی

[□□] نصر حامد ابو زيد- شكالية القراءة و اليات التأويل.

مۆرکێکی بەرهـەمئامێزی هەیـە، هـەروەها ئـەو شـوێنەی کـە کـاری هونـەریش بـۆی دەگەڕێتەوە بە زەوی ناوزەد دەکرێت، ئەوەی لەو گەڕانەوەیە بۆ شوێن دێتە بەرهەم ئاشکرا بوون و شاردنەوەیە.

زەوەی ئەوەیە کە ماندوو بوون ناناسێت و هیچ شتێك ناسەپێنێت، مـرۆڤ مێـژووی خـۆی لەسەر زەوی بونیاد ناوە و لەسـەر زەوی دادەنیشـێت، بـەو مانایـەش کـاری هونـەری لـە جیهاندا نیشتەجێیە و زەوی بەرهەم دێنێت وەك چۆن زەوی دەپارێزێت بە دیوەکەی دیکەش پاڵ بە زەوییەوە دەنێت بە کراوەیی لە جیهاندا خۆی نمایان بکات.[]

زەوی وەك جەوهەر بە شێوەیەکی خودی داخراوە، بەلاّم بەرهەمی زەوی واتە (هـەڵگرتنی کرانەوە) بەو وەسفەی کە بەسەر خۆیدا داخراوە، لێرەدا داخرانی زەوی مانـای بنبەسـتبوون ناگەیەنێت، یەك شێوەیی ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوەیە کە بەرەو پڕبوون دەچێت و لە شـێوەی سادەدا گیر ناخوات. کەواتە زەوی ئەو دەرکەوتنە هەمیشە داخـراوو شـاراوەیە کـە ئـاواتی هەڵچوونە. ئیتر زەوی و جیهان وەك جەوهەر دوو جۆری لێکجیاوازن بەلاّم هیچ کاتێـك لـە یەکتر جیا نابنەوە بە دیوەکەی دیکەش زەوی و جیهـان لـە کـاری هونـەری کـۆ دەبنـەوە، بەمجۆرە جیهان و زەوی سەر بەکرانەوەن، بەلاّم جیهان سەر بە رۆشناییەو زەویش ئەوەیە کـە بەسەر خۆیدا داخراوە، کاری هونەریش لەرووی وجودییەوە هەر دوو دیوەکەی لـە حاڵـەتی پشێوییدا لەخۆ دەگرێت، وەك چۆن (بوون) لەمیانی ناتەباییەکانی وجـود و عـەدەم خـۆی بۆ مرۆڤ بەیان دەکات.

---

[] ه.س.پ،

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

## لۆژیکی تەواوکردن و توانای جیهانبینی
## پۆل سیزان[§§] وەك نموونە

### بازنەی هیرمینۆتیکی لەنێوان
### هونەرمەند/ کاری هونەری/هونەر

هایدگەر پێیوایە بوونەوەر بۆ هەبوون سەرچاوەیە و بێ بوونەوەر هەبوون هیچ مانایەکی نییە ، بەدیوەکەی دیکەش هەبوون سەرچاوەی بوونەوەرانە ، چونکە بوونەوەر سرووشتی خۆی لە هەبوونەوە بەدەست دێنێ، بەمانایەکی دیکە سرووشتی بوونەر لە هەبوون دەچێ. سەرەڕای ئەوەش هەر یەك لە بوونەوەر و هەبوون ناسنامەی خۆیان لە دازاین (بوون لێرەدا) وەرگرتووە.[***] ئەو پەیوەندییە سیبیانییەش بە بازنەی هیرمینۆتیکی ناو دەبرێت. بەمجۆرە بازنەی هیرمینۆتیکی ئەو فەزا جیاوازەیە کە (حەقیقەت)ی تێدا کەشف دەکرێت.

---

[§§] - پۆل سیزان (1839_1906) لە هەرێمی (ئێکس ئان پرۆفانس) فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە، لە لاوێتیدا هەمیشە هەستی بە دۆڕان کردووە، ژیان بە نیسبەت سیزان حەفیفەتێکی بزر بووە.. دواتر تا دوا تەمەنی هەموو ژیانی خۆی بۆ نیگارکێشان تەرخان کردووە.

[***] - بڕوانە: ج.هیو. سلفرمان، نصيات، ترجمة، حسن ناظم، علي حاكم صالح، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، ط1 2002، ص46.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

هیرمینۆتیکا ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو فەزا جیاوازە لەخۆ دەگرێ، کە ڕێگە بۆ پراکتیزەکردنی تەئویلی هیرمینۆتیکی دەکاتەوە. فەزای جیاوازی کە ڕێگە بۆ پراکتیزەکردنی تەئویلی هیرمینۆتیکی دەکاتەوە، ئەوەیە کە بەهۆی (کردە)وە جەخت لەسەر شوێنی (لەنێوان) دەکات.

حەقیقەت کەشفکردنە، کەشفکردنیش لە پرسیارکردنەوە دێتە بەرهەم. کەشفکردن ڕووتکردنەوەی ئەوەیە کە داپۆشراوە، وەك چۆن لە لەبیرکردن و فەرامۆشکردن دوور دەکەوێتەوە. کەشفکردن نەشاردنەوەی ئەوەیە کە ناکەوێتە ژێر کاری تێگەیشتن. لەمیانی کەشفکردنی وسبەلێکراو و داپۆشراو تەئویلی حەقیقەت دێتە ئاراوە. بەکورتی هیرمینۆتیکا کەشفکردنە و کەشفکردنیش بە پرسیارەوە دەلکێ.

ئەگەر ئەو بازنە هیرمینۆتیکییە بۆ ئەسڵی کاری هونەری تەرجەمە بکەین، ئەوە دەبێ بڵێین ئەسڵی کاری هونەری هونەرمەند بەرجەستە دەکات بەو وەسفەی کە ئەسڵی هونەرمەندە (چونکە هونەرمەند بەبێ کاری هونەری ناتوانێ هەبێ) بۆ ئەو پرسیارەی لەبارەی ئەسڵی کاری هونەری و هونەرمەندیش دەکرێ دەڵێین وەك چۆن هەر یەك لە هەبوون و بوونەوەران سرووشتی خۆیان لە دازاین (بوون لێرەدا) بەدەست دەهێنن. بە هەمان شێوە ئەسڵی هونەرمەند و کاری هونەری، هونەرە. واتە ڕێچکەی بەئەسڵبوون لە هونەرمەندەوە بۆ کاری هونەری و لەکارەوە بۆ هونەر جولە دەکات. ئەوەی لای هایدگەر گرنگە ئەوەیە کە کاری هونەری بەرێگەی تایبەتی خۆی کەشفی حەقیقەت دەکات. ئەو حەقیقەتە کەشفکراوەی لەڕێگەی هونەرەوە پێیدەگەین، کرانەوەی بازنەی جوانییە.

## کۆجیتۆی جەستە

## "من جەستەی منە"

ئەفلاتوون جەستە وەك زیندانێك دەبینێ كە دەروونی تێدا نیشتەجێیە، و ئەرستۆ لەنێوان جەستە و دەروون یەكبوونی وەزیفەیی رادەگەیەنێت، دواتر دیكارت ئەو چەمكە لەرێگەی میكانیزمەكانی ناوەوە درێژە پێدەدا. بەڵام جەستە لە فیكری هاوچەرخدا بە یەكێك لەو هۆیە بنەڕەتیانە دەژمێردرێت كە لەرێگەیەوە خود تەعبیر لەخۆی دەكات: بەدیوەكەی دیكەش لەرێگەی جەستەی خۆمەوە لە ئەویدیكە دەگەم، وەك چۆن هەر لەرێگەی جەستەمەوە دەرك بە شتەكان دەكەم.

میرلۆپۆنتی لەرێگەی كۆجیتۆیەكی فینۆمینۆلۆژییەوە تەجاوزی كۆجیتۆی دیكارتی دەكات، كە بوونی منی لە فیكردا قەتیس كردووەو دەڵێ: جەستەمان لە دەرەوەماندا نییە، بەڵكو بەشێوەیەكی سرووشتی هۆیەكە بۆ تەعبیركردن لە خۆمان. هەر لەوێشەوە دەستەواژە بەناوبانگەكەی (مارسیل) وەردەگرێ كە دەڵێ: من جەستەی منە. لەبەر ئەوەی جەستەمان بەشێوەیەكی بەردەوام بەرەو ئەویدیكەمان دەبات، بۆیە شارەزابوون لە جەستەمان، شارەزابوونە لە جەستەی ئەویدیكە، كەواتە ئێمە جەستەمان بابەتەو جەستەی ئەویدیكە ئاسۆ، یان بەمانایەكی دیكە لایەنێكی دیكەی ئەو شارەزابوونەیە.[]

میرلۆپۆنتی پێیوایە مرۆڤ لەرێگەی جەستەوە بوونی خۆی لە جیهان رادەگەیەنێت. جەستە ئامرازێكە بۆ ئامادەگی لە جیهان و بوون بە بەشێك لە واقیع. هەروەها دەڵێ جەستەی من لە بەرانبەرم نییە، رووبەڕووی منە، واتە بابەتێكی وەستاو بەخۆی نییە، یان شتێك نییە لەدەرەوەی من بێت و بێ من سەربەخۆ بێت، بەڵكو من جەستەی منە.

لێرەدا دەرككردن ئەوە نییە كە كلاسیكیەكان و قوتابخانەی دەروونی تەقلیدی بە چالاكی فیكری و دەروونی دایدەنێن، بەڵكو دەرككردن ئەو پەیوەندییە پتەوەیە كە دەكەوێتە نێوان جەستەو ئامادەگی جەستە لە جیهاندا، نەك هەر هێندە بەڵكو جەستە لای پۆنتی بنەڕەتی

---

[] - بڕوانە سایتی ئیمپراتۆر، فدوی رمضان، اكتشاف الجسد.

هەموو دەرككردنێكە. جەستە دەریچەیەكە شتەكانی لێوە دەبینین. ئەو پێیوایە ئەگەر قسەكردن تەعبیر لە فیكر بكات، ئەوە جەستە تەعبیر لە جیهان دەكات.

دنیا و جەستە لەنێو بینراودان، كەواتە دەبێ واز لەو حوكمانە بهێنین كە جەستە دەخەنە نێو جیهان و بینین دەخەنە نێو جەستەوە، یان بە پێچەوانەوە. چونكە هەر یەك لە جیهان و جەستە بەنیویەكداچوونە، یەك لەنێو ئەویدیكەدا دەبینرێت.[□□□]

بۆ زێتر ئاشكراكردنی فیكری میرلۆپۆنتی ئاماژە بە تیۆری روونبینی (حدس) دەدەین، كە لەسەر دوو تیشكی دووانەیی دەوەستێ: یەكەمیان ئەوەی لەڕێگەی هەستەكانەوە لە دەرەوە بەرەو ناوەوە دێ. دووەمیان ئەوەی لەڕێگەی ئاگایی یان هوشیارییەوە لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەچێ. كەواتە كردەی روونبینی لەنێوان خودو بابەتدا كردەیەكی ئاڵوگۆڕئامێزە. بەو مانایەش مرۆڤ هەر تەنها تەوەرێكی نێگەتیف نییە، كە پێشوازی لە هەستی دەرەكی دەكات، بەڵكو تەوەرێكی پۆزەتیفیشە واقیع بەرەو مانا و دەرككردن دەبات. ئەو نموونەیە تەعبیر لە جیاوازی هەست و خەون دەكات، یان وەك میرلۆپۆنتی جەختی لێدەكاتەوە دنیابینی و روونبینی. یەكەمیان زانستی مرۆیی پشتی پێدەبەستێ و دووەمیان كەشفكردنی فینۆمینۆلۆژی.[§§§]

## بینرا و نەبینراو

## لەنێوان گوتنی حەقیقەت و ماهیەتی شتەكان

ئەوەی چاوی هونەرمەند دەیبینێ بە نسبەت مرۆڤی ئاسایی نەبینراوە. وەك گوتمان توانای بینین لای میرلۆپۆنتی جەستەیە، بەو مانایەی كە سیستمێكی سەیری ئاڵوگۆڕكردنە. بەڵام دەبێ بزانین كە لە فینۆمینۆلۆژیادا لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی و بەنێویەكداچوون و لە

---

[□□□] - *بونتي, موريس ميرلو , المرئي واللامرئي , ت.د .سعاد محمد خضر, دار الشؤون الثقافية العامة , بغداد , 1987 , ص126.*

[§§§] - هـ.س.پ. ل13. فینۆمینۆلۆژیا –دیاردەگەرایی ئەوەیە كە دراسەی ماهیەتی دەرككردن و ئاگایی.... دەكات.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

چوارچێوەی کردەی دەرککردنی نێوان جەستە و جیهان، حەقیقەت کەشف نابێ، بەڵکو بە مانا دەگەین. مانا ئەو پرۆژەیە دیاری دەکات کە جەستە بە شتەکان و جەستە بە جەستەی ئەویدیکە دەلکێنێ.

لەو نووسینەدا من هەوڵدەدەم ئەسڵی (جەستە) لای میرلۆپۆنتی و ئەسڵی (هونەر) لای هایدگەر لەیەکنزیك بکەمەوە، لەوێشەوە بەهاوکاری پۆل سیزان بەدوای حەقیقەت هەنگاو دەنێم و لەرێگەی جاك دریدا گوتاری حەقیقەت، یان رووییەك لە رووەکانی حەقیقەت دەگرم و دواتریش بە بازنەی هیرمینۆتیکی و حەقیقەتی هایدگەری بەندییان دەکەم.

لەپرۆسەی نیگارکێشاندا (هونەرمەند/نیگارکێش) ئاڵوگۆڕێکی سەیر لەنێوان بینراو و ئەوەی دەیبینێ، دەستلێدراو و ئەوەی دەستی لێدەدا، چاو و چاوێکی دیکە و دەست و دەستێکی دیکەدا دەکات. هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەگەینە ئەوەی کە (هونەرمەند/نیگارکێش) لەرێگەی (هونەر/جەستە)وە خۆی ناس دەکات، ئەو پەیوەستبوونە توونده‌ی نێوان (جولەو بینین/کردەو کەشفککردن) لەلایەن (هونەرمەند/نیگارکێش) دەرککردنی (هەبوون/جیهان)ی لێدەکەوێتەوە، بەدیوەکەی دیکە دەرککردنی (هونەر/جەستە)ی لێدێتە بەرهەم.

لێرە لای میرلۆپۆنتی نیگارکێش جەستەی خۆی ئامادە دەکات. کاتێك نیگارکێش جەستەی خۆی بۆ جیهان دەردەبڕێ، جیهان بۆ تابلۆ دەگۆڕێ. کۆی ئەو پرۆسەیەش دەکەوێتە سەر بینین یان روونبینی یان بەدیوەکەی دیکە وەسفکردنی مانا. بەڵام لای هایدگەر ئەوە بوونە، هەبوون دیاری دەکات. سرووشتی بوونەوەریش لە هەبوون دەچێ. ئەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەی هەر یەك لە بوونەوەر و هەبوون بۆ دازاین دەگۆڕێ. کۆی ئەو پرۆسەیەش دەکەوێتە سەر کەشفکردن، یان بەمانایەکی دیکە حەقیقەت. لەبیرمان نەچێ کاری هونەری هەر لەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەدایە، بەڵام بەرێگەی تایبەتی خۆی حەقیقەت کەشف دەکات.

نیگارکێش بەهۆی جەستەوە دەرك بە (جیهان) دەکات. هونەرمەندیش بەهۆی هونەرەوە دەرك بە (هەبوون) دەکات. کەواتە مێژووی (هەبوون/جیهان) ئەو کردە تەعبیریەیە کە (جەستە/هونەر) پێی هەڵساوە، بەڵام مێژووی (هونەر/جەستە) پەیوەندی بە روونبینی و کەشفکردنەوە هەیە، لەڕێگەی پەیوەندی جەستە بە جیهان و هونەر بە هەبوونەوە. بەو مانایەش (جەستەو جیهان/هونەر و هەبوون) لەبەرانبەر ئەویدیکەدا کراوەیە، هەر لەوێشەوە دواتر دەگەینە ئەوەی کە هونەرمەند لای هایدگەر و نیگارکێش لای پۆنتی تەئویلکارە. یەکەمیان لەڕێگەی کردەوە بە کەشفکردن دەگات، دووەمیان لەڕێگەی بینینەوە بە ماناکانی جەستە دەگات.

## پۆل سیزان:

## بەر لەهەموو شتێ من بەهەستی بینینەوە پەیوەستم

پۆل سیزان بەرلەوەی نیگار بکێشێ لەو شتانە دەکۆڵێتەوە کە دەیەوێت نیگارییان بکێشێ، ئینجا لەدوای ئەوە رێگە بە بیرکردنەوەکانی دەدا بە ئازادی لە فەزای کارکردندا بخولێنەوە. بەمانایەکی دیکە وەك لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (ئیمیل بێرنار)دا دەڵێت: پێویستە مرۆڤ دنیابینی تایبەت بەخۆی بسازێنێ، بۆئەوەی سرووشت بەجۆرێك ببینێ کە کەس پێشتر وای نەبینیووە.****

---

****- ئێمیل بێرنار لە وتاری گفتوگۆ لەگەڵ "سیزان" کە لە گۆڤاری فەرەنسی ( Mercure de Frans: Paris, CXL, VIII, 551 “1 June, 1921” 373_393) بێرنار دەڵێت لەساڵی 1904 لەمیانی سەیرانێك لە هەرێمی (ئایکس) بە (سیزان)م گوت: رات بەرانبەر مامۆستاکان چییە؟ گوتی باشن، من هەموو بەیانییەك بۆ "لۆڤەر" دەچم، بەڵام من لەوان زێتر بەسرووشتەوە بەندم، لەسەر مرۆڤ پێویستە جیهانبینییەك بۆخۆی درووست بکات.. گوتم مەبەستت چییە؟ گوتی: پێویستە لەسەر مرۆڤ چاوێك بۆخۆی درووست بکات، دەبێ سرووشت بەجۆرێك ببینێ کە کەس پێشتر وای نەبینیووە. گوتم مامۆستا دەبێ ئەو چاوە پشت بەچی ببەستێ؟ گوتی: بە سرووشت. گوتم مەبەستت لەو وشەیە چییە، ئایا سرووشتی کەسێتی یان خودی سرووشت؟ گوتی: هەردووکیان.... بەشێك لەو چاوپێکەوتنە لە گۆڤاری

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

پۆل سیزان جەوهەری تووڕە بوون بوو، دژی خێزان و نیگاری داواکراو و گەوجێتی بورژوازییەت و بیرکردنەوەی تەسکی نەریتگەرا بوو، دژی ژیانی راگوزەر بوو... هەمیشە تووڕەییەکانی خۆی لە تابلۆکانیدا بەتاڵ دەکردەوە. کۆمەڵێك رەنگی دەخستە سەر رەنگەکانی دیکەی. هەر کاتێك کارێکی خۆی بەدڵ نەبایە تووڕی دەدا. هەمیشە دەیویست کارێك بکات، کە کەس نەیدیبووە. کاتێك بەرانبەر دیمەنی سرووشتی دەوەستا، چرپەیەکی سەیر ناخی دەدواند، بۆیە جارێك لەلای (ئەمیل زۆلا)ی هاوڕێی منداڵی گوتی: من لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی ژووری نیگارکێشان شتی سەرسوڕهێنەر دەبینم، بۆیە دەبێ بڕیار بدەم هەمیشە لە هەوای پاکدا نیگار بکێشم.

سیزان لە پرۆسەی نیگارکێشاندا ئەویدیکە تێکەڵ بەخۆی دەکات، بۆیە دەبینین کاتێك نیگاری خۆی درووست دەکات، شتێ دەبینێ کە پێشتر ئەو شتەی لەخۆیدا نەبینیووە، واتە بینراوێکی دیکە دەبینێ، یان ئەو شتە دەبینێ کە هاوەڵی بینینی دەکات. بەدیوەکەی دیکە بینراوێکی دیکە بەرهەم دەهێنێ. بەجۆرە شتەکان لەخودی ئەودا بیر دەکەنەوە.

نیگارکێش لەبیرکردنەوەدا بەدوای ژیاندا دەگەڕێت، ئەو جۆرە لەبیرکردنەوە لەبارەی جیهانەوە تەعبیر لەبیروڕا ناکات، بەڵکو نیگارکێش تێیدا بینین بۆ نیگار دەگوازێتەوە. لێرە دەشێ بڵێین کاری هونەری بیرکردنەوەیە، بەو مانایەش نیگارکێش فەلسەفەکارە، چونکە دنیای بینراو لەڕێگەی کاری هونەرییەوە بەقسە دەهێنێ، دنیای بینراو لەڕێگەی نیگارەوە دەبینێ، یان لەڕێگەی گواستنەوەی خودی خۆی بۆ نیگار.

بێگومان بیرکردنەوە لەو جیهانە بینراو و شوێنگەرییە، قسەکردن نییە لە دەرەوەی فەزایەك کە لە رۆشناییدا دەخولێتەوە، بەڵکو بەقسەهێنانە، یان بەمانایەکی دیکە فەزا و رۆشنایی

---

(الاداب الاجنبیە) بەناونیشانی "مابعد الانطباعیة، طرق فردیة نحو البناء و التعبیر/ هرشل تشب، ترجمة: خالدة حامد. ص40-54.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

لەقسەکردندا هەڵگرتووە، کەواتە کاتێك لەرێگەی تابلۆوە بیر لە جیهان دەکەینەوە، قسەکردن لە خاڵی سفری شوێندایە.

## حەقیقەت

## لەنێوان گوتنی سیزان و گوتنی شتەکاندا

میرلۆپۆنتی لەساڵی (1945) وتارێکی بەناونیشانی "گومانی سیزان" نووسی، لەوێدا بەوردی ئەزموونی نیگارکێشانی "سیزان"ی هونەرمەندی خستە بەرچاوان و دوای (10) ساڵان جاك دریدا وتارێکی لەبارەی هونەری نیگارکێشان بەناونیشانی (حەقیقەت نیگارە) لەبارەی "پێڵاوەکەی ڤان کوخ" بلاّو کردەوە... ئەگەرچی ئەو وتارەی دریدا لەبارەی ڤان کوخ بوو، بەلاّم گوتەزایەکی لە نامەی هەشتەم لە نامەکانی سیزان وەرگرتبوو، کە ئاراستەی (ئمیّل بیّرنار) کراوە و تێیدا دەڵێت: لە حەقیقەتدا من لە نیگار بەتۆ قەرزبارم و دواتریش ئەوە دەدرکێنم.

بەلاّم میرلۆپۆنتی لە وتاری (گومانی سیزان)دا دێری یەکەمی لە نامەی نۆیەمی سیزان وەرگرتووە کە لەو دێرەدا سیزان وەسفی حاڵەتی شپرزەیی عەقلّی دەکات و ئەو شپرزەییەش بە گەرمای هەرێمی "پرۆڤنساڵ" دەبەستێتەوە و دواتریش کە کەش و هەوا خۆش دەبێت، سیزان دەبینێ باشتر دەتوانێ ببینێ و بیر بکاتەوە.

لەنێو ئەو دوو گوتارەدا ئەگەر قسەکردنی میرلۆپۆنتی لە ئاڵوگۆڕی نێوان بیرکردنەوە و بینراودا خۆی بنوێنێ، ئەوە لای دریدا لە هەڵوەشانەوەی ئامادەیی نیگار و حەقیقەتدا دەردەکەوێت. وەك ئاماژەمان بۆ کرد سیزان لەو چاوپێکەتنەی ئێمیل بێرنارد هەستی بینینی بەرز راگرتووە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش میرلۆپۆنتی پێیوایە سیزان لە پرۆسەی کاری نیگارکێشاندا بینراو بەقسە دەهێنێ. بەدیوەکەی دیکەش دەیەوێت بلّێت کاتێ سیزان

---

- ج.هیو. سلفرمان، نصیات. ه.س.ث. ل70.
- ه. س. پ. ل71.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

باش دەبینێ دەتوانێ باش نیگاربکێشێ، کاتێ باشیش نیگار دەکێشێ کەواتە باشیش بیر دەکاتەوە. هەڵبەتە لەڕێگەی ئەو دێرە لە نامەکەی سیزان، میرلۆپۆنتی دەیەوێت تیۆری روونبینی پراکتیزە بکات، واتە دەیەوێت لەڕێگەی هەستی بینینەوە لە دەرەوە بەرەو ناوەوە بچێ و لەڕێگەی بیرکردنەوە لە ناوەوەی خۆی بۆ دەرەوە بخاتە روو. ئەو ئاڵوگۆڕی و بەنێویەکداچوونەش لە بەقسەهێنانی بینراو دەردەکەوێت. بەقسەهێنانی بینراویش بەقسەهێنانی ماهیەت و چۆنێتی ئەو بینراوەیە. بەمانایەکی دیکە بەقسەهێنانی حەقیقەتە.

لێرەدا ئەوە جیاوازی نێوان بینین و بیرکردنەوەیە، کە لەڕێگەی داهێنانی نیگاردا حەقیقەت دەکێشێ. دەشێ ئەو حەقیقەتە میرلۆپۆنتییە بە بازنەی هیرمینۆتیکی هایدگەر بچوێنین، ئەو بازنەیەی کە لەڕێگەی کەشفکردنەوە بە حەقیقەت دەگات. وەك دواتر دەردەکەوێت لای میرلۆپۆنتی لە بەیەکداچوونی هەستی بینین و بیرکردنەوە بە دنیابینی سیزان دەگەین، کەواتە نیگارکێشان لای سیزان دەلالەت لە توانای دنیابینی دەکات هەر لەوێشەوە ئەو توانایەی بینین و بیرکردنەوە بەیەکەوە لە نیگاردا قسە دەکەن، یان بەقسەهێنانی لێدەکەوێتەوە.

میرلۆپۆنتی پەیوەستبوونی نێوان بینین و بیرکردنەوە بە چەندان جار لە نووسینەکانیدا دووبارە دەکاتەوە، هەتا دەگاتە ئەوەی کە بڵێ سیزان بە نیگار بیردەکاتەوە، هەر لەمیانی ئەوەی کە دەڵێ نیگار بیرکردنەوەیە، حەقیقەت وەك نیگار بەرجەستە دەکات. سیزان لە نامەکانیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە حەقیقەتەوە بەندە.[§§§§] بێگومان ئەو بانگەشەیە بە فەلسەفەمان پەیوەست دەکات. فەلسەفەش بەڕێگەی بیرکردنەوە بە حەقیقەتمان بەند دەکات. بایەخی فەلسەفە لای میرلۆپۆنتی لە بەقسەهێنانی دنیای شتە بینراوەکاندا خۆی دەنوێنێ. واتە لەکۆی ئەو قسەلێکردنە میرلۆپۆنتی دەیەوێت بڵێ سیزان دنیای بینراو

---

[§§§§] - ه. س. پ. ل71.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

لەڕێگەی ئەوەی نیگار دەیبینێ بەقسە دەهێنێ، هەروەها لەڕێگەی گواستنەوەی دنیای بینراو بۆ نیگار دنیابینی خۆی بەرجەستە دەکات، ئەوەش زۆر بەباشی لە نیگارکردنی خودی خۆی و کێشانی دیمەنی سرووشتی بەرچاو دەکەوێت.

سیزان دەڵێ دنیای بینراو نیگارە، بەڵام ئایا حەقیقەت نیگارە. وتارەکەی دریدا لە بەدواداچوونی ئەو گوتەزایەی سیزان بە تۆخی لەسەر پەیوەندی نێوان حەقیقەت و نیگار دەوەستێ و ئەو پەیامەش لە چەمکی گوتەزاکەی سیزان دەکاتەوەو دەڵێ: دەشێ سیزان کە دەنووسێ بە حەقیقەت بە نیگار قەردارم، پەیامی کردەی نیگارکێشان رابگەیەنێت. لەڕێگەی ئەو پەیامەش سیزان دەیەوێت بڵێ حەقیقەت نیگارە. بەپێی ئەو لێکدانەوەیەی دریدا دەبێ کردەی نیگارکێشان گوتنی حەقیقەت بێ و حەقیقەتیش لە کردەی نیگارکێشاندا بەخششەکانی خۆی وەدەست بهێنێ. بەو مانایە ئەوە حەقیقەتە لە نیگاردا قسە دەکات، بەڵام ئایا ئەوە بەمانای ئەوەیە کە میرلۆپۆنتی دەڵێ فەزاو رۆشنایی لە نیگار بەیەکەوە قسان دەکەن؟

دەمەوێت بڵێم لەمیانی ئەو گفتوگۆیە لای میرلۆپۆنتی قسەکردن لە حەقیقەت، قسەکردنە لە بەیەکداچوونی هەستی بینین و بیرکردنەوە، یان بەمانایەکی دیکە وەك گوتمان بەرچاو خستنی ماهیەت و چۆنییەتی شتەکانە. بەڵام لای دریدا ئەوە سیزانە لەڕێگەی نیگارەوە دەیەوێت گوتارێك بۆ حەقیقەت بەرهەم بهێنێ، یان بەمانایەکی دیکە روویەك لە رووەکانی حەقیقەت بخاتە روو.

سیزان بە نسبەت دریدا لەڕێگەی نیگارەوە گوتارێك بۆ حەقیقەت بەرهەم دەهێنێ. واتە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات کە پێی قەرزارە، ئەوەش وەك نیگارکێش ئەرکی سەرشانیەتی، ئەو ئەرکەش ئەگەر وەك داهێنان سەیری بکەین دەکەوێتە میانی ئەو حەقیقەتەی کە پێشتر لە ئارادایە (واتە کە دەکەوێتە نێو ئەو شتانەی کە نیگاریان دەکات) و ئەو حەقیقەتەی کە لەڕێگەی نیگارکێشانەوە پێشکەشی دەکات (واتە لەڕێگەی دنیابینی خۆیەوە بەرجەستەی

دەکات). بەجۆرە سیزان پەیمانی داوە لەڕێگەی تێکەڵکردنی سیبیانەی هەستی بینین و بیرکردنەوە دنیابینی، حەقیقەت بەرهەم بهێنێ.

بەلاَم سیزان بە نسبەت میرلۆپۆنتی ئەو کەسەیە کە دەیەوێ نیگاری ئەوەی شتەکان دەیلێن، بکێشێ. میرلۆپۆنتی دەیەوێت بلێ سیزان نیگاری شتەکان دەکێشێ و لەوێشەوە ماهیەت و چۆنێتی ئەو شتانە دەڵێ، واتە حەقیقەت دەڵێ ئەوەش تەعبیر لە تەواوکردنی دیاردەگەرانە دەکات. بەو مانایەش توانای دنیابینی لای میرلۆپۆنتی لە ئاسۆی بینراودا جێگیر دەبێ و دەکەوێتە شوێنی جەستەوە. کەچی لای دریدا سیزان ئەوە نیگار دەکات کە دەیلێ. لای میرلۆپۆنتی سیزان ئەوە دەکێشێ کە شتەکان دەیلێن.

لێرە دەتوانم بلێم حەقیقەت لەنێوان ئەوەی سیزان دەیلێ و ئەوەی شتەکان دەیلێن، هێنانە قسەیە. وەك دەزانین بەقسەهێنان خۆی لەنێوان پرسیار و ئەوەی پرسیاری لێدەکات هەڵدەگرێتەوە. بۆیە کاتێك جیاوازی نێوان لۆژیکی توانای دنیابینی میرلۆپۆنتی و هەولۆەشانەوەی لۆژیکی تەواوکردنی دریدا لێکنزیك دەکەینەوە دەبینین وەك چۆن توانای دنیابینی جۆرێکە لە تەواوکردنی دیاردەگەرانە، بەهەمان شێوەش هەڵوەشانەوەی لۆژیکی تەواوکردن جۆرێکە لە توانای دنیابینی دەق.

**ڕەنگی ڕەق**

**بێدەنگی زەوی/ریتمی هونەری**

**خوێندنەوەیەك بۆ پێشانگای "پەیکەر"ی هونەرمەند نامق عەلی قادر**

ڕۆژی 2009/2/10 هونەرمەند "نامق عەلی قادر" لەشاری هەولێر و گەلەری "ڕۆژ" کە تایبەتە بەخۆی، پێشانگایەکی بۆ کارە پەیکەرییەکانی کردەوە. ئەگەرچی ئەو

پێشانگایە هیچ تایتڵێکی لەخۆدا هەڵنەگرتبوو، بەڵام من هەوڵدەدەم لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوە خوێندنەوەیەك بەئەنجام بگەیەنم.

لێرەدا تایتڵی سەرەکی (ڕەنگی ڕەق) تایتڵێکی شیعریی نییە، بەڵکو واتای هەردوو نیمچە تایتڵی " بێدەنگی زەوی/ریتمی هونەری" دەگەیەنێت. واتە من لەلایەك ئەو دوو نیمچە تایتڵەم وەك پڕشنگێك بۆ ڕازانەوەی تایتڵی سەرەکی بەکار هێناوە، لەلایەکی دیکە هەوڵمداوە وەك تێگەیشتن وشەی "ڕەنگ" لە ریتمی هونەری درێژ بکەمەوەو وشەی "ڕەق"یتی بە بێدەنگی زەوی بچوێنم، بەو مانایەش ڕەقێتی ئاسن وەك (فۆڕم-ئامراز)ی قۆناغی کشتوکاڵی تەرجەمەی بێدەنگی زەوی دەکەم و ریتمی هونەریش لەو ڕەنگە ژەنگاوی و کۆنە هەڵدەگرمەوە، کە هارمۆنییەتی فۆڕم و پێکهاتە نوێیەکانی کۆی پەیکەرەکانی ئەو پێشانگایەی لەخۆدا هەڵگرتووە.

کاتێك ئاسن ئەو قەبارە ڕەق و گران و نەگونجاو و زبر و ژەنگاوییە تەرجەمەی کردەیەکی هونەری دەکرێ و وەك پێکهاتەیەکی نوێی هونەری کاری لەسەر بەئەنجام دەگەیەنرێت، کاتێك لەکۆی خەسڵەتەکانی ئاسن ڕستەیەکی هونەری بونیاد دەنرێت... لەسەرمان پێویستە بپرسین ئایا ئەو پێکهات و ڕستەیە هەر تەنها بەیەکەوە لکاندنی کار و کارایە و بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی تەعبیرییە، یان بەرجەستەکردنی فۆڕمێکی دیکەی هونەرییە و بەپێی ئیقاع و دیزاینی هونەری جیاواز مەغزاکانی دەگۆڕێت؟

هەڵبەتە ئەمڕۆ هونەر ئەو شەقامە نییە کە بەرۆحی ڕەهاو حەقیقەتی ڕەهامان دەبەستێتەوە، بەڵکو لەدوای بانگەشە فەلسەفییەکانی مەرگی خوداو مەرگی مرۆڤ ئیتر هونەر وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینی، ئەو وەرچەرخانەش لەڕێگەی مەرگی ماناوە پڕشنگەکانی خۆی دادەڕێژێتەوە، بەو مانایەش ڕوونترین هونەر مۆسیقایە، چونکە تەعبیرکردنێکی ڕەوانی ڕۆح لەخۆ دەگرێت، بێ ئەوەی نامۆبوون بکەوێتە نێوان شتەکان و بابەتەکانەوە، بێ ئەوەی خڵتەی مانا و بەبیرهێنانەوە بیشێوێنێ. کەواتە ئەمڕۆی هونەر

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

نەبیرکردنەوەیە لە رەمزی لەخەوداماو، نە لە ململانێی فۆڕم و ناوەڕۆکدا ماوەتەوە، نە بەرجەستەکردنی رۆحی رۆمانسییەتە... ئەمڕۆی هونەر لەوەشاندنی چێژ و جوانیدایە.

هونەرمەند "نامق عەلی قادر" نزیکەی (35) ساڵە خەریکی کاری هونەرییە، بەردەوام لە هەوڵی بەرفرەوانکردنی ئەزموونی هونەری و شێوازە تایبەتییەکەی خۆی کار دەکات، بەڕای من یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەو هونەرمەندە ئەوەیە کە دەشێ کۆی کارەکانی لەژێر تایتلێکی گشتگیردا بخەینە روو، تایتلێك کە لەسەر ئەفسانەو رەمز وەستاوە و لەڕێگەی دەست بۆبردنی هونەرییانەو تەکنیکەوە تێکەڵ بە ریتمی ئەمڕۆی سەردەم دەبێتەوە، (لەو پێشانگایەدا زۆر بە جوانی ئیقاعی نەرمی سەردەم لە شتە رەقەکان هەڵدەسێت) بەڵام لەلایەکی دیکە تایتلی گشتگیر کۆمەڵێك گرفتی هونەری دەخاتەوە، یەکێك لەو گرفتانەش کوشتنی جیاوازییەکان و سنوردارکردنی دنیابینی و بەنبەست گەیاندنی ماناو جوانی و چێژە...

کەواتە دەشێ پرسیار ئەوە بێت ئایا لەمڕۆی خۆشڕۆدا هیچ دەرفەتێك بۆ ئاوڕدانەوە هەیە، بەبیرهێنانەوەی پەیکەری ئازادی، رەمزی یەکگرتن، خاچ، کۆتر... و کۆی چەمکە کاڵبووەکانی دیکە، دەکەونە کوێی پێشکەوتنە یەك لەدوایەکەکانی سەردەمەوە؟

بەبڕوای من راگەیاندنی مەرگی حیکایەتە گەورەکان هەموو ئاوڕدانەوەکانی خستە ژێر پرسی سەردەمەوە، ئەمڕۆ دەرفەتێك بۆ گەڕانەوە بە هەموو ماناکانییەوە، هەتا ئاوڕدانەوە تورەکەی "جۆن ئۆزبۆرن"یش نەماوەتەوە... ئەگەرچی نامق عەلی قادر ئەو ئاوڕدانەوەو گەڕانەوەیە لە ریتمێکی دیکەدا بەرجەستە دەکاتەوە، بەڵام خەسڵەتە هونەری و سوودگەراکانی (داس، گاسن، دەمەپاچ، هەوجار، مشار، ویل، چەکوش، تەوشك...) کە بەشێکی زۆرییان بەرەو زەمەنێکمان دەبەن کە رەنگە ئەو زەمەنە بە نسبەت نەوەی نوێ هیچ ماناو مەغزایەکی نەبێت.. ئایا چۆن بەو کەرەسانەوە بەشداری لە ریتمی سەردەمدا دەکات، لەلایەکی دیکە ئەگەر ئەو ئامرازانە وەك کەرەسەیەکی بەسوود تەماشا نەکەین

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

و وەك كاری هونەری چاوییان لێبكەین، لەم حاڵەتەدا دەست بۆبردنی هونەر بۆ هونەری چۆن لێكدەدرێتەوە، ئایا بینەران لەنێوان دوو هونەردا دووچاری ئیسكیزوفەرنی نابن؟ لێرە هەوڵدەدەین لەكۆی ئەو پرسیارانە بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ تەكنیكی هونەری ئەو پێشانگایە لە چەند چەمكێكدا خورد بكەینەوە.

بێگومان ئەو (فۆرم-ئامراز)ە ئاسنئامێزانەی لەو پێشانگایەدا كاری لەسەر كراوە، بەهۆی دەستلێدانی هونەرییانەوە چ وەك ئەرك و نیاز، چ وەك هونەر و تەكنیك دەكەونە دەرەوەی دنیای خۆیانەوەو لە وەزیفەی پێشووی خۆیان بەتاڵ دەبنەوە، لە دنیایەكی دیكەدا وەك پێكهاتەو فۆرمێكی هونەری جیاواز بەرجەستە دەكرێنەوە، واتە بەهۆی دەستلێدانی هونەرمەندەوە لە نیازە دیاریكراو و وەزیفە سوودگەراكەیانەوە بەرەو پێكهاتەی ئیستێتیكی و ئیقاعێكی هونەری دەبردرێن. ئەگەرچی لەروویەك لە رووەكان ئەو دنیایە بیر دەخەنەوە كە تەكنۆلۆژیای سەردەم دووچاری هەرەسهێنانی كردووە، بەڵام ئەو ئامرازانە بەشێكی زۆریان وەك وەڵامدانەوەی زەوی بۆ مرۆڤی كۆن شتێكەو وەك فۆرمی هونەری بۆ مرۆڤی ئەمڕۆ شتێكی دیكەیە.

ئەگەر وەك وەڵامدانەوەی سەردەمی كشتوكاڵی بۆ بێدەنگی زەوی بەشێك لە ئامرازەكان لەڕێگەی توونددوتیژییەوە جێگیربوون و هاوسەنگییان بونیاد نابێت و لەوێشەوە پەیوەندی بەراگرتنی هاوسەنگی و جێگیربوونی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوییەكی دیاریكراوەوە هەبێت، ئەوە لەو پێشانگایەدا ئەو جێگیربوون و هاوسەنگییە راستەوخۆ پەیوەندی بە هەستی جوانبینی بینەر و هاوگونجانی ریتمی هونەرییەوە هەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش نامق عەلی قادر توونددوتیژی ئاسن لەڕێگەی تەكنیك و ئیقاعی هونەرییەوە نەرم دەكاتەوە. دەمەوێت بڵێم هەرچەندە ئاستی دەست بۆ بردنی هونەرییانە بەرزتر خۆی نمایش بكات، ئەوەندە نامۆبوونی نێوان بینەر و شتەكان كاڵتر دەبێتەوەو هونەریش روونتر خۆی دەنوێنێ، هەرچەندە لە كردەی بەیەكەوەلكاندنی ئامرازە ئاسنینەكان، لە رستەی تەعبیری دوور

بکەوینەوە، ئەوەندە بەرەو ریتمی هونەری و چێژ دەبینەوە، هەرچەندە هاوسەنگی و جێگیربوون لە زەوی بکەینەوە، ئەوەندە بەرەو هەڵنانی جوانی و یاریکردن لە بۆشایی و ئاسمان دەبینەوە...

بە مانایەکی دیکە لەم پێشانگایەدا کۆی کارەکان لەرێگەی چوونیان بۆ نێو فۆرمێکی نوێ ماناو تەئویلەکانی پێشووی خۆیان تێدەپەڕێنن، واتە (ئامراز-فۆرم) ئامادەییەکی دیکەو جولەیەکی دیکە نمایان دەکەن، ئەگەرچی ئەسڵی خۆیان لەدەست نەداوە، بەلاّم لە شێوە لۆژیکیەکەیان بەتاڵ بوونەتەوەو بەرەو (پەیکەری باڵندەو دەستی ئاسنین و پەیکەری ئازادی و فلوت و سەرەگاو هێما ئەفسانەییەکان... بوونەتەوە، واتە ئەگەرچی ئەو شتانە وەك دەرکەوتن بوونی تایبەت بەخۆیان و وەك حەقیقەتی دەوروبەرمان بوونی خۆیان لەدەست نەداوە، بەلاّم لە هەمان کاتدا لەکاری هونەریشدا بەشدارن و رووداوێك یان جولەیەك دەنوێنن. لە باری یەکەمدا شتێکمان لە بارەی نیازو سوودگەرایی بۆ دەگێڕنەوە، هەر لەوێشەوە رەنگی ژەنگاوی قۆناغی کشتوکاڵی تێکەڵ بە دەنگدانەوەی قۆناغی پیشەسازی دەکەن. بەلاّم لە باری دووەمدا ئەو (ئامراز-فۆرم)انە لەپێناو چێژی هونەری دەردەکەونەوەو دەبنە ریتمێکی هونەری و لە بەشتبوون دەبنەوە، بەو مانایەش هونەر نە رێگە بەبیرکردنەوە لە بەشتبوون دەدات، نە وەك هۆیەك بۆ روونکردنەوە تەماشا دەکرێت، هەر لەوێشەوە ئامرازەکان نیازو سوودگەرایی تێدەپەڕێنن و وەك کارێکی هونەری دنیای تایبەت بەخۆیان درووست دەکەنەوەو دەکەونە سەرووی زەمەنەوە، ئەوەش تەعبیر لەنێودژییەك دەکات، کە دەکەوێتە نێوان لۆژیك و نالۆژیکەوە، نێوان سوودو چێژەوە، ئەو نێودژییە بە کەشفیکردن و شاردنەوە پەیوەستە.

کەواتە ئەو فۆڕمە رێکخراوانەی کە لە پەیکەرەکانی (نامق عەلی قادر) دەبینرێن جۆرە جولەو ئیقاعێك لەخۆ دەگرن کە دەشێ هەموو ئەو شتانە پەرت و بلاّو بکەن کە دەکەوێتە پێشییانەوە، واتە پرۆسەی هونەری لەو پێشانگایەدا لەسەر چوونە نێو

فۆڕمێکی ڕێکخراو وەستاوەو پشێوییەك دەنوێنیٚ کە لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان دەرکەوتن و شاردنەوە دێتەدی، هەر لەوێشەوە دوو لایەنی کاری هونەری بەرهەم دەهێنن کە بە چێژو جوانی بەندە.

بەجۆرە (ئامراز-فۆڕم) وەك حەقیقەتێکی چەسپاو لەو پێشانگایەدا پەرت دەبیٚ، چونکە حەقیقەت لەکاری هونەرییدا وجودی نییە، تەنها لە ناکۆکیدا نێوان دەرکەوتن و شاردنەوەدا نەبێت.. لەنێودژی نێوان ڕووناکی و تاریکی نەبێت.. دەمەوێت بڵێم هونەر ئەوەیە کە لە بۆشاییدا دەمانهێڵێتەوە، هونەر ئەوەیە کە هیچ شتێك نەمابێت دەستی پێوە بگرین، هونەر هەستی تەنگ پێهەڵچنینمان لا دەوروژێنیٚ...

2009/2/24

**سەردار سنجاوی:**

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

## لێخوردبوونەوە لە مینماڵ و کونستیوەڵ نزیکتری کردمەوە

### "بەشی یەکەم"

هیچ دەستێك ناتوانێت کەزی (با) بهۆنێتەوە

(ئەدۆنیس)

(1)

کەوتنەوەی گورزە رووناکیەکان بەرئەنجامی خەستبوونەوەی هەوڵ و لێکۆڵینەوەی زۆر بوو لە ئاستە جیاکانی پلاستیکاو خوێندنەوە لە بوارە جیاوازەکاندا. ئەو ئێوارەیەی سەرەتای گورزە رووناکیەکانی لێکەوتەوە، ئێوارەیەکی جیا بوو لە نانەوەی کاری هونەریم و هەڵنانی جوانی... وەك ئەوەی ئاسمان لەو فڕینە ئیستاتیکیەو لە بەفیزیککردنی ئەو دیدە پڕ لە جوانییەدا لەگەڵمدا بێت، کاتێکیش تیشکی ئەو ئێوارەیە لە گورزەکانی دەدا لە رێگەی هەڵنانی جوانی و چەشەی ئەو گورزە بەراییانە زێتر بە خوێندنەوەدا رۆیشتم.

لە درێژەی ئەو کارە هونەرییە تایبەتە ناوێك کە بتوانێت ئەو کارانە بەخۆە بگرێت گورزە رووناکیەکان بوو، ئەو کارە لەرێگەی پراکتیزەکردنی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستە جیا جیاکان و بەکاربردنی ئاوێنەو تیشکدانەوەی لەسەر دیوار لە نێوەندێکی تاریك گەیشتە ئەنجام. ئەو کارە لەرێگەی دووری جیاوازو جوڵەی جیای ئاوێنەیەکی بازنەیی دۆزرایەوە.. دواتر هەندێك لەو شێوە گورزە بازنەیی و هێلکەییانەم کۆپی کردە سەر پانتاییە پلاستیکییەکان و چەندین سکێچ و ئاوتلاینی ئەو گورزە بازنەیی و هێلکەییە قەوارە جیاوازانەم لەسەر چەند رووبەرێك کۆکردەوە.. هەروەها چەند نموونەیەکیشم تائێستا وەك دیکۆمێنت پاراستووە و توانیم بیانگەیەنمە (سیدنی). هەڵبەتە ئەو دیکۆمێنتانە بۆ ئەزموونی من بایەخی تایبەتیان هەیە. ئەو ئاستە جیاوازەی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی هونەری و ئەزموونکارییە جۆرێك بوو لەکارگواستنەوە لە ژوورەکانی وێنەکێشانەوە بۆ ژوورە تاریکەکانی تاقیکردنەوە

بە تیشك و ڕووناكی.. بەم تێكەڵاوبوونە یان كەوتنەوەیە هونەرمەند دەتوانێ لە ستۆدیۆوە بۆ تاقیگە بگوازێتەوە.. ئەوەش وەك زۆرێك لە بوارە جیاوازەكانی دیكەی ئەزموونی مرۆڤایەتی خۆی نمایان دەكات.

هەڵبژاردنی تایتڵی گورزە ڕووناكیەكان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی خوێندنم لەبەشی زانستی قۆناغی ئامادەیی.. دەستەواژەی گورزە ڕووناكیەكان یەكێك لەو وشانە بوو كە خۆشم دەویست و پاشان دوای چەند ساڵ لەكاركردنی هونەریم دووبارە سەری هەڵداوە، لەدوای دروستبوون و كەوتنەوەی گورزە ڕووناكییەكان لەبواری پلاستیكی وەك كردەی هونەری بێ زۆر لەخۆكردن دەتوانم بڵێم ئەو كارە تەواو بەدەنگەوە هاتنی پێداویستییەك بوو بەو دیالۆگە پلاستیكییە كە دواتر لە دیالۆگ و خوردبوونەوە پتر پەرەی سەندو (12) تابلۆی لێكەوتەوە.

(2)

وەك كۆلیتكسیۆنێك گورزە ڕووناكیەكان بوو بە نمایشی پێشانگای تایبەتی چوارەمم.. گورزە ڕووناكییەكان وەك هێنانەوەی وشە، هەر وشەیەكی دیكە لە ڕۆژانەی ژیان و كۆندێكستە جیاكان گواستنەوە نەبووە، پتر لەوەی كەوتنەوەی ساتەوەختی جوانی و بەدواداچوونی جوانی بوو لەسەر ئاستە جیاوازەكانی هونەری تەكنیكی چۆنایەتی و بەكاربردنی كەرەستەو هێنانەناوەوەی كەرەستەی دیكەی وەك پلاستیك و بورغی و گرنگیدان بە بۆشایی و هێشتنەوەی ڕووبەری پلاستیكی ڕوون وەك بەشێك لە كاری هونەری كە مەبەست و گەیاندنی خۆی لەپشت بوو.. لە پێشانگای ناوبراودا (2) تابلۆی ئاسۆیی و (10) كاری شاقوڵی كەوتە بەردیدی بینەران، وەك هەڵنانێكی دیكەی ڤالیو ڕەگەزە هونەرییەكان دەكەوێتەوە نەك ڕاستبێژی لە گواستنەوەو بەخشین.. بەمجۆرە گواستنەوەی ساتەوەختێكی دیاریكراوو بەخشینی دوو دووری دەبێتە شتێك لەدەرەوەی نمایشكردن. كەواتە هەرگیز ناتوانیت گورزە ڕووناكیەكی ڕاستەقینەی سەر دیوارێك بگوازیتەوە چونكە دەچێتە خانەی

کارێك کە ناتوانرێت دووبارەی بکەیتەوە... لێرەدا کارایی و بەرز ڕوانی هونەرمەند رۆڵی هەرە گرنگ دەبینێ لە تەکنیك و چۆنایەتی نانەوەی ئەو کارە هونەرییەکاندا.. چونکە ئەوە هونەرمەندە ئەو هێزو وزە و ڤالیوە هونەرییە بەرزە بە کارە هونەرییەکەی دەبەخشێت، بەڵام کە بە نموونە دەکەویتە بەراورد لەنێوان گورزە راستەقینەکەی سەر دیوار و گورزی نێو گورزە رووناکیەکان وەك هونەرێکی نزیك بە دوو دووری، دەبینین گورزە رووناکیەکان وەك تەکنیك و نەمانی چوارچێوە لە رووە گشتییەکەیدا ببووە هونەرێکی سێ دووری بەوەش چاوێکی دیکەی لە بینین هێنا پێشەوەو کێشەی بە سێ دووری لێکەوتەوە، بەرە بەرە ئەو گرفتە روو لە چارەسەر بوو.. فرەوانبوونی ئاسۆیەك بوو لە رووی تەکنینك و پلاستیکاو کایەکانی و خۆشککردنی زەمینەیەکی باشتر بۆ تێپەڕان و بەردەوامی..

نەبوونی کیورەیتە وایکرد کە خۆم ببمە کیورەیتەی گورزە رووناکییەکان. پێشاندانی تەنها (12) کاری هونەری گرفتی ئەوەی هێنایە پێشەوە چۆن بۆشایی نێوان هۆڵی (میدیا) بەکار بهێنم، بۆ ئەوەش توانیم پارتیشنەکان بجولێنم و بەشێوەیەکی ئەوتۆ هۆڵەکە بهێنمە بەرچاو کە هەست بە بۆشاییەکی زۆر نەکرێت، تاکو بینەر لەو پێشاندانە لەنێوان هەریەك لەو دوانزە کارەو تەواوی بۆشایی گەلەرییەکە بە جۆرێك رووبەرووی هەستێکی خۆش و پەیوەندییەکی گونجاو ببێتەوە.. بە گەڕانەوە بۆ دوکیمێنتی ئەو گورزانە لە گەلەری میدیا ئەو لایەنە رۆشنتر دەردەکەوێت و دەکرێ وەك سەرەتایەك ئەو خوێندنەوەیەش سوودبەخش بێت بەوەش فرەوانبوونی ئەو دیالۆگبینینە پتر رەخساو سەرنجدانی نوێی بینینانەی پتر لێکەوتەوە.

ئەوانەی بوونە بینەری گورزەکانیان بەرەو شیکردنەوەو بەراوردی هەڵدەنان و وەك ئاراستەکردنیش بەرەو نزیکبوونەوەو گرنگی ئەو دوو هۆکارە نەك هەر لەو پەیوەندییەدا بەڵکو وەك دوو هۆکاری رەخنەی پلاستیکی هەوڵە بەردەوامەکانی خۆپێگەیاندنی هونەری بەر لە گورزەکان کە بۆ سەرەتایەکی زوو دەگەڕێتەوە داواکاری زۆری هەبوو. گەڕان بە مانا

بەرفرەوانەکەی و بەدواکەوتنی راستی و گەڕان بەدوای راستی.. بەر لەوەی تـەواو دەرك بـەوە بکەیت راستیەکان لە دەرەوەی هەندێك لەو سەرچاوانەن کە ببوونە سەرچاوەی هونەرەکە.

کاتێك داواکارییەکان بۆ کارابوون و رێکردنی پەیوەسـتبوونێکی پرۆفیشـنەلانە ئاسـتێکی بەرزی پێگەیشتن و چەشەی هونـەری داوا دەکـرد.. ئـەرك و گەڕانەکـە بـەرفرەوانتر دەبـوو.. گـەڕان بـەدوای کەرەسـتەش رووبەرووکردنەوەیـەکی دیکـەی پلاسـتیکا بـە ئـەزموونی بەکاربردنی کەرەستەی نوێ بوو.. پلاستیکی روون لە دووری جیاوازەوە هاتە نێـو ئـەزموونی هونەرەکەمەوە.. کەرەستەی زۆرم بـەکاربردوو لـە هـەموان زێـتر بەسـەر پلاسـتیکی روون گیرسامەوە..کە دواتر لە داتەکاندن و هونەری پـەتی نزیکیکردمـەوە، هـەر لەسەرەتاشـەوە هەتا دەهات خۆم لەسەر بردنە خوان بەدوور دەگرت و هەرگیز بە سیریالیەت نزیـك نـەبووم و دوور بووم لـەو رێچـکە و هـەر زوو پێموابـوو لەسـەر ئاسـتە جیاوازەکـان چـیڕۆکئامێزو پەنابردنە بەر گێڕانەوەو سەگوزشتەخوازییە.

پلاستیکی روون کەرەستەیەکی بەرهەمی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا بوو هـەتا دەهـات لـە رۆژانەی ژیاندا ئامادە بوونی زێتر دەبوو، تەنانـەت سـالانێکی دووری بـەر لـە گورزەکـانیش پلاستێك جۆرێك لە زەمینەی رەخساند و چارەسەری پلاستیکی لێکەوتەوە لەوێشـەوە خـۆی بە رروونی بە هاوچەرخێتییەوە گرێ دەدا هـەر بۆیـەش لـە خوێندنـەوەی نوێخوازانـەی ( X Ray) بەردەوام بووم، پاشان کار لەسەر کردن و دواتریش گەیشتن بە گـورزە رووناکییـەکان کە پلاستیك وەك پێکهاتەیەکی گرنگی ئەو کارانە خۆی نیشـان دەدا. ئـەوە پلاسـتیك بـوو بەرەو خوێندنەوەی ئەوەی بردم کە بونیادی فیزیکی مـرۆڤ لەچـاوەکانیدا دەبریسـکێنەوە وەك ئەوەی نموونەی پلاستیکی بەر تیشك بن.. چەند بـوون و بونیـادی بـێ تروسـکایی چـاوەکان بوونەوەرەکان بێ بریسکە دەکات.

لێرەوە لەخەونی ئەوە دابووم رووبەرووی گەیاندنێك ببمەوە کە سەراپا بێت لـە پلاسـتیکای روون تێپەڕاندنی تیشکو بینایی.. هەموو ئەوانەش لەو گەڕان بەدوای کەرەستەیەدا وایکرد

کەزێتر بکەومە نزیکی لەبەکاربردنی پلاستیك. خۆشم بەردەوامبووم لەخۆ درووستکردنەوەو ئاوڕدانەوەی خۆڕسکانە بۆ خستنە ژێر پرسی مەسەلە گرنگ و گەوهەرییەکان.. واتە گەیشتنە ئاستە جیاوازەکانی فیکرو خوردبوونەوە کە لە شیکارکردنێکی وردەوە سەرچاوەیان گرتبێت. هەڵبەتە ئەوەش لە دەرکرپێکردنێکی رەخنەیی و هەستیارانە بە رابردوو دەگەیەنێت. ئەو تێگەیشتنە فیکرییە لە هێنانەکایەی گورزە رووناکییەکان جوانتر خۆی نیشان دەدا..

(3)

لەرووی بەرز راگرتنی تەکنیکی بەرزی هونەری هەر زوو بڕوام بەوە هێنابوو کە شتێك بهێنمەوە وەك ئەوەی دەستی مرۆڤی بەرنەکەوتبێت چونکە مرۆڤ پرۆژەیەکی ناتەواوە بەلاّم دەشێ جوانترین و نزیکترین پرۆژەش بێت لە تەواوی وشیاریدا.. تەکنیك و جوانی بەتایبەت لە ئێستای هونەردا تەواو بەرزبۆتەوە بە تایبەت دوای ئەو نزیکبوونەوە زۆرەی هونەر لە دیزاین و تەواو بەکاربردنی کەرەستەی پلاستیکیدا ئەوەش وای لە هەندێك لە هونەرمەندەکان کردووە کە بەگژ ئەو پەڕی بەرزی تەکنیکیدا بچنەوەو کارێك بخەنەوە کە بچێتە خانەی دژە تەکنیك.. بەو مانایەش لەسەردەمی های تەکنۆلۆژیادا تەکنیکی هونەر هێندە هەڵچووە کە هونەرمەندانێك وەك پەرچەکردار دەکەونە خستنەوەی هونەرێك کە هەڵگری دژە تەکنیك بێت.. دیسانەوە فرەوانکردنی ئاسۆی دیالۆگی پلاستیکی و کایەکانی کۆمەڵێك بوارن کە بەرەو تێپەڕاندنمان دەبات و وامانلێدەکات لە بەردەوامی هێزی لەبننەهاتووی هونەر هەر لە رێکردنداین و نەگیرسێینەوە.

**"بەشی دووەم"**

پۆشین نەبا کێ دەیزانی رووتی چییە

(کاروان کاکەسوور-رۆمانی مامزێر)

(1)

سەبارەت بە هەردوو چەمکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکرێ پرسی ئەوە بکەین ئەی لەبوارەکانی دیکەی ئەزموونی مرۆڤایەتی ڕۆژهەڵات لە ئێستادا چەند توانیوویەتی بە بەراورد لەگەڵ خۆرئاوا بجوڵێت؟! نەك لەڕووی داهێنان چەند لێکنزیکبوونەوە هەیە .. سەیری نەمانی جیاوازییەکان و کرانەوەی خۆرئاوا و قبوڵکردنی بەرامبەر وەك دەرئەنجامێکی فیکری پۆست بکە. ڕۆژهەڵات بەگشتی وەك دووچاری نەخۆشی هاتبێت پێویستی بە چاکبوونەوەو هەڵسانەوە هەیە، تا بتوانێت لە هەناوی جوانی و دیدە ڕۆژهەڵاتیەکەیەوە جارێکی دیکە تێهەڵبێتەوەو جوڵە و یاری خۆی بکات.. خۆرهەڵات لە ئێستا بۆتە گرفت و کێشە بۆ خۆرئاوا.. خۆرئاوا مامەڵە لەگەڵ خۆرهەڵاتی دەکات، وەك ئەوەی لەگەڵ بونیادێکی نەخۆشدا بیکات.. مامەڵەی لەگەڵدا دەکات چونکە تەواوی جوڵەو داهێنانەکان جگە لە یەکتری قبوڵکردن شتێکی دیکەیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە. هەر چەندە خۆرئاوا لە بەرزی فڕین و تەکنۆلۆژیای بەرزدا ڕۆڵی بەڕێوەبردنی ئەو ئەستێرە بگێڕێ و بەرەو بۆشایی بچێت.. هەرچەندە بەبێ خۆرئاوا ئەو ئەستێرەیە وەك ئەوەی شتێکی نەهاتووبێت وابێت.. هەرچەندە دەستکەوتی گەورەی شارستانی مرۆڤ لەگەڵ خۆرئاوا گەیشتۆتە ئاستێك لە جوانی و سیحر، لە کۆنترۆڵکردنی کەرەستەو هێنانی خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ.. بەڵام کاتێك باسی ڕۆحی مرۆڤایەتی دەکەین ئەوە کۆنسێپتی خۆرهەڵات و خۆرئاوا کاڵدەبێتەوەو مرۆڤ دەکەوێتە بەر ئەزموونی چۆڵاییەکی گەورەتر کە بەرامبەر بە هێزێکی نادیار و پڕ ئیشکال دەستەوەستانە.. خۆرئاوا لە بەرزە فڕینی تەکنۆلۆژیای خۆیدا دەیەوێت خۆرهەڵات بەرزکاتەوە بۆ ئاستێك لە ئیستاتیك لە ئیمکانیبوونی دایەلۆگ.. مادامەکێ کایەی ئەوتۆ هەن کە مرۆڤ نەیتوانیووە دەرکیان پێبکات و نەیتوانیووە بچێتە ناویانەوە ئیتر ئەوە وا دەکات ڕێزێك بۆ ئەویدیکەی ڕۆژهەڵات لەئارادا بێت.. هەروەك لەسەر

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

ئاستی زۆر لە لایەنەکانی دیکە خەریکە سنوور لەنێوان زۆر لە چەمك و بوارەکاندا کاڵبێتەوە.

کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە هەرتەنها جۆرێك لە زەرورەتی ناولێنانە.. هەروەها خۆرهەلاَتیش کۆنسێپتی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لەوەدایە بەدیوە ئاشکراکەی ئەو گۆڕانە قبول بکات.. چونکە لە قولاَییە دوورەکاندا خۆرهەلاَت وەك ئەوەی دەرکی بەوە کردبێت خۆرئاوا لە ئێستادا بە چ نیگایەکەوە دەڕوانێتە خۆرهەلاَت ئەوانەش زەمینە و ئاسۆی دیالۆگ بەرفرەوانتر دەکەن و مرۆڤ لە شتە زیادەکان رزگار دەکەن و گەمەیەکی گەورەتر لە فڕینی بۆشاییەکان بەئەنجام دەگەیەنن ئەوەش ئەو گۆرانیەم بیر دەخاتەوە کە لە دەرەوە گوێ بیستی بووم و دەلێت: ئێمەی مرۆڤ بچووکین بەلاَم مەزنین کاتێك رووبەرووی ئاسمان دەبێتەوە.

(2)

هەر وەك وتراوە هونەر دوای (میشیل دوشامپ) وەك خۆی نەمایەوە، دواتر بەرەو کۆنسێپتوەڵ و کێشەی تایتڵ رۆیشت.. بەردەوامی هەوڵەکان وایکرد لە هونەری دوو دووری بەرەو هونەری سێ دووری و پێکهاتەی سێ دووری و ئینستۆلەیشن رێبکەین.. کاڵبوونەوەو نەمانی سنوورەکانی نێوان نیگارکێشان و پەیکەرسازی و بەشەکانی دیکەی هونەری ئەلیکترۆنی و بیناییەکان... لە گۆڕانە گەورەکاندا خۆی هەڵدەگرێتەوە.

سەرەتای دوای گورزە رووناکیەکان بەکاربردنی کەرەستە بوو لە فۆڕمی نوێ لە نزیکبوونەوەیەکی دیکە بۆ شتەکانی دەوروبەر.. شتە بەکارهاتووەکانی رۆژانە.. کەرەستە دۆزراوەکان.. یان هەندێك جار بە تایبەت هەڵبژاردنی هەندێك کەرەستەی پرۆداکتی نوێ.. بەکاربردن و خوێندنەوەی جیاواز.. ئیتر تا دەهات داتاکان لە شتە زیادەکان ئەوانەی کە هونەر نایەوێت هەڵیانگرێت خۆی جیا دەکردەوە.. دوای گورزە رووناکییەکان وەك هەستیاری و وشیاری لەسەر ئاستە بەرزەکانی وجود سەرسام بوون لەنێوان هونەرو غەیرە هونەر بەرزەفڕی و خوێندنەوەی جیاو نوێ بۆ شتە لەمەوبەر بینراوەکان بەدیدی نوێ کە تیایدا

زۆرێك لە شتەکان لە ساکارترینیاندا دەبنە هەڵگری گـەورەترین هێمـا.. لـەوێوە گەیشـتمە ئەوپەڕی دەرکردنی جوانی...

(3)

نزیکبوونـەوەی تـەواو لـە قۆنـاغی دوای کەرەسـتە گەیشـتن بـە ئاسـتێك لـە جـوانی کـە لاپەڕەیەکی سپی بەراورد بێت بە دەسکەوتێکی هونەری دیاریکراو.. هێزو ئێشکگیری خـۆی لە پشت بوو، قۆناغێك لە بڕواو هەڵنان بە تەواوی لە هونەرداو گەیشتنە هونـەرێکی بـەرز بە بێ پەنابردنـە بـەر کەرەسـتەو ئامـادەیی فیزیکـی وەك جۆرێـك لـە جیاکـاری دێتـەوە.. بەدیوەکەی دیکەش پەیوەندیەکی گشتگیرو دیدێك کە مرۆڤەکان و کردەکانی دیکـە دەبنـە ئۆبژێت و کەرەستەی جولاو، کە دوای کەرەستە ئەوپەڕی هەست و ئاوێتەکردنی هزرو هونەر دەگەیەنێت، ئەوپەڕی ئیستاتیکای هونەری و سادەیی.......

تایتڵی گشتگیر کێشەی ئەوەی هێنایە ناوەوە کە چۆن نمایشە جۆراوجۆرەکـانی ئـەو گورزانـە لە یەکدی جیا بکرێنەوە.. ئەوەش وایکرد لە بەرهەمهێنان داواکاری دوای گورزەکان نیمچـە تایتڵ بهێنمەوە کە بەر لەوەش لە ئینستیولەیشنێکدا دوای گورزە روونـاکییـەکان شـتەکان ئەنجام درابوون.. سەبتایتڵی (کاتێـك لـە ئوسـترالیام بـیری کوردسـتان دەکـەم، کاتێـك لـە کوردستانم بیری ئوسترالیا دەکەم) دواین سەبتایتڵ بوو لـەو پەیوەندییـەدا.. گواسـتنەوە لـە دوو دووری بۆ سێ دووری بووە پێویستی دیدی هونەری و جوانی و ئیسـتاتیکا ئەوەشـم لـە زۆر لە شتەکانی دەوروبەر دەدۆزییـەوەو بـەدوایان دەکـەوتم.. ئـەو خوردبوونەوانـە نـزیکتری کردمەوە لە مینماڵ و کونستیوەڵ تەنانەت مینیماڵ هاتە ناو رۆژانـەی ژیـانم و لـەو بڕوایـە داتاکانی هونەری زێتر هەڵکشان کە داوای ئاستە بەرزەکانی پێگەیشتن و چەشەی هونـەریی ئەو پەڕی وشیاری ئیستاتیکی و هەڵنانی جوانی سەرنجدانی بینینانەو یاریکردن لە بۆشایی و گرنگی بۆشایی و بەرهەمهێنانی ستراکتۆرەکان لە بۆشاییان دەکرد.. ئۆبژێکتـە ئەوپـەڕی

سـادەو پـڕو هـەڵگرەکان.. گەڕانـەوە بـوون بـۆ نـاوخۆ، بـۆ نـاوەوەی شـتەکان و گەوهـەری گشتەکان..

**پەراوێزو سەرچاوەکان**

1- بڕوانە (عەلمانیەت و ئایین) د.موحەمەد ئەرکۆن لەوەرگێڕانی (نەوزادئەحمەد ئەسوەد) زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (201)ی (2005) ل.40

2- بڕوانە: الکتابە والاختلاف، جاك دریدا – ترجمە کاظم جیهاد – تقدیم، محمد علال، دار توبقال للنشر 1988.

3- بڕوانە: مدخل الفیکر الفلسفی، جوزیف بوخنیسکی – ترجمە: د.محمود حمدی زقزوق. دار الفیکر العربی/1996 ل 39 (گۆڕگیاس،483-375، پ م ، فەیلەسوفێکی سۆفستایی گومانکارە) .

4- بڕوانە: هـ.س.پ. ل40-44 (دیکارت،1596-1650).

5- بڕوانە: گۆڤاری، الفیکر العربی المعاصر، ژمارە (6/7) نووسینی جۆرج زیناتی.

6- بڕوانە: عەلمانیەت و ئایین. هـ. س. پ. ل75.

7- هـ. س. پ. ل63.

8- بڕوانە: (www.alimparatur.com) نووسینی: جەودەت زیادە.

9- عەلمانیەت و ئایین. هـ. س. پ. ل73.

10- هـ. س. پ. ل23.

11- الحكيم، سعاد-ابن عربى، مولد لغه جديده، الوسسه الجلمعيه للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت ط1، 1991. ئەو کتێبە دەیەوێت قسە لەسەر جیهان و جیهانبینی، لە نێوان دنیاو زمانەکەی، پەیوەندی نێوان ژیان و زمانی (شیخ محێدینی عەرەبی) بکات. بەڵام بە دوای شێوازی ئەو پەیوەندییەدا ناگەڕێت، چونکە دەزانێت لە نێوان ئەزموون و زمانەکەی هاوگونجانێك لە ئارادایە، بەڵکو ئاواتی ئەوەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی ژیان و بینییەکانی ئەو ڕیسایانە کەشف بکات، کە حوکم بەسەر ژیان و زمانی دەکات.

12- ناوی مەحمەد کوڕی عەلی کوڕی مەحمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی عەبدوڵلا حاتەمی تائییە، لە 26ی تەمموزی 1165 لە شاری (مەرسییە) ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس لەدایکبووە.

13- ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشوو بە یەك چاو سەیری ئیبن عەرەبی دەکەن و یەك وێنەی پێدەبەخشن ئەویش ئەوەیە کە ئیبن عەرەبی نایەوێت لە ئاییزایە تایبەتییەکەی خۆی جیا بێتەوە، بەردەوام دنیابینییەکەی خۆی دەشارێتەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا شەرعییەکان هێرشی بکەنە سەر، تەنها بە ڕەمز نەبێت، یان بە پێکچوواندن و وێنەگرتن نەبێت کاری نەکردووە، هەروەها پێیانوایە بۆیە لە ڕێگەی ڕەمز و ئاماژەوە کاری کردووە تاکو بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ تێڕوانینیی قورئان ڕێکی بخات، چونکە وا سەیری دەقی قورئانی دەکات کە وشەکانی وەك دیار پێویستی بە وەستانێکی هیرمینۆتیکی هەیە، ئینجا بەپێی تێروانینی خۆی هەموو دەقێك وەك دیار نادیار دادەپۆشێت، ئەو نادیارەش هەر تەنها بە تەئویل دەردەکەوێت، بە گشتی ئەوە لای هەموو لێکۆلەرەکانی پێشوو بە زمانی ئیبن عەرەبی دادەنرێت، بۆ نموونە: 1-سەعید حسێن نەسیر دەڵێت زمانی ئیبن عەرەبی لە بنەڕەتدا زمانێکی ڕەمزییەو هەموو شێوەکانی ڕەمز هەر لە ڕەمزی شاعیری، ئەندازەیی، بیرکاری، بەکار هێناوە، ڕەمزییەت بە نیسبەت ئەو گرنگییەکی زیندووی هەیە، چونکە گەردوون بە زمانی ڕەمز دەماندوێنێت. هەر لەوێشەوە میتۆدی ڕاڤەکردنی ڕەمزی لەسەر قورئان بە ئاشکرا پراکتیزە دەکات. 2-زەکی نەجیب مەحموود، پێیوایە بەکارهێنانی ڕەمزی لای ئیبن عەرەبی بۆ ئەوەیە درك بە نادیار بکرێت لە ڕێگەی دیارەوە، بە مانایەکی دیکە پێیوایە میتۆدی ڕەمز لای ئەو پشت بە پەیوەندی ئاماژەیی نێوان ڕەمز و بە ڕەمزکراو دەبەستێت. 3- ئەبو عەللا عەفیفی دەڵێت: ئیبن عەرەبی زاراوەی فەلسەفی و فیۆلۆژی زۆر بەکار دەهێنێت لە ڕێگەی هاوواتای یان مەجاز لەگەڵ ئەو بێژەیەی لە قورئاندا هاتووە، هەر وەك چۆن پەنا بۆ شێوازی شیعری دەبات، هەروەها بەکارهێنانی ڕەمز لای ئەو بۆ ئالۆزکردنی شتەکان نییە بەڵکو بۆ بابەت دەگەڕێتەوە بۆ نموونە (موسا) وەك ڕەمز ڕۆحی خوا دەگەیەنێت، هەروەها هەندێك لە ئایەتە قورئانییەکان تێکەڵ بە یەکتر دەکات کە هیچ پەیوەندییان لە نێواندا نییە. نەسر حامد ئەبوزێد، پێوایە زمان لای ئیبن عەرەبی پەیوەندی بە وجودەوە هەیە، لەوێوە هاوسەنگییەك لە

نێوان پیت و لە نێوان هەبووەکان درووست دەکات، پیت لەگەڵ تەواو بوون دێتەوە، بوون لە بنەڕەتدا لەگەڵ قورئان هاوسەنگە بەجۆرە: بوون...قورئان...زمان...ئەو هاوسەنگییە لەسەر ئەو بنەڕەتە درووست بووە کە بوون بە ئاست و پایە و جیاوازەکانی لە ڕێگەی زمانەوە لە قورئان دەردەکەوێت. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: الحكيم، سعاد-ابن عربى، مولد لغه جديده، هـ.س.پ. ل17-18-21-22-26.

14- ابوزيد، نصر، اللغه/الوجود/القرآن: دراسه فى الفيكر الصوفى، مجله الكرمل، عدد، 62، لسنه،1999، ل156-157.

15- سەعید، شاهۆ، لە چاوی دڵەوە بۆ نائاگایی، گۆڤاری (سەردەم) ژمارە (45) ساڵی (2006) ل.134

16- بڕوانە: الحكيم، سعاد-ابن عربى، مولد لغه جديده، هـ.س.پ. ل67-68.

17- هـ.س.پ. ل65-66-67.

18- هـ.س.پ. ل.79

19- هـ.س.پ. ل80-81.

20- مۆنۆلۆگرافیا ئەو کتێبەیە کە بە دەوری تاکە بابەتێکدا دەخولێتەوەو لە هەموو لایەنەکانی ورد دەبێتەوە. بڕوانە: باشلار، لهب شمعة، ترجمة: د. مي عبدالكريم محمود، عمان، اردن، ط4، 2004،ص28.

21- هـ.س.پ، ل50.

22- هـ.س.پ. ل33.

23- هـ.س.پ، ل.20

24- غاستون باشلار (1884-1962) یەکێکە لە فەیلەسوفە بە ناوبانگەکانی فەرەنسا لە بواری مەعریفەی زانستی خاوەنی تیۆری دابڕانی مەعریفە، بە گشتی کارەکانی دەکرێتە دوو بەشی جیاواز، بەشێك پەیوەندی بە ئەبستمۆلۆژیاوە هەیە لەو بوارەدا ئەو کتێبانەی بەرهەمهێناوە: العقل العلمي الجديد/1943، تكوين العقل العلمي/1938، العقلانية الطبيقية/1948، المادية العقلانية/1953، بەشی دووەمی بۆ لێکدانەوەی ئەدەبی تەرخان کردووەو لە ڕێگەی میتافۆری ئەرستۆیی خەیاڵی مرۆیی بە (ئاگر و ئاو و خاك و هەوا) پەیوەست دەکات و لە ڕێگەی شیکردنەوەی سایکۆلۆژیای یۆنگ و فینۆمینۆلۆژیاوە کارە ئیبداعییەکان بەرجەستە دەکاتەوە. لەو بوارەدا ئەو کتێبانەی بەرهەمهێناوە: التحليل النفسي للنار/1937، الماء و الاحلام/1914، الهواء و الرؤى/ 1948، جماليات المكان/1957، لهب شمعة، او شاعرية أحلام اليقظة/1960.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

25- باشلار، لهب الشمعه، هـ.س.پ. ص.9

26- باشلار نەستی کۆ (یۆنگ) زۆر لە فیکرەی نەستی فرۆیدی بە باشتر دەزانێت، فیکرەی نەستی کۆی یۆنگ بە دەوری نموونەی میسالی واتە وێنەی ئەسلیدا خولدەخوات، بەو مانایەش دەلالەت لە کۆی ژیان دەکات. بڕوانە: هـ.س.پ، ل8.

27- هایدگەر) دەگاتە ئەوەی میتۆدی دیاردەگەریی ((فینۆمینۆلۆژی)) لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات، کە شتەکان فەرامۆش بکرێن، تا خۆیان چۆنن ئاوەها دەرکەونو دیار بن، بی` ئەوەی گوتەکانمان بەسەریاندا بسەپێنین، ئەوە ئێمە نین، ئاماژە بۆ شتەکان دەکەینو دەرکیان پێدەکەین، بەڵکو خودی شتەکانن خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکەن، بنەچەی ڕاستەقینەی تێگەیشتنی دروست ئەوەیە ئێمە تەسلیمی هێزی شتەکان بین، تا خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا بکەن. بڕوانە: نصر حامد ابو زید- شكالية القراءة و التأويل- المركز الثقافي العربي- ط4-1996/ الفصل الاول، ص31،32. هەر لێرەشەوە وێنە لای باشلار خۆی لە شیکردنەوەی دەروونی جیا دەکاتەوە چونکە شیکردنەوەی دەروونی ڕەهەندێکی دیکە بە وێنە دەبەخشێت.

28- بونیادگەری زمانەوانی لەلای هەر یەك لە (سوسێر، مارتینیە، هلمسلیف، ترۆبۆسکیە، هاریس، هوکیت، بلۆمفلی..) بونیادگەری سەردی لەگەڵ (ڕۆلان بارت، کلۆد بریمۆن، ژیرار ژنێت..) بونیادگەری شێوازگەری لەگەڵ هەر یەك لە (ریفاتێر، لیو سبیتزر، ماروز، پییر گیرۆ..) بونیادگەری شیعریی (جان کۆهین، مۆلینۆ، ژۆلیا کریستیڤا، لۆتمان..) بونیادگەری دراماتۆلۆژی لەگەڵ (هیبلۆ..) بونیادگەری سینەمایی لەگەڵ (کریستیان میتز..) بونیادگەری سیمیۆلۆژی (گریماس، فیلیب هامون، جۆزیف کۆرتیس..) بونیادگەری سایکۆلۆژی (لاکان، شارل مۆرۆن...) بونیادگەری ئەنترۆپۆلۆژی (کلۆد لیڤی ستراوس، فلادیمێر پرۆپ..) بونیادگەری فەلسەفی (جان پیاجێ، فۆکۆ، دریدا لوی ئالتۆسێر..) پەرەیان پێدراوە. بڕوانە: شبكه النباو المعلوماتيه- الاربعاو 28 اڎار،2007، البنويه و النقد البنيوى.

29- مەبەستمان لە کتێبی (تاصيل النص-المنهج البنيوى لدى لوسيان غولدمان)ی نووسەر (د. محمد نديم خشفه) بکات. ئەو کتێبە لە (مرکز الانماو الحچارى- حلب) چاپ کراوە، ساڵی (1997) چاپی یەکەمی کەوتۆتە بازارەوە. ئەگەرچی لەو کتێبەدا هەر یەك لە چەمکی (جیهانبینی، تێگەیشتن و ڕاڤەکردن) قسەی لێکراوە، بەڵام هەر یەك لە چەمکەکانی (ئاگایی جێگیر و ئاگایی شیاو، بونیادی داڵی مەزن و داڵی بچووك، پاڵەوانی ئیشکالی) کە گۆڵدمانی پێ دەناسرێتەوە، قسەی لێ نەکراوە، بۆ ئەو

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

مەبەستەش، بڕوانە کتێبی (البنوية التكوينية و النقد الادبي، مؤسسة الابحاث العربية، ش،م،م. بيروت-لبنان، راجع الترجمة: محمد سبيلا، ط1، 1984.
30- تاصيل النص-المنهج البنيوى لدى لوسيان غولدمان. هـ.س.پ. ل12.
31- هـ.س.پ. ل15.
32- هـ.س.پ. ل27.
33- هـ.س.پ. ل17.
34- هـ.س.پ. ل57.
35- هـ.س.پ ل44.
36- هـ.س.پ. ل20-.27.
37- هـ.س.پ. ل47.
38- وەرگر چوار ناو لە لێنراوە، هەر چواریان یەک مانا دەبەخشن: یەکەم/ تیۆر* وەرگرتن. دووەم/ تیۆر* پێشوازی*. سێیەم/ تیۆر* وەلامدانەوە* خوێنەر. چوارەم/ خوێندنەوە. ئەو تیۆرە بەشێوەیەک* راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەر* یەکەم: فۆرمالیستەکانی* رووس. دووەم: بونیادگەر* پراغ. سێیەم: دیاردەگەرایی* ئەنگاردن. چوارەم: هیرمینۆتیکا* گادامێر. پێنجەم: سۆسیۆلۆژیا* ئەدەب*.
39 - لا* "ستانلی* فیش" سەرچاوە* نووسین نە دانەرە نە خوێنەر، بەڵکو کۆمەڵگە* تەئویلکارە، ئەوە کۆمەڵگە* تەئویلکارە خوێندنەوە* دەقەکان دادەمەزرێنێ*، لەبەر ئەوە* ئەو کۆمەڵگەیە دەق دادەمەزرێنێ* بۆیە دەق خود* نییە، چونکە لە تاکێکەوە هەڵنەقولاوە. بەڵکو دەق جەماوەرییە.
40 - ج. هيو سلفرمان، نصيات بين الهرمينوتيكا و التفكيكية، ترجمة: حسن ناظم و علي حاكم صالح، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، ط1، 2002، ص.112
41- گادامێر لە کتێبی* ((الحقيقة و المنهج) ئاماژە بە جیاوازی* نێوان ئەزموون و شارەزایی* دەدا و دەڵێت: شارەزایی* (Erlebnis) شتێکە دەبینە خاوەنی* و بە خودەوە پەیوەست دەبێت.... بەڵام ئەزموون (Erfahrung) شتێکە دەکەوینە ژێر بارییەوە، بۆیە تەجاوزی* خودگەرایی* دەکات و بەرەو رووداو و مانا دەبێتەوە.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

بڕوانه: الحقيقة و المنهج، الخطوط الاساسية لتأويلية فلسفية، ترجمة حسن ناظم و علي حاكم صالح، دار أويا، 2007، ص23.

42 - ج. هيو سلفرمان، نصيات. ص122.

43- محمد عزام، التلقي و التأويل، بيان سلطة القاريْ في الادب، دار الينابيع-ديمشق، ط1، ص52ْ.

44- ئەنداماندْ قوتابخانه* جنێف ( مارسيل ريمۆند، ئەلبرت بيگۆن، جۆرج پۆلييه، جۆن بيير ريتشارد، جان رۆسۆ، جان ستارۆبنسك*...).

45- مەنفای کوردی لە نێوان سێ نەوەو سێ ئەزموون، مەریوان وریا قانیع، گۆڤاری ڕەهەند، ژ:12/13، ساڵی 2001.

46- ادب المنفى او الحچور الغياب، د. عصام عبداللّه، 9 فبراير 2008، فى الساعه 10:38. بڕوانه: سایتی کوکول، سایتی دروب.

47- کۆمەڵگاو منداڵە نامۆکانی، بەشی یەکەم، بەختیار عەلی، گۆڤاری ڕەهەند، هـ.س.پ.

48- هـ.س.پ.

49- ادوارد سعيد، صوره الپقف، محاچرات ريت سنه 1992، ترجمه: غسان عص/دار النهار للنشر- بيروت 1996، ل39.

50- الاغتراب السياسى لدى الاجئين الفلسگينين فى مخيم العروب و علاقته ببعچ المتغيرات، اعداد و تنفيژ: أ. بسام بنات و أ. بلال سلامه، اشراف الدكتور: محمود ميعارى، 2003، الفصل الاول، ص10.

51- هـ.س.پ. ل12،11.

52- بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانه :هـ.س.پ. وتارى (صوره المپقف).

53- الاغتراب السياسى لدى الاجئين الفلسگينين..هـ.س.پ. ل12.

54- هيكل، مختارات،2، ترجمه: الياس مرقص، دار الگليعه-بيروت، 1978،ل59،53.

55- بۆ زێتر شارەزایی بڕوانه: نامۆبوون، ئاشتی حەمە، گۆڤاری کاروان، ژماره 79، ساڵی 1989.

56- نیگای دەست، کۆمەڵە شیعر، شاعیران: هەندرین، ئیلیۆنۆرا برۆ، شێروان خدر، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، چاپخانەی دیلان-سلیمانی، شەقامی مەولەوی، چ1، 2005، ل12.

57- لای (برجسون) جەوهەری ژیان هەستکردن نییە بە وجود، بەڵکو هەستکردنە بە چوونە نێو ژیان، چوونە نێو ژیانیش تەعبیرکردنە لە زەمان و مەکان. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:جاستۆن باشلار، جماليات المكان، ترجمه: غالب هلسا، كتاب مجله الاقلام، بغداد، 1980، ل19.

58- برجسون بڕوای بە دوو جۆر لە وێنەی شیعری هەیە، یەکەمیان ئەو وێنەیەیە کە بە دەرەککردنەوە بەندە، دووەمیان ئەوەیە کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە تەعبیری لێدەکرێت. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: جاكوب كورك، اللغه فى الادب الحديپ،ترجمه: ليون يوسف و عزيز عمانويل، دار المأمون، بغدا،1989، ل234، 240.

59- باشلار، جماليات المكان، ه.س.پ. ل24،22،21.

60- بڕوانە: کتێبی "الفهم و النص، دراسه فى المنهج التأويلى عند شليرماخر و ديلتاى، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الجزائر-الجزائر، ص70.

61- زانستە سروشتییەکان، لەسەرنجدانی شتەکان "بابەتەکان" دەلالەتی بونیادەکانی هەڵدەنێ، زانستە مرۆییەکان دەلالەتەکانیان لە تێگەیشتنی تەعبیرەکان، یان بەبابەتکراوە عەقڵی ڕۆحییەکان دایە. یەکەمیان زانستێکی فیزیاییە، بەڵام دووەمیان کردەگەلێکی دیاریکراوە لە ژیانی عەقڵییەوە هەڵدەقوڵێ. لەڕێگەی بەڵگەهێنانەوە نایناسین، بەڵکو دەبێ دەرکی پێبکەین.

62- بڕوانە: کتێبی "الفهم و النص، دراسه فى المنهج التأويلى عند شليرماخر و ديلتاى، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الجزائر-الجزائر، ص95.

63- بڕوانە کتێبی: اشكالية القراءة و اليات التؤيل، نصر حام ابوزيد، المركز الثقافي العربي، ط7، 2003، ص22.

64- كادامير، مفهوم الوعي الجمالي في الهيرمنيوتيكا الفلسفة، د. ماهر عبدالحسين حسن، دار التنوير 2009، ط1، ص71.

65- اشكاليه القراوه و اليات التؤيل.. ص36،33،32.

66- كادامير، مفهوم الوعى الجمالى فى الهيرمنيوتيكا الفلسفه... ص141.

67- بڕوانە: کتێبی "الفهم و النص، دراسه فى المنهج التأويلى عند شليرماخر و ديلتاى، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الجزائر-الجزائر، ص99.

68- بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانە: كادامير، مفهوم الوعي الجمالي في الهيرمنيوتيكا الفلسفة، د. ماهر عبدالحسين حسن، دار التنوير 2009، ط1،ص85.

69- لە کتێبی التلقي و التاويل، محمدعزام دا لە بارەی بابەتگەرایی دەق و خودگەرایی لە لاپەڕە 52 دەگوترێت: بابەتگەرایی دەق لەکۆی ئەو مانایانەوە دێتە بەرهەم کە دانەر دەیخاتەوەو خوێنەر دەستی بۆ درێژ دەکات و دەری دەهێنێتەوە. خودگەرایش پابەندە بە خوێنەر و پشت بەپاشخانی رۆشنبیریی خوێنەر دەبەستێت و لەسەر بنەمای هەڵکۆڵینی مانا لە دەق دێتە بەرهەم.

70- بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: محمد عزام، التلقي و التأويل.. بيان سلطة القارىء في الادب، دار الينابيع، ستوكهولم-سويد، ط 1، ص 44.

71- بڕوانە: کادامير، مفهوم الوعى الجمالى فى الهيرمنيوتيكا الفلسفه، د. ماهر عبدالحسين حسن، دار التنوير 2009، ط1،ێ34.

72-بڕوانە: ج.هيو. سلفرمان، نێيات، ترجمه، حسن ناڤم، على حاكم ێالح، المركز اليقافى العربى، دار البيچاء-المغرب، گ1 2002، ێ75.

73- کادامير، مفهوم الوعى الجمالى. هـ.س.پ. ێ.109

74- هـ.س.پ. ل 137، .128

75- بۆ زێتر شارەزایێ بڕوانە: محمد عزام، التلقى و التڕويل.. بيان سلگه القار*ء فى الادب، دار الينابيع، ستوكهولم-سويد، گ 1، ێ .40

76- هـ.س.پ. ل.100،99،98

77- هـ.س.پ. ل .111

78- بۆ زێتر شارەزایێ بڕوانە هـ.س.پ. ل113

79- هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی،چ 1، 2007، ل.198

80- شوبنهاوەر و نیچە، هۆشەنگ شێخ محەمەد، لە سایتی دەنگەکان 2009/4/14 وەرگیراوە. www.dengekan.com

81- لە میتافیزیکی ئەفلاتووندا جیهانی ئێمە ساختەیە، واتە نارەسەنەو دروستکراوەو لە فۆرمە بەرزەکەوە بەرهەمهێنراوە.

82- لە بوون، تێگەیشتن لە بوون و راستی لای هایدگەر بە پێنج قۆناغ تێپەڕیووە: قۆناغی پێش سوکرات، سەردەمی ئەفلاتوون، سەدەکانی ناوەڕاست، سەردەمی تازەگەری، سەردەمی ئەمڕۆ.. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، هـ.س.پ. ل.42

83- ناوەرۆکگەرایی لە مێژووی فەلسەفەدا لە ئەفلاتوونەوە بووە بە فێرگەیەکی فەلسەفی دامەزراو، بەڵام هیچگەرایی نیچە لای هایدگەر بە هیچگەرایی کلاسیکی ناونراوە چونکە لە بەرانامەگەرییەوە دوورە... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، هـ.س.پ. ل194، 198.

84- هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محەمەد..هـ.س.پ. ل.120

85- هایدگەر ناوەڕۆکی مرۆڤ بۆ ناوەرۆکێکی نەگۆڕ ناگەڕێنێتەوە. ناوەرۆکی ئەو بوونە لە بوونیایەتی.. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محەمەد کەمال.. ل67، 69،68. بەڵام ئەگەر بوون ئیرادەی هێز بێت، ئەوە تەعبیر لەو حەقیقەتە مرۆییە دەکات کە لە حاڵەتی سەیروورەدایە.

86- بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: بوونی رەسەن و تێگەیشتن لە کتێبی هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی...هـ.س.پ.

87- المصطفى عمراني، القراءة و التأويل بين امبرتو ايكو و فولفغانغ ايزر، مجلة/ فيكر و النقد المغربي- العدد 2005، 67 .

88- یەکێك لە جیاوازییەکانی لەگەڵ ئیکۆ ئەوەیە کە ئایزەر دەوڵەمەندی ئەدەبی کلاسیکی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو یەك پرسیاری رووبەرووی خوێنەران کردۆتەوە.

89- المصطفى عمراني، القراءة و التاءويل بين امبرتو ايكو و فولفغانغ ايزر، مجلة/ فيكر و النقد المغربي- العدد 2005، 67 .

90- بڕوانە: نصر حامد ابو زيد- شكالية القراءة و التأويل- المركز الثقافي العربي- ط4-1996/ الفصل الاول، ص32، 31.

91- د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، بوون لە شیعری "مەحوی"دا، چاپخانەی تیشك-سلێمانی، چ1، ل23، 29.

92- نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، بيروت-لبنان، ط7، 2005،

93- لە کۆی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا دەقەکانی مەحوی لەیەکتر جیا نەکردۆتەوە، وەك جەستەیەك کە ساتەوەخت و فەزاو بیرکردنەوەو خەیاڵی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵکو بێ ئەوەی رەچاوی جیاوازی نێوان دەقەکان بکات، بۆ پراکتیزەکردنی نیازەکانی خۆی لەکۆی دێرە جیاوازەکانی شیعری مەحوی هەوڵی بەڵگەهێنانەوە دەدات، وەك ئەوەی مەحوی هەموو دەقەکانی بە یەك نەفەس و یەك فەزاو بیرکردنەوەو خەیاڵ نووسیبێ.

94- د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، بوون لە شیعری "مەحوی"دا، ل.65

95- شایگان، داریوش، ئاسیا لە بەرانبەر خۆرئاوادا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شۆڕش جوانرۆیی و مامەند رۆژە، چ1، وەزارەتی رۆشنبیریی بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی 2004، ل.31

96- هـ.س.پ. ل32

97- لێرەدا عەدەم بریتییە لە نەفیکردنێکی تەواوی هەمەکییەتی مەوجود.. هەڵبەتە دەبێ هەمەکییەتی مەوجود پێدراوێك بێت تا بتوانین رووبەرووی نەفیکردن بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەم نەفیکردنەدا خودی خۆی دەربخات واتە بەپێی ئەو پێناسە گشتییەی عەدەم مرۆڤ هەموو شتەکانی دەرەوەی خۆی بە مرۆڤەکانی تر و گیاندارو بەردو زەوی و ئاسمان تەنانەت هەموو گەردوونیش نەفیدەکات و بەمە دەگاتە عەدەم. بێگومان ئەستەمە بتوانرێت ئەو نەفیکردنەی هەمەکییەتی مەوجود ئەنجام بدرێت چونکە ئێمەی مرۆڤ بەو پێیەی کائنێکی کۆتاییدارین، چۆن دەتوانین بە هەمەکییەتی مەوجود بگەین و پاشان نەفیی بکەین؟ .. گومان لەوەدا نییە کە ئێمە هەرگیز ناتوانین بەشێوەیەکی رەها دەرك بە هەمەکییەتی مەوجود بکەین لەخۆیدا، هەروەها لەوەش دڵنیاین بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ناو جەرگەی (هەمەکییەتی مەوجود)داین. لێرەدا جیاوازییەکی ریشەیی هەیە لەنێوان ئەوەی دەرك بە (هەمەکییەتی مەوجود) بکەین لە خۆیدا، لەگەڵ ئەوەی دەرك بە خۆمان بکەین لە ناو (هەمەکییەتی مەوجود)دا. حاڵەتی یەکەم بەشێوەیەکی سەرەتایی ئەستەمە، بەڵام حاڵەتی دووەم رووداوێکی بەردەوامی رۆژانەیی (دازاین)مانە. واتە ئێمەی مرۆڤ لە چاو زەمین و ئاسمان و گەردووندا پنتێکی زۆر بچوك و سنوردارین، بۆیە بەم بچوکی و سنورداریەی خۆمانەوە کە لە بەشێکی ئەم گەردوونەداین و بەو بەشەوە حەریکبووین و تێیدا رۆچووین، هەرگیز ناتوانین پەی بە هەمەکییەتی مەوجود، واتە پەی بە دنیاو گەردوون ببەین، چ جای ئەوەی بێین نەفی بکەین، بۆ ئەوەی بە (عەدەم) بگەین، واتە لە واقیعدا و لەرووی پراکتیکییەوە نەفیکردنی (هەمەکییەتی مەوجود) کارێکی ئەستەمە و مرۆڤ ناتوانێت ئەنجامی بدات. بڕوانە : د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، بوون لە شیعری "مەحوی"دا، چاپخانەی تیشك-سلێمانی، چ1، ل.130

98- دازاین واتە (بوون-لێرە) یان بوون لە عالەمدا، ئەو زاراوەیە لای "هایدگەر" واتایەکی دوو لایەنە دەگەیەنێت: لە لایەك بەمانای مەوجودی مرۆیی بەرچاو دێت، لەلایەکی دیکەوە بە مانای ئەو بوونەی مرۆڤ دێت کە لەمیانەی ئەو مەوجودە بەرچاو دەکەوێت و دەبینرێت. بڕوانە : د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، بوون لە شیعری... ل.16،15

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

99- سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە- گفتوگۆیەکی "ئەکبەری گەنجی"یە لەگەڵ "د. جەوادی تەباتەبایی" لە فارسییەوە "راسان موختار" وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی 2002 سێنتەری "نما" بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری ئەدەبی لەژێر زنجیرە (2) بە چاپی گەیاندووە. لەو کتێبەدا گفتوگۆیەکی چڕ لەبارەی هێنانە ناوەوەی پۆست مۆدێرنە بۆ ئێران کراوەو تەباتەبایی رەوتەکانی پۆست مۆدێرنە لە وڵاتی ئێران دابەشی دوو گرپ دەکات، پێیوایە کێشەی گروپی یەکەم ئەوەیە کە مادام مارکسیزم نەیتوانی پەیوەندییەکانی دنیای سەردەم تێکبدات پێویستە پۆست مۆدێرنە جێگەی بگرێتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە سورن لەسەر ئەوەی دژایەتی کۆنەخوازی بکەن... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە ل48. بەڵام کێشەی رەوتی دووەمی پۆستەکان لای تەباتەبایی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی جیدی لەگەڵ فیکرە خۆرئاوا رووبەروو نەبوونەوتەوە، بەلای ئەوانەوە فیکری دیکارت، هیگل، کانت، جێگەی بایەخ نییە، یان ئەوان هەرگیز ئەو فیکرانە ناخەنە روو، هەروەها لە بواری فیکری سیاسیدا هەرگیز باس لە میکافیلی یان مارکس ناکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی نارۆشن رستێك لە تیۆرەکانی پۆست مۆدێرنە باس دەکەن ئەویش تەنها بۆ مەبەستی رەخنەگرتن لە واقیعی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری کە لەراستیدا بوونی نییە... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە ل52.

100- بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: گۆڤاری کاروان، ژ 169 ساڵی 2003، ل43.

101- تەباتەبایی دەڵێت: لە ئێران ساڵانی رابردوو فیکری "هایدگەر" پەرەی سەندبوو، رەنگە بتوانین بڵێین رەوتێکی هایدگەرییانە درووست ببوو، بەڵام کاتێك بە جیدی لە نوسینەکانی هایدگەر رادەمێنین دەبینین بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی بریتین لە شرۆڤەکردنی تێکستە گرنگەکانی مێژووی فەلسەفە، سەرجەمی فیکری هایدگەر لەسەر راڤەکردنی "ئەرستۆ، ئەفلاتوون، دیکارت، هیگل، نیچە" وەستاوە. کەواتە چۆن دەتوانین فیکری هایدگەر وەرگرین بەر لەوەی کتێبێکی جیدیمان لەبارەی ئەفلاتوونەوە نووسی بێت، یان بەرهەمەکانی ئەفلاتوونمان وەرگێڕابێت... بۆ زێتر روونکردنەوە بڕوانە: سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە، ل6.

102- سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە، ل12.

103- بۆ نموونە کاتێك ئیپراتۆریەتی رۆما لەناوچوو هەر لە "گیبون"ەوە تا "شبینگلەر" لەو بارەویەوە لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، کەچی لەناوچوونی ساسانییەکان و دەوڵەتشاری گەورەی‌و بەرفرەوانی ساسانی، رووخانی سەفەوییەکان "لەناوچوونی 200-300 ساڵی دەسەڵاتداریێتی ئێران" جگە لە چەند

ئاماژەیەکی پچڕ پچڕ نەبێت، هیچ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونێکی فیکری و فەلسەفی لێنەکەوتۆتەوەو بێدەنگیان هەڵبژرادووە...بڕوانە: سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە: ل13-14.

104- مولینیە، جورج، کتێبی (الاسلوبیە/شێوازگەری) لەساڵی (1989) بە زمانی فەرەنسی بلاّوکردۆتەوە، ئەو کتێبە لە لایەن (بەسام بەرەکە) لە فەرەنسییەوە کراوەتە عەرەبی و چاپی دووەمی لە ساڵی (2006) لەلایەن (مؤسسە الجامعیە للدراسات و النشر) بلاّو کراوەتەوە، لەو چاپەدا وێڕای پێشەکی نووسەر، وەرگێڕیش پێشەکییەکی بۆ نووسیوە، کتێبی ناوبراو کراوەتە سێ بەشی سەرەکی کە هەر بەشەو چەند بەشێکی دیکەی لێدەکەویتەوە، لە کۆی ئەو کتێبەدا بەشێوەیەکی گشتی مێژووی شێوازگەری لە فەرەنسادا باس دەکات، وەك چۆن فۆرمالیستەکان و بونیادگەرەکانیش فەرامۆش ناکات، دواجار لە دەرئەنجامێکی کورتدا کۆتایی بەو تێزەی خۆی دەهێنێ، دەشێ ئەو نووسینە دەریچەیەك بێت بۆ قسەکردن لەو کتێبە.

105- الاسلوبیە، جورج مولینیە، ت: بسام برکە، بیروت،گ2/2006، ص106.

106- هـ.س.پ. ل85.

107- بڕوانە: الاسلوبیە عند میشال ریفاتیر، د. گارق البکری، 2 حزیران (یونیو) 2006، سایتی گوگول.

108- الاسلوبیە، جورج مولینیە، هـ.س.پ. ل23/24.

109- ابراهیم محمود، صدع النص و ارتحالات المعنی، مرکز الانماو الحچاری- حلب، گ1 200،

110- هـ.س.پ. ل15،13،12

111- نووسەرو لێکۆڵەری کورد، لە سوریا-قامیشلی لە دایکبووە، لە زانکۆی دیمەشق ساڵی 1981 بەشی فەلسەفەی تەواو کردووە، لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە عەرەبییەکان بەرهەمە فیکری و مەعریفی و رەخنەی ئەدەبی بلاّو دەکاتەوە، سەرەتای بلاّو کردنەوەی بۆ گۆڤاری (المسیرە) ی لوبنانی دەگەڕێتەوە، لەو دوایەدا زێتر لە بارەی ئەنترۆپۆلۆژیا، بە تایبەتی مێژووی ئیسلامی دەنووسێت، لە کتێبە بلاّوکراوەکانی (البنویە کما هی:1991، الجنس فی القرآن:1994، البنویە و تجلیاتها:1994، الهجرە الی الاسلام:1995، ابمە و سحرە:1996، جغرافیە الملزات، الجنس فی الجنە:1998، الفتنە المقدسە: 1999، المتعە المحظورە:2000.....)

112- ابراهیم محمود، صدع النص و ارتحالات المعنی، هـ.س.پ، ل70.

113- رولان بارت نووسەر لە دانەر جیا دەکاتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زمانی فەرەنسییەوە هەیە لە زمانی فەرەنسی نووسەر سەر بە دنیایەکی داخراوەو بە وەزیفەی نووسینەوە بەندە، بەلاّم دانەر فرە مانایەو سەر بە دنیایەکی کراوەیە، دانەر واتە داهێنەر، ئەوەی هەمیشە داهاتووی بەلاوە گرنگە، ئەوەی لە ناوەوەی خۆی ئالاّی پەیامبەرێتی هەلّگرتووە... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: ابراهیم محمود، صدع النص و ارتحالات المعنی، هـ.س.پ. ل52-53.

114- شاهۆ سەعید، ئەدۆنیس: سوریالیزم و سۆفیگەری، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (45) ساڵی (2007) ل134.

115- ناونیشانی کتێبێکی ڕەخنەگری ئەڵمانی (هانز جۆرج گادامێر)ە ، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك لێکچەر و وتار لەبارەی ئەدەب و هونەر و زانستی جوانی و ختستنەرووی چەمکی هیرمینۆتیکا (زانستی ڕاڤەکردن) ، دکتۆر (سەعید تۆفیق) لەگەڵ ڕاڤەو سەرنجی تایبەتی خۆی کردوویە بە عەرەبی و لەساڵی 1997 لە دەستەی بالاّ بۆ ڕۆشنبیریی بە چاپ گەیشتووە.

116- جوانیناسی ئەو وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Asthetics) مانای تێگەیشتن و هەستپێکردن دەگەیەنێت، ۆ یەکەمجار لەساڵی 1750 وەکو وتەزایەکی فەلسەفی لەسەر دەستی (باوم گاتن) بەکارهێنراوە، لە کتێبێکی بەو ناونیشانە باوم گارتن هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان هەڵسەنگاندنی جوانی لەلایەکەوە و تیۆری هونەر لەلایەکی دیکەوە دەستنیشان بکات... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە : فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر 2004 چ1، ل161. هەروەها قوتابییەکی باوم گارتن بەناوی (میر) زانستی جوانی بە ویژدانەوە بەند دەکات نەك عەقڵ، دواتریش تیۆری هونەر لەپێناو هونەر کە لە سەدەی (19) هاتە کایەوە، درێژکراوەی جوانیناسی بوو، کانت ئەو تیۆرەی گەیاندە پلەیەکی بەرزتر.. بەمجۆرەش لە کۆتوبەند فیکرەو نیاز و یاسا و ئەخلاق رزگاری بوو.. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: الجمالیە و الواقعیە، فی نقدنا الادبی الحدیپ، عصام محمد الشنگی، بیروت گ1، 1979 ل14، 16.

117- لەو ئیشکالیەتانەش: ئیشکالییەتی خودو بابەت، ئیشکالیەتی ڕاستبێژی لە تەئویلدا، ئیشکالیەتی تاك مانایی بەرانبەر فرە مانایی، ئیشکالییەتی خوێندنەوەو تەئویل. بۆ زێتر ڕوونکردنەوە بڕوانە: گۆڤاری (العلامە) ژ:14 ساڵی 2000.

118- گادامێر فەیلەسوفی ئەڵمانی لە 11 فێبرابەری ساڵی 1900 دوای کۆچکردنی (دیکارت) بە 350 ساڵ لەدایکبووە، لەدایکبوونی ئەو ڕێکەوتی هەمان ساڵی کۆچی دوایی فەیلەسوفی بەناوبانگ

نیچە دەکات.. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بووە، دواتر هەر لەساڵی 1953 وەك سەرنووسەری گۆڤاری فەلسەفە کاری کردووە، لەساڵی 2002 کۆچی دوایی کردووە.

64- سعید توفیق هرمنوتیقا النص الادبی بین هیدجر و جادامیر، مجله (النزوی) العدد 2 ینایر 1995، تصدر مؤسسه عمان للصحافه و الانباو و النشر و الاعلان.

119- مجله (النزوی) العدد 19ینایر 1999، ص 239.

120- هایدگەر 1889-1976 بە یەکێگ لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا دێتە ژماردن، ئەگەرچی وەك فەیلەسوفێکی وجودی ناوی دەرکردووە، بەلاّم ئەو خۆی بە وجودی نازانیێت، بەڵکو خۆی بە فەیلەسوفی زانستلی وجود لە قەڵەم دەدات...بڕوانە: ماتن هایدغر، اصل العمل الفنی، ترجمه: د. ابو العید دودو، منشورات الجمل، گ1، 2003 ل6.

121- بڕوانە: هیدجر، بقلم ماجوری جرین، ترجمه: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، سلسله اعلام الفیکر العالمی المعاصر، بیروت، 1973، ل29، .31، 30

122- ماتن هایدغر، اصل العمل الفنی، ترجمه: د. ابو العید دودو، منشورات الجمل، گ1، 2003 ل.71، 70، 65

123- هـ.س.پ. ل42.

124- هـ.س.پ، ل.43، 42

125- ماتن هایدغر، اصل العمل الفنی، هـ.س.پ، ل50. بە مانایەکی دیکە حەقیقەت لە کاری هونەرییدا وجودی نییە تەنها لە ناکۆکی نێوان رۆشنایی و تاریکیدا نەبێت، لە نێودژی نێوان جیهان و زەوییدا نەبێت.

126- هـ.س.پ، ل46.

127- نصر حامد ابو زید- شکالیه القراوه و الیات التأویل، ل33.

128- هـ.س.پ، ل105.

[1]29 - پۆل سیزان (1839_1906) لە هەرێمی (ئێکس ئان پرۆفانس) فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە، لە لاویێتیدا هەمیشە هەستی بە دۆڕان کردووە، ژیان بە نیسبەت سیزان حەفیفەتێکی بزر بووە.. دواتر تا دوا تەمەنی هەموو ژیانی خۆی بۆ نیگارکێشان تەرخان کردووە.

[1]30 - بڕوانە: ج.هیو. سلفرمان، نصیات، ترجمة، حسن ناظم، علي حاكم صالح، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، ط1 2002، ص46.

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

131 - بڕوانە سایتی ئیمپراتۆر، فدو* رمضـان، اکتشـاف الجسد.

132 - *بونتـي, موريس ميرلو , المرئي واللامرئي , ت. د .سعاد محمد خضر, دار الشؤون الثقافية العامة , بغداد , 1987 , ص126.*

133 - هـ.س.پ. ل13. فینۆمینۆلۆژیا –دیاردەگەرایی ئەوەیە کە دراسەی ماهیەتی دەرککردن و ئاگایی.... دەکات.

134 - ئێمیل بێرنار لە وتاری گفتوگۆ لەگەڵ "سیزان" کە لە گۆڤاری فەرەنسی ( Mercure de Frans: Paris, CXL, VIII, 551 “1 June, 1921” 373_393) بێرنار دەڵێت لەساڵی 1904 لەمیانی سەیرانێك لە هەرێمی (ئایکس) بە (سیزان)م گوت: رات بەرانبەر مامۆستاکان چییە؟ گوتی باشن، من هەموو بەیانییەك بۆ "لۆڤەر" دەچم، بەلآم من لەوان زێتر بەسرووشتەوە بەندم، لەسەر مرۆڤ پێویستە جیهانبینییەك بۆخۆی دروست بکات.. گوتم مەبەستت چییە؟ گوتی: پێویستە لەسەر مرۆڤ چاوێك بۆخۆی دروست بکات، دەبێ سرووشت بەجۆرێك ببینێ کە کەس پێشتر وای نەبینیووە. گوتم مامۆستا دەبێ ئەو چاوە پشت بەچی ببەستێ؟ گوتی: بە سرووشت. گوتم مەبەستت لەو وشەیە چییە، ئایا سرووشتی کەسێتی یان خودی سرووشت؟ گوتی: هەردووکیان.... بەشێك لەو چاوپێکەوتنە لە گۆڤاری (الاداب الاجنبية) بەناونیشانی "مابعد الانطباعية، طرق فردية نحو البناء و التعبير/ هرشل تشب، ترجمة: خالدة حامد. ص40-54.

135 - ج.هـیو. سلفرمان، نێیات. هـ.س.پ. ل70.

136 - هـ. س. پ. ل71.

137 - هـ. س. پ. ل71.



عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا لە1962/11/7 لە گەڕەکی (جمهوری) شاری هەولێر لەدایك بووە، لە تەمەنی دوو ساڵیدا بۆ چەند مانگێكماڵیان چۆتە حەساری (عزالدین ئاغا) کە دەکەوێتە نزیك باخچەی گڵکەند پاشان هەر لە نزیك حەسار چوونەتە خانوویەك کە پشتی بەو قەبرستانەوەیە کە دەکەوێتە بەرامبەر ئاشی (ئەحمەد چەلەبی)یەوەیە، ئینجا لە تەمەنی شەش ساڵیدا ماڵەکەیان بۆ گەرەکی (کوران) گواستۆتەوە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی (بابەتاهیری هەمەدانی) کە دەکەوتە گەرەکی (ئازادی)یەوە قوناغی سەرەتایی لەو قوتابخانە تەواو کردووە، هەر لەوێشەوە لەسەر دەستی مامۆستای ئینگلیزی (عەزیز بەرخۆ) دەست بەکاری وێنەکێشان دەکات لە پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانەکان وەك وێنەکێشێکی دیار دەردەکەوێت. قوناغی ناوەندی لە قوتابخانەی (زانیاری) تەواو کردووەو لە لایەن مامۆستا (مەحمەد خەتاب)ی هونەرمەند کاری وێنەکێشان درێژە پێدەدات لە

www.dengekan.com
Friday, August 13, 2010

**پێشەنگای قوتابخانەکان بەشداری دەنوێنێت، هەر ئەو کاتیش خولیای خوێندنەوە دەبێت و لە بلاوکراوەکانی سەر دیواری قوتابخانە رۆڵی چالاکانە دەگێڕێت وەك چۆن لە ئاهەنگەکانی قوتابخانەدا بە خوێندنەوەی شیعری حەماسی دێتە سەر شانۆ. دواجار پەیمانگەی تەکنیکی بەشی تەندرووستی هەر لە شاری هەولێر لە ساڵی 1987/1986 تەواو دەکات، لە پەیمانگەدا زۆرترین کاتی خۆی بە خوێندنەوەی ئەدەبی بەسەر دەبات وەك چۆن لە کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی شاری هەولێر بەشدار دەبێت، دوای تەواوبوونی پەیمانگە بڕوانامەی دبلۆم لە بەشی پزیشکی بەدەست دێنێت وەك موقیم بۆ ماوەی ساڵێك دادەمەزرێت، دوای ئەو ساڵە کە ناوی سەربازی دێت لە گەرمەی جەنگی عیراق و ئیران لەگەڵ چەندان هاوڕێی خۆی لەوانەش هونەرمەند سەردار سنجاوی ناچێتە سەربازی بۆ ماوەی هەشت مانگ بە دواکەوتی سەربازی ژیانێکی پڕ لەخوێندنەوە لەلایەك و سەخت لەرووی ئەمنییەوە لەلایەکی دیکە بەسەر دەبات، دواتر لە کاتی دەرچوونی بڕیاری لێبووردنی (937/936) کە حکومەتی بەعس بۆ پێشمەرگە و دواکەوتووی سەربازی و هەلاتووەکان دەریدەکات هەر لەگەڵ هونەرمەند سەردار سنجاوی خۆی تەسلیم بە (فرقەی فارووق) دەکات و بۆ ماوەی چوار مانگ ژیانی سەربازی لە کەرکووك و بەغداد و زاخۆ بەسەر دەبات، لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی کوێت لە لایەن (سەدام حوسێن) هەر لە زاخۆ لەسەربازی رادەکات ئینجا لە ماوەیەکی کورتدا راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان دەستپێدەکات ژیانی ئاسایی خۆی لە هەولێر درێژە پێدەدات.**

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

1- سێبەری ئاو- کۆمەڵە شیعر، هەولێر/ 1995.
2- بازەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژووبین-قەسیدە، هەولێر/.1996
3- ئاگایی زمان زمانی ئاگایی-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/.1999
4- تەنیا مەرگ –سێ دەقی شانۆیی وەرگێردراو لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ/.1999
5- تەنیا ئاو تەنیا باران-کۆمەڵە شیعر، لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ/.2001
6.-پەیبردن بە ژیان, پەیبردن بەشیعر بوون-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2001.
7-- شیعریەتی دەق-ئەدۆنیس-وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی/2002
8- مرۆڤ لە روانگەی فرۆید-وەرگێرانی لەعەرەبییەوە- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/.2002
0- خەیاڵی زمان –لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/.2004
10- شوێنکاتی یەکەم لە دووەم و ئێستای سەرکوڕە، لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/.2004
11- ئەدۆنیس- دوو گفتوگۆی فیکریو ئەدەبییە- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2005.
12- خوێندنەوەی پەراوێز, پەراوێزی خوێندنەوە-نومایشکردنی فیکری سەردەم لە چەند پەراوێزێ-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2005.
-13-درید-رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی-وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2005.
14- نووسین خۆکوژییەکی تەواو نەکراو،

**کۆمەڵێك وتارو گفتوگۆی ئەدەبی‌و فیکرییە- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە- لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری‌و ئەدەبی نما، هەولێر/2006**

**15-ئەدۆنیس.. ئەفسوونکاری وشەکان، کۆمەڵێك گفتوگۆی ئەدەبی‌و فیکرییە-وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بلاّوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، هەولێر/2008.**